# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٨) كانوونی یەكەمی
٢٠١٦

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠١٤١٢٥٤٣**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**

**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**
**چاپخانە: سەردەم**

# لەم ژمارەیەدا

**تەوەر**


حوکمی کردەخۆکوژییەکان لە ئیسلامدا ........ د.ئەحمەد شافیعی ........ ٦
هۆکارەکانی تەکفیرکردن ........ د. ناصح فەتاح ........ ١٩
گرنگی بیرکردنەوە بۆ ڕێگری لە بەکافرکردن ........ د.عەبدولفەتاح حسەین .... ٢٥
تیۆری تەکفیر = تیرۆری تەفکیر ........ د. مەهدی قادر ........ ٣٣
تەکفیرکردن وەک بابەتێکی هەستیار ........ وشیار عەبدولقادر ........ ٤٠
تەکفیر و جاهیلیەت لە کۆمەڵگەدا ........ د.محەمەد عەبدوڵڵا ........ ٥٢
کۆلێج و دامەزراوە فێرکارییە ئایینییەکان و کاریگەرییان لەسەر ... ........ د. حسەین محەمەد ........ ٦٠


**بابەی گشتیی**


هزری سیاسی ئیسلامیی: گرفتی میتۆد و دەروازەکانی چاکسازی ........ د.دانا عەلی بەرزنجی ........ ٦٨
وزەی گیانی و شارستانیەت ........ و: ڕێدار ئەحمەد ........ ٨٢
قورئان و ئەدەب: کەرەستە شانۆییەکانی نێو قورئانی پیرۆز ........ بوخاری عەبدوڵڵای قەسریٚ ٩٦
سروشتی ستەمکاریی و چەمکە پەیوەندیدارەکانی لە کتێبی ... ........ د. ئومێد عوسمان ........ ١٠٤
گفتوگۆیەک لەگەڵ (ئەبوبەکر عەلی) ........ ئا: مەریوان عەلی ........ ١١٧
تێگەیشتن لە چەمکی فیکری ئیسلامی ........ ئیمداد تەها ........ ١٢٤
گوڵعەنبەر مەڵبەندی یەکەمی میرایەتی بابان ........ د.ئاراس محەمەد ........ ١٣٠
چینایەتی مەعریفیی لە قورئاندا ........ د.سەلام ناوخۆش ........ ١٣٧
کتێبی کاریگەری ئیسلام لە سەر ئەدەبی گاڵتەو گەپ (ڕانان) ........ حەسەن مەحمود حەمەکەریم .. ١٤١

# تەوەری ژمارە

## (تەكفیر، چەكی قۆرخكردنی ئایین)

مەسەلەی تەكفیر لە ئەمڕۆدا یەكێكە لە هەستیارترین بابەتە كانی ناوكۆمەڵگە جیاوازەكان، بیریار و ڕۆشنبیر و سیاسییەكانی ئەو كۆمەڵگایانەش هەر یەكەیان بەشێوازێك لێكۆڵینەوەی لەسەردەكەن، لە كوردستانیشدا بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەووەكان ئەو بابەتە گرنگی زۆری پێدەدرێت، كە بە داخەوە ئەمیش وەك زۆر بابەتی دیكە كەسانی نەشارەزا و ناشایستە مشتومڕی لەسەر دەكەن  و زۆر جاریش بە مەرامی سیاسی و قۆستنەوەی بۆ ئامانجی گرووپ و ئاڕاستەیەكی دیاریكراو بەكاردەهێنرێت، ئێمە لە تەوەری ژمارە (٨)ی گۆڤاری (خاڵ)دا بابەتەكەمان خستە بەردەم كۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزای بوارەكە، ئەوانیش هەریەكە یان لە گۆشەیەكەوە كۆڵینەوەیان لە بارەوە كردووە، ئومێدەوارین ئەو بابەت و لێكۆڵینەوانەی كەلێرەدا خراوونەتەڕوو بەرچاو ڕوونییەك لەسەر ئەو بابەتەگرنگ و هەستیارەی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی‌لەدیدگای ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوەبخاتەبەردیدی خوێنەرانی هێژا.



# حوکمی کردەخۆکوژییەکان لە ئیسلامدا



**د.ئەحمەد موستەفا فەیزوڵڵا (مەلا ئەحمد شافیعی)**

لە دایکبووی ١٩٦٤، پێنجوێن. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری تەفسیر. ئەندام لە لیژنەی باڵای فتوای یەکێتی زانایانی هەرێمی کوردستان. ئەندام لە یەکێتی زانایانی جیهانی ئیسلامی. خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری دوانگە.

## پێشەكی

**پێش ئەوەی حوكمی كردەخۆكوژییەكان روون بكەینەوە لەژێر رۆشنایی شەریعەتی ئیسلامدا پێویستە پێشەكییەك روون بكەینەوە، كە ئەویش ئەوەیە:**

١ـ خوای گەورە رێزی لە نەوەی ئادەم گرتووە، فەزڵێشی داوە بەسەر هەموو دروستكراوەكاندا، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: **(ولقد كرمنا بني آدم، وحملناهم في البر والبحر، ورزقناهم من الطيبات، وفضّلناهم على كثير ممن خلقناه تفضيلا)** سورەتی الإسراء: ٧٠. واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە رێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە و بەسەر وشكانی و دەریادا (بە جۆرەها هۆكاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون و لە رزق و رۆزی پوخت و چاكی جۆراوجۆر بەهرەوەرمان كردوون (لە خۆراك و پۆشاك و ماڵ و ناوماڵ...هتد) بەڕاستی ئێمە رێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا كە دروستمان كردوون (لە هەموو روویەكەوە، تا قەدر و رێزی خۆیان بزانن).

بەتایبەتی رێزی لە باوەڕداران ناوە، وەك دەفەرموێت: ((ولا تهنوا ولا تحزنوا، وأنتم الأعلون إن كنتم مؤمنين)) آل عمران: ١٣٩. واتە: (ئەی ئیمانداران) كۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن، چونكە هەر ئێوە سەربەرز و سەرفراز و سەركەوتووترن ئەگەر ئیمانداری چاك و راست و دروست بن.

٢ـ مسوڵمان خوێن و ماڵ و ناموسی حەرامە:

**عن أنس بن مالك رضي الله عنه – عن النبي (ص): (من صلى صلاتنا و استقبل قبلتنا، وأكل ذبيحتنا فذلك المسلم الذي له ذمة الله، وذمة رسوله، فلا تُخْفِرُوا(١) الله في ذمته)(٢).** لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە ـ رەزای خوای لێ بێت ـ لە پێغەمبەرەوە (د.خ) : (هەركەس وەك ئێمە نوێژ بكات و روو بكاتە رووگەمان و لە سەربڕاومان بخوات ئەوە مسوڵمانە كە خوای دەستەبەری كردووە، و پێغەمبەر دەستبەری كردووە، واز لە پارێزگاریكردنی مەهێنن تاكو لە دەستەبەری خوادا بێت.

ئەوە دەقێكی دیار و ئاشكرایە لە حەرامكردنی خوێنی مسوڵمانان بەشێوەیەكی رەها بەبێ وردەكاری، كەواتە ئەوەی نوێژ بكات لەگەڵ مسوڵمانان و روو بكاتە رووگەیان، و لە سەربڕاویان بخوات، ئەوە خوێن و ماڵ و نامووسی حەرامە، ئەمە بەگشتیش لە زۆر دەقدا هاتووە، لەوانە:

* عن أبي هريرة – رضي الله عنها – قال النبي (ص) (كل المسلم على المسلم حرام دمه وماله وعرضه)(٣) واتە: لە ئەبی هورەیرەوە گێڕاوەتەوە كە پێغەمبەر(د.خ)، فەرموویەتی: خوێن و ماڵ و نامووسی مسوڵمان لەسەر مسوڵمان حەرامە.

* عن عبد الله بن عمر – رضي الله عنهما – عن النبي(ص) قال: (لزوال الدنيا أهون عندالله من قتل رجل مسلم)(٤). واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ـ رەزای خوایان لێ بێت ـ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (د.خ)كە فەرموویەتی: (وێرانكردنی دنیا ئاسانترە لەلای خوای گەورە لە كوشتنی كەسێكی موسڵمان).

* وقال (ص):-(ولو أن أهل السماء و الأرض اشتركوا في دم مؤمن لأكبهم الله عز وجل في النار)(٥). واتە: پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (ئەگەر هەموو دانیشتوانی ئاسمان و زەوی بەشداری بكەن لە رشتنی خوێنی ئیمانداریكدا، خوای گەورە هەموویان دەخاتە ئاگرەوە).

لە هەموو ئەم دەقانەی پێشەوەدا، پێغەمبەر(د.خ) بەگشتی باسی حەرامێتی موسڵمانی كردووە بەبێ قەیدوبەند بە مسوڵمانی خاوەن

سیفاتێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێکی دیاریکراو یان ئاڕاستەیەکی دیاریکراو، بەڵکو ئەوەی کە ئەوەی بە ڕاست زانراوە لە وتەکاندا کە خوێنڕشتن و ماڵ و نامووسی مسوڵمان حەرامە.

٣- حەڵاڵکردنی خوێنڕشتن بە بەڵگەیەکی بڕاوە نەبێ، نابێت:

بنچینەی گشتی لە شەریعەتی ئیسلامدا: بریتییە لەوەی، کە خوێن و ماڵ پارێزراون، واتە ڕێگەپێدراو نییە و بنچینەی پاراستنیش یان ئیمانە، یان پەنادانە، مانای ئیمانیش: ئیسلامە.

مانای پەنادانیش: پەیمانە، وەک پەیمانی زیمی و پەیمانی ئاگربەست و جگە ئەوانەش.

کەواتە بە ئیمان: خوێن و ماڵی مسوڵمانان پارێزراو دەبێت، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) : **(أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا إله الا الله محمد رسول الله، فإذا قالوها فقد عَصَمُوا مني دماءهم و أموالهم الا بحقها)**(٦). واتە: (فەرمانم پێکراوە کە بجەنگم لەگەڵ خەڵکیدا تاکو دەڵێن لا اله الا الله محمد رسول الله، ئەگەر ئەوەیان وت ئەوکاتە خوێن و ماڵیان لە من حەرام دەبێت مەگەر بە مافی خۆی نەبێت).

پەنادانیش: خوێنی نامسوڵمانەکان پارێزراو دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت: ((وأوفوا بعهد الله اذا عاهدتم، ولا تنقضوا الأيمان بعد توكيدها)) (النحل :٩١). واتە: بەوەفاو بە ئەمەک بن بۆ ئەنجامدانی پەیمانی خوا کاتێک بڕیاریَ دەدەن، سوێند و پەیمان و بەڵێنتان هەڵمەوەشێننەوە دوای ئەوەی کە دووپات کرابۆوە و تەئکیدی لەسەر کرابوو.

٤- ترسان لە حەڵاڵکردنی خوێنڕشتن:

خوای گەورە کوشتنی مرۆڤی حەرام کردووە لە ڕێگەی زوڵم و دەستدرێژییەوە و، بە یەکێک لە گوناهە گەورەکانی ژماردووە، هەڕەشەی توندیشی لە تاوانباران کردووە، ئەوانەی کەوا

**بنچینەی گشتی لە شەریعەتی ئیسلامدا: بریتییە لەوەی، کە خوێن و ماڵ پارێزراون**

دەستدرێژی دەکەنە سەر خوێنی خەڵکی، بەڵێنی سزای گەورەی پێداون، لە قورئان و سوونەتیشدا ئەو بەڵێنانە هاتوون:

لە قورئاندا:

*((ولا تقتلوا النفس التي حرم الله الا بالحق، ذلكم وصاكم به، لعلكم تعقلون)) الأنعام: ١٥١. واتە: هیچ کەسێک مەکوژن کە خوا حەرامی کردووە مەگەر بەحەق نەبێت، ئەوەی کە خوێندمەوە بۆتان خوا فەرمانی پێکردوون بۆئەوەی ژیرو هۆشمەند بن.

* ((ومن يقتل مؤمنا متعمدا فجزاؤه جهنم خالدا فيها، وغضب الله عليه، ولعنه وأعد له عذابا عظيما)) النساء: ٩٣. واتە: هەرکەسێک بەدەست ئەنقەست ئیماندارێک بکوژێت (بەحەڵاڵی بزانێت)، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تیایدا، هەروەها خوا لێی تووڕە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری بۆ ئامادەکردووە.

**لە سوننەتدا:**

* عن ابن مسعود – رضي الله عنه – ، قال النبي(ص): (أول ما يقضي بين الناس يوم القيامة في الدماء)(٧). واتە: لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە ڕەزای خوای لێ بێت - پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: یەکەم شتێک لە نێوان خەڵکدا کە دادوەری لەسەر دەکرێت لە ڕۆژی دواییدا لەسەر خوێنە.

*** عن ابن عمر – رضي الله عنهما – قال النبي(ص):-**

**(لن يزال المؤمن في فسحة من دينه ما لم يُصِبْ دما حراما)**

## مەبەست لە جیهاد پارێزگاریکردنە لە ئیسلام و مسوڵمانان، ئەو خۆکوژەش خۆی لەناو دەبات

(٨). واتە: عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: بڕوادار بەردەوام لەسەر ئایینەکەیەتی هەتا ئەوەی تووشی خوێنێکی حەرام نەبووبێت.

* قال رسول الله(ص): (اجتنبوا السبع الموبقات..... و قتل النفس التي حرم الله الا بالحق)(٩). واتە: پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: دووربکەونەوە لە حەوت تاوانە گەورەکە.... هەروەها کوشتنی نەفسێک کە خوای گەورە حەرامی کردووە بە مافی خۆی نەبێت.

* **قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم- (من حَمَلَ علينا السِّلاحَ فليس منا)**(١٠)، واتە: پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: هەرکەس چەک لە دژمان هەڵگرێت ئەوە لە ئێمە نییە.

* عن أبي هريرة – رضي الله عنه- قال: (دخلت على عثمان – رضي الله عنه – يوم الدار، فقلت: جئت لأنصرك، وقد طاب الضرب يا أمير المؤمنين، فقال: يا أبا هريرة أيسرك أن تقتل الناس جميعا، وأيا معهم؟ قلت: لا، قال: فإنك إن قتلت رجلا واحدا، فكأنما قتلت الناس جميعا، فانصرف مأذونا لك مأزورا، فانصرفت ولم أقاتل) (١١)، واتە: لە ئەبی هورەیرەوە ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ وتوویەتی: (چووم بۆ لای عوسمان ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ لە ڕۆژی خانووەکەدا، وتم: هاتووم پشتیوانیت بکەم، نزیکە تەپڵی لێدانی شەڕ لێبدرێت ئەی ئەمیری بڕواداران، وتی: ئەی ئەبا هورەیرە ئایا پێت خۆشە هەموو خەڵک بکوژرێن، هەروەها ئەوانەشی لەگەڵ ئەوانن؟ وتم: نەخێر، وتی: ئەگەر تۆ بڵێیت یەک پیاویش، وەک ئەوە وایە هەموو خەڵکیت کوشتبێت، بچۆ ڕێگەپێدراوی بە پشتیوانی کردن، چوومە دەرەوە و شەڕم نەکرد.

### کەی خوێنڕشتن حەڵاڵ دەبێت؟

پێغەمبەر(د.خ) ئەو هۆکارانەی دیاریکردووە کە دەشێن خوێنی مسوڵمانی پێ بڕژێن بە فەرموودەی: (لا يحل دم امرئ مسلم الا باحدى ثلاث: الثيب الزاني، والنفس بالنفس، والتارك لدينه المفارق للجماعة)(١٢). واتە: ڕژاندنی خوێنی مسوڵمان حەڵاڵ نییە بەم سیانە نەبێت: ژنی زیناکار، کەسێک لە بەرامبەر کەسێک، و ئەوەی لە ئاین وەرگەڕێت و واز لە کۆمەڵی مسوڵمانان بهێنێت.

کوشتنیش بە یەکێک لەم سێ خەسڵەتە دەبێت:

١ـ زیناکاریکی هاوسەردار.

٢ـ نەفسێک لە بەرامبەر نەفسێکدا، موکەلەفێک کاتێک کەسێک بە ئەنقەست بکوژێت و بێ ئەوەی حەقی کوشتنی بێ، ئەوا لە بەرامبەریدا دەکوژرێتەوە، کوشتنەکەش بۆ هیچ کەسێک دروست نییە کە خوێنی بڕژێت جگە لە وەلی کوژراوەکە نەبێت، چونکە پێدەچێت وەلی خوێنەکە لە حوکمدراوەکە خۆش بێت، ئەوکاتەش ڕێگری دەکات لە جێبەجێکردنی ئەحکامەکان.

٣ـ وازهێنەر لە ئاین و وازهێنەر لە کۆمەڵی مسوڵمانان.

**تێبینییەکی گرنگ:**

پێویستە بزانرێت کە ئەم ئەحکامانە لە دەسەڵاتەکانی ئیمامدایە، یان ئەوەی لە جێگەی دادەنیشێت، بۆ تاک تاکی خەڵکی وازی لێناهێنرێت.

## کردەخۆکوژییەکان کامانەن؟

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە بزانین کە ئەم جۆرە کردارانە لە کردەوە نوێیەکانی ئەم چەرخەن کە پێشتر نەناسرابوون بەو شێوەی کە ئێستا هەیە، لە هەموو چەرخێکیشدا کرداری نوێ هەیە کە تیایدا ڕوودەدات، زانایانیش ئیجتیهاد دەکەن بۆئەوەی دایبەزێنە سەر دەق، یان لە گشتگیرییەکان، و ڕووداوەکان، و ڕووداوە هاوشێوەکانی.

ئەوەش بزانە کە گەورەیی ئەم شەریعەتە نەمرە، ئەوەیە کە لە هەموو ڕووداوێکدا قسەی هەیە، یان لە هەرشتێکدا ڕوودەدات، بەدڵنیاییەوە لە شەرعی خودا حوکم و بەڵگە هەیە، خوای گەورە هەرکەسێکی بوێ هیدایەتی دەدات بۆی.

لەبەرئەوەیە کە قەرافی(١٣) دەڵێت:(هەرشتێک کە دەخرێتە ڕوو بەدڵنیاییەوە لە شەرعدا بەڵگەی لەسەر هەیە، بە قسە لەسەرکردن بێت یان بە وەڵامدانەوەی، ئێمە باوەڕمان وایە کە مەحاڵە ڕووداوێک ڕووبدات و حوکمی خوای گەورەی لەسەر دانەبەزی بێت، چونکە ئەم ئایینە تەواو بووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ((اليوم أكملت لكم دينكم))(١٤) (المائدة: ٣). واتە: (ئەمڕۆ ئایینەکەمان بۆ تەواو کردن).

## پێناسەی کردەوە خۆکوژییەکان لە زمان و لە زاراوەدا

پێناسەی کردەوەکان لە زمان دا:

کردەوەکان کۆن و تاکەکەیان: (عملية) کردەوەیە، بریتییە لە:

أ- ناوێکی (مؤنث)ە دراوەتە پاڵ کارێک، ژیانی کرداریی: ژیانی واقیعی ئەو ژیانەیە کە مرۆڤەکان تیایدا لەگەڵ غەیری خۆیاندا کردەوە دەکەن، پەروەردەی کرداری: ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر وانەوتنەوە لە ڕووی جێبەجێکارییەوە.

لە (معجم مقاييس اللغه)دا هاتووە: (عەین) و (میم) و (لام) ئەسڵێن و یەکن و ڕاستن، ئەوەش گشتییە لە هەموو **(فِعْلِ يُفْعَلُ)**.

ئەم وشەیە (جنس) ڕەگەزە لە پێناسەدا، پێویستی بە زۆر ڕوونکردنەوە نییە، کەواتە ئەوەی مرۆڤ دەیکات دەچێتە ناو ڕەگەزی کارەوە.

مانا تایبەتییەکەشی بە زانینی ئەوەی کە بۆی زیاد دەکرێت لە جۆری کردەوەکان دەردەکەوێت(١٥).

- وشەی (عەمەلیات) لە زاراوەکانی هاوچەرخە.

## پێناسەی خۆکوژی

بێژەی (الإنتحاريه) خۆکوژ، بریتییە لە وەصفێک بۆ خۆتەقاندنەوە.

- فیعلە موجەڕەدەکەی **(نَحَرَ يَنْحَرُ نَحراً)** دەبێتە (ناحر)، مەفعولەکەی (منحور و نحير)ە.

(نحر الشاة) بەرانێکی سەربڕی:

١- سەربڕینەکەی، بەرانێکی کرد بە قوربانی لەسەر تەختی سەربڕین.

٢- لەکاتی سەربڕینەکەی لێیدا، حوشترەکەی سەربڕی.

- فیعلە مەزیدەکەی:

(انتحر ، ينتحر ، انتحارا)، ئەوە (منتحر)ە.

کەسێک خۆی کوشت: بە ئەنقەست خۆی کوشت، خۆی خنکاند، بەم دەمانچەیە خۆی کوشت.

- (إنتحار) خۆکوشتن (مفرد)ە تاکە، (مصدر) ەکەی (انتحر)ەیە.

ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤێک هەستێت بە کوشتنی خۆی بەئاگایی (الوعی)، یان بەبێ ئاگایی، یان کردەوەیەکی مەبەستدارە بۆ کوشتن، یان لەناوبردنی ڕۆحێک لە پێش ئەوەی بەرنامەی بۆ دابنرێت(١٦).

سەربارى بوونى بێژەى (الإنتحار) خۆکوشتن لە

(معاجم اللغه)دا، و بەناوبانگبوونی لەم ڕۆژگارانەی دواییدا، بەڵام زانا و فەقیهەکانی پێشوو ئەم لەفزانەیان بەکارنەدەهێنا، بەڵکو بەم کردەوانەیان دەگووت: (کەسێک خۆی کوشت) بەهەر هۆکارێک بێت.

شایانی باسە لێرەدا دەبێت ئاگادار بین کە ڕاست نییە زاراوەی (الإنتحار) خۆکوشتن، وا لێی تێبگەین کە ڕووداوێکە لە دەقەکاندا نەهاتووە، بەڵکو زاراوەیەکی کۆنە و لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) دا بەکارهاتووە، هەروەک لە فەرموودەی ئەبوهورەیرەدا - ڕەزای خوای لێ بێ - هاتووە کە دەفەرمووێت: **شهدنا خيبر، فقال رسول الله – صلى الله عليه وسلم - لرجل ممن معه يدعي الإسلام: هذا من أهل النار. فلما حضر الرجلُ القتالَ، قاتل الرجلُ أشد القتال، حتى كثرت به الجراحة فكاد بعض الناس يرتاب، فوجد الرجل ألم الجراحة فأهوى بيده الى كنانته، فاستخرج منها أسهما فنحر بها نفسَه، فاشتد جال من المسلمين، فقالوا: يا رسول الله صدق الله حديثك، انتحر فلان ، فقتل نفسه، فقال: قم يا فلان فَأذِّنْ أنه لا يدخل الجنة الا مؤمن، إن الله يؤيد الدين بالرجل الفاجر**(١٧). واتە: لە خەیبەر بووین، پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی بە پیاوێک کە لەگەڵیدا بوو خۆیشی بە مسوڵمان دەزانی، کە ئەم پیاوە دەچێتە ئاگرەوە، دوای ئەوەی کە پیاوەکە چووە شەڕەوە، شەڕێکی زۆر بەهێزی کرد، تا ئەوەی لە زۆر لاوە بریندار کرا، خەڵکەکە خەریکبوو تووشی دوودڵی ببن، پیاوەکە هەستی بە ئازاری برینەکانی کرد بۆیە دەستی کرد بە کۆڵەپشتەکەیدا و تیرێکی دەرهێنا و خۆی پێ کوشت، چەند پیاوێک لە مسوڵمانان کۆبوونەوە و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا، خوای گەورە قسەکەتی بەڕاست گێڕا، فلانەکەس خۆی کوشت بە خۆکوشتن، فەرمووی: فلانەکەس هەستە و بانگەواز بکە کە جگە لە ئیماندار هیچ کەسێک ناچێتە بەهەشتەوە، خوای گەورە ئەم ئایینە بە پیاوی تاوانبار سەردەخات.

## حوکمی کردەخۆکوژییەکان

ناونان: ئەم کردەوانە بە چەندین ناو ناونراون، هەیانە بە کردەوەی ئیستیشهادی، یان جیهادی، یان فیدائی، یان خۆکوژی ناوی دەبات.

### پێناسەی و وێنەی:

(ئەوەیە کە کەسێک جانتاکەی، یان ئۆتۆمبیلەکەی بە ماددەی تەقینەوە پڕ بکات، یان بیپێچێت لە دەوری خۆی بە پشتێنی پڕ لە ماددەی تەقینەوە، پاشان ڕیزی دوژمن و شوێنی کۆبوونەوەیان تێدەپەڕێنێت، یان لەگەڵیان بەشداریی دەکات لە سواربووندا لە هۆکارێکی گەورەی گواستنەوەدا، یان وا پیشان دەدات کە خۆی داوە بەدەستەوە، تەنانەت کاتێک لەناو کۆمەڵێکدایە، چاوەڕوانی هەلێکە بۆی هەڵکەوێت، بۆئەوەی ئەوەی پێیەتی و هەڵیگرتووە بیتەقێنێتەوە بە خۆی و ئەوەی لە چواردەوریدایە، ئەوەش دەبێتە هۆی کوشتن و بریندارบوون و ڕووخاندن لە کەسایەتی و ئامێرەکانی دوژمندا، بەدڵنیاییشەوە کە ئەنجامدەری کردەوەکە خۆیشی لەناو کوژراوەکاندایە)(١٨).

### حوکمەکەی

ئەم بابەتە قسەی زۆری لەسەرە، زانایانی سەردەم هەستاون بە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە لەژێر ڕۆشنایی دەقەکان و بنچینە شەرعییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی تیایدا دوو بۆچوون لەسەری هەیە:

بۆچوونی یەکەم:

بەشێک لە زانایان ڕێگەیان بە ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە داوە و ئەنجامدەرەکەشی بە شەهید ئەژمار دەکەن، لەلایەن خوای گەورەشەوە ئەجر و پاداشتی هەیە.

لەنێو ئەوانەی کە ڕێگان بەم جۆرە کردەوانە

داوە: د.یوسف قەرزاوی، د.وەهبە زوحەیلی، د. محمد سەعید ڕەمەزان بوطی، د. ئیراهیم صائیل، وە شێخ محمد عوثەیمین و غەیری ئەوانیش.

بەڵگەشیان هێناوەتەوە بە چەند بەڵگەیەک، هەندێکیان باس دەکەین:

١. ئەم کردەوانە لە بابی فرۆشتنی نەفسە، بۆ هێنانەدی فەرموودەی خوای گەورە: ((إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة)) التوبة: ١١١. واتە: خوای گەورە لە ئیمانداران دەکڕێت نەفس و ماڵیان بۆئەوەی بەهەشتیان پێ بدات.

٢. بەڵگەیان هێناوەتەوە بە چیرۆکی (أصحاب الأخدود)، کە پاشا ڕێنموونی کرا بۆ ڕێگایەک کە دەتوانێت بەو شێوازە بیکوژێت.

٣. هەروەها بە فەرموودە: (من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا ، فهو في سبيل الله)(١٩). واتە: هەرکەسێک بجەنگێت بۆئەوەی وتەی خوای گەورە بەرز بێت، ئەوە لە ڕێگای خوادایە.

- دەکرێت وەڵامی بەڵگەکانیان بەم شێوەیە بدرێتەوە:

١. بەڵگەیان بە چیرۆکی (أصحاب الأخدود)، دەکرێت تاوتوێی ئەم بەڵگەیە بکەین لە دوو ڕووەوە:

ڕووی یەکەم: چیرۆکی (أصحاب الأخدود) بریتییە لە (شرع من قبلنا) شەرعی پێشووەکانمان، ئەوەش نابێتە شەرع بۆمان، خوای گەورە کە ئەم باسەی کردووە بۆ ئەوە بووە کە سوپاس و ستایشیان بکات.

ڕووی دووەم: کردەوەی منداڵەکە، ئەوە ڕێگەپێدراوە، چونکە سوودێکی گەورەی تیادا بەدی هات بۆ ئیسلام، کە ئوممەتەکە هەموویان بە تەواوی ئیمانیان هێنا، جگە لە ئەویش کەسی تر نەکوژرا، بێ تاوانان نەکوژران، ئەگەر وێنەی ئەم

**دروست نییە مسوڵمان خۆی بتەقێنێتەوە بە مەبەستی زیانگەیاندن بە دوژمنان، و ئەم کردەوەیە حەرامە.**

سوودە هاتەدی ئەوا دروستە بۆ مرۆڤ کە خۆی بکات بە فیدای ئاینەکەی، بەڵام بە تەنها کوشتنی دە یان بیست کەس بەبێ ئەوەی سوودێکی هەبێت و بێ ئەوەی هیچ شتێک بگۆڕێت، ئەوە قسەی لەسەرە و حەرامیشە(٢٠).

٢. ئەو بەڵگەشیان کە بە فەرموودە هێناوەتەوە، دەتوانرێت وەڵامی بدرێتەوە بەوەی کە دروست نییە ئەم فەرموودەیە بکرێتە بەڵگە، چونکە ئامانج لە سوودوەرگرتن لەم فەرموودەیە بریتییە لە نیەتی پاک و تەواو بۆ خوای گەورە، زانراویشە کە بە تەنها نیەت بەس نییە ئەگەر نزیک نەکرێتەوە لە دروستی کردەوە و مەشروع بوونی.

ئەوانەشی کە ڕێگەیان داوە بەم کردەوانە، بە چەند مەرجێک ڕێگەیان داوە، کە بریتیین لە:

١. پاککردنەوەی نیەت بۆ خوای گەورە، بەوەی کە نیەتی ئەنجامدەر بەرزکردنەوەی وشەی خوا و بەهێزکردنی ئاینەکەی بێت.

٢. بوونی پێویستیی، وەک ترسان لە سوپا، یان تێکشکانی مسوڵمانان، یان سنووربەزاندنی دوژمن بە خوێنڕشتن و ناموسیان و وڵاتیان.

٣. کە گومان زاڵ بێ لەسەر ئەوەی، یان جەزمی هەبێ کە ئەمە، یان برینداری، یان تێکشکان، یان لاوازکردنی دەروونیان کاتێک دەبینن کە ئەمە کردەوەی یەکێکیانە ئەی ئەگەر هەموویان بن

**ئەم کردەخۆکوژییانە دەبنە هۆی ئەوەی کە پێچەوانەی ئەنجامەکانی جیهادکردن لە واقیعی ئێستادا هەیە.**

چۆنە.

ئەم لەبەرچاوگرتنە ناگونجێت کە لەبری بێت بۆ تاک تاکەکانی خەڵک و تاکەکانیان بەتایبەتی وەک ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆمان.

بەڵکو پێویستە لەلایەن شارەزایانەوە دەربکرێت، و خاوەن عەقڵ و ژیرییەکان و ئاشنا و شارەزا بێت بە کاروباری سەربازی و سیاسی لە ئەهلی ئیسلام.

٤- گومانی موجاهیدەکە زاڵ بێت بەوەی کە ئەم کوشتن و وێرانکارییەی کە دروستی دەکات لەناو دوژمندا، ناتوانرێت بهێنرێتەدی بەرێگایەکی تر کە سەلامەتی پارێزراو بێت.

٥- ئەم کردەوانە ڕووبەڕووی کافرانێک بێت کە جەنگی دژی مسوڵمانان ڕاگەیاندبێ، چونکە کافرەکان چەند جۆرێکن: هەیانە شەڕکەرە، هەیانە ئاشتی دۆستە، هەشیانە موستەئمینە، هەشیانە زیممیە و هەشیانە هاوپەیمانە.

هەروەک کافرێتی بەتەنها نابێتە هۆی ئەوەی کەوا خوێنی بە ڕەهایی بڕژرێت، بەڵکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە هەروەک لە بوخاریدا هەیە (٢٩٣٠) عن عبدالله بن عمرو عن النبي(ص) قال: (من قتل معاهدا لم يرح رائحة الجنة، وإن ريحها يوجد من مسيرة أربعين عام)(٢٢) ، واتە: هەرکەسێک هاوپەیمانێک بکوژێت بۆنی بەهەشت ناکات، کە بۆنی بەهەشت لە دووری چل ساڵەوە دەبیسترێت.

ئەسڵیش بەجێهێنانی پەیمانی مسوڵمانانە بە ڕاستێتی و تەئویلی تێدا نەکرێت، ئەوەش سەردەکێشێت بۆ فەوزا و بەرەڵایی و گەندەڵی و ئەتککردن.

٦- ئەمە دەبێت لە وڵاتی ئەواندا بێت، یان لەو وڵاتەی دەچنە ناویەوە و دەبێتە موڵکیان، یان حوکمی تێدا دەکەن، و مسوڵمانان دەیانەوێت بەرگری تێدا بکەن و دەریان بکەن تیایدا.

٧- نابێت لەسەر ئەم کردەوانە کردەوەی بەتاڵ دروست ببێت و بەرژەوەندییەکەیان لەدەست بچێت، وەک کافرێتیان و دەسەڵاتیان زیاتر بکات بەسەر مسوڵمانانەوە، بەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە مسوڵمانان بکوژن، یان تووشی ئەتککردنی ناموس و نارەحەتی دەروونی زیاتر ببنەوە بە زۆر ئەزیەت دانیان.

٨- دەبێت بە ڕێگەدانی ئیمامێکی دادپەروەر بێت ئەگەر کرا، ئەگەر ئیمام نەبوو، یان لەحاڵەتیکدا بوو مۆڵەتی بە مەرج نەگیرا، ئەوا پێویستە لەسەری پرس بکات بە ئەهلی ڕەئی و ئەوانەی شارەزای شەڕن لە جێگاکەی خۆی پێش ئەوەی هەستێت بەم کردەوەیە، بۆ ئەوەی مەودای سەرکەوتنەکەی دیاری بکەن، ئەندازەی یان ئەو مەفسەدەیەی دروست دەبێت بەهۆیەوە.

٩- دەبێت بە ئیزنی دایک و باوکی بێت، چونکە ئەگەر ئیزن وەرگرتن لە دایک و باوک لە جیهاددا بەشێوەیەکی گشتی هەبێت، ئەوا ئیزن وەرگرتنیان لەمەدا لەپێشترە(٢٢).

* کێ تەقدیری زەرورەتی بەرژەوەندی و مەفاسیدی دروستبوو بەهۆی ئەم کارەوە دەکات؟

ئەوەی کە تەقدیری زەرورەت دەکات بریتییە لە وەلی ئەمر، چونکە ئەو دەسەڵاتی هەیە بە

دەستپێکردنی جەنگ و وەستاندنی، چونکە فەرمانی جیهاد سپێردراوە بە ئەو، ئەوەی ئەو دەیبینێت تاک تاکی خەڵکی نایبینن.

لەسەر وەلی ئەمر پێویستە بەتایبەت کاتێک کە موجتەهید نەبوو، بگەڕێتەوە بۆ رای زانایانی شەریعەت و لەسەر فەتواکانی ئەوان بڕیار بدات کە لەسەر بنچینەکانی شەریعەت دەرکراون بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی بۆ ئوممەت و دورخستنەوەی خراپە و مەفسەدە لێی.

## پێویستە ئەوەی کە فەتوا دەردەکات بۆ ئەم بابەتانە دوو مەرجی تێدا بێت:

١ـ قوڵبوونەوە لە زانستی شەرعیدا، و پشتبەستن بە مەقاصیدەکانی شەریعەتی ئیسلامی، و فیقهی موازەنات لە نێوان بەرژەوەندی و مەفسەدەدا.

٢ـ ئاگاداربوونی تەواو بە رووداونی ئەم کردەوانە، و ئەوەی بەدواییدا دێت و پاڵنەرەکانی و بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێت.

چونکە ئەم کردەوانە لە هەنووکەیین پێویستە وێنەی راستی تێدا بێت کە لەسەر راستی و روونی دانرابن.

لەمەشدا ئیبن تەیمیە(٢٣) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (ئەوەی فەرزو واجبە واباوە لە کاروباری جیهاددا رای خاوەن ئایینی راست ئیعتیباری هەیە ئەوانەی کەوا شارەزاییان هەیە لەوەدا نەک دنیاویستەکان، بێ ئەوەی کە رووکەشی ئایین زاڵ بێت بەسەریاندا لە بۆچوونەکەیاندا، ئەوکاتە بۆچوونەکەیان وەرناگیرێت، و نە بۆچوونی ئەو خاوەن ئایینانەی کەوا هیچ شارەزاییان نییە لە کاروباری دنیا) (٢٤) .

ئیبن قەیمیش(٢٥) دەڵێت: (نە موفتی و نە دەسەڵاتداریش ناتوانن فەتوا بدەن، حوکمدانی راستی ئەوەیە کە دوو جۆر تێگەیشتنی هەبێت:

یەکەمیان: تێگەیشتن لە واقیع و شارەزایی لێی، هەڵهێنجانی زانست راستییەکە کە دروست دەبێت بە نزیککردنەوە و نیشانەکان، هەروەها پەیوەندییەکانیش تاکو زانستییانە لێی شارەزا بیت.

دووەم: تێگەیشتن لەوەی کە چ شتێک واجبە لەڕاستییدا، ئەوەش حوکمی خوایە کە حوکمی کردووە لە کتێبەکەیدا، یان لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی(د.خ) لەم واقیعەدا پاشان ئەمیانی لەسەر ئەویان جێبەجێ کردووە(٢٦).

### بۆچوونی دووەم:

ئەم دەستەیە لە زانایانی هاوچەرخ بۆچوونیان وایە کە دروست نییە مسوڵمان خۆی بتەقێنێتەوە بە مەبەستی زیانگەیاندن بە دوژمنان، و ئەم کردەوەیە حەرامە، و چەندین ئەنجامی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

ـ لەوانەی کە ئەم بۆچوونەیان هەیە: شێخ ئەلبانی لە فەتوای دووەمیدا، شێخ عەبدولعەزیز بن باز، شێخ محمد بن عثیمین لە فەتوای دووەمیدا، شێخ صالح فەوزان، شێخ عەبدولعەزیز راجحی، د.محەمەد فەتحوڵڵا گولەن، د.محەمەد ئەحمەد گەزنەیی و لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان، بەڵگەیان هێناوەتەوە بەمانەی خوارەوە:

١ـ ئەم کردەوەیە دەبێتە هۆی مردنی ئەنجامدەرەکەی بە دڵنیایی، ئەوکاتە ئەو فەرموودەیەی خوای گەورەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەفەرموێت: ((ولا تلقوا بأيدكم الى التهلكة)) البقرة: ١٩٥ واتە: خۆتان بە دەستی خۆتان مەخەنە گێژاوەوە. هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ((ولا تقتلوا أنفسكم)) النساء: ٢٩ واتە: خۆتان مەکوژن. هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ): **(من قتل نفسه بحديدة ، فحديدته في يده يَجَأُ(٢٧) بها في**

**بطنه في نار جهنم، خالدا مخلدا فيها أبدا)**(٢٨) واتە: هەرکەسێک خۆی بکوژێت بە شتێک، ئەوا ئاسنەکە بە دەستییەوە دەبێت دەیکات بە سکی خۆیدا لەناو ئاگری دۆزەخدا بە هەتا هەتایی تیایدا دەمێنێتەوە.

هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ): (من قتل نفسه بشيء عذب به يوم القيامة)(٢٩) واتە: هەرکەس خۆی بکوژێت بە شتێک لە رۆژی دواییدا بەو شتە سزا دەدرێت.

هیچ شتێکی لێ جیاناکرێتەوە بەڵکو گشتییە، لەبەرئەوەی جیهاد لە رێگای خوادا مەبەست پێی پارێزگاریکردنە لە ئیسلام و مسوڵمانان، ئەو خۆکوژەش خۆی لەناو دەبات! بە خۆ تەقاندنەوەشی ئەندامێک لە ئەندامانی مسوڵمانان کۆتایی پێ دێنێت، پاشان دەشگونجێت کە زیان بە خەڵکی تر بگەیەنێت، چونکە دوژمن تەنها لەسەر کوشتنی یەک دانە ناوەستێت، بەڵکو ئەگەر بۆی بکرێت ئومەتێک لەناو دەبات، لەبەرئەوەی بەرهەمەکەی دەبێتە هۆی بەرتەنگکردنەوە لەسەر مسوڵمانان بەهۆی ئەم خۆکوژییە کەمەوە، لە بەرامبەریدا دە یان بیست یان سی کەس دەکوژرێن، ئەو بەرهەمەش زەرەرێکی گەورەیە.

ناکرێت مەسەلەی هێرشبردنی یەک کەس بۆ سەر کۆمەڵێک لە دوژمن قیاس بکرێت، چونکە هێرشبردنی یەک تاکەکەس جیاوازە لەگەڵ کەسێکی موسڵمان خۆ بتەقێنێتەوە، چونکە ئەوەی یەکەمیان کەسە مسوڵمانەکە خۆی خۆی ناکوژێت، بەڵکو جەنگ دەکات، بەدەستی غەیری خۆیشی دەکوژرێت، دڵنیاش نییە لە مردنی، لەوانەیە لە مردن رزگاری ببێت، بەڵام بابەتەکەمان ئەوەیە کە مسوڵمان ببێتە هۆی کوشتنی خۆی بەدەستی خۆی، و مردنیش تیایدا دڵنیاییە(٣٠).

٢ـ لە رووی ئیلتیزامکردن بە بنچینە و ئادابەکانی جیهادەوە:

ئەوانەی کەوا هەستاون بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە کردەوانە، هیچ ئیلتیزامێکیان نییە بەم بنچینانەوە، بەڵکو شکاندووشیانە، چونکە ئەم جۆرە کردەوانە تەڕو وشک پێکەوە دەسوتێنێت، هیچ جیاوازی ناکات لە نێوان ژن و منداڵا و لە نێوان پیاو و ناوچەی سەربازی و ناوچەی مەدەنی، خزمەتگوزارییە پێویستەکانیش وێران دەکات، وەک ئاو و کارەبا و ژێرخانی ئابووریش دەڕوخێنێت، ئەمانەش هەموویان لەگەڵ گیانی لێبوردەیی شەریعەتی ئیسلامدا ناگونجێت، هەروەک پێچەوانەشە لەگەڵ بنچینە ئەخلاقیەکان لە جیهاددا، ئەوەش لەبەرئەوەی دەقی زۆر هەیە کە کوشتنیان بە حەرام دادەنرێت(٣١).

٣ـ دوژمن ئەم جۆرە کردەوانە دەکاتە بەهانەی زەبروزەنگ، هەروەها کردنی بە بیانو و هەڵدەستێت بە کاردانەوە، ئەوەش بە زیانگەیاندنی زۆر بەرامبەر کەسوکاری ئەو کەسەی کە خۆی تەقاندووەتەوە و مسوڵمانانیش بە گشتی، ئەوەش دەبێتە هۆی کوشتنی گەنجەکان و راپێچکردنی بە هەزارانیان بۆ زیندان و رووخاندنی شارەکان و گواستنەوەی خێزانەکان، یان ناوچەی مسوڵمانان تووشی ئابلۆقە دەبێت.

٤ـ دوژمن کار لەسەر ئەوە دەکات کە رای گشتی کۆبکاتەوە و بەکاری بهێنێ لە دژی ئیسلام و ئەنجامدەری ئەم کارە و لە رێگای هۆکارەکانی راگەیاندنەوە خۆی وا دەردەخات کە قوربانی دەستی توندوتیژییە.

٥ـ جیهاد لە دژی ئەو کافرانە دەکرێت کە لە خانەی شەڕدان، هیچ ئەمان و پەنایەکیان لە مسوڵمانان وەرنەگرتووە.

بەپێی ئەمانە بێت دروست نییە جیهاد بکرێت لە دژی ئەو دەوڵەتانەی کە چوونەتە ناو پەیمانێک لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا و لەگەڵ کەسانەی موستەئمینیشدا، چونکە پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت:

«هەرکەسێک هاوپەیمانێک بکوژێت بەهیچ شێوەیەک بۆنی بەهەشت ناکات»(٣٢).

ئیمامی عەلی(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: لە پێغەمبەرەوە جگە لە قورئان هیچ شتێکی ترمان نەنووسیوە، ئەوەی لەم پەڕاوەشدایە، پێغەمبەر دەربارەی دەفەرموێت: «دەستەبەری موسڵمانان یەک دانەیە، نزیکتریان هەوڵی بۆ دەدات، هەرکەسێک واز لە پارێزگاریکردن لە موسڵمانان بهێنێت ئەوە نەفرەتی خوا و فریشتەکان و هەموو خەڵکی لێ بێت، گۆڕین و هاوتای لێ وەرناگیرێت»(٣٣).

حکومەتی ئەمریکا و جگە لە ئەویش پەیوەندی دیپلۆماسییان هەیە و تەقریبەن باڵیۆزی بەرامبەریان لەگەڵ هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە، زانراویشە کە پەیوەندی دیپلۆماسی و نوێنەرایەتییەکان بەڵگەن لەسەر بوونی پەیماننامە، کەواتە ئەمریکا خانەی شەڕ (دار الحرب) نییە و دروست نییە جیهاد لە دژی بکرێت.

٦- لە ڕووی سەرکردایەتییەوە: ئەوە شەڕێکە بەبێ سەرکردایەتییەکی ناسراو، چونکە سەرۆکی هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکان و بزووتنەوە ئیسلامییەکان هاوڕا نین لەگەڵ ئەم شەڕەدا، بەڵکو دژایەتی دەکەن، چونکە ئەوە دەچێتە ناو بابی ئاژاوە و ئاشوبەوە.

٧- لە ڕووی ئەنجامەوە: جیهاد بریتی نییە لە شەڕ بۆئەوەی بتوانرێت زۆرترین ژمارە بکوژرێت، بەڵکو ئامانج لێی یەکێک لەم دوانەیە:

یان ڕزگارکردنی زەوی داگیرکراوی موسڵمانانە لەلایەن کافرانەوە، یان دەستبەسەرداگرتنی زەوی کافرەکانە و خستنە ناو بازنەی زەوییە ئیسلامییەکانەوە.

کەواتە دەتوانین بپرسین: چەند مەترمان لە چنگی کافران ڕزگارکردووە؟ یان چەند مەترمان لە زەوی کافران دەستبەسەردا گرتووە؟

یان چەندێک ئیسلاممان بەهێزکردووە بەم کردەوانە؟ یان ئەم کردەوانە چەندێک بوون بەهۆی ئەوەی کە موسڵمانان لاواز بین، بە ئەژمارکردنێکی سادەی بیرکارییانە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کردەوە خۆکوژییانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێچەوانەی ئەنجامەکانی جیهادکردن لە واقیعی ئێستادا هەیە.

## ڕای پەسەند (راجیح)

دوای هێنانی بەڵگەکان و موناقەشەکردنیان، دەگەینە ئەم کورتەیە:

١- دروست نییە موسڵمان خۆی بتەقێنێتەوە.

٢- ئەوانەی کە هەڵدەستن بە کردەوەی خۆکوژی بە شەهید ئەژمار ناکرێن.

٣- ئەم کردەوانە ناچنە ناو چوارچێوەی چالاکییە جیهادییەکانەوە، چونکە مەرجەکانی جیهادی بەسەردا ناچەسپێت.

٤- تەقاندنەوەی نەفسی خۆی حەرامە، بەڵکو لە گوناهە گەورەکانە.

ئەوەش لەبەر ئەو بەڵگە سەریحانەی کە ڕوونمانکردنەوە ڕێگا نادەن بە هیچ کەسێک کە خۆی بکوژێت، ئەوەی ئەم کردە خۆکوژییانە لەسەری دەوەستێت ئەمانەن:

- بۆ بێتاوانان لە منداڵ و ژن و پیرو مەدەنییەکان.
- بڵاوکردنەوەی گیانی ترس و تۆقاندن لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا.
- ڕووخاندنی ژێرخانی ئابووری وڵات لە ڕووخاندنی خانوو و دوکان و شار و ناوەندە ئابوورییەکان و ڕاگواستنی خێزانەکان و کوشتنی لاوان و ڕاپێچکردن و گرتن و زیندانیکردنی بەهەزارنیانە.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- واتە وەک خیانەتکارێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا مەکەن لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەیدا، وە تیرۆرکردنی مسوڵمانێک، زیمەش: پەنادانە، پەنای دەدەم: واتە لە پەنای خوادایە بەهۆی ئەوەی بووە بە پەند بەهۆی کافرێتییەوە، دەوترێت: ئەو هەمزەیەی لە (اخفرت)دایە بۆ ئیزالەیە، واتە: وازی لە پارێزگارییەکەی هێناوە.

٢- بوخاري لە الصلاة دەری هێناوە، دەروازەی : فضل استقبال القبلة (فەرمودەی: ٣٩١).

٣- مسلم دەریهێناوە، دەروازەی تحريم ظلم المسلم ، وخذله ( فەرموودەی : ٢٥٦٤).

٤- تيرمذي ڕیوایەتی کردووە لە (الديات ، باب : ما جاء في تشديد قتل المؤمن)، (فەرموودەی:٧٧٢٠) ، وە النسائي ، لە: (تحريم الدم، دەروازەی: تعظيم الدم (فەرموودەی: ٣٧)، ئەلبانی دەڵێت: فەرموودەیەکی ڕاستە. سەیری: صحيح وضعيف الجامع الصغير وزيادته، جلال الدين السيوطي (ت: ٩١١هـ) دانراوی: محمد ناصرالدين الألباني (١/٩٢٠٨) بکە.

٥- تيرمذي ڕیوایەتی کردووە لە (الديات ، باب: الحكم في الدماء)، (فەرموودەی: ٧٧٢١) وە تیرمذي دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی غەریبە ، وە ئەلبانی بەڕاستی داناوە لە (صحيح الجامع) (فەرموودەی: ٤٢٤٧).

٦- بوخاري دەریهێناوە، دەروزاەی: (فإن تابوا و أقاموا الصلاة)، (فەرموودەی: ٢٥)، هەروەها مسلم لە الإيمان، دەروازەی: (الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لا اله الا الله) (فەرموودەی: ٢٢).

٧- رواه البخاري في الديات في فاتحته، وفي الرقاق، باب القصاص (الحديث: ٧٩٦٨)، ومسلم ، في القسامة ، باب المجازاة بالدماء في الآخرة (الحديث: ١٦٧٨).

٨- رواه البخاري في صحيحه في الديات، باب قول الله تعالى ((ومن يقتل مؤمنا متعمدا فجزاؤه جهنم)) (الحديث: ٦٨٦٢).

٩- رواه البخاري باب : قول الله تعالى ((إن الذين يأكلون))، ( الحديث: ٢٧٦٦) ، ومسلم ، باب بيان الكبائر وأكبرها ، (الحديث: ١٤٥).

١٠- رواه البخاري باب قول النبي – صلى الله عليه وسلم – {من حمل علينا} (الحديث:٧٠٧٠) ، و مسلم ، باب قول النبي صلى الله عليه وسلم {من حمل علينا} ، (الحديث : ٤٢).

١١- أخرجه خليفة في تأريخه (ص ١٧٦) وابن سعد في الطبقات (٧٠/٣) ، وابن شيبة في تأريخ المدينة (٤/ ١٢٠٦) ، وأبو نعيم الأصبهاني في تثبيت الإمامة (ص ١٦٩)، وابن عساكر في تأريخ دمشق (٤٠١) كلهم من طرق، عن الأعمش، عن أبي صالح ، عن أبي هريرة ، وإسناده صحيح ، و رواته ثقات.

١٢- رواه البخاري ، باب قول الله تعالى ((إن النفس بالنفس))، (الحديث: ٦٨٧٨)، ومسلم، باب ما يباح به دم المسلم، (الحديث : ١٦٧٦).

١٣- قەرافی: ئەحمەدی کوڕی ئیدریسی کوڕی عەبدوڕەحمان باوکی عەباسە، قەرافی لە زانایانی مەزهەبی مالیکیە، خەڵکی میسرە و لەوێ لەدایکبووە و گەورە بووە هەرلەوێش وەفاتی کردووە، چەند دانراوێکی بەنرخی هەیە لە فیقە و ئوسوڵدا، لەوانە: أنوار البروق في أنواء الفروق، واليواقيت في أحكام المواقيت، وشرح تنقيح الفصول. ساڵی ٦٨٤ی کۆچی وەفاتی کردووە، سەیری: الأعلام ی زەرکەلی بکە، چاپخانەی دار العلم للملايين، چاپی پانزەیەم، ٢٠٠٢ز. (١/ ).

١٤- سەیری: أنوار البروق في أنواء الفروق ی أبي العباس شهاب الدين أحمد بن إدريس المالكي القرافي (ت:٦٨٤ هـ)، عالم الكتب ، بدون طبعة ، وبدون تأريخ (٧١/٤) بکە.

١٥- سەیری: معجم مقاييس اللغة، أحمد بن فارس الرازي (ت: ٣٩٥هـ)، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، دار الفكر، ١٩٧٩ م ، (٤/ ١٤٥) مادة عمل، بکە.

١٦- سەیری: معجم اللغة العربية المعاصرة، د.أحمد

مختار عبدالحمید (ت: ١٤٢٤هـ) عالم الكتب، ط: الأولى : ١٤٢٩ هـ - ٢٠٠٨م (٢١٧٦/٣) مادة (نحر) بکە.

١٧- رواه البخاري في كتاب المغازي ، برقم ( الحديث : ٣٩٦٧) ، ومسلم في كتاب الإيمان ، برقم ( الحديث: ١١١).

١٨- سەیری: مفهوم الإرهاب في الشريعة الإسلامية ، د.هيثم عبدالسلام محمد، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان ط: الأولى، ٢٠٠٥م ، (ص٢٠٣)، وە جهود الشيخ عبدالكريم المدرس الفقهية، د. عبدالله سعيد ويسي، ماردين، أربيل، ط: الأولى ، ٢٠١٢م ، (ص٣٠٥) بکە.

١٩- رواه البخاري، باب من سأل وهو قائم (الحديث: ١٢٣)، ومسلم: باب من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا (الحديث : ١٤٩).

٢٠- سەیری: جهود الشيخ عبدالكريم المدرس الفقهية (ص ٣١٠).

٢١- پێشتر تەخریج کراوە لە لاپەڕە/.

٢٢- ينظر: الأعمال الفدائية صورها، وأحكامها الفقهية، بحث ماجستير للطالب: سامي بن خالد الحمود، جامعة الملك سعود، كلية التربية – قسم الثقافة الإسلامية، ص (٢١٥).

٢٣- ئیبن تەیمیە (٦٦١ – ٧٢٨ک) ناوی ئەحمەد کوڕی عبد الحليم کوڕی عبدالسلام کوڕی تیمیەی حەرانی دیمەشقی، تقي الدين، ئیمام و شيخ الإسلام حەنبەلیە، لە حەڕان لە دایکبووە و باوکی بردوویەتی بۆ دیمەشق و لەوێ گەورە بووە و بەناوبانگ بووە، لە میصر دووجار زیندانی کراوە لەبەر فتاواکانی، وە لە یەکێک لە قەڵاکانی دیمەشق وەفتای کردووە، کاتێک لەوێ بووە بە گیراوی، ئیبن تەیمیە بانگخوازێک بوو بۆ چاککردنی کاروباری ئایین، نیشانەیەک بوو لە تەفسیر و عەقەیدە و ئوصول دا، زمانپاراو بوو، دانراوی زۆر بوو، لە دانراوەکانی: (السياسة الشرعية، ومنهاج السنة) فەتواکەی لە شاری ڕیاض لەم دواییانەدا لەچاپدراوە، لە ٣٥ بەرگدا. سەیری: الأعلام للزركلي (١٤٠/١) ، و الدرر الكامنة (١٤٤/١) ، و البداية و النهاية (١٣٥/١٤) بکە.

٢٤- ينظر : الفتاوى الكبرى (٥٣٩/٥).

٢٥- بریتییە لە ئیمام شمس الدين باوکی عبدالله محمد کوڕی ئەبی بەکر کوڕی ئەیوبی دیمەشقي حەنبەلي، هەر لە دیمەشق لەدایک بووە و بەردەوام لەگەڵ ئیبن تیمیەدا بووە، ناوبراو فەقیهـ و موجتەهید بووە و لە بەناوبانگترین دانراوەکانی: زاد المعاد ، و أعلام الموقعين و لە ساڵی (٧٥١ هـ) وەفاتی کردووە. سەیری: معجم المؤلفين (١٠٦/٩) بکە.

٢٦- اعلام الموقعين عن رب العالمين (٨٧/١).

٢٧- يجأ: بە خۆیدا دەکێشێت.

٢٨- رواه البخاري صحيحه، كتاب الديات، باب: قول الله تعالى ((ومن أحياها)) (فەرموودەی: ٦٨٧٢)، وە رواه مسلم في صحيحه، كتاب الإيمان، باب تحريم قتل الكاف ، (فەرموودەی: ١٥٨ – ١٥٩).

٢٩- رواه البخاري ، كتاب الأدب ، باب ما ينهى من السباب و اللعن ( فەرموودەی: ٧٠).

٣٠- سەیری: مفهوم الإرهاب في الشريعة الإسلامية (ص ٢١٣) بکە.

٣١- سەیری: حكم العمليات الإنتحارية في الفقه الإسلامي ، د. محمد أحمد الكزني ، بکە.

٣٢- رواه البخاري في صحيحه ، باب : اثم من قتل معاهدا بغير جرم ، ( الحديث : ٣١٦٦) ، وابن ماجه ، باب : من قتل معاهدا ( الحديث: ٢٦٨٦).

٣٣- رواه البخاري في صحيحه ، باب: اثم من عاهد ثم غدر، ( الحديث:٣١٧٩) ، ومسلم في صحيحه باب : فضل المدينة ، و دعاء النبي – صلى الله عليه وسلم – ( الحديث: ٤٧٠).





**د. ناصح فتاح نصرالله**
پسپۆڕ لە هزری ئیسلامی.
سەرۆکی بەشی پێشنوێژ و وتارخوێن
لە پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی

# هۆکارەکانی تەکفیرکردن

گرفتی بەکافرکردنی خەڵکی و وەدەرنانیان لە بازنەی ئاین گرفتێکی کۆنە و نوێ بووەتەوە، بەهۆی لاوازی ئاستی زانستی و رۆشنبیری ئاینی لەنێو چین و توێژە جیاجیاکاندا، بەتایبەتیش لای ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت خزمەت بە ئیسلام بکەن، بەڵام بەرچاویان روون نیە، هەروەک کەسانی شارەزا و پسپۆر لەنێویاندا دەگمەنە، بۆیە سەرەنجام ناتوان و نازانن کە چۆن خزمەت بکەن و زوو دەکەونە گێژاوی بە کافرکردنی خەڵکی ومسوڵمانان و وەدەرنانیان لە ئاین، لەکاتێکدا چەندین خزمەتی بەرچاویان کردووە بە ئاین.

دەتوانرێت بیری کافرکردنی خەڵکی مسوڵمان وەک نەخۆشییەک تەماشا بکرێت، تا بە هەموو لایەک دڵسۆزانە خەمی ئەم باسە گرنگە بخۆین و هەوڵی تەواو بدەین بۆ زانینی هۆکارەکان و ئاشکراکردنی شوێنەوارە خراپەکانی و هەنگاویش بنرێت بۆ دۆزینەوەی رێگاچارە لەم دەردە کوشندەیە، تا تاک و خێزان وکۆمەڵگا رزگاریان ببێت لەو دژوارییە و یەکتر قبوڵ نەکردنە و تەنها خودا بە راست دانان و دەرکردنی تاک و کۆمەڵگەی مسوڵمان لە بازنەی ئایین بەبێ بەڵگەی بڕواپێکراو تەنها لەسەر گومانی خراپ، یا دەربڕینی رایەک.

ئەم کورتەباسە تەنها هەنگاوێکە بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی بەکافرکردنی خەڵکی وباسکردنی رێگاچارەکانی لەدو تەوەردا.

## تەوەری یەکەم
## هۆکارەکانی بەکافرکردنی خەڵکی:

بێگومان چەند هۆکارێک هەن دەبنە هۆی نەخۆشی فکری بەکافرکردنی خەڵک و وەدەرنانیان لە بازنەی ئایین، هەندێک لەو هۆکارانە پەیوەستن بەخودی مرۆڤەکانەوە و هەندێکی تریشیان هۆکاری بابەتین پەیوەستن بە ژینگە و دەوروبەری مرۆڤەکانەوە، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر دروستبوونی ئەم نەخۆشیە فکرییە کە بە کافرکردنی خەڵک و کۆمەڵگەی مسوڵمانانە، بۆیە دەتوانین هۆکارەکان بکەین بە دوو بەشەوە خودی و بابەتی:

### بەشی یەکەم:
### هۆکارە تایبەتەکان بەخودی مرۆڤەکانەوە:

مرۆڤەکان هەموویان یەک ئاست نین، بەڵکو لە رووی عەقڵ و لۆژیک و زانست و زانیاریی و تێگەیشتوویی و رۆشنبیریی هەریەکە و ئاستێکیان هەیە، هەربۆیە ئەو مرۆڤانەی کە سەرقاڵی وەدەرنانی خەڵکی مسوڵمانن لە ئاین و تەکفیریان دەکەن بە وردبونەوە لە حاڵیان و گفتوگۆکردن لەگەڵیان بۆمان دەردەکەوێت کە چەند هۆکارێک هەیە وای لێکردون بکەونە ناو گێژاوی کافرکردنی خەڵکی مسوڵمان، لەوهۆکارانە:

١-شارەزانەبون لە ئایین، و خاڵی بوونی هەگبەی زانست و زانیاریی، هەروەها بێ ئاگابوون لە کرۆکی شەریعەت و مەبەستە مەزنەکانی، لەگەڵ ئەمەشدا نەگەڕانەوە بۆ لای زانایانی پسپۆڕ و نەبوونی سەرچاوە و مەرجەعێکی زانستی بڕواپێکراو، بەتایبەتیش لەناو چینی لاواندا، و کەسانی نەشارەزا کردن بەسەرچاوەیەک بۆ راوبۆچونەکانیان.

ئەم بێ زانستی و بێ ئاگابوونەش لە بابەتە فیقهی و حوکمە شەرعیەکان لە بوارە جیاجیاکاندا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ کەوتنە ناو گێژاوی تەکفیرکردن و حوکمدان بەسەر هەرکەسێکدا هەڵەیەکی توش بوبێت یاخود کەوتبێتە ناو داوی گوناهو تاوانێکەوە، خێرا فەتوای دەرچونی لە ئاینی بەسەردا ئەدەن و بە کافر لەقەڵەمی دەدەن!

خۆ ئەگەر کەمێک شارەزاییان هەبوایە لەبارەی

سامناكی بە كافردانانی خەڵكی ئەوا هەرگیز ئەو جۆرە فەتوایەیان نەدەدا، و دەیانزانی زۆرێک لەو كردار و گوفتارانەی كە تاوانن لە بازنەی تاواندا دەمێننەوە و خاوەنەكەی دەرناكات لە باوەڕ، بەڵام كەمی تویێشوی زانست و زانیاری زۆربەی كات خاوەنەكەی دەخاتە ئەو هەڵە گەورەیە كە تەكفیركردنی خەڵكی موسڵمانە بەبێ بەڵگەی زانستی.

**٢- شوێنكەوتنی هەواو ئارەزووەكان:**

شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە هەواو ئارەزووەكان ڕێكبخات تائەوەی مرۆڤ بەرەو هەڵدێران دەبات یاساغی بكات و ئەوەشی مرۆڤ ئاسودە دەكات بەجوانی ڕێكسازی تێدا بكات، بەڵام بازنەی هەواو ئارەزووەكان زۆر فراوانترن دڵ و عەقڵ و ویژدان رادەگرێت، وا لە مرۆڤ دەكات تەنها خودی خۆی ببینێت و هەر بەخۆشی سەرسام ببێت و خەڵكی بەكەم سەیر بكات، نەبوونی پەروەردەیەكی دروستی ناخی مرۆڤەكان وادەكات نغرۆی هەواو ئارەزوەكانی خۆی ببێت، بەشێوازێک وادەزانێت تەنها خۆی لەسەر حەق و ڕاستییە و ئەوانەش باوەڕیان پێیەتی شوێنی دەكەون، ئیدی ئەوانی دی لە دەرەوەی بازنەی ئیمان و ئیسلامن، و داهێنەری خراپە و دەرچوون لە شەرع لە تێڕوانینی ئەودا، لە هەمەنكاتدا سەرسامن بە بۆچوونە فیقهیەكانی خۆیان، ئەوانی دی هەموو بە لاواز یا هەڵە دەزانن، دورنیە ئەوەی ڕایەكی تری پێشیاوتربێت ئەمان بە«فاسق و فاجر و مبتدع » بزانن، هەندێک جار بە كافریشی ئەزانن و داوای گەڕانەوەی لێ دەكەن بۆ لای ئەو بۆچونانەی ئەوان لایان پەسەندە!!

هەربۆیە لە قورئانی پیرۆزدا هۆشداری تەواو لەمبارەوە دراوە تا مرۆڤەكان دوربن لە ڕێچكەی هەواو ئارەزووەكان، وەک دەفەرمویت: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە ڕاگری دادوەری بن شایەتی بۆ خوا بدەن، با شایەتیەكەشتان زیانی بۆ خۆتان و دایک و باوكتان یا خزمانیش هەبێت، ئەگەر كەسانێک لەوانە دەوڵەمەند بێت یان هەژار، خوا بەرژەوەندی ئەوان چاكتر دەزانێت لە ئێوە، نەكەن شوێن ئارەزووی نەفس بكەون! لەدادپەروەری لابدەن! جا ئەگەر ئێوە پێچ لێ بدەن و زمان بگۆڕن و شایەتی ناحەق بدەن، یا پشت هەڵبكەن، ئەوە چاک بزانن خوا ئاگادارە بە كارو كردەوەتان)، بۆیە شوێنكەوتنی هەواو ئارەزووەكان نادادوەری فیكریی و ئەخلاقی و كرداری لێدەكەوێتەوە.

**٣-تەئویلی هەڵە و ڕێک نەخراو بە تەرازووی شەرع:**

تەئویلكردن لە شەریعەتی ئیسلامدا گەڕانەوەیە بۆ مەبەستی واتاكان لە دەقەكانەوە، چەندین مەرجی بۆ دیاریكراوە هەتا قبوڵ بێت، بەڵام هەندێک بەخۆیان ڕەوا دەبینن لە عەقڵ و لۆژیكی كەم زانستی خۆیانەوە ڕاڤەی دەقەكان بكەن بۆ ئەو مەبەستەی پێشتر لە ناخیاندا چەسپاوە و هەواو ئارەزووەكانیان بۆی ڕازاندونەتەوە، بۆیە وشەی كوفر كە لە دەقەكاندا هاتووە یەک ڕاڤەی پێ دەدەن كە دەركردنی مرۆڤەكانە لە بازنەی ئاین، بەبێ ڕەچاوكردنی جۆرەكانی «كوفر» و بەبێ گەڕانەوە بۆ باقی دەقەكانی تر كە لەو بارەوە هاتون !! بۆیە هەرگز وێنای ڕاستەقینەی باس و بابەتەكان ڕوون نیە لەلایان و لە دیدی بەرتەسكی خۆیانەوە دەیان حوكمی نەشیاو بەسەر بەرامبەرەكانیاندا دەدەن.

بەتایبەتیش لەبارەی هەندێک باس و بابەتی هەستیار، كە زۆر پێویست بە قوڵبونەوەی زیاتر دەكات، و دەبێت ئەهلی زانست ڕونكردنەوەی لەبارەوە بدەن، تا لاوەكان نەكەونە ناو هەڵەوە، وەک بابەتی (الولاء و البراء) و (اصلي عقیدة و فروع لة عقیدة)دا و(حوكمی ئەوانەی گوناەی

گەورە دەکەن) و ( مامەڵە لەگەڵ ئەهلی کیتاب) و( مامەڵە لەگەڵ کافرانێک کە نایانەوێت بجەنگن لەگەڵ موسڵماناندا) هەندیک بابەتی تریش کە قسە زۆر هەڵدەگرن، هەروەها پەلەکردن لە حوکمدان و تەئویل و ڕاڤەی دەقەکان وادەکەن بازنەی ئیسلامەتی هێند بچووک دەکەنەوە کە تەنها جێگای خۆیان ببێتەوەو سەرەنجام چەندین حوکمی نادروست دەدەن بەسەر دەورووبەریاندا.

٤- دەورووبەری ناتەندروست و چونە گێژاوی هەندێ کۆمەڵی لارێ:

مرۆڤ ڕۆڵەی ژینگەکەی خۆیەتی، تاکیش دەرەنجامی ئەو کۆڕ و کۆمەڵەیە کە تیایدا نەشونما دەکات، ئەگەر تاک بەگشتی و لاوەکان بەتایبەتی لەنێو مرۆڤ گەلێکدابن کە زانست و عەقڵ داخراو و سینەبەرتەسک بن بێگومان ئەوانی تریش بەتایبەت لاوەکان هەمان سیفات وەردەگرن، ئەو لاوانەی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵێکدا گەورە دەبن کە هەموو شتێک بە یاساغ کراو دەزانن بە ڕەش بینییەوە تەماشای کۆمەڵگا دەکەن، هەمان دید بۆ ئەوانیش دروست دەبێت، نەک هەر کۆمەڵگا و دەورووبەر بەڵکو دایک و باوکیشیان بە نەفام و دور لە دین و دەرچوو لە ئاین لەقەڵەم دەدەن!!

٥- دەمارگیری (التعصب) لە پەسەندی ڕاوبۆچونی خود و نەخوێندنەوەی بەرامبەر، هەندێ مرۆڤ دەمارگیری لەگەڵ خوێنیاندا تێکەڵە بەردەوام شەیدای بەرتەسککردنەوە و بچووک کردنەوەی ئاینن، لەسەر زەویدا تەنها کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان بە ڕاست دەزانن تەنها ڕای هەندێ زانایان لاپەسەندە، و هەرگیز ئامادەی ئەوە نین گوێ لە ڕای زانایانی دیکە بگرن گەرچی بەڵگەی قورئان یان سوننەیان پێبێت.

لە هەمووی سەیرتر هەرگیز ئامادە نین لەگەڵ کەسانی تردا دانیشن و گفتوگۆ بکەن تەنانەت سلاو کردنیش لەوانی دی بە قەدەغە دەزانن و بەڵگە بۆ ئەوە دەهێننەوە کە ئەوان هەموویان خەڵکی گومڕان و شوێن ڕاو بۆچونی ئەمان نەکەوتون، خۆ ئەگەر هاتوو دەرگای گفتوگۆیان لەگەڵ بکەیتەوە جگە لە ڕای ئەوان باس لە هەندێ بەڵگەو بۆچونی تر بکەیت بە لادراو ناوزەندت دەکەن، ئەگەر تەسلیم نەبیت بە ڕای ئەوان ئەوا چەندین دەستەواژەی تریان بۆ ئامادە کردویت لە گومڕابونەوە دەستپێدەکات و بەکافرکردن کۆتایی دێت.

## بەشی دووەم: هۆکارە بابەتییەکان:

ئەمانیش زۆرجار لە دەرەوەی دەسەڵاتی تاکدان، زۆرجار دەبێتە هۆی تێوەگلان لە بیری ڕەشبینی و کورت بینی، هەروەها دەورووبەری ناتەندروست و جوڵەی ژیان لەو پێگەو جێگەیەدا بەشێوازێکی نەشیاو و نەگونجاو، دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بەگشتی و لاوان بەتایبەتی تەنها ناشەرعی و دژواری ئایین و هێرشکردنە سەر بەها مەزنەکانی ئایین و فێڵکردن لە خەڵک و ڕووتکردنەوەی نیشتمان لە شاشەی ڕوداوەکانی دەوربەریانەوە ببینن، بۆیە ئەم دیمەنە دڵتەزێنانەش دەبنە شەپۆلێکی گەورەو هەموو چین و توێژەکان ڕادەماڵێت بەرەو کەنداوی بیر تەسکی و ڕەشبینی و سەرەنجام تەکفیر کردن، لەڕاستیشدا چەندە بیری تەکفیریی ترسناک و زیان بەخشە بۆ هەمووان، ئەوەندەش ئەو مامەڵە نا دروستانەی ئەو کەسانە پێی هەڵدەستن، چونکە خێرا دەبێتە پەرچەکردارێک بۆ لاوان و ئەوان تووشی ئەو نەخۆشیە کوشندە دەکات کە پێی دەوترێت تەکفیر، کە لێرەدا لە چەند خاڵێکدا باسی لێوە دەکەین:

**١-ستەمی حکومەتەکان و داماوکردنی گەل:**

هەندێک پارت و حکومەت کە خۆیان گەیشتنە پلەی باڵا هەرچی توانای سەربازیی و ئابوریی و

زانستی و كۆمەڵایەتی و ئاینیی هەیە هەمووی دەخەنە خزمەت مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات، گەرچی لە بەرامبەردا گەل بێ ناز و مافخوراو و داماوبێت.

ئەم هەڵوێستەش وادەكات گەل گەر توانای هەبێت شۆڕی دژی ئەنجام ئەدات، ئەگەر توانای هێزی نەبوو بە چەندین شێوە دژواری دەكەن بە دەرچوو لە بازنەی نەتەوایەتی، نیشتمانی، ئاینی؛ ناوزەندی دەكەن، دەكرێت بەهۆی ستەمی زۆرەوە چەندین فەتوای كافربوون بدرێت بەسەر كەسانی ناو ئەو دەسەڵاتە و هەركەسیش بچێتە ناوی بە كافر لەقەڵەم بدرێت.

٢-لە سنور دەرچوونی كەسایەتیە سیاسییەكان:

جێی داخە هەندێك لە كەسایەتیە سیاسییەكان سنورەكان دەبەزێنن و دەرگا والادەكەن بۆ بیاوەڕی و ڕاوبۆچونی دژ بە ئاینیی زۆرینەی خەڵكی، لە بەرامبەردا هەرچی دەرگا هەیە دای دەخەن بە ڕووی ئەوانەی پابەندی ئاینن، لە چەندین بەرنامە و یاسا دارشتندا هەستی ئاینپەروەری دەوروژێنن و دژ بە دەقەكان دەدوێن، كاتێك باسی دەستورێك دەكرێت ڕازی نابن ئاین سەرچاوە بێت تیایدا، تەنانەت بەرپەرچی یاسایەك دەدەنەوە كە لەگەڵ شەرعدا بگونجێت، ئەمەش ڕێگا خۆش دەكات هەندێك فەتوای كوفر بدەن بەسەریاندا بەوەی دژ بە یاسای شەرع و ئاینن و لە ئاین دەرچوون.

٣-گەندەڵی ماددیی و ڕەوشتی بەرپرسان:

هەندێك لەوانەی بەرپرسن لە دەسەڵاتدا، یاخود لە جومگەكانی كۆمەڵگەدا باڵادەستن، بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوی بەهای ئاینیی و كۆمەڵایەتی و ڕەوشتی كۆمەڵگا ناكەن، هەندێ جار ناموسی خەڵكی دەشكێنن، مافی خەڵكی دەخۆن، لەبەرچاوی خەڵكی و لە شوێنی گشتیدا ئەوەی ئاین قەدەغەی كردووە ئەوان ئەنجامی دەدەن لە خواردنەوەی مەی تا چەندین ناشەرعی تر.

ئەم كارانەش ڕێگا خۆش دەكات بەتایبەت لە بەردەم لاواندا، كە ناتوانن بەگژیاندا بچنەوە خێرا فەرمانی دەرچوون لە ئاین و ترازان لە بەهای ڕەوشتی دەدەن بەسەریاندا سەرەنجامیش بەكافر ناوزەندیان دەكەن.

٤- گرفتەكانی پەروەردە و فێركردن و گەندەڵی لە جومگەكانیدا.

جێی سەرنجە كە پەروەردە و خوێندن چەندین جۆری گەندەڵی ڕووی تێكردووە بەتایبەت وانەی ئاین لاوازكراوە، بەوەش بیانوویان داوەتە دەست بەرامبەرەكانیان كە دەسەڵات و بەرپرسان ئاینیان ناوێت و دژی وەستاون، لەمەش خراپتر نەیان توانیوە پەروەردەیەكی ئاینیی جوان پێشكەش بە نەوەی نوێ بكەن، سەرەنجام بۆشاییەكی پەروەردەیی ڕۆحی دروست بوە، لاوەكان لە دوی خۆراكی ڕۆحیان وێڵن، هەندێك جار لەبەر نەبوونی سەرچاوەی زانستی شەرعی باوەڕپێكراو لە چەندین ڕێگای ترەوە ئەو لاوانە تێر دەكرێن، كە هەندێك جار بەرەو سەرەنجامی خراپ دەڕوات، هەروەك كەسانێك پەروەردە دەبن كە لەگەڵ كۆمەڵگا و دەسەڵات دژوار دەبن و حوكمی دەرچوون لە ئاین دەدەن بەسەر هەموویاندا.

**٥- ڕاگەیاندنێك بێ بنەمای زانستی و پەروەردەیی:**

ڕاگەیاندنەكان بەگشتی كاریگەری تەواویان لەسەر تاك و خێزان و كۆمەڵگا هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم ڕاگەیاندنانە سنوری یاسای پەروەردەییان تیدا ڕەچاونەكراوە، هەربۆیە بونەتە هۆی سەرچاوەی توندوتیژی لەناو خێزان و كۆمەڵگادا.

مەبەستی سەرەكی ڕاگەیاندنەكان سودی ئابورییە، یاخود سەرخستنی پارت و لایەنێك بێ گوێدانە هۆكارەكان، یاخود لە دەرەوەی نیشتمان بۆ مەبەستی گڵاوی دەرەكی بەكاریان دێنن، بۆیە چەندین

بابەتی بەدو نەشیاویان لێوە پەخش دەکرێت، کە دژە بە ئایین و فەرهەنگی گەل و بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەئاشکرا بانگەشە دەکەن بۆ خواردنەوەی مەی و ئەنجامدانی کاری بەدو قێزەون لە کوشتن و دزین و تالان کردن و شەرەف شکاندن لەرێگای فیلم و کلیپ و بابەتە جیاجیاکانەوە.

بێگومان لە بەرامبەردا کۆمەڵگاش بەگشتی دوچاری دژواری دەبێتەوە و هەر لێرەشەوە حوکمی دەرچوون لە بەهای رەوشتی و ئاینی و ئاسایشی رەوشتی دەدرێت بەسەریاندا و ئەوانەی لە پشتی ئەو راگەیاندنە بیزراو و بیستراو خوێنراوەن کافربوون دەکرێتە کۆبەندی گەردنیان، وەک کالا دەبرێت بە بالایاندا، جارێکی دی و بە شێوەیەکی بەرفراوان بیرۆکەی تەکفیرکردن تەشەنە دەکات بەناو خەڵکیدا و بەتایبەتیش چین و توێژی لاوان و گەنجان، بە ئەندازەی بەرفراوانی راگەیاندنە لارو بێ ئامانجە پەروەردەییەکان، بازنەی تەکفیرکردنیش بەرفراوان دەبێت وەک پەرچەکردارێک بۆ ئەو فەوزاو بێ سەروبەرییەی لە راگەیاندنەکاندا بوونی هەیە.

### تەوەری دووەم ڕێگاچارەکان:

هەر دەرد و نەخۆشییەک دەرمان و چارەسەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەکورتی ئەم چەند خاڵە لای خوارەوە ڕێگاچارەن لە بەرامبەر دەردی کوشندەی بەکافرکردنی خەڵک و کۆمەڵگا:

١-بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی و برەودان بە ڕۆشنبیرکردنی تاک و کۆمەڵگا لەسەر بەها رەوشتییەکان بەتایبەتیش مامەڵەی گونجاو لە کرانەوە لەگەڵ یەکترو روونکردنەوەی سنورە فکرییەکان و بازنە بەرفراوانەکانی ئازادی راو بۆچون و ئازادی رادەربرین، و بەگەڕخستنەوەی

> **زۆرێك لەوانەی دەكەونە بیری تەكفیركردنەوە؛ تەواو بێ ئاگان لە بیری (مەبەستە مەزنەكانی شەرع)**

شوێنە پیرۆزو ئاینییەکان لەمبارەوە وێنەی مزگەوت و خوێندگە ئاینییەکان لە هەموو ئاستەکاندا.

٢-بونیاتنانی سەرچاوەیەکی شەرعی زانستی مەرجعی متمانەپێکراو، کە هەموو لایەک رووی تێبکەن و لەمەڕ بابەتە گوماناوییەکان رای چەسپاو روون و هەڵقوڵاو لە مەبەستە مەزنەکانی ئایین بدەن بە خەڵکی و لاوەکانیش شوێنی بکەون بە دور لەو کەسانەی کەم زانستن و تێگەیشتنی گونجاویان پێنیە، دەتوانین بڵێین دامەزراندنی کۆڕبەندی زانستی و فیکریی و فیقهی لەلایەن زانا مەزن و ناسراو و ناودارەکانەوە باشترین ڕێگاچارە بێت بۆ دروستکردن و فەراهەمکردنی سەرچاوەیەکی تۆکمە وەک مەرجەعێک بۆ لاوان بەتایبەتی و خەڵکیش بەگشتی، بەمەش گەنجان بەرچاو رونترو پارێزراوتردەبن لەهەر سەرچاوەیەکی لاوەکی نامۆ و نەناسراو و خراپ.

٣- ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا لەرێگای کۆڕو کۆبونەوەی زانستی، تا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە بیرتەسکی و رەشبینی و کەمزانستی رزگاریان ببێت و نەکەونە چاڵی نەزانیو بیری توندوتیژی و کۆمەڵگا بە نەفام لەقەڵەمدان.

٤- گرنگیدان بە چینی لاوان و پەروەردەکردنیان لەرێگای دانانی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ خوێندکاران و رێکخستنی بەرنامەکانی راگەیاندن و

# گفتوگۆ و تێگەیاندن بە بەڵگەی بەهێز ڕاسترین ڕێگایە بۆ چاککردنەوەی بیرو بۆچونە هەڵەکان

بەستنی چەندین کۆربەندی زانستی و رۆشنبیری، تا لاوان تەواو بەرچاو روون بن لە سنورەکان و رێزی ئایین و بەها رەوشتییەکانی ناو کۆمەڵگا و فەرهەنگی نەتەوەیان بگرن.

٥-چەسپاندنی دادوەری گشتی لە دەسەڵاتەکان و دادوەری کۆمەڵایەتی، تا کۆمەڵگا هەست بە داماوی و بەشخوراوی نەکات، هەمووان دڵخۆش بن بە دەستەڵات و دەزگاکانی، لەبری رەشبینی گەشبین بن پێی و لەبری دەرکردنیان لە بازنەی ئایین و نەتەوە بەهۆی ستەمکردنەوە خۆیانی بکەنە فیدا.

٦-فەراهەمهێنانی ئازادییەکان بەگشتی و ئازادی ئایینی بەتایبەتی، کە سەرنجام کۆمەڵگەیەکی پابەند بە یاسای گشتی و بەها رەوشتییەکان فەراهەم دێت، ئیسلامەتیش باشترین رێگایە بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسودەیی تاکەکان، بەمەش رێگا دەگرین لە بیرۆکەی تەسک و رەشبین و تەکفیرکردنی تاک و کۆمەڵگا.

هەر لە سایەی ئازادیدایە بیری زانستی و میانڕەوی لەلایەن زانایانەوە پەخش دەکرێت، و لاوان و گەنجانی لەسەر پەروەردە دەکرێن؛ کۆمەڵگاش بە دونیایەک لە هێمنی ئاشنا دەبێت، بەڵام کاتێک ئازادییەکان پێشێل دەکرێت لەلایەن دەستەڵاتەکانەوە، وەک پەرچەکردار لاوان بێ ئەوەی ئاگایان لەخۆیان بێت شەپۆلی نارەزایی فڕێیان دەداتە ناو بیری تەسک و رەشبینی تەکفیرەوە، و دەبنە قوربانی هەردو بەرداشی ستەمی دەستەڵات و بیری رەشی تەکفیریی و چیدی بە ئاسانی ناتوانن بگەنەوە کەناری هێمنی و بیری میانڕەوی.

٧-بڵاوکردنەوەی بیری میانڕەوی لە هەموو جێگەیەک و بەهێزکردنی بیری مەبەستە مەزنەکانی ئاین و شەرع(مقاصدالشریعه)و پشتگیری ئەهلی زانست و فیکر لەمبارەوە، تا لە زیادەرۆیی و کەمتەرخەمی کۆمەڵگا بپارێزرێت و بیری تەسکی دەمارگیری و قبوڵنەکردنی بەرامبەر کۆتایی پێ بێت.

زۆرێک لەوانەی دەکەونە بیری تەکفیرکردنەوە؛ تەواو بێ ئاگان لە بیری (مەبەستە مەزنەکانی شەرع)، بۆیە لەسەر بچوکترین ئاداب، یا ئەنجام نەدانی سوننەتێک؛ دورنیە لە کۆمەڵگاکەی خۆیان هەڵنەگەرێنەوەو رەشبینانە سەیری خەڵکی نەکەن و سەرەنجام بڕیاری بەکافربون نەدەن بەسەریاندا!

٨-پڕکردنەوەی کاتەکانی لاوان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان، بێ کاری و لاوان وێنەی ئاگرو بەنزین وەهایە، دەبێتە هۆی دروستبونی کڵپەیەکی ئاگرین کە دەستەڵاتیش رادەماڵێت و چەندین گرفت بۆ کۆمەڵگا دروست دەکات و چەندین نەخۆشی فیکری دێنێتە بوون! هەربۆیە دەبێت دەستەڵات و کۆمەڵگا لە خەمی دۆزینەوەی هەلی کاردابن بۆ هەموو لاوان، و کاری باش و گونجاو بدۆزنەوە بۆیان؛ تا کۆمەڵگاش بەدور بێت لە سەدان کێشەوگرفتی گەورەی دژوار کە دواتر چارەسەرکردنیان ئەستەمە.

بۆیە هەر کۆمەڵگایەک دەسەڵات کار نەکات بۆ نەهێشتنی بێکاری و چەسپاندنی دادوەری کۆمەڵایەتی، ئەوە لاوانی ئەو کۆمەڵگایە دەبنە قوربانی بیرە توندو تەسک و تاریکەکان، کاتێک لە بێکاری و ستەمی دەسەڵات رادەکات خێرا دەکەونە باوەشی ئەو گرووپ و کەسانەی هەڵگری بیری توندوتیژی و سڕینەوەی بەرامبەرن.

٩-رووبەڕبوونەوەی ئەو گرووپانەی توندن لە هزردا، بە بەڵگەی بەهێزو کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ

لەگەڵیان، تا بەتەواوی ڕوونكردنەوەی زانستی و شەرعییان پێبدرێت، و بیانگێڕنەوە بۆ بیركردنەوەی هێمنانە و میانڕەوی لە هەموو كایەكانی ژیاندا، بەمەش كۆمەڵگا بەگشتی و لاوان بەتایبەتی بەدور دەبن لە بیرۆكەی تەسكی بەكافركردن.

لە هەمانكاتدا پێویستە دەسەلآتداران خۆ بەدور بگرن لەوەی ڕێگای توندوتیژی بگرنەبەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو كەس و كۆمەلآنەی ئەم بیرە خراپ و نا تەندروستەیان هەیە، چونكە چارەیەكی كاتیە و خێرا سەرهەڵدەداتەوە، جگەلەوەش ڕێگای توندوتیژی بۆ ڕووبەڕووبونەوە؛ ڕێگایەكی نەگونجاو و نەشیاوە لەلایەن هەركەسێك و لایەنێكەوە بێت لەناو كۆمەڵگەی مەدەنی و مرۆڤدۆستدا، و هیچ كات وێنەی بەڵگەی بەهێزو گفتوگۆی بەرهەمدار جێی خۆی نەگرتووە، تەنانەت بەندكردن و پەراوێز خستنیش هەمان سەرەنجامی تاڵی دەبێت! بۆیە گفتوگۆ و تێگەیاندن بە بەڵگەی بەهێز ڕاسترین ڕێگایە بۆ چاكردنەوەی بیرو بۆچونە هەڵەكان و پاراستنی كۆمەڵگا و دەسەلآت لەهەر ئەگەرێكی توندوتیژی.

١٠-بڵاوكردنەوەی بیری ڕۆشنبیری پێكەوەژیان، و بانگەشەكردن بۆ گفتوگۆی بەرهەمدار و مامەڵەی شیاو لەگەڵ یەكتردا، و تیشك خستنەسەر پێكەوەژیانی ئاینەكان و دەستلەملانێ ڕارەوە فیقهیەكان و بەهێزكردنی برایەتی و پێكەوەژیان و دورنەخستەوەی بەرامبەر، بەتایبەتیش ڕونكردنەوەی بابەتی دەركردنی خەڵك لە ئایین و تەكفیركردن، و سامناكی ئەو باسە كە چەندین یاسا و ڕێسا لەخۆدەگرێت و هەرگیز نابێت تاك لەمەڕ ئەو باسە حوكم بدات.

ئەم چەند خاڵەی باسكرا وەك ڕێگا چارەیەكی گونجاو لەپێناو فەراهەمهێنانی كۆمەڵگایەكی ئاسودە و هێمن، بە دوور لە نەخۆشی ڕەشبینی و وەدەرنانی خەڵك لە بازنەی ئایین، كە پێویستە بەجدی هەنگاوی جێ بەجێ كردنی بۆ بنرێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەكان


- الارهاب المفهوم و الاسباب وسبل العلاج، أ.د محمد الهواري، بحث منشور في موقع حملة السكينة .
- الاعتصام، ابراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي، دار ابن عفان، السعودية، الطبعة الاولى ١٤١٢هـ ـ١٩٩٢م.
- الجذور الفكرية لظاهرة التكفير عند المسلمين ، د.أبوبكر محمد زكريا، بحث منشور في مؤتمر ظاهرة التكفير ، الاسباب ، الآآثار العلاج .
- حد الكفر و التكفير ، د. لطف الله خوجة ، بحث منشور في مؤتمر ظاهرة التكفير ، الاسباب ، الآآثار العلاج .
- شروط التكفير و ضوابطه ، د. خالد عبد اللطيف محمد نور ، بحث منشور في مؤتمر ظاهرة التكفير ، الاسباب ، الآآثار العلاج .
- صراع القيم د. محمد عمارة، سلسلة في التنوير الاسلامي ، دار نهضة مصر ١٩٩٧.
- ظاهرة الغلو في التكفير. د. يوسف القرضاوي ، الطبعة الأولى ، مطبعة النهضة.
- علم المقاصد الشرعية، نورالدين بن مختار الخادمي، مكتبة العبيكان، الطبعة الأقلى ١٤٢١هـ/٢٠٠١م .
- مراجعات في الفكر و العمل الدعوي ، محمد عسان الجبان الجنيدي، الطبعة الأولى، ١٤٣٢هـ ٢٠١٤م ،دار العصماء سورية .
- مقاصد الشريعة الاسلامية ، الامام محمد بن طاهر بن عاشور، دار السلام للطباعة، الطبعة الرابعة، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.
- مقاصد الشريعة. د. محمد الزحيلي ، دار المكتبي / دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٨م/ ١٤١٨هـ
- الموافقات ابراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي، دار ابن عفان، السعودية، الطبعة الاولى ١٤١٧هـ /١٩٩٧م.



# گرنگی بیرکردنەوە بۆ ڕێگری لە بەکافرکردن




**د.عەبدولفەتاح  حسەین سلێمان (د.عەبدولفەتاح بەهێیی)**

لەدایکبووی ١٩٧٢. بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆلێجی  ئیمام ئەعزەم لە بەغداد بەدەستهێناوە. مامۆستا لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی. خاوەنی چەند نامیلکەیەکی نوسراو و وەرگێڕدراوە.

یەکێک لەو کێشە و گرفتانەی یەخەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتووە لە دێر زەمانەوە و تا ئێستاش بریتییە لە بیر نەکردنەوە و بەکارنەهێنانی ئەو عەقڵ و توانا فیکرییەی کە خوای پەروەردگار بەخشیویەتی بە مرۆڤ.

پەروەردگارمان توانای بینین و بیستن و چێژ و هەست و بیرکردنەوەی بەخشیوە بە مرۆڤەکان، هەریەک لە مرۆڤەکان هەموو هەوڵێک دەدات بۆ بەکارهێنانی ئەو توانایانە و چێژ لێ وەرگرتنیان، خۆ ئەگەر هەر کەموکوڕی و ناتەواوییەک لە یەکێک لەو توانایانەیدا هەبێت چەندین ڕێگە دەگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی و پارێزگاری لێ کردنی، بەڵام تەنها توانایەک لەو توانایانە کە زۆرێک لە خەڵکی گرنگی پێنادات و وەک پێویست بەکاری ناهێنێت بریتییە لە ژیریی و توانای بیرکردنەوە و داهێنان، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بووە بۆ لادانی مرۆڤەکان لە ناسین و پەرستنی بەدیهێنەری بەندەکان بە تاک و تەنها بۆ پەرستنی بەندەکان و ملکەچبوون بۆیان و دروستکردنی چەندین دیکتاتۆر و ستەمکار و چەوسێنەر بە درێژایی مێژوو، ئەم ڕاستییەش خوای پەروەردگار لە چەندین ئایەتی قورئاندا ئاماژەی پێداوە، وەک دەفەرموێت: **(وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُوا حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ) المائدة(١٠٤).**

هەروەها دەفەرموێت: : **(وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ ) البقرة (١٧٠)**

بەکارنەهێنانی توانای بیرکردنەوەش بەهۆی پشتبەستنە بە بیرکردنەوەی خەڵکانی تر و چاولێکردن و لاسایی کردنەوەیان، ئەوەش مرۆڤەکان و کۆمەڵگا شکست پێ دەهێنێت و چەندین کێشەی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و ئاینی تێدا دروست دەکات.

یەکێک لەو کێشە گەورانەی کە لە سەرەتاکانی ئیسلام و دوای نیو سەدە لە کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) سەریهەڵدا و ڕەگی داکوتا و تائێستاش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی و کۆمەڵگەی ئیسلامی بە تایبەتی پێوەی دەناڵێنێت بریتییە لە بەکافرکردن(تکفیر)ی خەڵکی، هۆکاری سەرەکی ئەم دەردە کوشندەیەش دەگەڕێتەوە بۆ چەق بەستوویی عەقڵ و بەکارنەخستنی بیروهۆش بۆ تێگەیشتن لە خودی ئاین و ئایەتەکانی قورئان و مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەت لە حوکمەکاندا، لەکاتێکدا کە خوای پەروەردگار لە چەندین ئایەتی قورئاندا فەرمانی کردووە بە بیرکردنەوە و بەکارخستن و بەهێزکردنی ئەو توانایە و سود لێبینینی، چونکە ئاینی ئیسلام ئاینێکی گشتگیر و سەرتاسەری و هەتا هەتاییە و دەبێت لەگەڵ هەموو جیل و کۆمەڵگا و سەردەم و گۆڕانکاریەکاندا بگونجێت.

هەربۆیە دەمەوێت لەم کورتە باسەدا تیشک بخەمە سەر گرنگی توانای بیرکردنەوە و فەرمان پێکرانی لە قورئان و فەرمودەدا و ڕەتکردنەوەی هەر بانگەشەیەک بۆ داخستنی دەرگای بیرکردنەوە و ڕادەربڕین و ئیجتیهاد لە حوکمە شەرعیەکاندا بەهەر بیانویەک و لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت.

## گرنگی بیرکردنەوە(التفكير) لە قورئان و فەرمودەدا

گومان لەوەدا نیە کە خوای پەروەردگار کاتێک ژیریی و توانای بیرکردنەوەی داوە بە مرۆڤ بۆ جوانی نیە و تەنها بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ لە جیهانی باڵندە و گیاندارانی تر نیە، بەڵکو فەرمانی پێ کردووە کە ئەو توانایەی بەکار بخات هەتا باش و خراپی پێ جیا بکاتەوە

و شیاو و نەشیاوی پێ بناسێتەوە، هەروەها خزمەتی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی پێ بکات، لە پێش هەموانیشەوە خزمەتی خودی خۆیی پێ بکات لە ناسینی پەروەردگاری و خزمەت بە ئاینەکەی و نوێکاری تێیدا بۆ درێژەپێدانی و گونجانی لەگەڵ هەموو تازەگەریی و گۆڕانکارییەکانی بونەوەر جیل لە دوای جیل.

ئەگەر سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین دەبینین خوای باڵادەست لە زۆر ئایەتدا سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ بیرکردنەوە و ڕامان لە نیشانە و بەڵگەکانی خودای پەروەردگار، چ ئەو بەڵگە و نیشانانەی بە ڕامان لە دروستکراوەکانیدا دەردەکەوێت، چ ئەوانەی لە تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی ئایەتەکانی قورئاندا دەردەکەوێت، ئەوەتا لە بەشی یەکەمدا بەڵگەکانی گەردون و بونەوەر خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

١. { إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ (١٩٠) الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ } آل عمران (١٩٠-١٩١)

٢. { أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ } الحج (٤٦)

٣. { أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ مَا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُسَمًّى وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ } الروم (٨)

لە بەشی دووەمیشدا، بەشی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئایەتەکانی قورئان دەفەرموێت:

٤. (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا) محمد (٢٤)

٥. (وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ) الحشر (٢١)

٦. (كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ) البقرة (٢٦٦)

## گرنگی بیرکردنەوە لە فەرمودەدا

پێغەمبەر(د.خ) کاتێک فەرمانی بە ئوممەتەکەی کردووە بە گەیاندنی ئاینەکەی بە خەڵکی فەرمویەتی: ((بلغوا عني ولو آية)) بخاری(٣٢٧٤)، نەیویستوە تەنها گەیاندن و وەرگرتن بێت لەسەر یەک بۆچون و یەک تێگەیشتن، هەروەها نەیویستوە ئەوەی وەریدەگرێت هەمان تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەو کەسەی هەبێت کە لێی وەرگرتووە، ئەگەرچی ئەو گەیەنەرە جیلی پێشوتریش بێت و لەوانەشە ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەر(د.خ) وەرگرتبێت، بەڵکو هانی داوین کە هەرکەسە و لە هەر جیلێکدا توانای بیرکردنەوەی بخاتەکار بۆ تێگەیشتن لەو دەقەی پێی دەگات، بۆیە دەفەرموێت: **(ليبلغ الشَّاهِد الْغَائِب، فَإِن الشَّاهِد عَسى أَن يبلغ من هُوَ أوعى لَهُ مِنْهُ ) البخارى (٢٥/١).** هەروەها دەفەرموێت: **(نضَّر الله امرأ سمع منَّا حديثًا فبلَّغه غيره كما سمعه ، فربَّ حامل فقهٍ إلى من هو أفقه منه ، وربَّ حامل فقه ليس بفقيه)**. الترمذي (٢٦٥٦).

جا ئەگەر ئێمە هەمومان تەنها بە بیرو تێگەیشتنی پێشوەکانمان لە قورئان و فەرمودە تێبگەین و هیچ تێگەیشتن و لێکدانەوەی نوێمان بۆ دەقەکان نەبێت ئەوە تەنها پێویستیمان بە چەند دەراخێک دەبێت وەک ئامێرێک دەقەکان لەبەر بکات و بەسەرماندا بیخوێنێتەوە.

بەڵام ئەوەتا پێغەمبەر(د.خ) نزاو و پاڕانەوە بۆ ئامۆزا خۆشەویستەکەی دەکات کە خوای پەروەردگار بیروهۆشی فراوان بکات بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی قورئان و تێگەیشتن و لێکدانەوەی نوێی پێببەخشێت بۆ شارەزابوون لە ئاینەکەی، دەفەرموێت: (اللهم فقهه في الدين وعلمه التأويل) البخاري (٣٥٤٥).

خۆ ئەگەر بیرفراوانی و تێگەیشتن لە ئایین و لە ئەحکامە شەرعیەکان لە هەر مرۆڤێکدا هەبوو ئەوە نیشانەی چاکەویستی پەروەردگارە بەومرۆڤە، پێغەمبەر(د.خ) ئەو مێژدەیە ڕادەگەیەنێت و دەفەرموێت: **(من يرد الله به خيراً يفقهه في الدين)** بخاری (٧١).

## چەند گومان و شوبهەیەك
## بۆ لەکار خستنی بیرکردنەوە

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئیسلامدا بخشێنین، دەبینین سەدە لە دوای سەدە و جیل لە دوای جیل هەر قوتابخانەیەک و شوێنکەوتوانی هەر مەزهەبێک بە بیانوی جیا جیا ڕێگری لە نوێکاریی و بەکارخستنی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە دەقەکان کراوە، لەو ڕێگریانەش ئەمانەی خوارەوە:

یەکەم/ مسوڵمانان لەسەر ئەوە جۆش دەکرێن، کە لە هیچ سەدەیەکدا هیچ کەسێک ناتوانێت لە جیلەکانی پێش خۆی بەتایبەت جیلی سێ سەدەی یەکەم باشتر لە دەقەکان حاڵی ببێت و لێکیان بداتەوە، چونکە ئەوان لە هەموو جیل و نەوەکان چاکتر و باشترن بە شایەتیدانی پێغەمبەر(د.خ) بۆیان، کە دەفەرموێت: **(خَيْرُ الْقَرْنِ قَرْنِى، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ يَجِىءُ قَوْمٌ يَنْذِرُونَ وَلا يَفُونَ، وَيَخُونُونَ وَلا يُؤْتَمَنُونَ، وَيَشْهَدُونَ وَلايُسْتَشْهَدُونَ، وَيَظْهَرُ فِيهِمُ السِّمَنُ) البخاري كتاب الايمان والنذور(٦٧).**

بەڵام ئەو چاکێتیەی کە پێغەمبەر(د.خ) هەواڵی پێداوە بۆ ئەو سێ سەدەیە چاکی پلەوپایەیانە لای پەروەردگار نەک شارەزایی و تێگەیشتنیان لە قورئان و ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەت، خۆ زۆرێک لەوانە نەخوێندەوار بوون و تەنها ئەوەندەیان لە ئایین زانیوە کە واجباتەکانی سەرشانی خۆیان لە پێنج ڕوکنەکە پێ ئەنجام بدەن، هەروەها ئەو گەورەییەی بەدەستیانهێناوە لەبەر دەسپێشخەریان بووە لە موسوڵمان بوون و بەرزی ئیمانیان کە ئامادەبوون خۆیان و سامانیان بەخت بکەن لەپێناو سەرخستنی دینەکەدا، هەروەک پابەندبونیانە بە ئاکارە جوانەکانی ئیسلام، بە بەڵگەی کۆتایی فەرمودەکە کە باس لە هۆکاری خراپی دوای ئەو سێ جیلە دەکات بە شتانێک کە پابەند نەبونیانە بە ئاکارە جوانەکانی وەک وەفا نەکردن بە نەزر و

**هەرکەس عەقڵ و توانای بیرکردنەوەی بەهێز نەکات نەلە خۆی تێدەگات و نە لە گەردوون و دەوروبەرەکەی**

ئامانەت نەپارێزیی و شایەتیدانی ناڕەوا و ڕوکردنە دنیا و زۆر خۆری کە دەبێتە هۆی دروستبوونی قەڵەوی و کێشە تەندروستییەکان. ئەگەرنا وە نەبێ ئەوانیش خاڵی بوبن لە حەزو تەماحی دنیا و دەسەڵات و خراپ تێگەیشتنیان لە ئایین، ئەی نابینن هەر لە سەرەتای ئیسلامدا و دوای وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) لێک تێنەگەیشتن لەنێو گەورە پیاوانی ئیسلامدا دروست دەبێت لە سەر ئەوەی کێ دەبێت جێگەی پێغەمبەر(د.خ) بگرێتەوە؟

ئەی نابینین کە گەورەترین فیتنەی ئوممەت کە فیتنەی تەکفیرە لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشیدیندا دروست دەبێت و بەوهۆیەوە خوێنی خەلیفە و جێنشینی پێغەمبەر(د.خ) حەڵاڵ دەکرێت و بە ئومێدی پاداشت خەلیفە عوسمان شەهید دەکرێت و خەلیفەی ئیمانداران ئیمامی عەلی شەهید دەکرێت؟ بە ئاشکرا گرووپی خەواریجەکان ئەم مەزهەبی تەکفیرکردنە ڕادەگەیەنن و بەرگری لێ دەکەن؟ ئەی نابینن بە بیانوی داوای خوێنی خەلیفە عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) موعاویە (خوای لێ ڕازی بێت) بەرەنگاری خەلیفەی بەیعەت پێدراو دەبێتەوە و ملکەچی خەلافەتی ئیمامی عەلی نابێت؟ سەری گەورەی لاوانی بەهەشت کچەزای پێغەمبەر (د.خ) دەپەڕێنرێت؟

پاشان دوای ئەمانەش فیتنەی قەدەری و

**پێغەمبەر(د.خ) زۆر لەوە گەورەتر بیری دەکردەوە وەك لەوەی کە ئێمە تێی گەیشتوین.**

جەبری سەرهەڵدەدات و بەش بەش بونێکی نوێ ڕووبەڕووی موسوڵمانان دەبێتەوە کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابەوە تووەکەی چێنراوە تا لە دوای خەلافەتەکانەوە چەکەرەی کردووە و لە سەردەمی زێڕینی گەشەکردنی فەلسەفە و زانستی ئیسلامیدا سەوز بوو تەشەنەی کردو چەندین قوتابخانەی فیکری تری بەدوای خۆیدا هێنا.

دووەم/ هەموو دەزانین کە قورئان و فەرمودە فەرمان بە بڕواداران دەکەن کە هەر کێشە و ڕا جودایییەکیان هەبوو بۆ چارەسەرکردنی بگەڕێنەوە بۆ وتەی خواو وتەی پێغەمبەر(د.خ)، وەک پەروەردگار دەفەرموێت: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا) النساء** (٥٩)، بەڵام دواتر لەلایەن هەندێ لە زانایانی مەنهەجی سەلەفەوە قەیدێکیان بۆ زیاد کردووە و قبوڵیان نیە تەنها قورئان و فەرمودە چارەسەرکاری کێشەکانمان بن، بەڵکو دەڵێن (القران والسنة على فهم السلف) بەم قەیدە کۆت و زنجیری توانای فیکری زۆر کەس دەکەن و لێکدانەوەی دەقەکان بێجگە لەو شێوەیەی زانایانی سەدەکانی پێشتر لێکیان داوەتەوە هێڵی سورە و نابێت نزیکی ببنەوە، زۆرجار لێکدانەوەمان بۆ ئایەتێک یان فەرمودەیەک کردووە کە واتایەکی زۆر گونجاو و ڕاست بووە لەگەڵ دەقەکەدا و نەیانتوانیوە هیچ ڕەخنەیەکی زانستی لە لێکدانەوەکە بگرن تەنها ئەوە نەبێت وتویانە (هل سبقك بهذا التفسير احد من السلف؟) ئیتر وەک ئەوەی سەلەفی ئێمە عیلمی ئەوەل و ئاخریان پێ درابێت و هەتا هەتایە هەر دەبێت بە بیرو تێڕوانینی ئەوان لە ئایین تێ بگەین.

سێهەم/ شوێنکەوتووانی مەزهەبەکان، دوای وەفاتی سەرە مەزهەبەکان(ڕەحمەتی خوایان لێبێت) دەرگای ئیجتیهادیان داخست و دەڵێن ئیجتیهاد کۆمەڵێک مەرجی قورس و ئەستەمی هەیە، هەرکەس ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت ئەهلی ئیجتیهاد نیە، خۆ ئەگەر کەسێک ئیجتیهاد لە مەسەلەیەکدا بکات و ڕایەکی جیاوازی هەبێت لە مەزهەبەکان بەتوندی دژی دەوەستنەوەو بەبێ شەرم و حەیا ناوی دەبەن، چونکە خۆی لەو زانا بەڕێزانە بە زاناتر زانیوەو بێ ڕێزی بەرامبەریان کردووە.

چوارەم/ بە دانانی چەند یاسایەکی ئوسوڵی بواری بیرکردنەوە و لێکدانەوەی زۆرێک لە دەقەکانی قورئان و فەرمودە یان تەسک کردۆتەوە، وەک یاسای (لا اجتهاد مع وجود النص)، ئەم یاسایە کۆت و زنجیرێک بۆ زانایان و بیرمەندان دروست دەکات کە نەتوانن بە دەم ئەو ئایەتانەوە بێن کە پەروەردگار تیایدا فەرمان بە بیرکردنەوە و ڕامان لە ئایەتەکانی قورئان دەکات، تا بتوانن بەهۆیەوە لە هەر جیل و سەدەیەکدا ئیسلام ڕزگار بکەن لە چەندین قەیرانی جۆراوجۆری ڕامیاریی و فیکریی و کۆمەڵایەتی، وەک ئەو ئایەتانەی پەروەردگار تیایاندا دەفەرموێت: **(أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا) محمد(٢٤). هەروەها دەفەرموێت: ( كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ )** البقرة (٢١٩). لەگەڵ چەندین ئایەتی تری لەم جۆرە.

بۆیە ئەم یاسایە بەو ڕەهاییە نابێت کاری

پێبکرێت، بەڵکو پێویستە بوترێت(لااجتهاد مع وجود نص قطعي الثبوت قطعي الدلالة )، بەم شێوەیە تەنها چەند دەقێکی کەم لە قورئان و فەرمودە دەگرێتەوە، کە روون و ئاشکراو بێ گرفتن لە واتاکەیاندا.

هەروەها زانایانیش، کە ئەم یاسایەیان رەت نەکردووەتەوە خۆیان بەو رەهاییە پابەندی نەبوون، بەڵکو دەیان ئیجتیهادیان کردووە لە شتانێکدا کە دەقی قورئان یان فەرمودەی لەسەر بووە، هەر یەکەیان بە پاساو و بیانویەک.

## کۆتایی

لە کۆتاییدا دەڵێم خوای پەروەردگار کاتێک ژیریی و توانای بیرکردنەوەی بە مرۆڤ بەخشیوە بۆ ئەوەیە بەکاری بهێنێت و گەشەی پێبدات و خزمەتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە و ئایین و پەیامی پەروەردگاری پێبکات، بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەو توانایەی بەکاربخات بۆ بیرکردنەوە لە پەروەردگاری لە رێی دروستکراوەکانیەوە و لە رێی شەریعەتەکەیەوە، چونکە هەرکەس عەقڵ و توانای بیرکردنەوەی بەهێز و پتەو نەکات ئەوە نەلە خۆی تێدەگات و نە لە گەردوون و دەوروبەرەکەی، جا چ جای ئەوەی لە دەقەکانی قورئان و فەرمودە تێبگات، کە گەوهەرێکی خواییـن بۆ مرۆڤەکان و سەرچاوەی هەرچی زانست و مەعریفەت و داهێنانێکی ئەم دنیایەن.

بەراستی ئەم ئاینە سەدە لە دوای سەدە پێویستی بە نوێکاریی و لێکدانەوەی نوێ هەیە بەپێی رووداو و داهێنانە نوێیەکانی بونەوەر، هەرووەک پێغەمبەر (د.خ) لە فەرمودەیەکیدا دەفەرموێت : ((**إنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا**)) **. رواه أبو داود (رقم/٤٢٩١) وصححه السخاوي في «المقاصد الحسنة»(١٤٩) ، والالباني في السلسلة الصحيحة رقم (٥٩٩).**

هەرکاتێکیش لە حەقیقەتی ئایین تێنەگەین ئەوە بەراستی دەبینە بەڵا بۆ کۆمەڵگا بە گشتی و تووشی هەڵە و بەلارێدا چون و بردن دەبین و بەهۆیەوە چەندین فیتنە و گرفت و دورکەوتنەوە لە کرۆکی ئاینەکە دروست دەکەین.

بۆیە بە پێویستی دەزانین خاوەن توانا زانستییەکان و بیرمەندەکان و خەمخۆرانی ئایین بە وردی سەرنجی دەقەکان بدەن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن تا لە راستی ئەوە تێبگەین کە پەروەردگار لە بەندەکانی دەوێت لە ئاوەدانکردنەوەی زەویی و بەردەوامیدان بە ژیان بە شێوەیەکی گونجاو و لەسەر بنەمای ئاشتی و پێکەوە ژیان لە نێوان مرۆڤەکاندا و بە رەچاوکردنی هەموو جیاوازییەکانیان لە رووی ئایین و بیروڕاو بواری هزر و مەعریفەیانەوە. ئەمەش دەستەبەر دەبێت بە تێڕوانینی وردمان بۆ چەند بابەتێک، لەوانە :

یەکەم/ مرۆڤەکان لەوە تێبگەن کە خوای پەروەردگار خۆی مرۆڤی دروستکردووە و هەر خۆشی باوەڕداری و بێباوەڕی دروستکردووە و، مافی ئازادی بیروڕاشی داوە بە مرۆڤەکان، وەک دەفەرموێت (**وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ**) الكهف (٢٩)، ئیتر پاداشت و سزا لە دوا رۆژدایە نەک بە بێبەشکردنی لە ژیانی دنیا.

هەروەها فەرمانی پێکردوین کە هەر خاوەن ئایینە و بەپێی رێو رەسمی ئاینی خۆی لەگەڵ ئاینزاکانی تردا بە جوانترین شێوەو لە ئارامترین کەشدا ژیان بگوزەرێنن هەریەکە و بە ئایینی خۆی، بەڵام بە رەچاوکردنی پاراستنی رێز و شکۆی یەکتر.

دووەم / کۆمەڵگە گۆش بکەین لەسەر ئەوەی

کە کات و شوێنی پاداشت و سزا لە ڕۆژی دواییدایە و تەنها خوای بالادەست بە سۆز و میهرەبانی خۆی پاداشت و سزا دەدات نەک مرۆڤ، هەروەها تێگەیشتنی ڕاست و دروستی ئایەتی: (**وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ**) آل عمران (٨٥)، بە خەڵک بگەیەنرێت کە لە ڕۆژی قیامەتدا پەروەردگار بێجگە لە ئیسلام ئاینێکی تری قبول نیە نەک لە دنیادا مافی ژیانی پێنەدات و مسوڵمانان قوڵی لێ هەڵماڵن ئەوەی موسوڵمان نەبوو پاکتاوی بکەن یان ئابڵوقەی ڕامیاریی و ئابوریی و کۆمەڵایەتی لەسەر دابنێن تا ناچاری بکەن بە مسوڵمان بوون یان بەجێهێشتنی خاک و نیشتمانی خۆی یان بە ڕوکەش مسوڵمان بوون و لە ناخدا بێباوەڕبوون، کە پێی دەوترێت دووڕوویی (منافق). کە بەداخەوە ڕەفتاری نەشیاوی مسوڵمانان وای کردووە کە لەم ڕۆژگارەدا نەک تەنها دووڕوویی سیاسی دروست ببێت وەک لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) هەبوو، بەڵکو ئێستا لەنێو موسوڵماناندا دووڕوویی بازرگانی دروست بووە، ئەویش ئەوەیە کە مسوڵمانی لە ئایین تێنەگەیشتوو وا دەزانێت کە تەنها دەبێت لە مسوڵمان شت بکڕیت و کارو پیشەکانت تەنها بە مسوڵمانی ڕیشدار و خەڵکی جومعە و جەماعەت ئەنجام بدەیت، ئەمەش وای کردووە کە زۆرێک لە خەڵکی بێ ئەوەی دینداربیەکی ڕاست و پاکیان هەبێت تەنها لەبەرئەوەی کە خەڵکی بە ئەهلی جومعە و جەماعەتیان بزانێت بەردەوام لە جومعە و جەماعەت ئامادەن و ڕیشیان کەم تا زۆر هێشتوەتەوە تەنها بەمەبەستی کەسابەت و چاوبەست کردن لە خەڵکی، بەڵام هەموو ئیشیان پڕ لە غەش و گەندەڵی و فێڵ و ناپاکیە.

ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بەدەست بێ بەڵێنی و ئیش خراپی و گرانجانی و قوڵ بڕی خەڵکی بە ڕواڵەت دیندارەوە دەناڵێنێت، ئەمانە دووڕووی بازرگانین. بەڵام تێنەگەیشتویی ئێمەیە کە ئەمەی دروستکردووە، لە کاتێکدا کە پێغەمبەر(د.خ) بە هیچ شێوەیەک هاوەڵانی لەسەر ئەوە پەروەردە نەکردوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموومان بیستومانە کە مامۆستایان لە باسی هەژاری پێغەمبەر(د.خ)دا هەمیشە ئەم فەرمودەیە باس دەکەن کە دەفەرموێت : (اشترى النبي صلى الله عليه وسلم من يهودي شعيرا إلى أجل ورهنه درعه» متفق عليه. لە گێرانەوەیەکی تردا لە بوخاریدا گێردراوەتەوە لە عائیشەوە خوای لێ ڕازی بێت کە فەرمویەتی: (توفي رسول الله صلى الله عليه وسلم ودرعه مرهونة عند يهودي ، بثلاثين صاعا من شعير).

باشە خۆ مەدینە پڕیەتی لە بازرگانی دەوڵەمەند بۆچی پێغەمبەر(د.خ) لە جولەکەیەک پێداویستی خۆی دەکڕێت لەکاتێکدا کە پارەی ئامادەی پێ نیە و بە قەرز دەیبات؟ یان بۆ لە فرۆشیارە هەژارە مسوڵمانەکانی ناکڕێت هەتا ئەو سود و قازانجە بۆ مسوڵمانێک بێت نەک بۆ جولەکەیەک؟ بەڵام پێغەمبەر(د.خ) زۆر لەوە گەورەتر بیری دەکردەوە وەک لەوەی کە ئێمە تێی گەیشتوین.

سێهەم/ پێویستە ئەوە بزانین کە هەروەک چۆن جێ بەجێ کردنی حەددەکان لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە و تەنها ئەو بەرپرسە لێی نەک مامۆستایان و تاکە تاکەی کۆمەڵگە، هەروەک هیچ کەس مافی ئەوەی نیە حەددێک جێ بەجێ بکات لەسەر هیچ کەس بێجگە فەرمانڕەوا یان ئەو کەسەی کە فەرمانڕەوا ڕای دەسپێرێت بۆ ئەو

کارە، بەهەمان شێوە بڕیاری بە کافرکردن تەنها لە دەسەڵاتی حاکمی باڵای وڵاتدایە و دوای وەرگرتنی فەتوا لەلایەن قازی یان ئەنجومەنی فەتوای وڵات ئەو بڕیارەی لەسەر دەردەچێ، چونکە کافرکردنی هەرکەسێک کۆمەڵێک ئەحکامی لەسەر بنیات دەنرێت دەرهەق بەو کەسە، کە هەموو یەکێک لەو ئەحکامانەش جێبەجێ کردنی لە ئەستۆی فەرمانڕەوادایە.

بۆیە لەکۆتاییدا داوا لە گشت مسوڵمانان دەکەین لە هەموو ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگە خۆیان بە دور بگرن لە تاوانی بە کافرکردنی خەڵکی، چونکە بێجگە لە دروستکردنی گرفت بۆ کۆمەڵگە و دوژمنایەتی و دووبەرەکی نانەوە لەنێو خەڵکیدا هیچ سود و قازانجیک نە بە ئایین نە بە کۆمەڵگە ناگەیەنێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەکافرکردن لەلایەن خەڵکیەوە ئەو حوکمە سوک دەکات و وا لە بەرامبەر دەکات سوربێت لەسەر ئەو کارەی و هیچ هەنگاوێک بەرەو پەشیمانبونەوە نەنێت، دواتریش تەکفیر کارەکە لە دوو حاڵەت بەدەر نیە : یان ئەوەتا ئەو کەسەی ئەم بە کافری داناوە بە ڕاستی کافرە و شایستەی ئەو حوکمەیە؟ یان شایستەی ئەو حوکمە نیە و ستەمی لێ دەکرێت، جا ئەگەر ئەگەری یەکەمیان بوو کە شایستەی حوکمی بە کافرکردن بوو هیچ پاداشتێک لەسەر ئەو کارەی وەر ناگرێت و جێگەی دەستخۆشیش نیە، چونکە ئەو کارێکی ئەنجامداوە کە کاری ئەو نیە، لەوەش زیاتر بەم کارەی تاوانبار دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەگەری دووەم بوو ئەو کەسە شایستەی ئەو حوکمە نەبوو ئەوە کافرکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆیی و پێی لە ئایین دەردەچێت، چونکە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت : ((من قال لأخيه: يا كافر فإن كان كذلك وإلا حار عليه)) ابو داود.

جا کەواتە لە هیچ ئەگەرێکیاندا هیچ پاداشت و دەستکەوتێکت دەستناکەوێت جگە لە تاوانباربوون یان لە ئایین دەرچوون، ئیتر کەوابێت بۆ ئەو کارە ئەنجام دەدەیت؟؟؟



# تیۆری تەکفیر
# =
# تیرۆری تەفکیر






**د. مەهدی قادر**

لەدایکبووی (١٩٧٨)، سلێمانی. دکتۆرا لە فەلسەفەی ئایینەکان.
خاوەنی کتێبێکی چاپکراو و دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەیە،
هەروەها خاوەنی چەندین نوسینە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

یەکێک لەو حوکمە ئیسلامییانەی کە زۆر خراپ بەکارهێنراوە و لە چوارچێوە شەرعییەکەی دەرچووە و کراوەتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی و چەکێکی سیاسی دژی نەیار و هاوشان بابەتی(التكفير) بەکافردانانە.

## پێناسەی تەکفیر

تەکفیر واتە بەکافردانانی کەسێکی مسوڵمانی گوماناوی و دەرکردنی لە بازنەی ئیمان بەکردارێک کە کردوویەتی، یان گوفتارێک کە دەری بریوە، یان بە هەردوکیان، کە مانای ئینکاری کردنی بنەماکانی ئیمان و پێویستییەکانی ئایین (ضرورات الدين)ی لێ بکەوێتەوە، بێ هیچ زۆر لێکردن و رێگرییەک لە بەردەمیدا.

ئەمەش دوای لێکۆڵینەوەی وردی دادگا، یان لیژنەیەکی پسپۆڕ لە زانایانی ئیسلامی، لە ئەنجامی پرسوجۆ و رەواندنەوەی گومان و پشکنین بۆ بواری تەندرووستی دەروونی و ژیریی و زانایی کەسەکە بە (اصول وفروع الدين).

ئیمان چیە و چۆن دادەمەزرێت؟

زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت لەبارەی ئیمانەوە پێناسەی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام بەناوبانگترین پێناسە ئەمەیە، کە دەڵێت الايمان هو الاعتقاد بالجنان والاقرار باللسان، وزاد الجمهور : العمل بالاركان) (١)، واتە باوەڕ بریتییە لە بەڕاست زانین لە دڵ و ڕاگەیاندن بە زمان. زۆرینەی زانایان ئەمەشیان زیاد کردووە : کارکردن بە پایەکان). کەواتە ئیمان سێ بەشە و لە سێ شوێنی جیاوازدا دەردەکەوێت:

## یەکەم: دڵ (الجنان أو القلب):

باوەڕهێنان و بەڕاست زانین لە دڵدا هەنگاوی یەکەمی باوەڕە، بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بزانێت چی لەناو پەرەکانی دڵدا هەیە، ڕاستی یان درۆ؟ ئایینی پیرۆزی ئیسلام دڵی نەکردۆتە پێوەر بۆ زانینی باوەڕ یان کوفر، و ڕێگەی نەداوە بە کەس ئەو پشکنینە بکات، چونکە تەنها خودا دەزانێت دڵ چی تێدایە. ئەو ئایەتانەی باسی ئەم حاڵەتە دەکەن تەنها هەواڵێکە و دراوە بە پەیامبەر (د.خ) و بۆ ئێمە دووبارە نابێتەوە. کەواتە بۆ زانینی کوفر و ئیمانی کەسێک سەیری دڵی ناکرێت، ناکرێت بە نیەت خوێندنەوە بڕیار بدرێت ئەو کەسە مسوڵمانە یان کافر.

## دووەم: زوبان (الاقرار باللسان):

زوبان تەرازووی یەکلاکەرەوەیە بۆ کێشانەی باوەڕ یان کوفر، بە گوێ گرتن لە کەسێک زۆر بە ئاسانی دەزانرێت ئەوەی دەیڵێت کوفرە یان ئیمان. بۆیە لە قورئانی پیرۆز و عورفی ئومەتی ئیسلامیدا تەنها ئیعتیبار بۆ زوبان کراوە، بۆ نمونە خوای گەورە لە بارەی قەومی فیرعەونەوە دەفەرموێت: **(وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ) النمل :(١٤)** واتە بە زوبان ئینکاری ئایەتی خودایان کرد، هەرچەندە لە دڵەوە یەقینیان هەبوو کە ڕاستە. بەڵام لەبەرئەوەی زوبانیان جێگەی ئیعتیبارە و دڵیان کەس پێی نازانێت بۆیە خوای گەورە وەک (المفسدين) باسی عاقیبەتیان دەکات، کەواتە با لە دڵیشەوە باوەڕیان هەبێت هەر زوبانیان ئیعتباری بۆ دەکرێت، وەک ئەم هاوکێشە قورئانیە:

## ڕاگەیاندنی کوفر + باوەڕی دڵ = کوفر

بۆ دڵنیابوون لە سەر ئەم هاوکێشەیە بەڵگەیەکی دیکەی قورئانی پیرۆزمان هەیە، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: **(فَلَمَّا جَاءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّه عَلَى الْكَافِرِينَ) البقره):٨٩)**، واتە کاتێک پێغەمبەری ئیسلام بۆیان ڕەوانەکرا لە دڵەوە ناسیان و زانیان ڕاستە، بەڵام بە زوبان پێی کافربوون (كفروا به).

ئەم هاوکێشە قورئانییە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە و لە قورئانی پیرۆزدا نمونەی هەیە، ئومەتی ئیسلامی کاری بەم هاوکێشەیە کردووە، کە دەڵێت:

ڕاگەیاندنی ئیمان + بێباوەڕی دڵ = ئیمان

واتە ئەگەر کەسێک ئیعلانی ئیمانی کرد بە زوبان، بەڵام لە دڵەوە باوەڕی نەبوو؟! هەرچەندە نازانین دڵی چی تێدایە ئەوا ئیمانە زاهیرییەکەی لێ قبوڵ دەکرێت و وەک مسوڵمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەو کەسە کافرە یان مونافیقە. وەک خوای گەورە دەفەرموێت: **(إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ) المنافقون: (١).**

کەواتە هاوکێشەکە دەبێتە:

ئیعلانی ئیمان **(قَالُوا نَشْهَدُ)** + کوفری قەلبی **(إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ)** = ئیمان.

بۆیە لە عورفی ئومەتی ئیسلامیدا لە سەردەمی پێغەمبەرەوە(د.خ) تا ئەمڕۆ زاهیری ئیمان قبوڵکراوەو پرسیاری ناو دڵی مرۆڤەکانیان نەکردووە، وەک لەم شیعرەدا هاتوە: **(إن الكَلَام لفي الْفُؤَاد وَإِنَّمَا ... جعل اللِّسَان على الْفُؤَاد دَلِيلا) (٢)**. هەڵبەت لە ڕواڵەتدا، نەک لە بنەڕەت و واقیعدا.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بە ئاسانی و بەیەک ڕستە ئیمانی مرۆڤەکان قبوڵ دەکات، بۆ نمونە:

١- شایەتومان: گوتنی ڕستەی (أشهد أن لا إلة الا الله، أشهد أن محمدا رسول الله) هەنگاوی یەکەمی چونە ناو بازنەی باوەڕە، و هەرکەسێکیش کۆتا وشەی شایەتومان بێت، بەڕاستی و لە دڵەوە گوتبێتی دەچێتە بەهەشتەوە بەگوێرەی فەرمودە. جا هەر کاروکردەوەیەکی کردبێت. ئەبوزەڕی غەفاری(خودا لیی ڕازی بێت) پرسیاری کرد: ئەگەر زینا و دزیشی کردبێت؟! پێغەمبەر (د.خ) سێ جار لەسەر یەک فەرموی: بەڵێ، وإن زنا وإن سرق......) (٣)

چەندین فەرمودەمان هەیە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، یەکێک لەو فەرمودانە ئیمامی بوخاری و موسلیم بە سەنەدی خۆیان لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە دەگێڕنەوە، کە ئوسامە ڕووبەڕووی پیاوێکی کافر دەبێتەوە، کاتێک شمشێرەکەی لێ بەرز دەکاتەوە، پیاوە کافرەکە دەڵێت: لاإلة إلا الله، بەڵام ئوسامە هەردەیکوژێت، کاتێکیش هەواڵەکە بۆ پێغەمبەر(د.خ) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر(د.خ) زۆر سەرزەنشتی دەکات و پێی ناخۆش دەبێت و دەڵێت چۆن کوشتت لەکاتێکدا گووتی: لاإلة إلا الله؟ ئوسامە گووتی: ئەی پێغەمبەری خوا لە ترسا وای گوت، پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی: ئایا دڵیت لەتکرد تا بزانیت چی تێدایە؟ ئەی چی دەکەیت ڕۆژی دوایی بە (لاإلة إلا الله)وە بێتە بەردەمت و سکاڵا بکات(٤).

٢- ئومەتی ئیسلامی حوکمی داوە بە مسوڵمانبوونی هەر منداڵێک کە لە دایک و باوکێکی مسوڵمان لەدایکبووبێت، ئیتر نەیانپرسیوە لە دڵەوە چۆن بیردەکاتەوە، یان کردەوەی چۆنە، چونکە زاهیری ئیمان بۆ خەڵک و دنیا بەسە، ئەوەی لەناو دڵاندایە بۆ خوای گەورەیە و لە دوا ڕۆژدا خۆی حوکم دەدات لەبارەیەوە، هەرچەندە لای خوای گەورە تەنها ئەم هاوکێشەیە مایەی ڕزگاربوونە و بەس:

## ڕاگەیاندنی ئیمان+ باوەڕ بە دڵ= ئیمان.

٣- کردەوەی چاک (العمل باالارکان):

بەشی سێیەم لە پێناسەی ئیمان کە زۆرینەی زانایان بۆیان زیادکردووە، بریتییە لە کردەوەی چاک، وەک تەواوکاری بۆ بەڕاست زانینی دڵ و ڕاگەیاندنی زوبان، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان زانایان کە ئایا کردەوەی چاک مەرجە بۆ قبوڵی ئیمان یان لە بەروبومی ئیمان و تەواوکارییەتی؟

بۆچونی ڕاست و بەهێز ئەوەیە کە مرۆڤ بەباوەڕی دڵ و ڕاگەیاندنی زوبان دەبێتە باوەڕدار، تەنانەت بەنەبوونی کردەوەی چاک، بەڵکو بەبوونی کردەوەی خراپیش کافر نابێت، هەر لە چوارچێوەی باوەڕدا دەمێنێتەوە.

هەندێک لە زانایان دەڵێن: کردەوەی چاک بەشێک نیە لە ئیمان، واتە مەرج نیە بۆ دامەزرانی ئیمان، و جیاوازە لە ئیمان، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە و هاوشێوەکانی: **إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ العصر(٣)**. ئەو پیتی»و«ی عطفە ی نێوان ئیمان و

عملی صالح بۆ مغایرەیە، و معطوف (عملی صالح ناچێتە ناو معطوف علیە (ایمان) (٥).

ئاماژەدان بە ئەو خیلافەی لە نێوان فیرەقی ئیسلامیدا هەیە لەبارەی کاری چاکە و خاوەنی گوناهی گەورە ڕای ڕاست باشتر ڕوون دەبێتەوە، کە ڕای ئەهلی سوننەیە. خوارج دەڵێت: کافرە و دەچێتە دۆزوخ، موعتەزیلە دەڵێت: لە نێوان ئیمان و کوفردایە (المنزلە بین المنزلتین) و دەچێتە دۆزەخ، مورجیئە دەڵێت: لەگەڵ ئیمان کردەوەی خراپ هیچ زیانێکی نیە.

بەڵام ئەهلی سوننە لەمبارەیەوە دەڵێن: مؤمن فاسق، واتە باوەڕدارێکی گوناهبارە، دەگونجێت خودا لێی خۆش ببێت بەهۆی ئیمانەکەیەوە، و دەگونجێ سزای بدات بە ئەندازەی گوناهەکەی(٥). دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین کە ئیمان بەهۆی کردەوەی خراپەوە کەم دەکات و لاواز دەبێت و بەهۆی کردەوەی چاکیشەوە زیاد دەکات و پتەو دەبێت. فەلسەفەی ئەم هاوکێشەیە لەوەدایە کە ئیسلام جەخت لەسەر لایەنی ئیمانەکە دەکاتەوە، دەرگای تەوبە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، جا نەک هەر لە خراپەکان خۆش دەبێت، بەڵکو دەشیانگۆڕێت بۆ چاکە: **(فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا) الفرقان:(٧٠).**

بەڵام کاتێک مرۆڤێک تەکفیر دەکرێت، ئەوە دیوارێکی ئاسنین لە بەردەم گەڕانەوەیدا دادەنرێت، بۆیە پێغەمبەری ئیسلام فیرمان دەکات کە دەکرێت کەسێک لە دوا کاتژمێرەکانی تەمەنیدا ڕووبکاتەوە ئیمان و بچێتە بەهەشتیشەوە(........**وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ، حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ إِلَّا ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الكِتَابُ، فَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ الجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا)** (٦).

کەواتە کاری مسوڵمان بانگەوازە بۆ بەهەشت نەک ناردن بۆ دۆزەخ، بۆ دۆزەخ ناردن کاری شەیتانە، بەداخەوە هەندێک لە مسوڵمانان ئەوەندەی کار بۆ ئەوە دەکەن کە مرۆڤ بەچی لە ئیسلام دەردەچێت ئەوەندە کار ناکەن بەو ئاڕاستەیەی کە

**کاری مسوڵمان بانگەوازە بۆ بەهەشت نەک ناردن بۆ دۆزەخ، بۆ دۆزەخ ناردن کاری شەیتانە.**

خەڵک بەچی دێتە ناو ئیسلامەوە.

ئەگەر من و تۆ هەڵە بکەین لە هێنانەناوەوەی کەسێک بۆ ناو ئیسلام بە (حسن الظن)، لە دوا ڕۆژدا زۆر باشترە بۆمان لەوەی کەسێک لە ئیسلام بکەینە دەرەوە بە (سوء الظن)، چونکە ئەگەر لە تەکفیردا هەڵەبکەیت، ئەوە سزای قورسی هەیە و حوکمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆت **«إِذَا قَالَ الرَّجُلُ لِأَخِيهِ يَا كَافِرُ، فَقَدْ بَاءَ بِهِ أَحَدُهُمَا»**(٧)، بەڵام ئەگەر لە باوەڕداناندا هەڵە بکەیت سزای نیە و گومانی باش و قبوڵکردنی زاهیر لە ئەحکامی عورفی و عەمەلی پێغەمبەر و ئەسحابی کیرامە، کەواتە ئایا چ کاتێک مرۆڤ تەکفیر دەکرێت؟ بە چ یاسا و ڕێسایەک؟

## ڕێساکانی بەکافرکردن(ضوابط التكفير)

زانایانی بواری عەقیدە زۆر بەکورتی چەند ڕێسایەکیان داناوە ، بۆ هێنان یان دەرکردنی کەسێک لە بازنەی باوەڕ کە ئەمانەن:

**یەکەم**: هەرکەسێک باوەڕی بە ڕوکنەکانی ئیمان نەبێت(الایمان بالله و ملائكته و الرسل والكتب و اليوم الاخر)، یان کەسێک خۆی بڵێت مسوڵمان نیم و ئیعلانی کوفر بکات.

**دووەم**: کەسێک ئینکاری لە زەروریاتی ئایین بکات، ئەوەی بێی دەگوترێت (ماعلم من الدين بالضرورة) (٨).

زەروریاتی ئایین بەوشتانە دەوترێت کە لە

## پەیامی تەکفیر پەیامی خەوارج و پەڕگیرانی ئیسلامە و پێچەوانەی ستراتیژی (خەڵك بردن بۆ بەهەشتـ)ـە.

ئایندا زۆر ئاشکرایە و هەموو کەس دەیانزانێت، وەک زانینی ئەوەی کە ئاگر گەرمە، و لە ئایندا هیچ خیلافیکی لەسەر نیە، و هیچ تەئویل و تەفسیرێک هەڵناگرێت، ناچێتە ناو  بابەتی (تخصیص و تقید و نسخ)، هیچ کێشەیەک لە سەنەدو دیلالەتیدا نیە،  وەک دەڵێن: (قطعي الثبوت و قطعي الدلاله) بێت، هەرکاتێک لایەکیان کێشەی تێکەوت، ئەوە خاوەنەکەی لە حوکمی تەکفیر دووردەکەوێتەوە (ادرؤوا الحدود بالشبهات) (٩). ئینکاری کردن لە زەروریاتی ئایین مرۆڤ لە بازنەی باوەڕ دەباتە دەرەوە، مەگەر (موانع التکفیر) هەبێت.

**سێیەم**: ڕێگرییەکانی بەکافردانان (موانع التکفیر).

کۆمەڵێک عوزر و بەهانە هەیە، کە مرۆڤ ڕزگار دەکات لە حوکمی بە کافردانان، ئەمەش لەکاتی پشکنین و لێکۆڵینەوە و پرسیار و وەڵام لەگەڵ کەسەکەدا دەردەکەوێت، واتە نابێت کەسێک قسەیەکی کردبێت، تۆش لە دوورەوە و لەسەر ئەو قسەیە تەکفیری بکەیت، هەرچەندە قسەکەشی کوفری سەریح بێت، چونکە لەوانەیە (موانع التکفیر) هەبێت کە ئەمانەن:

١- تازە مسوڵمان بووبێت.
٢- نەزانی (الجهل بالدین).
٣- هەڵە (الخطأ) (بێ مەبەست قسە بکات).
٤- گومان (الشبهة).
٥- بیرچونەوە (النسیان).
٦- زۆرلێکردن (الإکراه) (١٠).

من پێموایە هەربابەتیک بچێتە چوارچێوەی ئیجتهاد و تەئویلەوە هەرگیز خاوەنەکەی تەکفیر ناکرێت، بەڵکو هەڵەکەی بۆ ڕاست دەکرێتەوە و ئیقامە حوجحەی لەسەر دەکرێت.

### تەکفیر کاری کێیە؟

لە ئەنجامی زانینی هەردوو بابەتی (ضوابط و موانع التکفیر) بۆمان دەردەکەوێت، کە تەکفیر کاری تاکە تاکەی خەڵک نیە، و هیچ بەرپرسیارێتییەکی دنیایی و قیامەتی ناکەوێتە سەرشانت، ئەگەر تەکفیری هیچ کەسێکی گوماناوی نەکەیت، چونکە ئەسڵ و بنەما ثبوتی ئیمانە لە موسوڵماندا.

کەواتە تەکفیر کاری دادگایە، یان لیژنەیەکی فتوا لە زانایانی ئیسلام، چونکە دادگا و لیژنەی فەتوا دەسەڵاتی بانگکردنی خەڵکیان هەیە، و دەتوانن لێکۆڵینەوە لەو کەسە بکەن و وەڵامی پرسیار و گومانەکانی بدەنەوە، لە ئەنجامدا بڕیاری دادپەروەرانە بدەن لەسەری کە ئایا (شروط موانع)ی تەکفیری تێدایە یان نا، ئایا ئەو شتانەی ئەو وتویەتی یان کردویەتی لە (نواقص الاسلام)ە یان نا؟ پاشان شوێنەوارەکانی تەکفیر تەنها دادگا دەتوانێت جێبەجی یان بکات.

### ئاسەوارەکانی بەکافردانان

زانایانی بواری فیقهی ئیسلامی زۆر بە درێژی باسی ئەو ئەنجامانەیان کردووە، کە لە حوکمی بە کارفردانانی مسوڵمانێک دەکەوێتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرێتی لە نێوان ژن و پیاودا، مەگەر هەردوکیان کافر بن.

٢. پێدانی مناڵ بەو کەسەیان کە لە سەر ئایینی ئیسلام مابێتەوە.

٣. دابەشکردنی ماڵ و سامان و میرات بە سەر هاوسەر و منداڵدا، ئەو کەسەی کە کافر دەبێت میرات نابات، بەڵام میراتی لێ دەبرێت.

٤. کەسەکە ئەگەر مرد لە گۆڕستانی مسوڵمانان نانێژرێت(١١).

کەواتە مرۆڤی هەڵگەڕاوە لە دین ناکوژرێت، عقوبەیەکی دونیەوی نیە لە سەر ژیانی، جگە لەو حوکمانەی کە باسکرا، و زۆری لێ ناکرێت لە ئاییندا، بەڵام بە حیکمەت و ئامۆژگاری باش ئامۆژگاری دەکرێت لەلایەن خەڵکانی عاقڵ و نزیک لە خۆیەوە یان بە واتایەکی تر دەڵێین: تەحریمی کوفر دەکەین، بەڵام تەجریمی ناکەین. واتە کوفر بەلامانەوە حەرامە و خاوەنەکەی دەچێتە دۆزەخەوە، بەڵام جەریمە نیە و عقوبەیەکی دونیایی بۆ کافر یان (هەڵگەڕاوەی ئاشتیخواز) نیە، ئەگەر ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکنەدات هێرش نەکاتە سەر مسوڵمانان و نەبێتە مایەی کێشە و ئاشوب، ئەوکاتە بەپێی یاسای وڵات دادگا مامەڵەی لەگەڵ دەکات نەک خەڵک.

## تەکفیر لە نێوان دیاریکراو و گشتیدا (التكفير المعين والعام)

تەکفیری دیاریکراو (التكفير المعين): بریتییە لە حوکمی کافردان بەسەر کەسێکی دیاریکراو بە ناو و ڕەگەز و وێنەو پیشەیەوە، بەشێوەیەک هەموو کەس بزانێت کێ یە، لەم حاڵەتەدا سەرجەم ئەو ڕێ و شوێنانەی پێشوو دەگیرێنەبەر لە سەر کەسەکە، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یان سەر مێمبەر یان ڕۆژنامە و گۆڤار و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو کارە ناکرێت، ئەمانە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە پێدراو نیە لە ڕووی ئایینەوە.

بەڵام تەکفیری گشتی (التكفير العام): وەک ئەوەی بڵێیت: هەرکەسێک باوەڕی بە قورئان نەبێت کافرە، هەرکەسێک جنێو بە(رسول الله) بدات کافرە، ئەمە دەکرێت زاناو بانگخوازەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە شەرعی ئیسلام وەک (نواقض الدين) باسی بکەن. بەڵام دیسان ئەگەر کەسێک ئەو کوفرانەشی گوت ئەوا پەلە ناکرێت لە حوکمدان و لەلایەن دادگا یان لیژنەی فەتوا بانگ دەکرێت و داوای ڕونکردنەوەی لێ دەکرێت.

ئیبن تەیمیە(رحمة الله) دەڵێت: دەکرێت کردەوەیەک یان قسەیەک کوفر بێت، دەوترێت: هەرکەسێک ئەو قسەیە یان ئەو کردەوەیە بکات کافرە، بەڵام کەسێکی دیاریکراو، کە ئەو قسەیە یان ئەو کردەوەیە دەکات، حوکم نادرێت بەکافرکردنی، هەتا بەڵگە دەیچەسپێنێت لە سەری، شایەتی نادرێت لەسەر کەسێک لە ئەهلی قیبلە بەوەی کە ئەهلی ئاگرە، چونکە دەگونجێت نەچێتە ئاگر لەبەر نەبوونی مەرجێک یان بوونی ڕێگرییەک(١٢).

هەروەها ئیبن حەزم(رحمه‌الله) دەڵێت: کۆمەڵێک لە زانایان ڕایان وایە کە تەکفیر یان تەفسیقی مسوڵمانێک ناکرێت کە قسەیەکی کردبێت لە بیروباوەڕ یان فەتوا، هەرکەسێک ئیجتهاد بکات لەبارەی هەریەکێک لەوانەوە و پێی وابوو ئەوەی دەیڵێت ڕاست و حەقە، ئەوا پاداشت وەردەگرێت لە هەموو حاڵێکدا، ئەگەر پێکابووی دوو پاداشتی هەیە، خۆ ئەگەر نەیپێکابوو یەک پاداشت، ئەوە قسەی (ابن ابی ليلي و ابو حنيفة و شافعي وسفيان الثوري و داود بن علي)یە، بەڵکو قسەی هەموو ئەو هاوەڵانەیە (خودا لێیان ڕازی بێت)کە لێمان بیستوون لەمبارەیەوە قسەیان کردووە و نەمان بیستووە هیچ خیلافێکیان هەبێت(١٣).

کەواتە بابەتی تەکفیر بەو سانایە نیە کە هەندێک گرووپ و کەسی تەکفیری کردویانەتە بنێشتە خۆشەی ژێر دانیان، و بە ڕاست و چەپدا تەکفیری نەیار و موخالیفی خۆیان دەکەن. ئەم شێوازە لە تەکفیر پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و کردەوەی ڕاستی پێغەمبەر(د.خ) و عورفی ئومەتی ئیسلامییە، کە ئومەتیکی میانڕەوە: **(كَذلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لتكون شهداء على الناس) البقره:(١٤٣)**، بەڵکو وازهێنانە لە پەیامی ئومەتی پێغەمبەر(د.خ) کە خوای گەورە بەم شێوەیە باسیان دەکات: **(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ....)** عمران: (١١٠).

پەیامی تەکفیر پەیامی خەوارج و پەڕگیرانی ئیسلامە و پێچەوانەی ستراتیژی (خەڵک بردن بۆ بەهەشت)ە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- ينظر: شرح العقيدة الطحاوية، صدر الدين محمد بن علاء الدين **عليّ** بن محمد ابن أبي العز الحنفي، تحقيق: جماعة من العلماء، دار السلام ، الطبعة المصرية الأولى، ٢٠٠٥م/٣٣٢-٣٣٣.

٢- الاقتصاد في الاعتقاد، أبو حامد الغزالي الطوسي (ت: ٥٠٥هـ)، وضع حواشيه: عبد الله محمد الخليلي، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ط١، ٢٠٠٤م ١/ ٦٨.

**٣- أخرجه البخاري، كتاب اللباس، باب الثوب البيض، ١٤٩/٧ برقم (٥٨٢٧)، ومسلم، كتاب الإيمان، بَابُ مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ.. ٩٥/١ رقم (٩٤).**

**٤- أخرجه البخاري، كتاب المغازي، بَابُ بَعْثِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ إِلَى الحُرُقَاتِ مِنْ جُهَيْنَةَ، ١٤٤/٥ برقم(٤٢٦٩)، ومسلم، كتاب الإيمان، بَابُ تَحْرِيمِ قَتْلِ الْكَافِرِ بَعْدَ أَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، ٩٦/١ برقم(٩٦).**

٥- ينظر: شرح المقاصد في علم الكلام، سعد الدين التفتازاني (ت: ٧٩٣هـ)، دار المعارف النعمانية - باكستان، ط١، - ١٩٨١م،٢٤٨/٢. وشرح العقائد النسفية، التفتازاني/٨٠، هەروەها بروانة كتيبي التكفيري د.اكرم بركات /١١٠-١١١.

**٦- أخرجه البخاري، كتاب القدر، باب في القدر، ١٢٢/٨ برقم(٧٠١٦). ومسلم، كتاب القدر، بَابُ كَيْفِيَّةِ خَلْقِ الْآدَمِيِّ فِي بَطْنِ أُمِّهِ ...٢٠٣٦/٤ برقم (٢٦٤٣).**

**٧- أخرجه البخاري، كتاب الأدب، بَابُ مَنْ كَفَّرَ أَخَاهُ بِغَيْرِ تَأْوِيلٍ فَهُوَ كَمَا قَالَ، ٢٦/٨ برقم (٦١٠٣).**

٨- بروانه أصول الدين الإسلامي، د.رشدي عليان و د.قحطان الدوري/ ٤٧.

٩-»ادرؤا الحدود بالشبهات» هذا الحديث لا يعرف بهذا اللفظ إلا في مسند أبي حنيفة لأبي محمد البخاري. والسيوطي في الجامع الصغير ١٤/١. كما رواه الترمذي والحاكم بألفاظ مختلفة.

١٠- بروانه: التكفير ضوابط الإسلام و تطبيقات المسلمين. الشيخ الدكتور أكرم بركات. دار الأمير، بيروت- لبنان، ط١، ٢٠١٤م./٢٧٧-٢٧٨.

١١- ينظر: كتاب الأم، للشافعي، دار المعرفة - بيروت، ١٩٩٠م/ ٧٦/٤، ١٧٥/٦و الفقه الميسر في ضوء الكتاب والسنة، مجموعة من المؤلفين، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، ١٤٢٤هـ/٣٨٤-٣٨٥.

١٢-مجموع فتاوى ابن تيمية، ت: عبدالرحمن قاسم وابنه، ط١، ١٣٩٨هـ١٦٥/٣٥.

١٣-الفصول المهمة في تأليف الأمة، عبدالحسين شرف الدين. بلا ت /٣٧-٣٨.


گۆڤارێکی هزری رۆشنبیرییە.



# تەکفیرکردن وەک بابەتێکی هەستیار

وشیار عەبدولقادر عوسمان

خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی(د.خ) ئاگادارمان دەکەنەوە لە حوکمی کافرکردنی موسڵمانان بە ناهەق، و پەلەکردن تیایدا، هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە دەفەرموێت:{وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلَامَ لَسْتَ مُؤْمِنًا }﴿النساء:٩٤﴾ واتە: نەڵێن بەو کەسانەی کە سڵاوی مسوڵمانانەتان لێ دەکەن: تۆ باوەڕدارنیت؟

پێغەمبەریش(د.خ) دەفەرمووێت: (أَيُّمَا امْرِىءٍ قَالَ لأَخِيهِ: يَاكَافِرُ، فَقَدْ بَاءَ بِهَا أَحَدُهُمَا، فَإِنْ كَانَ كَمَا قَالَ، وَإِلاَّ رَجَعَتْ عَلَيْهِ). أخرجه البخاري(٦١٠٤) ومسلم(٦٠) وأبوداود(٤٦٨٧) والترمذي(٢٦٣٧) عن ابن عمر رضي الله عنه. واتە: هەرکەسێک گووتی بە براکەی: ئەی کافر، ئەوە بە ڕاستی بۆ لای یەکێکیان گەڕاوەتەوە، جا ئەگەر وابوو وەک وتی وایە، ئەگەرنا کوفرەکە گەڕاوەتەوە بۆ خۆی.

بێگومان ئەم بابەتە یەکێکە لە بابەتە هەرە ترسناک و گرنگەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ترسناکە بەو مانایەی لە دنیادا هەرکەسێک تەواوی ئەم بابەتە هەزم نەکات و، خۆی تیادا شارەزا نەکات و، قسەی لەسەر بکات، خۆی تووشی جۆرە نەخۆشیەک دەکات وەک سەرەتان یەکەم کەس خۆی پێ لەناو دەچێت، وەک تاعونیش دەوروبەرەکەی لەناو دەبات، ئەم نەخۆشیەش پێی دەڵێن نەخۆشی زیادەڕۆیی. ئەم نەخۆشیە نەریتێکی هەیە کەس لە دەستی ئاسودە و ئارام نابێت، بەڵکو دەبێتە هۆی ڕشتنی خوێنی بە ناهەق و نانەوەی ئاشوب و پشێوی لە دنیادا، هەروەها لە قیامەتیشدا ترسناکە بۆ خاوەنەکەی دوچاری ناخۆشی و سزای دۆزەخ دەبێت.

لە هەمانکاتدا ئەم بابەتە زۆر گرنگ و پێویستە شارەزای ببین لەبەرئەوەی نەکەوینە ناویەوە، وەک قۆرت و بیرێکی بێ بن وایە، یان وەک تونێلێکی تاریک وایە، ئیتر هەرئەوەندەی کەسەکە کەوتە ناویەوە گیرۆدەی دەیەها سەرگەردانی و سەرلێشواوی دەبێت، جا بۆئەوەی بتوانین خۆمان و خەڵکی تیا دەرباز بکەین، لێرەدا بەکورتی و بەپوختی تیشک دەخەمە سەر ئەم بابەتە و ڕوونی دەکەمەوە.

سەرەتا بەرلەوەی برۆمە ناوەڕۆکی بابەتەکە، بە پێویستی دەزانم پێناسەی وشەی (کوفر) بکەم: وشەی کوفر لە دوو ڕووەوە پێناسە دەکرێت، لە ڕووی زمانەوانی و، لە ڕووی شەرعییەوە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتییە لە پەردەپۆشکردن و داپۆشین (السَّتْرُ والتَّغْطِيَةُ) بۆیە لە زمانی عەرەبی بە جوتیار وتراوە کافر، چونکە بەخۆڵ تۆوەکە دادەپۆشێت، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت: {كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ}الحديد:٢٠ واتە: وەک بارانێک وایە کە بەروبوومەکەی جوتیاران سەرسام و دڵخۆش بکات.

لە ڕووی شەرعیشەوە دەڵێین: بریتییە لە پێچەوانە و دژی ئیمان، بەواتا: هەر گوفتار و ڕەفتار و بیروباوەڕیک لە شەرعدا بە کوفر ناوزەندکرابێت کەسێک بیڵێت یان بیکات یان باوەڕی پێ هەبێت ئەوە بە مسوڵمان ناژمێردرێت.

سەبارەت بە پێناسەی تەکفیرکردن یان بەکافردانان: بریتییە لەو حوکمەی دادەبەزێنرێتە سەر بکەری کوفر لەلایەن زانایانی شارەزا، دوای بوونی مەرجەکان و نەمانی بەربەستەکان. مەبەست لە بوونی مەرجەکان واتە پێویستە ئەو کەسەی دەکەوێتە ناو گوفتار یان ڕەفتار یان بیروباوەڕێکی کوفر ئەو مەرجانەی تیادا بێتەدی:

**یەکەم: مەرجەکانی سەر گوفتارو ڕەفتارو بیروباوەڕی بکەرەکە:**

١- دەبێت ئەنجامدانی ئەو گوفتار و ڕەفتار و بیروباوەڕە بوونی هەبێت و جێگیربێت کە وتراوە یان کراوە.

٢- دەبێت ئەو گوفتار و رەفتار و بیروباوەرە کوفر بێت.

٣- دەبێت ئەو گوفتار و رەفتار و بیروباوەرە کوفری گەورە بێت، چونکە کوفری بچووکیش هەیە.

**دووەم: مەرجەکانی سەر بکەرەکە:**

١- دەبێت بکەری کوفر بلوغی هەبێت، یانی منداڵ نەبێت.

٢- دەبێت بکەری کوفر عەقڵی هەبێت، یانی شێت نەبێت.

٣- دەبێت بکەری کوفر مەبەستی هەبێت، یانی بێ ئاگا و نەفام نەبێت.

٤- دەبێت بکەری کوفر بژێر و ئیختیاری خۆی هەبێت، یانی زۆرلێکراو نەبێت.

سێیەم: مەرجەکانی سەر ئەو بەڵگانەی حوکمی لێ وەردەگیرێت:

١- دەبێت ئەو بەڵگانە دەقی شەرعی بن.

٢- دەبێت ئەو بەڵگانە راست و دروست و سابت بن لە رووی سەنەدەوە.

٣- دەبێت ئەو بەڵگانە روون و راشکاوبن لە رووی دەقەوە.

مەبەست لە نەمانی بەربەستەکان واتە پێویستە ئەو کەسەی دەکەوێتە ناو گوفتار یان رەفتار یان بیروباوەرێکی کوفر ئەوە دەبێت رەچاوی بەربەست و رێگرەکان بکرێت:

١- نەفامی.

٢- هەڵەکردن.

٣- زۆرلێکراو.

٤- لێکدانەوەی هەڵە لە مانا و مەبەستی دەق.

٥- لاسایی کردنەوە.

هەندێک لەو بەڵگانەی دەبنە لەمپەرو بەربەستن لە تەکفیرکردن

١- نەفامی و نەزانی(الجهل): نەفامی پێچەوانەی زانست و زانیارییە، واتا بکەری کوفر زانیاری نەبێت یاخود نەزانێت بەو گوفتارەی یان بەو رەفتارەی یان بەو بیروباوەرەی کاتێک دەکەوێتە ناویەوە پێی کافر دەبێت، واتە بێ ئاگایە لە حوکمەکەی کە کوفرە، کەواتە ئەمە دەبێتە عوزرێکی شەرعی بۆ خاوەنەکەی.

بێگومان نەفامی سیفەتێکی خراپە و زەمکراوە، مرۆڤ پێویستە هەوڵی تەواوی خۆی بدات بۆئەوەی ئەم سیفەتە لەسەر خۆی لاببات، ئەگەر دەیتوانی و بۆی دەکرا، چونکە کەسێک ئەگەر بواری بۆ برەخسێت و ئەویش کەمتەرخەمی بنوێنێ تیایدا دوور نییە ئەو کەسە نەکەوێتە بەر ئەم عوزرە، کەوابوو دەبێ بزانین عوزری شەرعی رەها نییە، بەڵکو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆرێت.

خوای گەورە هیچ کەسێک سزا نادات تا پەیامی ئەم ئاینە پیرۆزەی پێ نەگات، هەروەک دەفەرموێت: **وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا** الإسراء:١٥ واتە: ئێمە سزای کەس نادەین هەتا پێغەمبەرێ نەنێرین.

پێغەمبەر(د.خ) چیرۆکی پیاوێکی نەوەی ئیسرائیلمان بۆ باس دەکات کە گومانی لە توانانی خوای گەورە هەبووە، بەڵام زانست و زانیاری لەمبارەیەوە نەبووە، بەڵکو کەسێککی نەزان بووە، دەفەرموویێت: **(أَسْرَفَ رَجُلٌ عَلَى نَفْسِهِ. فَلَمَّا حَضَرَهُ الْمَوْتُ أَوْصَى بَنِيهِ فَقَالَ:إِذَا أَنَا مُتُّ فَأَحْرِقُونِي، ثُمَّ اسْحَقُونِي، ثُمَّ أَذْرُونِي فِي الرِّيحِ فِي الْبَحْرِ، فَوَاللَّهِ لَئِنْ قَدَرَ عَلَيَّ رَبِّي، لَيُعَذِّبُنِي عَذَاباً مَا عَذَّبَهُ أَحَداً، قَالَ: فَفَعَلُوا ذَلِكَ بِهِ، فَقَالَ لِلأَرْضِ: أَدِّي مَا أَخَذْتِ، فَإِذَا هُوَ قَائِمٌ، فَقَالَ لَهُ: مَا حَمَلَكَ عَلَى مَا صَنَعْتَ؟ فَقَالَ: خَشْيَتُكَ يَا رَبِّ، أَوْ قَالَ مَخَافَتُكَ، فَغَفَرَ لَهُ بِذَلِكَ).أخرجه البخاري(٣٤٥٢ و٣٤٧٨) ومسلم(٢٧٥٦) واللفظ له.**

واتە: پیاوێک زیادەرۆیی لەسەر خۆی کرد و خۆی زۆر پێ گوناهبار بوو، کاتێک هاتە سەرەمەرگ

وەسیەتی بۆ منداڵەکانی کرد، وتی: ئەگەر مردم ئەوە بمسوتێنن، پاشان وردوخاشم بکەن، پاشان بمدەنە بەردەم بایەک بۆ ناو دەریا پەرش و بڵاوم بکەنەوە، چونکە سوێند بەخوا ئەگەر پەروەردگاری من قودرەت ودەسەڵاتی بەسەرمنا هەبێت، ئەوە سزایەکم دەدات بە سزادانێک کە هیچ کەسێککی بەم شێوە سزای نەدابێت، فەرمووی: منداڵەکانی وەسیەتەکیان بۆ جێ بەجێ کرد، خوای گەورە فەرمووی بە زەوی: فەرمان بەجێ بهێنە لەوەی وەرتگرتووە(یانی لاشەکە کۆبکەرەوە سەرشێوەی جاران) جا کاتێ ئەو هەستاوە و کەوتە سەرپێ، خوای گەورە پێی فەرموو: چ شتێک وایکرد ئەم کارە بکەیت لەبەر چی وات کرد؟ وتی: پەروەردگار لە تۆ ترسام، ئەوسا خوای گەورە بەوهۆیەوە لێی خۆش بوو.

ئەگەر لەسەر ئەم چیرۆکە بوەستین و سەرنج بدەین دەبینین ئەم پیاوە گومانی هەبووە لە توانی خودا، هەربۆیە ئەم جۆرە وەسیەتەی کرد، هەڵبەتە هەرکەسێک گومانی هەبێت لە دەسەڵات و قودرەتی خودا بێ شک ئەو کەسە کافر دەبێت، کەچی لەم چیرۆکەدا نەک هەر کافر نەبووە، بەڵکو خوای گەورە لێشی خۆش بووە، کەوایە دەبێ بپرسین، بۆچی؟ وەڵامەکەی هەرئەوەیە یەکەم: ئەم پیاوە نەزان بووە و زانیاری ئەوەی نەبووە کە خوای گەورە توانای ئەوەی هەیە بۆ جارێکی تر زندووی بکاتەوە، دووەم: ترسی خوا وای لێکردووە ئەم کارە بکات.

کەوایە بۆمان دەردەکەوێت نەفامی و نەزانین دەبێتە عوزری شەرعی بۆ خاوەنەکەی ئەگەر دوچاری کوفر بوو، هەروەها ئیمەیش نابێت پەلە بکەین لە حوکمدان تا ئیقامە حوججە نەکەین.

لە فەرموودەیەکی تر عەبدوڵڵای کوڕی عەباس دەفەرموێت: **(إِنَّ رَجُلاً أَهْدَى لِرَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم رَاوِيَةَ خَمْرٍ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم «هَلْ عَلِمْتَ أَنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَهَا؟» قَالَ: لاَ، فَسَارَّ إِنْسَاناً، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم «بِمَ سَارَرْتَهُ؟» فَقَالَ: أَمَرْتُهُ بِبَيْعِهَا. فَقَالَ: «إِنَّ الَّذِي حَرَّمَ شُرْبَهَا حَرَّمَ بَيْعَهَا» قَالَ: فَتَحَ الْمَزَادَةَ حَتَّى ذَهَبَ مَا فِيهَا).اخرجه مسلم(١٥٧٩) وغيره.**

واتە: پیاوێک کوندە ئارەقێکی بە دیاریدا بە پێغەمبەری(د.خ)، پێغەمبەریش(د.خ) پێی فەرموو: ئایا زانیوتە خوای گەورە ئارەقی حەرام کردووە؟ وتی: نەخێر نەمزانیوە، ئەوسا بەنهێنی قسەی لەگەڵ کەسێک کرد، پێغەمبەر(د.خ) پێی فەرموو: چ شتێکت بەنهێنی پێ وت؟ ئەویش وتی: فەرمانم پێدا ئارەقەکە بفرۆشێ. ئەویش فەرمووی: ئەو خوایەی خواردنەوەی ئارەقی حەرامکردووە بەهەمان شێوە فرۆشتنیشی حەرامکردووە. فەرمووی: سەری کوندەکەی کردەوە تا ئەوەی لەناوی بوو هەمووی رژاند.

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێت: **(وفي هذا أن من ارتكب معصية جاهلاً تحريمها لا إثم عليه ولا تعزير)**. واتە: لەم فەرموودەیەوە دەردەکەوێت هەرکەسێک سەرپێچیەک بکات بە نەفامی و بێ ئاگا و نەزان بێ بە حەرام بوونی ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نییە، هەروەها تەمێکردنیشی بۆ نییە.

٢- هەڵەکردن(الخطأ): یانی کەسێک بێ ئەوەی مەبەستی خۆی تیابێت بە هەڵە توشی گوفتارێکی کوفر دەبێت یان ڕەفتارێکی کوفر دەبێت هەستیشی پێ ناکات کە کوفرە، واتە بە دەنقەست نییە، زۆرجار ئەمەش بەهۆی ڕووداوێک یان شتێکی لەناکاو یان ناخۆشییەکی بێ سنوور یان خۆشییەکی بێ سنوور یان نەخۆشییەکی توند دوچاری مرۆڤ دەبێت.

خوای گەورە گوناهی لەسەر ئەم جۆرە کەسانە هەڵگرتووە، هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا

دەفەرمویێت: وَلَيسَ عَلَيْكُمْ جُناحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُمْ بِهِ وَلَكِنْ مَا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا الأحزاب(٥). واتە: هیچ گوناهێکتان لەسەر نییە لەو شتەی هەڵەی تیادا دەکەن، بەڵام ئەوەی مەبەست و ڕازونیازی دڵتانی تیا دەنوێنن(یانی بە دەنقەست دەیکەن) ئەوە پێی گوناهبار دەبن، خوای گەورە لێخۆشبەر و میهرەبانە.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمویێت: **(إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ، وَمَااسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ)**. أخرجه ابن ماجة(٢٠٤٣) وصححه الألباني. واتە: بەڕاستی خوای گەورە گوناهی لەسەر ئوممەتەکەمی هەڵگرتووە لە هەڵەکردن و لەبیرچوونەوەو لەوەی زۆری لێ دەکرێ.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمویێت: **(لَلَّهُ أَشَدُّ فَرَحاً بِتَوْبَةِ عَبْدِهِ، حِينَ يَتُوبُ إِلَيْهِ، مِنْ أَحَدِكُمْ كَانَ عَلَى رَاحِلَتِهِ بِأَرْضِ فَلاَةٍ فَانْفَلَتَتْ مِنْهُ، وَعَلَيْهَا طَعَامُهُ وَشَرَابُهُ، فَأَيِسَ مِنْهَا، فَأَتَى شَجَرَةً فَاضْطَجَعَ فِي ظِلِّهَا، قَدْ أَيِسَ مِنْ رَاحِلَتِهِ، فَبَيْنَا هُوَ كَذَلِكَ إِذَا هُوَ بِهَا، قَائِمَةً عِنْدَهُ فَأَخَذَ بِخِطَامِهَا، ثُمَّ قَالَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ: اللَّهُمَّ أَنْتَ عَبْدِي وَأَنَا رَبُّكَ، أَخْطَأَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ). أخرجه مسلم(٢٧٤٧)**. واتە: خوای گەورە زۆر پێی خۆشە بەتۆبەکردنی بەندەکەی کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ لای و تەوبە دەکات، زیاتر لەوەی یەکێکتان وشترەکەی لە دەست دەڕوات لە بیابانێکی چۆڵدا کە خواردن و خواردنەوەی بەسەر پشتیەوە بێت، پاش لەوەی بێ ئومێد دەبێت لە دۆزینەوەی، ئینجا دێتە ژێر سێبەری دارێک ڕائەکشێت بەوپەڕی بێ ئومێدییەوە لە وشترەکەی لێی پاڵئەداتەوە، کاتێ ئەو لەو باروودۆخەدایە دەبینێت وشترەکە لەسەر سەری وەستاوە، ئینجا جڵەوەکەی دەگرێت و لە خۆشیدا (بەوپەڕی دڵخۆشیەوە) دەڵێت: خودایە تۆ بەندەی منی منیش پەروەردگاری تۆم، لەبەر دڵخۆشیەکی زۆر هەڵەی کرد.

**عوزری شەرعی ڕەها نییە، بەڵکو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت.**

ئەگەر سەیری ئەم فەرموودەیە بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەگەر یەکێک بەبێ مەبەست و بەبێ ئەنقەست هەڵەیەک بکات ئەگەرچی کوفریش بێت ئەوە دەبێتە عوزر بۆی.

٣- زۆرلێکردن(الإكراه): زۆرلێکردن یەکێکە لە ڕێگربەستەکانی تەکفیرکردن، واتە بکەری کوفر بەبێ ویست و بژاردەی خۆیی و بە زۆری کوفری پێ دەکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی هەڕەشەوە دەبێت.

**بۆ ئەم بابەتە پێویستە ڕەچاوی ئەم سێ مەرجە بکرێت:**

١- دەبێت زۆرلێکراو**(المُكْرَه)** هەڕەشەی لێکرابێت و بەتەواوی جێگیر بێت.

٢- دەبێت ئەو کەسەی هەڕەشە دەکات زۆرلێکەر**(المُكْرِه)**، لە ئاستی هەڕەشەکردنەکە بێت، واتە ئەو هەڕەشەکردنەی لێ بوەشێتەوە.

٣- دەبێت هەڕەشەکە بریتیی بێت لە (کوشتن، سوتاندن، بڕینی بەشێک لە ئەندامی لاشە، شکاندنی دەست و قاچ و پەراسو، هەتککردن، پەلاماردانی ناموس و ئابروو، دەستبردن بۆ سەروەت و سامانێک کە بەرگەی لەسەر نەگیرێت).

خوای گەورە دەفەرمویێت: **:مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ**

# نەفامی و نەزانین دەبێتە عوزری شەرعی بۆ خاوەنەکەی ئەگەر دوچاری کوفر بوو.

**النحل**(١٠٦). واتە: هەرکەسێک لە پاش ئیمان هێنانی کوفری بەخوا کرد ئەوە غەزەبی خوای لەسەرە، مەگەر کەسێک زۆری لێ بکرێت لەسەر وتنی وشەیەکی کوفر و دڵیشی دامەزراو و ئاسوودەبێ بە ئیمان ئەوە هیچی لەسەر نییە، بەڵام کەسێک سینەی بە کوفر خۆش بێت و شادومان بێ پێی، ئەوە غەزەبی خوایان لەسەرەو سزای گەورەیان بۆ هەیە.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: **(إِنَّ اللّهَ تَجَاوَزَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ، وَمَااسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ)**. أخرجه ابن ماجة(٢٠٤٣) وصححه الألباني. واتە: بەڕاستی خوای گەورە گوناهی لەسەر ئوممەتەکەمی هەڵگرتووە لە هەڵەکردن و لەبیرچوونەوەو لەوەی زۆری لێ دەکرێت.

عەمماری کوڕی یاسر شەکوای حاڵی خۆی لەلای پێغەمبەر(د.خ) دەکات کاتێک هاوبەشگێڕە قوڕەیشییەکان ئازاری دەدەن، دەفەرموێت: **:(يَارَسُولَ اللّه مَا تُرِكْتُ حَتى سَبَبْتُكَ وَذَكَرْتُ آلِهَتَهُم بِخَيْرٍ, قَالَ:(كَيْفَ تَجِدُ قَلْبُكَ؟) قَالَ: مُطْمَئِنّاً بِالإِيمانِ, فَقَالَ:(إِنْ عَادُوا فَعُدْ), وَفِي ذَلِكَ أَنْزَلَ اللّه إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ النحل(١٠٦)**. أخرجه البيهقي(٢٠٨/٢) والحاكم(٣٥٧/٢) وصححه ووافقه الذهبي. واتە: ئەی پێغەمبەری خودا وازم لێ نەهێنرا تا جنێوم بەتۆدا هەروەها خواکانیشیانم بە باش باسکرد، پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی: دەی دڵت چۆنە، چۆنی دەبینی؟ ئەویش فەرمووی: دامەزراو و ئاسوودەیە بە ئیمان، ئەوجا فەرمووی: ئەی کەوایە ئەگەر جارێکی تر دووبارەیان کردەوە تۆیش دووبارەی کەرەوە. ئەوسا لەوبارەیەوە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند **إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ النحل**(١٠٦). واتە: مەگەر کەسێک زۆری لێ بکرێت لەسەر وتنی وشەیەکی کوفر و دڵیشی دامەزراو و ئاسوودەبێ بە ئیمان ئەوە هیچی لەسەر نییە.

٤- لێکدانەوەی هەڵە لە مانا و مەبەستی دەق(التأويل): تەئویل بە دوو مانای هاتووە: بە مانای تەفسیر و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە، هەروەها بە مانای تەحریف و لادان لە مانا بنەڕەتیەکەی هاتووە، جا ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو تەئویلەیە کە لادانە لە مانا بنەڕتیەکەی، ئەم تەئویلەش بریتییە لە تێگەیشتنی هەڵە لە مەبەستی دەقی شەرعی، یاخود دانانی دەقی شەرعیە بۆ غەیری شوێنی خۆی، واتا زانایەک هەڵدەستێ دەقێکی شەرعی دەکاتە بەڵگە بەڵام بەبۆچوون و تێگەیشتنی خۆی، لە هەمانکاتدا تێگەیشتن و بۆچوونی ئەم زانایە پێچەوانە و دژی مانای ڕاستەقینەی دەقەکەیە.

### تەئویل دوو جۆرە:

١- التأويل السائغ: بەڵگەکە چەند مانایەک هەڵدەگرێت، یەکێک لە ماناکان پەسەند دەکرێت، لەلایەن زانایەکی موجتەهیدەوە.

٢- التأويل غير السائغ: بەڵگەکە تەنها یەک مانا هەڵدەگرێت، هیچ کەسێک بۆی نییە جگە لەو مانایە شتێکی تر پەسەند بکات، بەتایبەتی لەو بابەتانەی پێیان دەڵێن (معلوم من الدين بالضرورة) واتە هەندێ شت هەن لە ئاییندا هێندە ناسراون وەک ڕووناکی خۆر وایە هیچ مسوڵمانێک تیایدا دوودڵ

و ڕاڕا نییه.

له سەرەتادا دێینه سەر ئەوەی ئەگەر زانا تەئویلەکەی(سائغ) بوو ئەوە بۆی به عوزر دادەنرێت، جگه لەمەش پاداشتیش وەردەگرێت.

له بنەڕەتدا زانایانی موجتەهید مەبەستیان نییه کوفر و سەرپێچی بشەرعێنن، بەپێچەوانەوە ئەوان مەبەستیان گەیشتنه به حەق و ڕاستی، دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە خوا لەخۆیان ڕازی بکەن و پاداشت بەدەست بێنن.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: **(إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمّ أَصَابَ، فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ، ثُمّ أَخْطَأَ، فَلَهُ أَجْرٌ)**. أخرجه البخاري(٧٣٥٢) ومسلم(١٧١٦). واته: ئەگەر حاكم و قازییەكی زانا ویستی حوكێک بدات و دوای ئەنجامدانی هەوڵ و کۆشش ئەوسا پێکای و ڕاست دەرچوو، ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیه، خۆ ئەگەر ویستی حوکمێک بدات و دوای ئەنجامدانی هەوڵ و کۆشش، بەڵام تیایدا هەڵەی کرد، ئەوە یەک پاداشتی بۆ هەیه.

ئیبن تەیمییه ڕەحمەتی خوای لێ بێ له (المسائل الماردينية) دەفەرموێت: « كل من اجتهد في طلب الحق فهو معذور أصاب أو أخطأ، سواء كان ذلك في الأصول أو في الفروع ». واته: هەر زانایەک ئیجتیهاد بکات بۆ گەیشتن به حەق ئەوە خاوەن عوزره جا ڕاستی کردبێ یان هەڵه، هەروەها له بابەتی بنەماکان بێ (بیروباوەڕ) یان لەلقەکان بێ (فقه) هیچ جیاوازیەک نییه.

عەلی کوڕی دەبی تاڵب دەفەرمووێت:» **بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلّم أَنَا وَالزُّبَيْرَ وَالمِقْدَادَ، وَقَالَ: (انْطَلِقُوا حَتَّى تَأْتُوا رَوْضَةَ خَاخٍ، فَإِنَّ بِهَا ظَعِينَةً، وَمَعَهَا كِتَابٌ فَخُذُوهُ مِنْهَا). فَانْطَلَقْنَا تَعَادَى بِنَا خَيْلُنَا، حَتَّى انْتَهَيْنَا إِلَى الرَّوْضَةِ، فَإِذَا نَحْنُ بِالظَّعِينَةِ، فَقُلْنَا: أَخْرِجِي الْكِتَابَ، فَقَالَتْ: مَا مَعِي مِنْ كِتَابٍ، فَقُلْنَا لَتُخْرِجِنَّ الْكِتَابَ أَوْ لَنُلْقِيَنَّ الثِّيَابَ، فَأَخْرَجَتْهُ مِنْ عِقَاصِهَا، فَأَتَيْنَا بِهِ رَسُولَ اللَّهِ صَلّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلّم فَإِذَا فِيهِ: مِنْ حَاطِبِ بْنِ أَبِي بَلْتَعَةَ إِلَى أُنَاسٍ مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ، يُخْبِرُهُمْ بِبَعْضِ أَمْرِ رَسُولِ اللَّهِ صَلّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلّم، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلّم: (يَا حَاطِبُ مَا هَذَا؟). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ لا تَعْجَلْ عَلَيَّ، إِنِّي كُنْتُ أَمْرَأً مُلْصَقًا فِي قُرَيْشٍ، وَلَمْ أَكُنْ مِنْ أَنْفُسِهَا، وَكَانَ مَنْ مَعَكَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ لَهُمْ قَرَابَاتٌ بِمَكَّةَ، يَحْمُونَ بِهَا أَهْلِيهِمْ وَأَمْوَالَهُمْ، فَأَحْبَبْتُ إِذْ فَاتَنِي ذَلِكَ مِنَ النَّسَبِ فِيهِمْ، أَنْ أَتَّخِذَ عِنْدَهُمْ يَدًا يَحْمُونَ بِهَا قَرَابَتِي، وَمَا فَعَلْتُ كُفْرًا وَلا ارْتِدَادًا، وَلا رِضاً بِالْكُفْرِ بَعْدَ الإِسْلامِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلّى اللَّهُ عَلَيْهِ وسَلّم: (قَدْ صَدَقَكُمْ). فَقَالَ عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، دَعْنِي أَضْرِبْ عُنُقَ هَذَا الْمُنَافِقِ، قَالَ: (إِنَّهُ شَهِدَ بَدْرًا، وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يَكُونَ قَدِ اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ فَقَالَ: اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ).أخرجه البخاري (٣٠٠٧و٤٨٩٠) واللفظ له ومسلم(٢٤٩٤).**

واته: پێغەمبەر(د.خ) من و زوبەیرو میقدادی نارد فەرمووی:( بڕۆن تا دەگەنه ناوچەی(روضة خوخ) ئافرەتێکی لێیه نامەیەکی لەلایە لێی وەرگرن)، ئیمەش وڵاغەکانمان تاودا و بۆی دەرچووین تا گەیشتینه ناوچەی(روضة خوخ)، کاتێ گەیشتین به ئافرەتەکه، وتمان: نامەکه دەربهێنه، ئەویش وتی: هیچ نامەیەکم لانییه، ئێمەش وتمان: گەر نامەکه دەردەهێنی یانیش جلەکانت لەبەردا دەکەنین، ئەوسا نامەکەی لەناو کەزیەکەی دەرهێنا، ئێمەش نامەکەمان هێنا بۆ لای پێغەمبەر(د.خ) تیایدا نووسرابوو، له حاتیبی کوڕی ئەبی بەلتەعەوە بۆ خەڵکانیک له هاوبەشکارانی مەککەوە، هەندیک هەواڵی ئیشوکاری پێغەمبەر(د.خ) درکاندبوو، پێغەمبەریش(د.خ) فەرمووی:(ئەمه چییه ئەی حاتیب؟)، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا پەلەم لێ مەکه، من کەسێک بووم خۆم خستبووه ناو قوڕەیش و لەوانیش نەبووم، بەڵام تێکڕای ئەو کۆچکەرانەی

لەگەڵ تۆدان خزم و کەسوکاریان لە مەککە هەیە، ماڵ و منداڵیان دەپارێزن، ئەگەر چی من لە رەچەڵەکیشیان نەبم پێم خۆشبوو کارێکی وا بکەم بۆیان بۆئەوەی خزم و کەسوکارمی پێ بپارێزم، من ئەو کارەم نەکردووە بۆئەوەی مەبەستی کوفر و هەڵگەڕانەوەم هەبێت، یان ڕازی بم بە کوفر دوای ئیسلام، پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی:( بەدڵنیاییەوە ڕاستتان لەگەڵ دەکات)، ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا لێم گەڕێ با لە گەردەنی ئەم دووڕووە بدەم، پێغەمبەریش (د.خ) فەرمووی: (ئەو بەشداری جەنگی بەدری کردووە، تۆ چوزانیت، لەوانەیە خوای گەورە تەماشای بەشداربووانی بەدری کردبێ و ئاگاداریان بووە و فەرموویێتی: چ شتێ دەکەن بیکەن، بەڕاستی من لێتان خۆش بووم).

ئەگەر سەیری ئەم ڕووداوە بکەین دەبینین حاتیب بە تەئویل ئەم کارەی ئەنجامداوە، هەروەها ئیمامی عومەریش بە تەئویل حاتیبی کرد بە دووڕوو، کەچی پێغەمبەر(د.خ) سەبارەت بە حاتیب وەڵامی ئیمامی عومەری داوەتەوە، نەشی فەرموو ئەی عومەر تۆ بەو حوکمە هەڵەی داوتە گوناهبار بوویت، چونکە عوزر هەردوو صەحابە بەرێزەکەی گرتەوە.

## مانای (اقامة الحجة)

پێم باشە هەردوو وشەکە بەجیا مانا بکەین:

وشەی(اقامة) بریتییە لە: جێگیرکردن یان دەرخستن یان گەیاندن یان هەستانی حوججەی خوای گەورە بۆ مرۆڤی موکەللەف.

وشەی(الحجة) بریتییە لە: بەڵگە و پەیامی خوای گەورە بۆ مرۆڤی موکەللەف.

کەواتە (اقامة الحجة) بریتییە لە: جێگیرکردن یان گەیاندنی بەڵگە و پەیامی خوای گەورە بۆ مرۆڤێکی موکەللەفی نەزان لەبارەی شتێک کە سەرپێچی خوای تیدابێت، بەوهۆیەوە نەزانیەکەی لەسەر هەڵئەستێت و لادەچێت، هەنجەتی لای خوا نامێنێت.

زۆرجار مرۆڤ بەهۆی ئەوەی بەڵگە و پەیامی خوای پێناگات دوچاری نەزانی دەبێت، یاخود هەندێک جار بەهۆی ئەوەی لە بەڵگە و پەیامی خوا تێناگات دوچاری نەزانی دەبێت ، بۆیە مانا ڕاستەقینەکەی لەلا شاراوە دەبێت.

خوای گەورە هیچ کەسێک سزا نادات تا بەڵگە و پەیامی خوای گەورەی پێ نەگات، هەروەک دەفەرموێت: **وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا الإسراء**:١٥ واتە: ئێمە سزای کەس نادەین هەتا پێغەمبەری بۆ نەنێرین. بۆئەوەی کەس هەنجەتی نەمێنێ بەرامبەر بەخوا لە ڕۆژی دوایی و، نەڵێت: من بێ ئاگام و هیچ شتێک نازانم، بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە، هەروەک دەفەرموویێت: **رُسُلًا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا النساء**(١٦٥). واتە: پێغەمبەران نێردراون موژدەدەر و ترسێنەرن، ناردنی ئەو پێغەمبەرانە بۆئەوەیە تا بۆ خەڵک نەبێتە بەڵگە و هەنجەت لەسەر خوای گەورە، هەمیشە خوای گەورە بە دەسەڵات و کاربزانە.

### هەستانی حوججەی خوای گەورە و جێگیربوونی بە دوو ڕێگا دەگات بە مرۆڤ:

یەکەم/ ڕێگای ڕاستەوخۆ: ئەم ڕێگایە بەهۆی بیستنەوە بە ڕاستەوخۆ دەگات بە مرۆڤ، وەک بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر(د.خ).

دووەم/ ڕێگای ناڕاستەوخۆ: ئەمە لە ڕێگای بینین یان هەستەوەری تر بە ناڕاستەوخۆ دەگات بە مرۆڤ، وەک بەڵگە و نیشانەکانی خوای گەورە لە دروستکراوەکانی، هەروەها ئەو پەیمانەی کە دراوە لەلایەن مرۆڤەوە لەسەر وەحدانیەت و

پەروەردگاریێتی خوای گەورە کاتێک نەوەی ئادەم لە پشتی باوکیان بوون، یان لەکاتی فیترەتدا.

تێبینی: ئەوەی لەسەر ئێمەیە بۆ گەیاندنی حوججە ئەو رێگایە دەگرینەبەرکە راستەوخۆیە و، بەڵگە و پەیامی خوایی لە رێگەی هەستی بیستن جاڕ دەدەین بەگوێی ئەو کەسانەی کە پێویستە ئیقامە حوججەیان لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ حوججەی ناراستەوخۆ ئەوە خوای گەورە خۆی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات.

## جوججەکانی خوای گەورە

١- قورئانی پیرۆز: بێگومان قورئانی پیرۆز کە فەرمایشتی خوای گەورەیە حوججەیەکی رەهایە بۆ بەندەکان، هەروەک خوای گەورە دەفەرمووێ بە پێغەمبەر(د.خ) ئەویش بفەرمووێ بە هاوبەشکارانی قورەیش: **وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ الأنعام**(١٩) واتە: خوای گەورە ئەم قورئانەی بە وەحی بۆ ناردووم بۆئەوەی ئێوەی پێ بترسێنم، هەروەها ئەوانەشی پێ بترسێنم کە ئەم قورئانەیان دەگاتێ.

ئەم ئاگادارکردنەوەی لەم ئایەتەدا هاتووە گشتییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەم قورئانەی پێ دەگات، واتە ئەگەر پێیگەیشت ئەوە بەڵگە و حوججەی خوای پێگەیشتووە، حوججەی خوای گەورەش عوزر برە.

٢- سوننەتی پێغەمبەر(د.خ): هەر شتێک لە پێغەمبەر (د.خ)وە هاتبێت جا بە گوفتار بێت یان بە کردار یان بەدانپیادانان بێت، جێگیر بێت بە راست و دروستی ئەوە دەبێتە حوججە لە سەرمان، واتە بەرپرسیارین لەلای خوای گەورە بەلادان لێی.

پێغەمبەر(د.خ) بۆ تێکرای مرۆڤایەتی هاتووە وەک خوای گەورە دەفەرموویت: **وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ سبأ**:(٢٨). واتە: تۆمان نەناردووە مەگەر بۆ تێکرای خەڵک بە مژدەبەخشی و ترساندنەوە، بەڵام زۆرینەی خەڵک نازانن.

بێگومان لە چەندین شوێن لە قورئانی پیرۆز خوای گەورە داوامان لێ دەکات گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بکەین دەفەرموێت: **(قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ) ال عمران**:(٣٢). واتە: پێیان بڵێ: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر بکەن، جا ئەگەر سەرپێچییان کرد ئەوە بێگومان خودا کافرانی خۆش ناوێت.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمووێت: **(وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لاَ يَسْمَعُ بِي أحد من هذه الأمة لا يَهُودِيٌّ، وَلاَ نَصْرَانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلاَّ كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النار.)**.اخرجه مسلم(١٥٣). واتە: سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بەدەستە، هەرکەسێک گوێبیستم بوویێت لەم ئوممەتەدا جا جولەکە بێت گاور، پاشان مردبێ و باوەڕی نەهێنابێ بەو پەیامەی پێی نێردراوم، ئیللا ئەو کەسە ئەهلی ئاگرە.

٣- پەیمان: بریتییە لە شایەتی وەحدانیەت و پەروەردگاریێتی خوای گەورە، وەک پەیمانێک خوای گەورە لە بەندەکانی وەرگرتووە کاتێک لە پشتی باوکیان بوون، جا ئەو پەیمانە حوججەیە لەسەر بەندەکان، لێپرسینەوەیان پێ لەگەڵ دەکرێت لە رۆژی دواییدا، بەڵام بۆ دنیا ناتوانرێت حوکمی تەکفیری پێ بەدەست بێت، چونکە حوججەیەکی ناراستەوخۆیە.

خوای گەورە دەفەرمووێت: **:وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ. أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِنْ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ الأعراف**(١٧٢-١٧٣).

واتە: ئەی پێغەمبەر بیری ئەوە بکەرەوە کە خوای

گەورە لە پێش لەدایکبوونی هەرکەسێک لە نەوەی ئادەم لەو کاتەی لە پشتی باوکی تۆ بووە کردوونی بەشاهێد لەسەر خۆیان، ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم، ئەوانیش وتوویانە: بەڵێ شایەتیمانداوە تۆ پەروەردگاری ئێمەی، (کردوونی بەشاهێد بۆ ئەم پەیمانە) بۆئەوەی لە ڕۆژی دواییدا نەڵێن: ئێمە لەم پەیمانە بێ ئاگا بووین!! یاخود نەوەک بڵێن: باب و باپیرانمان لەپێشدا هاوبەشیان بۆ خوا داناوە و ئێمەش منداڵ بووین دوای ئەوان هاتین و چاومان لەوان کرد و شوێنیان کەوتین، ئێمە تاوانبار نین، جا ئایا تۆ بەهۆی کاری بەدکارانەی ئەوانەوە ئێمە لەناو دەبەی.

٤- فیترەت: فیترەت بریتییە لەوکاتەی کۆرپە لەسکی دایکیدا هەناسە وەرئەگرێت لە ڕێگەی ڕێخۆڵەیەکەوە، لەوکاتەدا مرۆڤ بە ئیسلام ئاشنا دەبێت، کە کاتی سەرەتای ژیانییەتی.

بۆیە هیچ کەسێک لەدایک نابێ مەگەر بە مسوڵمانی نەبێت، بەڵام دوای ئەوەی چاوی بە دنیا هەڵدێنێت و گەورە دەبێت، بابەکانیان یان گەورەکانیان کاریگەرییان بەسەریانەوە دەبێت، ئەوسا ئەگەر مسوڵمان بوون ئەوە منداڵەکانیشیان بەهەمان شێوە دەمێننەوە لەسەر مسوڵمانێتی، خۆ ئەگەر جولەکە بوون ئەوە لەسەر مسوڵمانێتییەکە لایان دەدەن و بەدوای خۆیاندا دەبەن و دەیانگۆڕن بە جولەکە، خۆ ئەگەر گاور بوون ئەوە هەمدیسان لە مسوڵمانێتی لایان دەدەن و بەدوای خۆیاندا دەیانبەن و دەیانگۆڕن بە گاور، ئەگەر ئاگرپەرستیش بوون بەهەمان شێوە بەدوای ڕێباز و ئاینی خۆیاندا دەبەن، جا فیترەت یەکێکە لەو حوججانەی خوای گەورە کە گێڕاویەتی بەسەر بەندەکانی.

بەڵام وریابین ئەم حوججەیە ناتوانرێت حوکمی تەکفیری پێ بەدەست بێت، چونکە حوججەیەکی ناڕاستەوخۆیە.

خوای گەورە دەفەرموویێت :**فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ الروم:٣٠**. واتە: ڕێک ڕووبکەرە ئاینی خودا بە حاڵێ لابدەی لە هەموو کارێکی بەتاڵ، لەسەر ئەو فیترەتە پاکەبن (کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە)، کە خوای گەورە خەڵکی لەسەر دروستکردووە، کەس ناتوانێت ئەوەی خوا کردی بیگۆڕێت، ئەوەیە ئاینی ڕاست، بەڵام بەشی زۆری خەڵک نازانن.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویێت:: **(مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَ يُنَصِّرَانِهِ وَ يُمَجِّسَانِهِ، كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ، هَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ؟). ثُمَّ يَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ: وَاقْرَؤُا إِنْ شِئْتُمْ: فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ الروم(٣٠)**. أخرجه مسلم(٦٦٩٧)واللفظ له، وأخرجه البخاري(٦٥٩٩) وأحمد(٨٥٤٣) عن أبي هريرة رضي الله عنه. واتە: هەر منداڵێک کاتێک لەدایک دەبێت لەسەر فیترەت و ئیسلامەتی لەدایک دەبێت، جا دایک و باوکی دەیکەن بە جولەکە یان بە گاور یان دەیکەن بە ئاگرپەرست، هەروەک چۆن ئاژەڵێک کاتێک ئاژەڵێکی تری دەبێت ئەوسا ئەندامەکانی لاشەی تەواوە بەبێ کەموکوڕی، ئایا هەستی پێ ناکەن دواتر گوێی دەبڕن و کەموکوڕی بۆ دروست دەکەن؟ پاشان ئەبو هورەیرە دەفەرموویێت: گەر دەتانەوێت ئەم ئایەتە بخوێنن: **فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ الروم(٣٠)**. بەڵگەو نیشانەکان: بەڵگە و نیشانەکانی خوای گەورە لە ڕێگەی دروستکراو و بوونەوەرەکانەوە دەردەکەون، بەهۆی بیرکردنەوە و بینین دەرکی پێ دەکرێت، ئەم بەڵگە و نیشانانە حوججەی خوای گەورەیە لەسەر بەندەکانی، چونکە ڕێنمایی ڕۆشن و

ڕووناکن بۆ دروستکار و پەروەردگار و خوایەتی زاتی(الله).

بەڵام وریابین ئەم حوججەیە ناتوانرێت حوکمی تەکفیری پێ بەدەست بێت، چونکە حوججەیەکی ناڕاستەوخۆیە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿**إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنْفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ مَاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ** البقرة(١٦٤). واتە: بێگومان لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا، لە جیاوازی و گۆڕانکاری شەو و ڕۆژدا، لەو کەشتیانەشدا کە بە ناو دەریادا هاتووچۆ دەکەن بۆ ئەوەی قازانج و بەرژەوەندی بە خەڵک بگەیەنن و، لەو ئاوەی خوای گەورە لە ئاسمانەوە دەیبارێنێ ئینجا بەهۆی ئەو ئاوەوە دوای مردنی زەوی لە وشکبوون زیندوویکردەوە هەموو جۆرە زیندەوەرێکی تیدا بڵاودەکاتەوەو، لەو جولانەوە و هاتوچۆپێکردنی بایەکان و، لەو هەورانەش لە نێوان ئاسمان و زەویدا ڕاگیراو و ڕامن، لە تێکڕای ئەمانەدا چەندین بەڵگە و نیشانەی بەهێز هەیە بۆ ئەوانەی تێ دەگەن.

## مەرجەکانی(اقامة الحجة)

دوو مەرجی سەرەکی هەیە بۆ ئیقامە حوججەکردن:

١- تێگەیشتنی حوججە(فهم الحجة): پێویستە ئەو کەسەی تووشی کوفر دەبێت بەڵگە و پەیامی خودای پێبگات بەتێگەیشتنەوە، جا لە ڕێگەی یەک کەس بێت یان چەند کەسێک، زانای ئاینی بێت یان غەیری ئەو بێت، بەڵام دەبێت ئەو کەسە ناسراوبێت بە ڕاستگۆیی و متمانە و دادگەری،

**ئەگەر یەکێك بەبێ مەبەست و بەبێ ئەنقەست هەڵەیەك بکات ئەگەرچی کوفریش بێت ئەوە دەبێتە عوزر بۆی.**

لە هەمانکاتیشدا دەبێت توانای هەبێت بەو شتەی دەیگەیێنێت وەک خۆی بەبێ کەموکوڕی، ئەوسا گەیاندنەکە بەکورتیش بێت ئاساییە ئەگەر بۆشی درێژ نەکاتەوە، هەروەها دەبێت بەڵگە و پەیامەکە بە زمانی دایک بگات گەر پێویستی کرد، هەروەها ئەگەر بە جارێک یان بە قۆناغێک تێ نەگات ئەوە پێویستە بۆی دووبارە بکرێتەوە، چونکە مەرج نییە هەموو خەڵک یەک ئاستی هەبێت لە وەرگرتن، هەندێک بەجارێک تێ دەگات، هەندێک بە دووجار تێ دەگات، هەندێک بە سێ جار تێ دەگات، خەڵکانێکیش هەن هەر تێ ناگەن، نەک لەبەر ئەوەی نکوڵی بکات یان لامل و عیناد بێت، بەڵکو هەر خەلقەتی خۆی ئاوایە کەسێکە درەنگ لەشت دەگات، جاری واش هەیە هەندێ کەس بۆ خۆی تێ دەگات پێویستی بە تێگەیاندن نییە، بۆیە تێگەیشتن لەحوججە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.

٢- لادانی شوبهە(انتفاء الشبهة): بکەری کوفر هەندێک جار بەهۆی گومان و شوبهە تووشی کوفر دەبێت، جا ئەو گومان و شوبهانەش هەندێک جار لە ڕێگەی بەشێک لە دەقە شەرعیەکانەوە دروست دەبن، و هەندێ جاریش لە ڕێگەی بەشێک لە زانایانی ئیسلامەوە

**خوای گەورە گوناهی لەسەر ئوممەتەکەمی هەڵگرتووە لە هەڵەکردن و لەبیرچوونەوەو لەوەی زۆری لێ دەکرێت.**

دروست دەبن، هەندێک جاریش لە ڕێگەی بێ باوەڕان و شوێنکەوتوانیانەوە دروست دەبن، جا ئەوەی لە ڕێگەی بێباوەڕان و شوێنکەوتوانیان یان دوژمنانی ئیسلامەوە بێت ئەوەمان مەبەست نییە، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە لە ڕێگەی دەقی شەرعی و زانایانی ئیسلامەوەیە.

ئەو گومان و شوبهانەی هەندێک جار لە ڕێگەی بەشێک لە دەقە شەرعیەکانەوە دروست دەبن، ئەویش ئەوەیە کە دەقە شەرعییەکان چەند مانایەک هەڵدەگرن، واتە دەقی ڕاشکاو نین، یان هەندێک جار لەبەر نەسخ بوونەوەیانە، یان لەبەر لاوازی دەقەکانە لە ڕووی سەنەدەوە، زانایانی ئاینیش لەم ڕێگەیە تووشی ئیجتهادی هەڵە دەبن.

کەوابوو لەبەر نەزانی نییە هەندێک جار زانا تووشی هەڵە دەبێت، ئەگەر تۆ بچیتە لای بەڵگەی لایە، بەڵام کێشەکە لێرەیە تۆ ئەو بەڵگەیەت لەلا لاوازە لە ڕووی سەنەدەوە بەپێچەوانەوە لای ئەو بەهێز و ڕاست و دروستە، یان لای تۆ مانایەکە لای ئەو مانایەکی ترە، یان لای تۆ نەسخە لای ئەو نەسخ نییە.

ئەوەی زانا دەیکات ئیجتهاد و تەئویلە، ئەوکات تۆ بێیت و بڵێی من ئیقامە حوججە لەسەر ئەم زانایە دەکەم، ئەوە ناتوانیت، چونکە بە تەئویلی خۆی بۆت دەسەلمێنێت کە ئەوەی تۆ پێت کوفرە ئەو پێی کوفر نییە، هەروەها مەرج نییە ئەوەی لای تۆش ڕوون و ڕاشکاوە لای ئەویش وابێت، کەواتە تۆ لە تەئویلی سائغ ناتوانی بڵێی من ئیقامە حوججە لەسەر فلانە زانا کردووە.

سەبارەت بەو گومان و شوبهانەی هەندێک جار لە ڕێگەی بەشێک لە زانایانی ئیسلامەوە دروست دەبن، ئەویش ئەوەیە کەسێکی نەخوێندەوار شوێنی فەتوای زانایەک دەکەوێت بەهۆی هەڵەی ئەوەوە ئەویش تووشی هەڵە دەبێت، بە بێگومانیش تووشی هەڵە دەبێت، چونکە لەگەڵ ئەم زانایە گەورە بووە و لە یەک گەڕەک و شوێندا بەیەکەوە دەژین و متمانەی تەواوی پێیەتی لە دینداری و ئەخلاقی دڵنیایە، ئەوەندە متمانەی بە ئەو هەیە بە تۆی نییە، تۆ بەنسبەت ئەو نەناسراوی، کەواتە بۆ بەڵگە لە کەسێکی نەناسراو وەرگرێت؟ ئەو نەزانێت دین و ئەخلاق و خواناسی تۆ چییە و چۆنە!! گەر تۆ بڵێی ئاخر من بەڵگەی ڕاستم لایە و زاناکەی ئەو لای نییە، من دەڵێم: بەڵگە لای ئەو هیچ سوودێکی نییە، چونکە ئەو کەسە نەخوێندەوارە، نازانێت ڕاست و هەڵە چییە، بەڵکو کەسێکی لاساییکەرەوەیە(مقلد)، لەڕاستیدا بۆ ئەو هەروەک یەک وایە، چونکە ئەنجامەکەی هەر تەقلیدە، تەقلیدیش شتیک نییە لە زانست و زانیاری، چ بە گوێی تۆ بکات یان بە گوێی ئەو زانایەی متمانەی پێکردووە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەو تێکرای ئایینەکەی بە تەقلید وەرگرتووە.

جا ئەگەر نەتوانرا شوبهە و گومان لەم جۆرە کەسانە وەلا بنرێت و لەسەری لاببرێت، ئەوە بێگومان نەشتوانراوە ئیقامە حوججەیان لەسەر بکرێت.

# تەکفیر و جاهیلیەت
# لە کۆمەڵگەدا



**د.محەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد**

ـ لەدایکبووی: ١٩٧٠، پێنجوێن.

ـ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی ئیمام ئەعزەم لە بەغداد بە پلەی زۆرباشە ـ خاوەنی ژمارەیەک بڵاوکراوەیە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی.

## هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

زۆر فاكتەرن هەیە بۆ ئەم هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، لەوانە:

١ـ زڕاندنی جوانی پەیف و پرەنسیپەكانی ئیسلام لەلایەن ئیسلامدۆست و نەیارەكانیەوە هەریەكەیان بە مەبەستی خۆی، یەكەمیان بەمەبەستی خزمەت و ئەوی تریش بەمەبەستی لێدان.

٢ـ وروژاندنی پرسیار گەلێكی زۆر لە لایەن نەیارانەوە، بۆچی زاناكان فتوای كافركردن دەرناكەن بۆ گرووپە توندڕەوەكان یان هەگرووپێكی تر. بۆیە بە پێویستم زانی لەم دەرفەتەدا گرنگی بەم لایەنە بدەم و ئەم توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەم.

## باسی یەكەم
## چەمكی تەكفیر و جاهیلیەت و پێناسەیەك

١ـ چەمكی جاهیلیەت:

وشەی (جهل) لە زمانی عەرەبیدا بۆ دوو واتای سەرەكی بەكار دێت: ١ـ پێچەوانەی زانست و زانیاری. ٢ـ سووكی و پێچەوانەی دڵنیایی: **(جاء في معجم المقايس :الجيم والهاء واللام أصلان: أحدهما خلاف العِلْم، والآخر الخِفّة و خلاف الطُّمأنينة) (١).**

**وفي لسان العرب: الجَهْل: نقيضُ العِلْم، وقد جَهِله فلان جَهْلاً وجَهَالة، وجهِلَ علَيه... وتَجاهَل: أَظهر الجَهْل: تَجاهَل أَرَى من نفسه الجَهْل وليس به، واسْتَجْهَله: عَدَّه جاهِلاً واسْتَخَفَّه. والجَهالة: أَن تفعل فعلاً بغير العِلْم... والجاهِلية زمن الفَتْرَة ولا إِسلامَ؛ وقالوا الجاهِلية الجَهْلاء، فبالغوا (٢).**

(ابن المظور) دەڵێت: جاهيليە كاتی فەترە پچڕانی وەحیە لەوكاتەدا ئیسلام نەبووە، زەمەنی (لا اسلام) بووە.

ابن خالويه دەڵێت: ( الجاهلية لفظ حدث في الإسلام للزمن الذي قبل البعثة)(٣) وێژەیەكە لە سەردەمی ئیسلامدا پەیدابووە بۆ كاتی پێش پێغەمبەرایەتی بەكارهاتووە.

كەواتە (الجاهلية): المدة التي كانت عليها العرب قبل الإسلام.... والجاهلية نسبة إلى الجاهل، لأن الناس الذين عاشوا فيها كانوا جاهلين بالله وبالشرائع(٤)، ئەو كاتەیە كە عەرەب تیایدا ژیاون بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام، چونكە ئاشنا نەبوون بە یاسا و پرەنسیپەكانی ئیسلام.

وشەی (الجاهل): جاری وا هەیە واتای تانەی تیایە و جاری واش هەیە بۆ تانە نیە و تەنها واتایەكی ئاسایی هەڵدەگرێت، وەك دەفەرموێت: (يحسبهم الجاهل أغنياء من التعفف)(٥) أي من لا يعرف حالهم وليس يعنى المتخصص بالجهل المذموم. لێرەدا مەبەست بە جاهل بە واتای كەم و نەنگی نیە، بەڵكو مەبەست ئاگاداری حاڵیان نیە(٦).

چەمكی جاهیلیەت لە قورئاندا

ئەم چەمكە لە قورئاندا بە چوار سیفەت هاتووە لە چوار ئایەتی سورەتە مەدەنیەكاندا:

**١ـ ظن الجاهلية. ٢ـ حكم الجاهلية. ٣ـ تبرج الجاهلية. ٤ـ حمية الجاهلية.**

یەكەمیان: ظن الجاهلية.، لە ئایەتی: **(وَطَائِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الْأَمْرِ مِن شَيْءٍ ) ال عمران: (١٥٤).**

ڕستەی (يقولون هل لنا من الأمر من شيء) جێگرەوەی سەروبەرە (بدل اشتمالة) لەبری ڕستەی **(ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ)**، چونكە (ظن الجاهلية) سەروبەر واتای (يقولون) دەگرێتەوە. وەك (طاهر بن عاشور) دەفەرموێت: ومعنى لو كان لنا من الأمر شيء ( أي **من شأن الخروج إلى القتال ، أو من أمر تدبير النّاس شيء، أي رأي ما قتلنا ههنا ، أي ما قتل قومنا . وقد بيّن الله تعالى أنّه ظنّ الجاهلية الّذين لم يعرفوا الإيمان أصلاً فهؤلاء المتظاهرون بالإيمان لم يدخل الإيمان في قلوبهم فبقيت معارفهم كما هي من عهد الجاهلية (٧).**

لێرەدا باس لە بۆچون و گومانیانە لەمەڕ بابەتێک کە دەیان گێڕێتەوە بۆ کاتی پێش مسوڵمان بوون، بۆیە گومانە جاهیلیەکەی ڕاڤەکرد، کە هێشتا بۆچونیان لەمەڕ ئەم بابەتانە وەک پێشتر وایە کە دەبو وانەبن. جاهیلیەتەکەیان لە گومانەکەیانە نەک لە تەواوی بۆچون و ڕایان، تایبەتی کردووە بەیەک بابەتەوە و نەیگشتاندوە.

**٢ـ حكم الجاهلية:**

دەفەرموێت: **(أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ) المائده:(٥٠).**

بن عاشور دەفەرموێت: **وحكم الجاهليّة هو ما تقرّر بين اليهود من تكايُل الدّماء الّذي سرى إليهم من أحكام أهل يثرب ، وهم أهلُ جاهلية ، فإنّ بني النضير لم يرضوا بالتساوي مع قريظة.(٨) يعني يطلبون شيئا لم ينزله الله في حكم الزنى والقصاص كما يفعل أهل الجاهلية(٩). انهم يعرضون عن حكم الله تعالى، ويريدون حكماً جاهلياً. يقيمون الحدود على الضعفاء، ولا يقيمونه على الاقوياء.** ئەوان دەیانویست یاساکان بەسەر بێ دەسەلات و لاوازەکاندا جێبەجێبکەن و بەهێز و دەستڕۆیشتووەکان لێی دەرباز ببن. بەم جۆرە بڕیارە دەلێت بڕیاری جاهیلی. هۆزی بەنونەزیر لەگەڵ قورەیزییەکان بەیەکسانی ڕازی نەدەبوون، خۆیان وانەدەبینی کە لەگەڵ ئەوان یەکسان بن.

**٣ـ تبرج الجاهلية:**

خوای گەورە دەفەرموێت: **(وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى...)** الاحزاب: (٣٣) أي ولا تتزين وتخرجن متبخترات متغنجات كفعل نساء الجاهلية الأولى قبل الإسلام (١٠).

لەو ڕۆژگارەدا کۆمەڵێک لە ئافرەتانی مەدینە لەسەر نەریت و ڕەوشتی پێش هاتنی ئیسلام مابوونەوە کە بێ بەرگ بوون پیاوان ڕێزیان دەشکاندن و بۆ هەندێ مەبەستی خۆیان بەکاریان دەهێنان، ئەمە بانگەشەیەک بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو دابونەریتانەی کە لەگەڵ کەسیەتی شۆخ و شەنگی ئافرەتاندا ناگونجێت بەتایبەت هەندێک کرداری لاسەنگ هەیە بۆ بنەماڵە و کەسایەتی سەرکردەکان گونجاو نیە(١١).

**٤ـ حمية الجاهلية:**

**قال تعالى: إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ) الفتح: (٢٦).**

(حمية الجاهلية) بریتییە لە لوتبەرزی و سەربادان لە بەرامبەر قبوڵکردنی ڕاستی و ملدان بۆ ویژدانی پڕ میهری مرۆڤی سەنگین، لەبەرئەوە بوو ڕێگریان لە گەڕانەوەی پێغەمبەر و هاوەڵانی بۆ مەککە دەکرد(١٢). کەواتە ملنەدانە بۆ فەرمانێک لەبەر خۆ بەگەورە بینین و زاڵزەدەبوونێکی بێ هۆیە، چونکە ئەگەر زاڵزەدە بوونەکە لەبەر داوایەک بوون ئەوکاتە پێی دەوترێت بەرگرتنی ستەم(اباء الضيم) ئەمان ڕێگریان دەکرد لە سەردانی ماڵی خوا بەبێ ئەوەی ئەو مافەیان هەبێت، تەنها فاکتەر زاڵزەدەبوون و لوتبەرزی بوو(١٣).

ئا لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە مەبەست لە جاهیلیەت لە قورئاندا بریتییە لە:

١ـ ئەو بارە دیارو بەرچاوەی کۆمەڵگەی عەرەبی بووە کە لە پێش دابەزینی قورئان و هاتنی شەریعەت پێوەی پابەندبوون.

٢ـ دەگونجێت لە کۆمەڵگەدا بەدرێژایی مێژووی ژیان ئەم بارە دوبارە ببێتەوە بەوەی کە کەسانێک هەبن بانگەشە بۆ ئەو جۆرە کردار و نەریتانە بکەن.

٣ـ تەنها وەڵام بۆ ئەم جۆرە کەسانە گفتوگۆ و ڕونکردنەوە و گەیاندنی دڵنیایی و لابردنی گومانەکانە نەک شتێکی دیکە، لە هەر چوار ئایەتەکە هیچی تر بەدی ناکەیت.

٤ـ هیچ جۆرە بڕیارێکی وەک کوشتن و ڕاوەدونان و دەرکردن دیاری نەکراوە و لەسەریشی بەرجەستەنابێت.

## چەمکی تەکفیر

وشەکە لە سێ پیت پێکدێت (الكاف والفاء والراء) لە بنەڕەتدا بۆ سێ واتای زۆر لەیەک نزیک بەکاردێت(الستر والتغطية والتغليف) شاردنەوە، داپۆشین، پێچانەوە. **(وأَصلُ الكُفرِ من الكَفْرِ بالفتح مَصدَر كَفَرَ بمعنى السَّتْر، قيل للمزارع : « كافراً » لإنه يغطي البذر بالتراب , و منه سمي الكفر الذي هو ضد الإيمان « كفراً » لإن فيه تغطية للحق بجحد أو غيره )** (١٤).

هەروەها (**كفّر بتشديد الفاء**) بە واتای بڕیاری بەکافرکردنی دا، دووریخستەوە لە بازنەی دینداری بە بێ دین لەقەڵەمیدا، ئەمە کردارێکی خود سەریە کەسێک دەیکات بۆ سزادانی کەسێکی دیکە، یان بۆ دابڕانە هەتا پەشیمانی خۆی لە هەڵەیەک دەربڕێت بەم رێگەیە. (**حَكَمَ بِتَكْفيرِهِ: الحُكْمُ عَلَيْهِ بِالإِلْحادِ، أَيْ إِبْعادُهُ وَإِخْراجُهُ عَنْ مَبادِئِ دِينِ الجَماعَةِ فعل تطوعيّ من تعذيب الذّات، أو الانقطاع للتّعبير عن النّدم على خطيئة** (١٥).

کەواتە تەکفیر: بریتییە لە ناوزەدکردنی کەسێکی بڕوادار بە بێبڕوا و لە ئایین دەرچوو.

لە قورئانی پیرۆزدا ئەم چەمکە بەمشێوەیە نەهاتووە، ئەوەی بەدی دەکەین وشەی (**كُفر**، كفور، الكافر) ئەمانەش هەموویان یان کرداری کەسێکە یان سیفەتیەتی، تەنها دەرخستنی کردار و سیفەت و ئەتواری کەسەکانە کە هەڵگری ئەم ناوەن.

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە تەکفیر جۆرێکە لە تاوانبارکردن و لکانی سیفەتی بێباوەڕیە بە کەسانێکەوە، ئەمەش یان ستەمە و گومانە و بنەمایەکی دروستی نیە، یان ڕاستە و بۆ ڕونکردنەوە و دەرخستنە، هەرکامیشیان بێت نەکراوەتە وەزیفەی بەندە و کاری ئەو نیە.

## باسی دووەم

## بێباوەڕکردن و بە نەزان دانان (تەکفیردن و بە جاهیل کردن) لە دیدی ئیسلامدا

لە کۆن و نوێدا لەلایەن هەندێک گرووپ و لایەنەوە چەمکی تەکفیر کراوەتە چەکێکی بەکارهاتوو دژی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتە ستەمکارەکان، هەروەک چۆن چەکێک بووە دژی نەتەوە و چین و توێژە جیاوازەکان و ئایین و ئاینزاکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە. لەڕاستیدا تەکفیرکردن و سەپاندنی ئەم بڕیارە وەک تاوانێکی گەورە وایە، پشت نابەستێت بە بنەمایەکی قورئانی دروست.

تەنها جۆرە تێگەیشتن و دیدێکی تایبەتی تاکە کەسییە کە سازکراوە بە گوتاری سۆزداری بێ زانیاری دروست، بۆچونێکە لە سادەترین سەرنجداندا لەگەڵ بەها باڵا و مەبەستە گرنگ و بە قەدرەکانی شەریعەتدا یەکناگرنەوە. خراپترین داهێنراو و دەردێک کە بەرۆکی مسوڵمانان و کۆمەڵگەکەیانی گرتبێت ئەم دەردەیە. باشترین بەڵگەش قورئان و فەرمودەکانە کە چەمکی تەکفیر بەکارناهێنن و بەو واتا و مانایە دەستت ناکەوێت، چونکە ئەمە کاری ئێمە نیە و ئسلامیش بۆ ئەوە نەهاتووە، گەر مژدەی باش و جوان و دڵخۆشکەری پێنەبێت پێچەوانەکەشی پێنیە.

بۆ نمونە دەفەرموێت: **قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ**(١٦)، بەو سیفەتە بانگیان دەکات کە خۆیان ڕایانگەیاندووە: **(قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ...) المتحنة: (٤)، إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ**(١٧)، **وقال النبي صلى الله عليه وسلم: (لا ترجعوا بعدي كفارا يضرب بعضكم رقاب بعض»)** (١٨). (١٩) لە قورئان و فەرمودەکاندا بەکافرکردن نیە، زۆربەی ئایەتەکانی

قورئان سەرنج بدە وشەی (کافرون وک□فار) زۆرتر بەکارهاتووە لە چەندین سورەتدا بە ڕوونی دەیبین.

کەواتە بەکارهێنانی جاهیلیەت و تەکفیرکردن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و سەپاندنی بەسەر خەڵکدا واتای گەڕانەوەیە بۆ مێژوویەکی کۆنی پێش ئیسلام، مانای دابڕانی تەواوەتیە لەم کۆمەڵگەیە، ناشیرین کردنی ڕووی جوانی ئیسلام و شەریعەتەکەیەتی، دورکەوتنەوەیە لە هەموو بەها جوانەکانی.

کردار و گوتاری هەندێک نابێتە ڕێخۆشکەر و ڕەوابوونی ناسەلمێنێت لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- تەکفیری مسوڵمانێک بەبێ هەبوونی هۆکارێکی شەرعی قەدەغە و نادروستە، خۆ ئەگەر بە کەسێک بڵێیت (یا کافر) و وانەبێت بۆ خۆت دەگەڕێتەوە، ئەمە واتای ئەوە نیە ئەم چەمکە زۆر بقەیەو نابێت دەستی بۆ بەرن.

٢- مافی تاکە تاکەکانی کۆمەڵگە نیە بڕیاری ئاوا بدەن بەسەر هیچ کەسدا، خۆ ئەگەر کەسێک دژی ئیسلام بوو، یەکێک لە بەندەکانی براو و چەسپاوەکانی ڕەتکردەوە و، هەموو ڕوونکردنەوە و بەڵگە و ڕێگە و شێوازەکانی پێویست بۆ تێگەیاندن نەما هەمووی تاقیکرایەوە ئەوکاتیش هەر ئەو مافە نەدراوەتە دەستی تاکێک بڕیاری لەو جۆرەی بەسەردا بدات، دەبێت دەزگای دادوەری بڕیار بدات.

(قال الأصوليون وعلماء التوحيد إن إطلاق لفظ الكفر على فعل ما، من حيث هو فعل، لا يعني بالضرورة أن مرتكب الفعل كافر، لأن تكفير المسلم يحتاج لأن تباشره جهة مختصة تحاكم الناس على هذا الفعل وتستبين سبب القيام به، وتبحث إذا كان مرتكبه مستحل له أم غير ذلك، ثم تبين الأمر لصاحب الشأن وتستتيبه)(٢٠).

٥- ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا گوناهو تاوان ئەنجامدرا ئیتر مانای ئەوە نیە کە ئەو خەڵکە کافر و بێدینن و هەموویان جاهیلن، ئیسلام پێی نەوتوین برۆن بزانن ناو دڵەکان چییان تێدایە دەریبکەن و بەو ڕێگەیە پۆلێنیان بکەن.

دەسەڵاتی چونە بەهەشت و دۆزەخیش نەدراوەتە دەستی ئێمەی مرۆڤ، ئەبو سەعید دەفەمویێت: «(بعث علي وهو باليمــن بذهبية إلى النبي صلى الله عليه وسلم فقسمها بين أربعة، فقال رجل : اتق الله، فقال صلى الله عليه وسلم: ويلك، ألست أحق أهل الأرض أن يتقي الله، ثم ولى الرجل فقال خالد بن الوليد يا رسول الله، ألا أضرب عنقه؟ فقال : لا، لعله أن يكون يصلي، فقال خالد : وكم من مصل يقول بلسانه ما ليس في قلبه ، فقال النبي صلى الله عليه وسلم : إني لم أومر أن أنقب في قلوب الناس ولا أشق في بطونهم) (٢١).

٦- لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ئیتر ئەو دەستەواژەیە بەکارنایەت، ئەو سەردەمە تێپەڕیوە، ئەوەشی کە هەندێک لە نوسەران بەکاریانهێناوە بەناوی (جاهلية القرن العشرين) جۆرێک لە زیادەڕەوی و کاریگەر بوون بەو ژینگەی پێوە دیارە کە نوسەرەکەی تێدا ژیاوە، هەروەک ماناکەیان گۆڕیوە و واتایەکی دیکەیان داوەتێ جیاواز لە واتهاکەی خۆی وەک سەید قوتب دەڵێت: (حكم البشر للبشر لأنها هي عبودية البشر للبشر والخروج من عبودية الله ورفض ألوهية الله والاعتراف في مقابل هذا الرفض بألوهية بعض البشر، بالعبودية لهم من دون الله) یان محمد قوتب (رەحمەتی خوای لیبیت) یان محەمەد قوتب دەڵێت:( حالة نفسية ترفض الاهتداء بهدي

الله، ووضع تنظيمي يرفض الحكم بما أنزل الله) (٢٢)، بە هاتنی پێغەمبەر ئەم چەمکە کۆتایی هاتووە مەگەر لەسەر ئاستی تاک بە شێوەیەکی تایبەت و مەرجدار بەکاربێت بۆ هەندێک ڕەفتار و دابونەریت، وەک دەفەرموێت: **(أَرْبَعٌ فِى أُمَّتِى مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لاَ يَتْرُكُونَهُنَّ الْفَخْرُ فِى الأَحْسَابِ وَالطَّعْنُ فِى الأَنْسَابِ وَالاِسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ وَالنِّيَاحَةُ) (٢٣).**

## باسی سێهەم
## کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی

ئەگەر کۆمەڵگە بریتی بێت لە ژینگەیەک کە مرۆڤی تیادا بژی و ڕێکەوتبن لەسەر کۆمەڵێک بنەما و بەرژەوەندی، ئەوا مەرج نییە ئەو مرۆڤانە هەموویان یەک هەڵوێست و یەک ئایدیا و یەک ڕەفتار و یەک ئایین کۆی کردبنەوە.

لە هیچ ئاین و ئایدیایەکی ئاسمانیدا نیە کۆمەڵگا پاکتاو بکرێت و جگە لە یەک ئایین و ئایدیا ڕێگە بە ئەوانی تر نەدات و مافی ژیانیان لێوەربگرێتەوە. باشترین نمونەش کۆمەڵگای مەدینە بوو، کرایە پایتەختی ئیسلامی، بەڵام ئاینەکانی تر پاکتاو نەکران، بەڵکو بە یاسا ماف و ژیانیان ڕێکخرا.

قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا دەفەرموێت: **(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ) البقره: (٦٢)، یان دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) الحج: (١٧)**، یەکەیەکە ناوی ئەوانە دەبات کە لە کۆمەڵگەدا هەبوون و دەبن. ئەوانیش (بڕواداران، جووەکان، گاورەکان، صابیئەکان، ئاگرپەرستەکان، هاوبەشخوازنی خودا)، هەموو ئەمانە لە کۆمەڵگەدا دەبن و دەژین، ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیەن، ئایا دەکرێت ئەمانە بە چەمکی تەکفیر و جاهیلیەت داگرینەوە و کەسایەتیان و مافیان وەلا بنێین، گەر وابوایە قورئان ئەمەی بە ڕاشکاوانە دەفەرموو، بەڵام یەکلاکردنەوەی گرفتی فکر و هزر و باش و ناباشیان دەخاتە قیامەت**(إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)**.

کەواتە مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە چەندین گەل و هۆز و نەتەوە، زمانی جۆراو جۆر، ئینتیما و هۆگری ڕەنگاو ڕەنگ و ئایین و ئاینزاو ئایدیای جیاواز پێکدێت، بەهەموو ئەمانە دەبنە کۆمەڵگە. خوای گەورە دەفەرموێت: **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) الحجرات: (١٣).**

## باسی چوارەم
## کاریگەرییەکانی ئەم دەستەواژانە

هەموان دەزانین کە ئەم دو چەمکە گەر بەوشێوە نادروستە بەکاربهێنرێت، کۆمەڵێک شوێنەواری کۆمەڵایەتی و ئایدیایی و هزریی و سیاسی دەهێنێتە گۆڕێ و کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لە سەر تاک و کۆی کۆمەڵگا، هەندێک لەو کاریگەریانە بریتین لە:

١- دیارترین شوێنەوار بریتییە لە دابڕانی مسوڵمان و کۆمەڵگەکەیان لە نەتەوە و ئاینەکانی ترو، ئەمەش وەک پێویستییەکی شەرعی سەر دەکرێت و دواجار هەڵوەشاندنی بنەماکانی پێکەوەژیانی لێدەکەوێتەوە.

ئەوانەی هەڵگری ئەم جۆرە بیرەن بەلایانەوە جاهیلیەتی کۆمەڵگە شتێکی بەڵگە نەویستە و دەبێت بەبێ ئەملاولا خۆیان دابڕن، ئەمە خۆی هەڕەشەیە

لە ژیان و خودی ئاینی ئیسلام.

٢. لەوەش خراپتر بە پاڵپشتی دەقی شەرعی و ئیسلامدۆستی و خزمەت بە نەخوێندن دەدرێت ئایەتی: (**هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ) الجمعة**: (٢). دەکەنە بەڵگە و دەڵێن دەبێت دورکەوینەوە لە خوێندنگە و قوتابخانەکان و پرۆسەی فێرکردنیان بایکوت بکەین، تا سیفەتی (الأمية) بەرجەستە بکەین، چونکە خوای گەورە ئەم گەلەی بە ئوممی ناوبردووە، واتا هەموو جۆرە رۆشنبیریی و زانستێکی دەوروبەر رەتدەکەینەوە.

٣. هەر لەم سۆنگەوە وێرانکردنی کۆمەڵگە دەکەنە واجبێکی شەرعی و ژیانی هەزاران خەڵکی هەژار و سڤیلی کۆمەڵگە دەخەنە بارێکی گران و سەخت. ژیان لە هەموان تاڵ دەکەن تەڕو ووشک و چاک و خراپ هەمووی پێکەوە وێران دەکەن. خوێنی هەزاران بێتاوان حەڵاڵ دەکەن، ملیارەها دینار و دۆلاری وڵات بە هەدەر دەبەن.

٤. دورخستنەوەی موسڵمانان بەتەواوی لە مانا جوانەکانی ئایین و ئاینپەروەری، مانای سۆز نامێنێ، چونکە دەڵێت خۆ من هەر دەخنکێم بۆچی لە تەڕبوون دەترسم(أنا الغريق فما خوفي من البلل).

٥. لێرە بێ ئاگاییەکی تەواو لە ئایین بڵاودەبێتەوە و مەودا نامێنێت بۆ خوێندن و شارەزابوون، زەمینەی نەزانین بەرجەستە دەبێت، دەبێتە زۆنگی گەشەسەندنی ئەم جۆرە بیر و هزرە.

٦. ئاسایشی خێزانی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی نامێنێت، تەنها ترس و بیم و تۆقاندن و دابڕان و لێکترازان جێگرەوە دەبێت، ئیتر پەروەردەی نەوەکان و ئایندەی گەلان دەکەونە مەترسی گەورەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. ابن فارس، معجم المقاييس مادة «جهل».

٢. ابن منظور، لسان العرب مادة «جهل.

المزهر. في علوم اللغة وأنواعها، شرح وتعليق أحمد جاد المولى ٣. السيوطي:

٤. التحرير والتنوير(٢٢/١٢-١٣).

٥. البقرة (٢٧٣).

٦. مفردات الفاظ القرآن (٢٠٩)الراغب الاصفهاني.

٧. التحرير والتنوير (١٣٥/٤).

٨. التحرير والتنوير(٦-٢٢٧).

٩. بحرالعلوم (٤٢٠/١).

١٠. أيسر التفاسير لكلام العلي الكبير(٢٦٥/٤).

١١. أيسر التفاسير لكلام العلي الكبير(٢٦٥/٤).

١٢. التحرير والتنوير(٢٢/١٢-١٣).

١٣. أيسر التفاسير لكلام العلي الكبير(١١٠/٥).

١٤. التحريرو التنوير(١٩٣/٢٦).

١٥. لسان العرب(١٤٤/٥-١٤٥)، كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم (١٣٦٨/٢) محمد حامد التهانوي.

١٦. معجم المعاني الجامع ومعجم المصطلحات الفقهية.

١٧. سورة الكافرون ١٠٩/ ١.

١٨. صحيح البخاري، كتاب العلم، باب الإنصات للعلماء، ١٢٥/١ رقم الحديث: ١٢١، وصحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب لاترجعوا بعدي كفارا، ٥٨/١ رقم الحديث: ٢٣٢.

١٩. ينظر:آيات الكفر في القرآن الكريم (٢٠-٣٠) أول الدين يحيى الإندونيسي، العام الجامعي ١٤٣٤هـ/ ٢٠١٢م، دولة ماليزيا.

٢٠. عون المعبود شرح سنن أبي داود(٢٤١/٣_٢٤٢)، ١٩٩٥م. فتح الباري شرح صحيح البخاري(٢٨/٣_٢٩). الموسوعة الفقهية الكويتية(٢٣٤/١٤).(١٤٥/٣٦). الإبهاج في شرح المنهاج على منهاج الوصول إلى علم الأصول للبيضاوي(٢٨٨/١)).

٢١. **أخرجه البخاري في صحيحه(١٦٣/٥) برقم (٤٣٥١) بَاب بَعْثُ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ عَلَيْهِ السَّلَام وَخَالِد.**

٢٢. سيد قطب، في ظلال القرآن، جزء٢، ص٩٠٤، معالم في الطريق، ص٨٨ وما بعدها، ومحمد قطب، جاهلية القرن العشرين، ص٨.

٢٣. أخرجه مسلم في صحيحه(٦٤٤/٢) برقم(٩٣٤) باب التشديد في النياحة.

# تەوەری داهاتوو

## (ئیسلام و مێژوو)

گۆڤاری خاڵ بابەتی(ئیسلام و مێژووی مسوڵمانان) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١- ئایا ئەوەی هەیە مێژووی مسوڵمانانە یاخود مێژووی ئیسلام؟

٢- ئایا مێژووی مسوڵمانان پیرۆزە و دەستکاری ناکرێت، یاخود دەکرێت خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی بۆ بکرێت؟

٣- زیانەکانی بە پیرۆز تەماشاکردنی مێژووی مسوڵمانان چین؟

٤- ئایا دەقەکان سەرچاوەی تەشریعن، یان مێژووی مسوڵمانان؟

٥- ئیسلام وەك ئایین، تا چەند بەرپرسیارە لە مێژووی مسوڵمانان؟

٦- ئایا کەلتووری پێش ئیسلام کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان؟

٧- نوسەرانی کورد چۆن لە مێژووی مسوڵمانان دەڕوانن؟

٨- کورد وەك نەتەوە تا چەند ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی مێژووی مسوڵماناندا؟

٩- ڕۆژهەڵاتناسان جۆن لە  ئایینی ئیسلام و مێژووی  مسوڵمانان دەڕوانن؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەرێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەو تەوەر و بورانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (٢٠١٧/١/١٠) بنێرن بۆ گۆڤاری خاڵ.

- داواکارین لە نوسەرانی خۆشەویست لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا وێنەیەکی گونجاوی خۆیان و پرۆفایلی خۆیانی لەگەڵدا بنێرن.

# کۆلێج و دامەزراوە فێرکارییە ئایینییەکان و کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی بیری توندڕەوی



**د. حسەین محەمەد ئیبراهیم**

لەدایکبووی ١٩٧٧. دکتۆرا لە شەریعەتی ئیسلامیی
دوو کتێبی چاپکراو و چەند توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.



مەبەستمان لە دامەزراوە فێرکارییە ئاینییەکان ئەو خوێندنگە و پەیمانگا و کۆلێجانەن کە بەشێوەیەکی دامەزراوەیی تێکست و دەقە ئاینییەکان و پەیام و زانستەکانی پەیوەست پێیانەوە فێری خوێندکاران دەکەن و، ئامادەیان دەکەن بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا لە بواری ئاین و پەیامەکانی.

لە سەدەکانی ڕابردوو خوێندنی ئاینی چەندین شێواز و ڕیتمی بەخۆیەوە بینیوە، لە زۆربەی شوێنەکان لەسەر شێوەیەکی دامەزراوەیی نەبووە و کەسانی خوازیاری ئەم بوارە لەلای زانا و مامۆستایانی ئایینی فێری زانستەکان بوون، هەرچەندە بەدەر نەبووە لە ڕەچاوکردنی هەندێ یاسا و ڕێسا کە خوازیاران پێوەی پابەندبوون، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە وەک دامەزراوەیەکی فێرکردن سەیریان بکرێت، لە هەمانکاتیشدا جیهان بەتایبەت جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی ڕابردوودا بەدەر نەبووە لە بوونی هەندێک لە قوتابخانەی گەورە کە دەتوانین بڵێین لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوون لە ڕووی کارگێڕیی و دامەزراوەییەوە، بەشێوەیەک ئەو دامەزراوانە توانیویانە سەدان خوێنکاریان لە یەک کاتدا هەبێت و مامۆستا و جێگای مانەوەو خواردن و هەموو پێداویستییەکانی خوێندکاران دەستەبەر بکەن، وەک قوتابخانە نیزامییەکان کە سەدان ساڵ لە بەغداد و نەیساپور شارە گەورەکانی جیهانی ئیسلامیدا هەبوون لە سەردەمی عەباسی و سەلجوقی و ئەیوبییەکاندا، هەروەها قوتابخانەی ئەزهەر و موستەنسرییەو قوتابخانەی بەلات... هتد، کە خوێندنی ئایینی و تەواوی زانستە پەتییەکان گرنگیان پێدراوە، ئەمانە سەدان زانا و بیرمەند و پزیشک و فەیلەسوفیان پێگەیاندووە.

ئەگەر سەیرێکی دامەزراوە ئاینیە فێرکارییەکان بکەین لەم سەردەمەدا کە گرنگی دەدەن بە بوارەکانی فێرکردنی ئاینی ئیسلام، و کاریگەری لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا ئیسلامیەکان دادەنێن، دەبینین ئەم دامەزراوانە خۆیان دەبیننەوە لە قوتابخانە ئاینییەکان و کۆلێج و پەیمانگا* و زانکۆ ئیسلامییەکان کە لە زۆربەی ئاوەدانی شارەکانی جیهانی ئیسلامیدا هەن، لە ڕووی میتۆدو ڕێباز و ئاینزاوە لە زۆربەیاندا جیاوازییەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت. لە کوردوستانی خۆشماندا چەندین کۆلێج و پەیمانگا و قوتابخانەی ئاینی هەن کە لە بواری فێرکردنی ئاینی و پێگەیاندنی مامۆستای ئاینی و وتاربێژیدا خزمەت دەکەن.

ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا تیشکی بخەمەسەر کاریگەری ئەم دەزگا و دامەزراوانەیە لەسەر بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی توندئاژوویی و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتیی، کە بەداخەوە ئەم هەژموونە لەم سەردەمەدا باوترین بابەتە لە جیهانی ئیسلامیدا، دەمەوێت بە شێوەیەکی زانستی باسلە ڕۆڵی ئەم دامەزراوانە بکەم کە تا چەند ئەم دامەزراوانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون بۆ ڕێگرتن لەم دیاردەیە، ئایا ئەندام و هەڵسوڕاوانی ئەم گرووپە توندڕەوانە دەرچووی ئەم دامەزراوانەن؟تا چەند ئەم دامەزاوانە دەتوانن پەیامی ڕاستەقینەی ئیسلام کە برایەتی و مرۆڤ دۆستی چەقی ڕێنماییەکانیەتی بدەن بە گوێی کۆمەڵگادا؟

لەڕاستیدا زۆر بە ئاسانی دەتوانین بیسەلمێنین کە ئەم دامەزراوانە کاریگەری ئەرێنی و باشیان هەبووە و دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بیری توندڕەوی، دەرچووەکانی ئەم کۆلێج و دامەزراوانە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان دەچنە نێو بزوتنەوە توند ئاژووەکانەوە، ڕاپۆرتە جیهانییەکان ئەمە پشت ڕاست دەکەنەوە وەک دواتر باسیان دەکەین، هۆکاری ئەمەش بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە:

١.    ئەم دامەزراوانە بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە زانستە شەرعیەکان دەگەیەننە خوازیاران، وانە و بابەتەکان بە ڕاجیایی و نسبییەوە فێری خوازیاران دەکەن، بۆیە ئەم خوێندکارانە فێری گفتوگۆی زانستی دەکرێن و توێژینەوە دەکەن لەناو ئاینزا جیاجیاکاندا کە هەریەکەیان بۆچونی جیاوازی هەیە لەسەر بەشێک لە بابەتە شەرعیەکان و خاوەنی دیدگا و بەڵگەی خۆیانن لە سەر تێڕوانین بۆ بابەتە واقیعی وشەرعیەکان، ئەمەش بەپێچەوانەی حەددیەتی نێوان حەق و باتیلەوەیە، دژە لەگەڵ پۆلێن کردنی خاوەن بۆچونە جیاوازەکان لە دەرەوەی خۆ و کۆمەڵگە.

٢.    پەیڕەوی خوێندن لەم دامەزراوانەدا لەلایەن گەورە زانایان و پسپۆڕانەوە دانراوە و، سەرچاوەکانی زانایانی پێشین دەخوێندرێن، کە زۆر دوورن لە هاندان بۆ بڵاوبونەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە. لە هەمانکاتیشدا کەلەپوری ئیسلامی زۆرترین ئەو کتێبانە پێکدێنن کە دەخوێنرین تیایاندا و پەیڕەو دەکرێن.

٣.    بەهۆی ئەوەی ئەم کۆلێج و دامەزراوانە بەشێکی بەرچاو لە خوێندکاران لەخۆدەگرن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا و، ئەم خوێندکارانە هەریەکەیان لە ژینگەیەکی جیاوازەوە هاتوون لە ڕووی پەیوەستبونیان بە ڕێنماییە ئاینییەکانەوە جیاوازن، دەبینین بە ئاسانی بیروبۆچونە نامۆکان گەشە ناکات لە نێویاندا، هەروەها گفتوگۆی زانستی بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەیان لەسەر بابەتە ئاینییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێژەیی بوونی حوکمدان لەسەر بابەتە واقعییەکان و ڕوونبونەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی لەلایەن زۆربەیان.

٤.    ستافی وانەبێژ لەم دامەزراوانەدا بە ئاسانی ناتوانن وانە بڵێنەوە، بەر لە هەموو شتێک دەبێت خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی باڵا بن، کە ئەم جۆرە بڕوانامانە بە ڕێکارە زانستییە ڕۆتینیەکاندا تێپەڕیون، بەبێ قوڵبونەوە لە بەڵگە و دەق و تێکست و ڕاوبۆچونی زانایان بەدەست نایەن، بۆیە بەدەگمەن دەبینین کە هەڵگران و سەرانی بیری توندڕەوی خاوەن بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا بن لە بوارەکانی زانستە شەرعییەکان، چونکە قوڵبونەوە لە دەق و تێکستە ئاینییەکان مرۆڤەکان نزیک دەکاتەوە لە واقیعی بوون لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، میانڕەوی و تێگەیشتنی دروست بۆ لێکۆڵەر و زانایان دروست دەکەن.

٥.    هەڵکەوتەی ئەم دامەزراوانە شێوەیەکی شارستانیانە بەخۆیانەوە دەبینن لە ڕووی بینا و کەرەستەکانی خوێندن و خزمەتگوزارییەکان و جلوبەرگ و ئیلتیزامە ڕۆتینیەکان...هتد، ئەمەش تا ڕادەیەک کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەبوونی خوێندکاران بەشێوەیەکی شارستانیانە و مامەڵەکردنی واقیعیانە لەگەڵ دەوروبەر و دامەزراوەکان.

٦.    ئەم دامەزراوانە لەژێر چاودێری دەوڵەتاندان، سەر بە دامەزراوە باڵاکانن، سەرپەرشتی دەکرێن لە ڕووی میتۆدو پەیڕەووەوە، بۆیە بە ئاسانی بڵاوبوونەوەی ئەم بۆچونە توندانە گەشە ناکات لەنێو خوێیندکارانیاندا.

هەربۆیە زۆریک لەو لێکۆڵینەوە جیهانیانەی کە لەسەر گرووپ و ڕێخراوە توندئاژۆکان کراوە دەریانخستووە کە کەمترین کەس لەناو ئەم گرووپ و ڕێکخراوانە دەرچووی کۆلێج و پەیمانگا و دامەزراوە شەرعی و ئاینییەکانن.

لە تازەترین لێکۆڵینەوەدا کە کۆلیجی (واست بۆینتی) سەربازیی ئەمریکی ئەنجامیداوە لە نیسانی ٢٠١٦ دا لەژێر ناونیشانی:

» THE CALIPHATES GLOBAL WORKFORCE: AN INSIDE LOOK AT

به ڕوونی تیشک دەخاتە سەر بڕوانامەی ئەندامانی گرووپی داعش، تیایدا هاتووە کە ٤٦٪ ئەندامانی ئەو گرووپە خاوەنی بڕوانامەی ئەکادیمین، لەو ڕێژەیەش کە ئەکادیمین لە ٥٧٪ یان دەرچووی کۆلێج و بەشە زانستییەکانن، ئەوانەی کە شارەزاییان هەیە لە بابەتە ئاینیەکانیان و ئەو پسپۆڕییەیان خوێندووە و دەرچووی ئەو دامەزراوانەن ڕێژەی: ١,٢٪ ئەندامانی ئەو گرووپەن.

هەروەها لە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکیدا کە بڵاوکراونەتەوە سەبارەت بە ئەندامانی گرووپی داعش ئاماژە دراوە بەوەی کە زۆربەیان خاوەن بڕوانامەی ناوەندی ودواناوەندین، هەندێکیشیان خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیی و باڵان، زۆرینەی ئەو خاوەن بڕوانامانە دەرچووی بەشە زانستییەکانن و کەمێکیان خاوەنی بڕوانامەی کۆلێج و پەیمانگا مرۆڤایەتی و ئاینییەکانن.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە (سەنتەری لێکۆڵینەوە ئاینییەکان و جوگرافیا- Center on Religion and Geopolitics) لە ساڵی ٢٠١٦ بڵاوی کردۆتەوە لەسەر ژیانی (١٠٠) سەرۆک و کەسایەتی گرووپە توندئاژووەکان لە ٤١ دەوڵەتدا، کە تەواوی پرۆفایلی هەریەکەیانی دیراسەکردووە، گەیشتونەتە چەند ئامارێکی وورد کە دەکرێت پشتی پێببەسترێت لە زۆربەی لایەنەکان و هۆکارەکانی دروستبوون و بڵاوبوونەوەی توندڕەوی. ئەوەی پەیوەستە بە ئاستی خوێندەواریی و ئەکادیمی ئەم گرووپانەوە تیایدا هاتووە کەمتر لە نیوەیان خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمین، بەڵام لەوانەش زۆربەیان لە کۆلێج و بەشە زانستییەکان خوێندویانە، لە ١١٪ یان دەرچووی بەشە مرۆییەکانن.

هەروەها لە ئاشکرابونی فۆرمی ئەندامێتی ٣٦٢ ئەندامی سعودی لە ناو گرووپی داعش هەندێک زانیاری سەرنجڕاکێش ئاشکرابووە سەبارەت بە ئاستی ئەکادیمی و خوێندنی ئەندامانی گرووپی داعش، کاتێک کە ئەو فۆرمانە شیکار کراون هەموو ئەو بۆچوونانەی سەرەوە پشت ڕاست دەبنەوە کە ئەندامانی ئەو گرووپانە کەمترینیان شارەزایین هەیە لە بواری زانستە شەرعییەکان، بۆیە یەکێک لە توێژەرە سعودییەکان بەناوی (عبدالله المالکی) دەڵێت: ئەو داتایانەی وەرگیراون لەو ئەندامە سعودیانەی ئەم گرووپە جێگەی سەرسوڕمان نین، چونکە گونجاوە لەگەڵ بە ئامانج گرتنی ئەم گرووپانە بۆ ئەوانەی کە ئاستی زانستە شەرعییەکانیان لاوازە، سودی خراپ لە حەماسەت و دڵسۆزی ئەم جۆرە خەڵکانە وەردەگیرێت بۆ قوربانیدان بەخۆیان... لە درێژەدا دەڵێت: دوژمنی ڕاستەقینەی ئەم گرووپە توندئاژووانە ئەو کەسانەن کە لە زانستە شەرعیەکاندا بەتوانان، چونکە توانای وروژاندنی پرسیارگەلی ئایدۆلۆجییان هەیە لە ڕێکخراوەکە و دەتوانن ڕەخنە لە سەرکردە و هەڵسوکەوتەکانیان بگرن.

کاتێک کە زانیارییەکانی پەیوەست بەم ٣٦٢ کەسە لێکدراوەتەوە دەرکەوتووە ئەوانەی کە ناوی خۆیان وا تۆمارکردووە کە (خوێندکاری زانستە شەرعیەکانن) ٢٢ کەسن، واتە بە ڕێژەی ٦٪ ن. ئەم نوسەرە پێیوایە زیادکردنی هاندان بۆ فێرکردنی زانستە شەرعیەکان لە پەیڕەو و پرۆگرامەکاندا زامنی پاراستی کۆمەڵگەن لە بڵاوبوونەوەی بیری توندڕەوی، چونکە ئەو کەسانەی شارەزان لە زانستە شەرعیەکان بە ئاسانی هەڵناخەڵەتێنرێن و بەرێوە نابرێن لەلایەن خەڵکانی نا شارەزاوە، بەڵام ئەوانەی کە شارەزاییان کەمە زۆر بە ئاسانی

یاریان پێدەکرێت و مێشکیان پڕ دەکرێت، هەروەها ئەم نوسەرە دەڵێت: تەنانەت ئەوانەی لەلای زانا و مەلا کۆنەکانیش خوێندویانە ناکەونە داوی بیری توندڕەوییەوە، چونکە ئەو زانایانە هەرگیز هەڵگری بیری توندو تەکفیری نەبوون.

بەدەر لەم ڕاپۆرتانە ئەو کەسانەی شارەزایی باشیان هەیە لە زانستە شەرعیەکان زۆر بە ڕوونی دەزانن کە ئەو کەسانەی نوێنەرانی ئەم گرووپانەن شارەزاییەکی سنورداریان هەیە لە زانستە شەرعییەکاندا.

دوا ئەوەی کە سەلماندمان کە ئەم دامەزراوانە ڕۆڵی باشیان هەیە لەسەر سنوردارکردنی بیری توندڕەوی، هەروەها بۆمان دەرکەوت بەپێی داتاکان کە ئەندامانی گرووپە توندئاژۆکان کەمترینیان دەرچووی ئەم دامەزراوانەن، دەتوانین بڵێین کە ئەم دامەزراوانە زۆر زیاتریان پێدەکرێت کە ئەنجامی بدەن بۆ کەمکرنەوەی بیری توندڕەوی لە کۆمەڵگادا ئەگەر دامودەزگاکانی سەرو خۆیان هاوکار و هەماهەنگیان بن، هەروەها دەتوان زانستە ئیسلامییەکان بەشێوەیەک فێری خوێندکاران بکەن کە بەشێوەیەکی پراکتیکی وابەستە بێت بە کۆمەڵگاوە، دەتوانن دژە توندڕەوی بڵاوبکەنەوە نەک هەر لەناو خوێندکاراندا، بەڵکو لەناو تەواوی کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی تردا، بەڵکو دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر پەشیمانکردنەوە وشۆردنەوەی بیری ئەو کەسانەی ئالودەبوون بەم بیرو بۆچونانە، ئەمەش بە ڕەچاوگرتنی نوێکاری تەواو لە پرۆگرامەکانیان، بەشێوەیەک کاریگەر بێت و مسوڵمانێکی ڕۆشنبیری میانڕەو بەرهەم بهێنێت.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە هەندێک پێشنیار بخەمە بەردەست بەرپرس و سەرپەرشتیاری ئەم دەزگایانە بۆئەوەی ڕەچاوی بکەن بۆ بەرەو

**هاندان بۆ فێرکردنی زانستە شەرعیەکان لە پرۆگرامەکاندا زامنی پاراستی کۆمەڵگەیە لە بڵاوبوونەوەی بیری توندڕەوی.**

پێشچون و بڵاوکردنەوەی بیری ئیسلامی میانڕەوی ڕەسەن لەناو خوازیاران و خوێندکارانی ئەم بوارە:

١. پێویستە پەیوەست کردنێکی تەواو بکەن لەوانە و پرۆگرامەکانیاندا لە نێوان وەحیی خودایی و بونەوەرو کەون بۆئەوەی هەردوکیان بەیەکەوە ببنە دوو سەرچاوەی تەواو بۆ مەعریفەی مرۆڤایەتی، هەروەک خوێندنەوەی هەریەکەیان بە ئەوی تر، و نیشاندانی کەون بە مرۆڤ و بونەوەرەکانی ترەوە بەشێوەیەک کە وابەستەن بە چەند یاسا و ڕێسایەکی فیتریی و چەسپاو و نەگۆڕ، بیناکراو لەسەر هێنانەدی هۆکار و ئەسبابەکان. جەختکردنەوە لەسەر سوننەتە خواییە چەسپاوەکان کە بۆ مرۆڤایەتی و بونەوەری چەسپاندووە.

٢. هێنانەکایەی مەیدانێکی هاوبەش لە نێوان زانستە ئیسلامییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستە سرووشتی و پەتییەکان، بەشێوەیەک کە هەندێک پرۆگرامی تایبەت بە ئاشنابوون بەو زانستانە بکرێنە بابەتی دیاریکراو و لە کۆرسەکاندا بخوێندرێن، وەک زانستی کۆمەڵناسی و زانستی دەروونناسی کە قوڵایی و پێگەی خۆی هەیە لەنێو زانستە ئیسلامییەکاندا.

٣. کارکردن لەسەر ئاشناکردنی خوێندکاران

**دەرچووانی ئەم كۆلێج و دامەزراوانە رێژەیەكی زۆر كەمیان دەچنە نێو بزوتنەوە توند ئاژووەكانەوە.**

بە بەها بەرزەكان كە خوای گەورە بە ئامانج دایناون و مەبەستەكانی هاتنی شەریعەتن.

٤. جەختكردنەوە لە پرۆگرامەكاندا لەسەر مرۆڤ دۆستی و رێزگرتن لە مرۆڤ و هەر بیروبۆچون و ئاین و ئاینزایەك كە هەیەتی، هەروەها رونكردنەوەی ئەو دەقانەی لەمبارەیەوە هاتون و جیاكردنەوەی ئەو دەقانەی كە بۆ كاتی جەنگن لەوانەی كە بۆ كاتە ئاساییەكانن.

٥. گێرانەوەی زانستە ئیسلامییەكان بۆ سروشتە كۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە ئاوەدان ئامێزەكەی خۆی و بچراندنی لە هەموو ئەو بازنە داخراو و شكانەی كە خزمەت بە گەل و مرۆڤایەتی ناكەن، هەروەك وابەستەكردنی بە ژیانی مرۆڤانەی گۆراو، بەشێوەیەك جیاكاری تەواو بكرێت لە نێوان ئەو دەق و تێروانینانەی كە نەگۆرن لەو دەق و تێروانینانەی كە گۆراون بەپێی كات و شوێن و مرۆڤەكان.

٦. بنیاتنانی بناغەیەكی فیكری لە زیهنی خوێندكاراندا بۆ گفتوگۆ و هەڵكردن لەگەڵ گەلان و ئاین و ئاینزاكانی تر، بەشێوەیەك هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و گونجاو لە نێوانیاندا بدرێت، هەروەها تەماشا نەكردنی هەڵگرانی ئەو ئاین و ئاینزایانە وەك دوژمنی شەرِكەر.

٧. دروستكردنی جیلێكی رۆشنبیر و زانای وەها كە زۆر شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ كەلەپوری ئیسلامیدا بكات و بەكاری بهێنێت.

بەشێوەیەكی تەندروست لە خزمەتی پەیامی ئیسلامی میانرەودا، نەخوێندنەوەی ئەو كەلەپورە دەوڵەمەندە وە ك دەقی پیرۆز، چونكە مەبەست لە كەلەپوری ئیسلامی دەقەكانی قورئان و فەرمودە نیە، بەڵكو هەموو ئەو نوسراو و پاشماوە مەعریفیانەن كە لەژێر رۆشنایی دەقەكاندا وەك راڤە نوسراون و هەموو ئەو بۆچون و هەڵسوكەوت و ئیجتیهادانەن كە زانایان لە سەردەمی خۆیاندا تۆماریان كردووە، كە دەكرێت ئێمەش بەپێی كاتی خۆمان خوێندنەوەی تر بۆ هەندێكیان بكەین.

٨. مامەڵەكردن لەگەڵ مێژووی ئیسلامی بەشێوەیەكی تەندروست و دەست خستنە سەر كەم و كوری دەسەڵاتدارانی ئیسلام لە سەردەمە جیاوازەكاندا، نەك هەر لە سنوری مەدح و سەنادا بیانهێڵنەوە، لە هەمانكاتیشدا دەستكەوت و داهێنانەكانی مسوڵمانان و دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لە چەرخە جیاوازەكاندا بخرێتە نێو پرۆگرام و بابەتە خوێنراوەكان.

٩. پرۆگرامەكان لەسەر بنەما زانستییە نوێیەكان لە بواری راهێنان و وانەووتنەوە دابرێژرێنەوە بەشێوەیەك كە مامۆستا بتوانێت زۆرترین زانیاری بە خوێندكاران بدات لە كۆرسەكانی خوێندندا، بەشێوەك حەز و ئارەزوو بۆ خوێندكاران زیاد بكات.

١٠. دانانی پلانی پراكتیكی لە كۆرسەكانی خوێندندا بۆ پەروەردەكردن و بنیاتنانی زانای ئاینی هاوچەرخ بەشێوەیەك كە ئەو زانایانە بتوانن كاریگەریان هەبێت لەسەر بنیاتنانی كۆمەڵگایەكی میانرەو و تێگەیشتوو و دور لە هەموو بیرو بۆچونە توند ئاژووەكان.

١١. گرنگیدان بەخویندنی ماستەر و دکتۆرا لە بواری شەریعە و ئاسانکاری کردن بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی بە خۆماڵی زانستە شەرعیەکان وەربگرن و بۆ تەواوکردنی خویندنیان نەچنە دەرەوەی ولات بۆئەوەی جۆرەها بیروبۆچونی توند و نەگونجاو نەهێننەوە لەگەڵ خۆیان کە ناگونجێت لەگەڵ میانڕەوی کۆمەڵگای کوردەواری.

١٢. گرنگیدان بە مامۆستایانی ئەو دامەزراوانە و ئیفادکردنیان بۆ ولاتانی دەرەوە بەتایبەتی ولاتە بیانییە رۆژئاواییەکان بۆ بینینی دامەزراوە زانستییەکانی ئەوان، بەمەبەستی سودوەرگرتن لە شێوازی وانەوتنەوە و تێگەیشتن لە شارستانیەتی رۆژئاوا بە پراکتیکی و کرانەوەی زیاتر بە رووی دنیای دەرەوەدا.

ئەوەی کە ماوە بینوسین ئەوەیە کە زۆر پێویستە دەسەلاتدارانی دەولەتە ئیسلامییەکان بە گشتی و دەسەلاتدارانی هەریمەکەمان بەتایەتی بە گرنگەوە بروانە ئەم دامەزراوانە، وا تەماشایان بکەن کە ئەم دامەزراوانە دەتوانن بیروبۆچونی کۆمەڵگاکان بگۆرن و بیانخەنە سەر رێگای دروست لە بوارە ئاینیەکاندا، هەروەها هەوڵ بدەن تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ دەستەبەر بکەن، و زۆرترین دامەزراوەی هاوشێوە لە شار و شارۆچکەکاندا بکەنەوە و بە رێکوپێکی کار لەسەر رێکخستن و بە دامەزراوەکردنیان بکەن، نەک لە دوورەوە بە چاوی ترس و پارێزبەندییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و هەوڵ بۆ داخستن و کەمکردنەوەیان بدەن، چونکە بەدیلی ئەم دامەزراوانە بریتییە لە خوێندنێکی ناجۆر و بێ پرۆگرامی وا کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بیری توند و نامۆ لەنێو کۆمەڵگاکاندا.

## سەرچاوە:

- کتێبی: التعليم الديني بين التجديد والتجميد: د. گە جابر العلواني

- راپۆرتی:

THE CALIPHATES GLOBAL WORKFORCE: AN INSIDE LOOK AT THE ISLAMIC STATES FOREIGN FIGHTER PAPER TRAIL

– پێگەی: سەنتەری بەگژاچونەوەی تیرۆری سەر بەکۆلێجی واست بۆینت: (combating terrorism center at wast point) بلاوی کردۆتەوە» مێژووی سەردانیکردن: ٢٠١٦/١٠/٢٨، مێژووی بلاوکردنەوە: ٢٠١٦/٤/١٨.

– پێگەی: http://ar.vonpress.com/ وتارێک بەناونیشانی (داعشە سعودییەکان، چەند بەلگەنامەیەکی دزە پێکراوی پەیوەست بە رێکخراوەکەوە). مێژووی سەردانی کردن: ٢٠١٦/١٠/٢٨، کاتی بلاوکردنەوەی بابەت: ٢٠١٦/٥/٥.

* بەداخەوە لەمساڵدا بەبیارێکی ناتەندروست چەندین پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردوستان داخران، کە تائێستاش چارەنوسی خوێندکارەکان و مامۆستایانیان نادیارە، ئەو بریارە زیانێکی گەورەی گەیاند بە خوازیارانی خوێندنی ئاینی و پێگەیاندنی پێشنوێژو وتارخوێن لە هەرێمی کوردوستاندا.

# بابەتی گشتی



# هزری سیاسی ئیسلامیی:
## گرفتی میتۆد و دەروازەکانی چاکسازی



**د.دانا عەلی بەرزنجی**

لەدایکبووی١٩٨٠، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانستە ڕامیارییەکان. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی. خاوەنی سێ کتێب و چەندین توێژینەوەیەکی زانستییە.



هزری سیاسی ئیسلامیی یەکێکە لەو بابەتە فرەڕەهەندە گرنگ و پڕبایەخانەی کە بە درێژایی مێژووی ناوەندە فکریی و ئەکادیمییەکان و بیریار و پسپۆڕان گرنگیان پێداوە، بەڵام تائێستا نەتوانراوە لە خوێندنەوە و شیکردنەوەیەکی گشتگیر و تێروتەسەلدا بخرێتە بەردەست، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک کە دیارترینیان پەیوەندیی بە سروشتی بابەتەکە و زیندوێتییەوە هەیە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە دیدجیایی و میتۆدجیایی و ئامانج جیایی و گشتەبینی بە دیارترین فاکتەرەکانی دەژمێررێن.

دوو لە دیارترین ئەو گرفتانەی بەردەوام لە باسی هزری سیاسی ئیسلامیدا دێنە پێشەوە، بریتین لە جۆری میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هزرە لە لایەک و کاروانی چاکسازی و نوێگەری لەو هزرە و دەروازەکانی و لەمپەرەکانی بەردەمی لە لایەکی ترەوە.

لێرەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە هزری سیاسیی ئیسلامیی لە ئێستادا پێویستییەکی هەنووکەیی هەیە بۆ چاکسازی و نوێگەری، سەرکەوتنی هەر نوێگەری و چاکسازییەکیش بە ستراوە بەوەی کە: یەکەم: ئایا تا چەند سەرکەوتووە لە بەکارهێنانی میتۆدی گشتگیر و هەمەلایەنە لە داڕشتنەوەی ئەو هزرە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، دووەم: ئایا تا چ ئەندازەیەک دەتوانێت بە پشتبەستن بە پڕەنسیپی مەبەستەکانی شەریعەت بە دیدێکی سەردەمییانەی واقیعییانە دووبارە خوێندنەوەی ورد بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت بکات، سێهەم: ئایا تا چەند لە توانایدایە خۆی بپارێزێت لە پابەندبوونی کتومت بە کەلەپوری سیاسیی ئیسلامییەوە و بە ئەقڵییەتێکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ کەلەپوری خود و بەرهەمی ئەوانی تر دەکات لەپێناو بنیادنانی دید و تێڕوان و تیۆری نوێ و چاکسازی و نوێگەریی هزری سیاسیی ئیسلامییدا.

لەگەڵ ئەوەی بابەتەکە ئاڵۆز و فرەلایەنە و ڕەنگە نەتوانرێت لە باسێکی ئاوا کورتدا هەموو ڕەهەندەکانی شیبکرێتەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین بە دابەشکردنێکی لۆجیکییانە بابەتەکە سانا بکەینەوە. سەرەتا وەک دەروازەیەکی گرنگ پێویستە لە باسی یەکەمدا تیشک بخەینە سەر چییەتیی هزری سیاسیی ئیسلامی و سەرچاوەکانی و پرەنسیپە گشتییەکانی، پاشان لە باسی دووەمدا شیکردنەوەیەک بۆ گرفتی میتۆد لە هزری سیاسی ئیسلامییدا دەکەین، دواتر باسی سێهەم تەرخان دەکەین بۆ پرسی چاکسازی و نوێگەریی لە هزری سیاسیی ئیسلامییدا لە ڕووی لەمپەر و دەروازەکانییەوە، لە کۆتاییدا دەرەنجامەکان دەخرێنە ڕوو.

## باسی یەکەم
## چییەتی هزری سیاسی ئیسلامیی و سەرچاوەو پرەنسیپە گشتییەکانی

یەکەم: چییەتی هزری سیاسی ئیسلامیی

«هزری سیاسی ئیسلامیی» لە سێ وشە پێک هاتووە، کە هەر یەکێکیان لێتێگەیشتنی ئاسان نییە، چ جای ئەوەی دوو چەمکی کۆتاییان ببن بە سیفەت بۆ چەمکی یەکەمیان.

یەکەمیان وشەی «هزر»ە. هزر هەموو شتێکە کە دەرەنجامی ئەقڵ و ئەندێشە و تێفکرینی مرۆڤ بێت.

دووەمیان وشەی «سیاسی»یە، کە سیفەتە و لە وشەی سیاسەتەوە وەرگیراوە و سەدان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، بەبێ چوونە ناو وردەکاری چۆنێتیی لەدایکبوون و پەرەسەندنی وشەکەوە، هەریەکەیان لە دیدگایەکەوە پێناسەیان بۆ کردووە، بۆ نموونە: بەڕێوەبردنی شار، هونەر و زانست، هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات، هونەری

مومکین، دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی بەهاکان لە کۆمەڵگەدا، بەپوختی دەتوانرێت بوترێت بەشێک لە فەرهەنگە جیهانییەکان مەبەست و مانا گشتییەکەیان بەوە لێکداوەتەوە کە بریتییە لە بەدیهێنانی زۆرترین ئەندازەی بەختەوەری بۆ زۆرترین رێژەی خەڵک، واتە بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی و چاکسازیی گشتییە. بەڵام دوو ئاراستەی تر هەیە بۆ پێناسەی سیاسەت کە یەکەمیان دەڵێت دیاردەی سیاسی دیاردەی دەوڵەتە و زانستی سیاسەتیش زانستی دەوڵەتە، بەمەش لێتوێژینەوە سیاسییەکان پێویستە دەوڵەت بکاتە ناوەند و سەنتەر بۆئەوەی بتوانێت تیۆر و زانستی خۆی بنیات بنێت. بەڵام سیاسەت لە پێش دەوڵەتەوە بوونی هەبووە، بۆیە ئەمە پێناسەیەکی کلاسیکییە. دووەمیشیان، کە ئاراستەیەکی نوێیە، پێیوایە دیاردەی سیاسی دیاردەی دەسەڵاتە و زانستەکەشی زانستی دەسەڵاتە، چونکە چەمکی دەسەڵات بوار و ئاستی بەرزترو نزمتریش لە دەوڵەت دەگرێتەوە کە سیاسەت لێکۆڵینەوەی لێدەکات، بۆ نمونە، پارت و کۆمەڵەکان، سیاسییە ناوخۆییەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی کە هزری سیاسیش دەسەڵاتی کردووە بە دەروازە بۆ گەیشتن بە بەها باڵاکان لە رێگەی دەوڵەتەوە(١).

بەگشتی کاتێک چەمکی سیاسی وەک سیفەتێک دەخرێتە پاڵ هزر، دەیکاتە هزرێک کە بەدوای دۆزینەوەی جۆر و ئاست و شێوازی پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەوا و خەڵکیدا دەگەڕێت و هەوڵی شیکردنەوەی دەسەڵات و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەدات و بە دوای چاکەی گشتیدا دەگەڕێت.

واتە هەر راو بۆچوون و لێکدانەوە و راڤەیەک لە ئەقڵی مرۆڤەوە دەربچێت و پەیوەست بێت بە کۆمەڵگەی سیاسی و پرسە پەیوەندیدارەکان پێیەوە بەگشتی پێی دەوترێت هزری سیاسی. بەم واتایە، تەنانەت ئەگەر ئەو بەرهەمە هزرییەی کە پەیوەندیدارە بە کۆمەڵگەی سیاسی، لە شێوەی شیعر و پەخشان و چیرۆک و شانۆدا گوزارشتی لێکرا بێت، ئەوا هەر بە هزری سیاسی لە قەڵەم دەدرێت(٢).

رۆڵی هزری سیاسی لە سنووری پێناسەکردنی رووداو و سستەمە سیاسییەکاندا ناوەستێت، بەڵکو ئەو سنوورە تێدەپەڕێنێت و بەشدارییەکی کاریگەر دەکات لە دروستکردنی ئاراستە سیاسییەکان و رەفتاری تاک و کۆمەڵگە لە بەرامبەر رووداو و سستمەکان، بەڵکو دەتوانێت یان ببێتە رەوایەتیدەر بە سستمی سیاسی و جێگیربوونی ئەو سستمە، یان بە پێچەوانەوە، دەتوانێت ببێتە هەوێنی شۆڕش و گۆڕانکارییەکان و میکانیزمی هزریی لەدایکبوونی قۆناغی جومگەیی و وەرچەرخانی گەورە لە مێژووی گەلاندا.

لێرەدا دیالێکتی نێوان پارادیمەکان دروست دەبێت کە ئایا بیرمەند واقیع دەخوڵقێنێت؟ یاخود ئەوە واقیعە بیرمەند دروست دەکات؟ واتە ئایا هزر پێش واقیع دەکەوێت یان واقیع پێش هزر دەکەوێت؟ لێرەدا ریالیزمەکان بڕوایان وایە بیرمەند تەنها وەسفی واقیعێک دەکات کە حەقیقەتە و بوونی هەیە، بەڵام میسالییەکان بڕوایان وایە کە هزر دەتوانێت وێنایەک بۆ ئایندە بکێشێت و لە رێگەیەوە بەشدار بێت لە دروستکردنی واقیع و گۆڕینی. هەردوو دیدگاکەش بەشێکی زۆر لە راستییان تێدایە و دەکرێت بەپێی قۆناغە مێژووییەکان و جۆری بیرمەندەکان و واقیعەکەیان ئەم حاڵەتەش گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

سێیەمیان وشەی «ئیسلامیی»ـە، کە دەبێتە سیفەتی هزرە سیاسییەکە، لێرەدا دیارە مەبەست

لە ئیسلام مانا تایبەتەکەیەتی نەک مانا فراوان و گشتگیرەکەی، چونکە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان هەر بە ئیسلام ناوزەند دەکرێن لە مانا فراوانەکەیدا، چونکە هەموویان پەیامی یەکتاپەرستییان پێبووە، کەواتە مەبەست لە مانا تایبەتەکەیەتی کە بریتییە لە کۆتا ئاینی ئاسمانیی کە قورئان سەرچاوەی یەکەمییەتی و بۆ محەمەد پێغەمبەر(د.خ) هاتووەتە خوارەوە و بە ژیانی خۆی و فەرموودەکانی و شێوازی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی قورئان توانیویەتی وێنەی نمونەیی ئیسلام تەواو بکات.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە سیفەتی ئیسلامیبوون دەدەینە پاڵ هزرە سیاسییەکە، ئایا کام هزری سیاسی دەچێتە ئەو بازنەیەوە؟ ئایا هەر بەرهەمێکی عەقڵی کە پەیوەستبێت بە باری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەوە و لەژێر چەتری ئیسلام و لە سۆنگەی قورئان و فەرمودەوە بە هەڵێنجانی جیاواز و بەکارهێنانی میتۆد و دەروازەی جیاواز لە شیکردنەوەدا لەلایەن هەر تاکێکەوە بەرهەم هاتبێت، جا مسوڵمان بێت یان نا، بە بەشێک لە هزری سیاسی ئیسلامی لەقەڵەم دەدرێت؟ یان تەنها ئەو بەرهەمە هزرییە سیاسییە دەگرێتەوە کە خودی مسوڵمانان خۆیان بەرهەمیان هێناوە؟

لێرەدا ڕا جیایی هەیە، ڕای دیار ئەوەیە کە هەر هزرێک لە لایەن مسوڵمانانەوە یاخود لەژێر سایەی ژیاری ئیسلامی و قەڵەمڕەوی ئیسلامیدا و لە سۆنگەی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە صەحیحەکانەوە و پشتبەست بە واقیعی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان یاخود ئەندێشەی بیرمەندە مسوڵمانەکان هاتبێتە بەرهەم، ئەوا دەچێتە بازنەی هزری سیاسیی ئیسلامییەوە.

هزری سیاسی سێ ڕەگەزی سەرەکیی لە ڕەگەزەکانی کلتووری سیاسی لەخۆدەگرێت کە یەکەمیان فەلسەفەی سیاسییە، بە واتای ئەو هزر و ئەندێشە سیاسییانەیە کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە هەیە، واتا ئەوەی کە کار لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە ببێت، دووەمیان ڕێبازە سیاسییەکانە، بە واتای ئەو بیرە سیاسییانە و ئەو فەلسەفە سیاسیی و نا سیاسییانەن کە وەک موسەڵلەماتێک پێشکەشکراون و دەبن بە بیروباوەڕێکی دیاریکراو و خاوەنی سیفەتی ڕێکوپێکی و تەواوکاریی و پێکەوەگرێدراون. هەرچی سێیەمیانە خۆی لە مێژووی هزری سیاسیدا دەبینێتەوە، واتە ئەو هزرە سیاسییانەی کە لە شێوەی وێنە و زنجیرەیەکی مێژووییدا کۆدەکرێتەوە.

بەو واتایە بێت هزری سیاسی، بەکۆی ڕەگەزەکانییەوە، لە دروستبوونیدا پشتی بە میتودۆلۆجییەکی دیاریکراو نەبەستووە، بەڵکو بەرهەمی ئەندێشە و بیروبۆچوونی فەیلەسوف و بیرمەندانە، کە لە کۆی گشتیدا دەبنە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە بەهایەکی باڵا لای ئەوان، واتە نوسینەوە مێژووییەکانە، کە لەوە دەرناچن یان نوسینەوەی فەلسەفە سیاسییەکان بێت، یاخود نوسینەوەی ڕووداوە سیاسییەکان بێت لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی وەسفکردندا.

بەوپێیە هزری سیاسی ئیسلامی هزرێکی فراوانە بە هەرسێ ئاستەکەیەوە، کە بریتین لە ئاستی مرۆیی (بیرمەند و موتەکەللیمەکانی)، ئاستی مێژوویی (کە بە درێژایی مێژووی پتر لە چواردە سەدەی ئیسلامدا چەندین ئەزموونی مێژوویی و تیۆری حوکرانی هاتوونەتە کایەوە)، ئاستی جوگرافی (کە بەپێی کاتە جیاوازەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، و لە چەندین ناوچەی گرنگ و جیاوازی جیهاندا ژیار و شارستانییەتی ئیسلامی بەرجەستە کراوە).

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە

که له دەقەکانی قورئان و سوننەتدا وردەکاریی شێوازێکی تایبەتی حوکمڕانی دیاریی نەکراوە بۆ مسوڵمانان، بەڵکو چەند پرەنسیپێکی گشتیی دانراوە و وردەکارییەکەی جێهێڵراوە بۆ مسوڵمانان خۆیان و هەڵیناون بۆ داهێنان و گۆڕانکاریی له ڕێگەی بیرکردنەوەی بەردەوامەوە، که بەپێی واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و خواستی ژیان و له سنوورە دیاریکراوەکاندا پەرە بەو سستمە بدەن و سوود له ئەزموونی پێشینەی خۆیان و کەسان و میللەتانی دیش وەربگرن، لێرەدا پرسیاری سەرچاوەکانی هزری سیاسی ئیسلامیی سەرهەڵدەدات.

دووەم: سەرچاوەکانی هزری سیاسی ئیسلامیی

لەبەرئەوەی باسەکەمان باسی هزرە، هزریش وەک باسمانکرد زادە و بەرئەنجامی عەقڵ و ئەندێشەی مرۆڤە، بەڵام پێویستە سەرچاوەی هەبێت، لێرەدا دوو جۆر سەرچاوەمان هەیە، یەکەمیان سەرچاوەی مەعریفی و زانستی و پەیبردنی زانا و بیرمەندانە، دووەمیان سەرچاوەکانی هزری سیاسیی ئیسلامییە، که ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمانە ڕوونی بکەینەوە.

سەرچاوەکانی هزری سیاسی ئیسلامی(٣) خۆی له چەند ئاستێکدا دەبینێتەوە، یەکەمیان ئاستی دەقەکانە که بریتین له قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، که له هەمانکاتدا سەرچاوەی هزراندنیشن له ئیلهامبەخشین به زانایان و بیرمەندان له ڕێگای ئەو ڕێسا و پرەنسیپە گشتییانەوە که له خۆیان گرتووە، واتە ئەم جۆرە سەرچاوانە پرنسیپ و ڕێسا و بنەما سەرەکییەکان دەخەنە بەردەست وەک بازنە و سنووری دیاریکراوی کارکردنی هزرییانە، ئەمە له لایەک، لەلایەکی ترەوە، ئەم دەقانە دەبنە ئیلهامبەخش و وزەبەخشن بۆ هزرمەندان بۆ وردکردنەوەی ئەو دەقانە و داهێنانی گەورە لەمەڕ پرس و دیاردە سیاسییەکان و هێنانەکایەی چاکەی گشتی و شێوازی حوکمڕانی باش و پەیوەندیی فەرمانڕەوا و هاوڵاتی. دووەمیان ئاستی مێژوویی و کەلەپوورییە، که بریتییە له حوکمڕانی و قەڵەمڕەوی ئیسلامی، و ئەو حوکمە فیقهییانەی که بوونیان هەبووە و هەیە، هەروەها هەوڵی زانایانی مسوڵمان به شیکردنەوەی واقیع و هێنانەکایەی تێزی تایبەت به حوکمڕانی له سۆنگەی دەقە بنەڕەتییەکانەوە، ئەمە وێڕای سوودوەرگرتن له کۆی هەوڵ و ئەزموونە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی بەگشتی.

لەڕاستیدا له بواری مامەڵەی بیرمەند لەگەڵ پرسە جیاوازەکاندا، مەرجەعییەتی مەبەستەکانی شەریعەت کۆی ئەو سەرچاوانەی بۆ کۆدەکاتەوە، لێرەدا ڕۆڵی بیرمەند ئەوەیە که بەپێی خواستی ڕۆژگار و پێداویستی کۆمەڵگە و پشتبەست به میتۆدۆلۆجییەکی ڕوونی خوێندنەوەی مەبەستە باڵاکانی شەریعەت و دەقەکانی گونجاندنێکی تەواو له نێوان دەق و واقیعدا دروست بکات. کەواتە بیرمەند ئەڵقەی گەیاندنی دەقەکانە به واقیع، به تاک و کۆمەڵگە و ڕووداوەکانیشییەوە.

ئەمە دەمانگەیەنێتە دەرەنجامێکی سادە و گرنگ له هەمانکاتدا، ئەویش بریتییە لەوەی که هزر زادەی ئەقڵ و ئەندێشەی مرۆڤە و دەکرێت بپێکێت و دەشگونجێت نەپێکێت، خۆ ئەگەر پێکاشی ڕەنگە بۆ ئەو بیروبۆچوون و لێکدانەوەیەی بۆ کات و شوێن و بارودۆخێکی دیاریکراو گونجاو بێت و نەتوانێت له بەردەم گۆڕانکارییە خێراو فرەڕەهەند و جیاوازەکانی ژیاندا خۆی بگرێت و بەسەربچێت، هەربۆیە دەتوانرێت چاکسازیی و نوێگەریی تێدا بکرێت، ئەویش له سۆنگەی مەبەستە باڵاکانی شەریعەت و به سوودوەررتن له

ئەزموونە جیاوازەکان، کە دیسانەوە ئەمەش کاری بیرمەندانە.

سێیەم: پرنسیپە گشتییەکانی هزری سیاسیی ئیسلامیی

وەک باسمان کرد دەقەکانی قورئان و سوننەت پرنسیپگەلێکی روونیان بۆ دیاری کردووین کە هەم بناغەی هزری ئیسلامیی دادەنێن و هەمیش دەبنە ئیلهامبەخش بۆ هزرمەندان و هانیان دەدات بۆ بەرەوپێشچوون و نوێبوونەوەی بەردەوام. دیارترین ئەو پرنسیپانەش وەک رێسای گشتیی لەم بوارەدا دیاریکراون، بریتین لەمانەی خوارەوە(٤):

١. دادگەری: کە پایەی یەکەمی حوکمڕانییە و ئایندەی ئەو حوکمڕانییەش بەم پایەیەوە بەستراوە، چونکە بەرزترین بەهایە کە پێویستە هەموو لایەک پێوەی پابەندبن. گرنگی ئەم پرەنسیپە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پیرۆزیی لە غەیری خودا دەسەنێتەوە و هەموو لایەک دەخاتە ریزێکەوە کە پێویستە پێکەوە پابەندی ئەرکەکان بن بە یەکسانی، بۆ نموونە: پابەندبوون بە پەرستشەکانەوە بەبێ جیاوازی. چەمکی دادگەری، گەورەترین بەهای سیاسیی لە رووە سیاسیی و ئابووریی و دادوەرییەکەشیەوە لەخۆدەگرێت، کە پێویستە پەیرەوی بکرێت.

٢. راوێژ : کە کۆڵەکەیەکی تری گرنگە و مەبەست لێی چەسپاندنی پرنسیپی ئاڵوگۆڕکردنی را و بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی حوکمڕانییە لەو بوارەدا.

٣. یەکسانی: واتە پێویستە هەموو لایەک لە بەردەم یاسادا یەکسان بن و هیچ کەسێک یان لایەنێک بەهۆی هیچ شتێکەوە فەزڵی نەدرێت بەسەر کەسێکی تر یان ئەوانی تردا.

٤. بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوا: جگەلەوەی فەرمانڕەوا بەرپرسیارە لە بەردەم خوادا، پێویستە لە بەرامبەر گەلیشدا بەرپرسیار بێت و هەر کارێکی کە دەیکات یان هەر بڕیارێکی کە دەیدات لە بازنەی رەخنە و گفتوگۆ نەچێتە دەرەوە و دەزگای تایبەت هەبن بۆ لێپێچینەوە لە هەر کارێک کە بە لە سنوورلادان دابنرێت.

٥. حاکمییەت: واتە سەرچاوەی هەموو شتەکان بۆ لای خوای گەورە دەگەرێتەوە، ئەوەی پەیوەندیی بە بیروباوەڕ و شەرعەوە هەیە، بەڵام لە پرسەکانی دیاریکردنی فەرمانڕەوا و بابەتەکانی پەیوەست بە حوکمڕانییەوە گەل خۆی لە چوارچێوە دیاریکراوەکاندا و بە پرۆسیجەری تایبەت بە خۆی بڕیار دەدات.

٦. ئازادی: پێویستە ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی ژیان و بازرگانی و مامەڵەکردن لە چوارچێوەی سستمێکی گشتیدا کە مافەکانی تاک و کۆمەڵگە پێکەوە بپارێزێت بۆ هەموو لایەک گرێنتیکراو بێت.

٧. جێنشینی (الاستخلاف): بە گوزارشتەکەی ئیبن خەلدون واتە ئاوەدانکردنەوە، کە بە مرۆڤ سپێرراوە و پێویستە میکانیزمەکانی ئەو ئاوەدانکردنەوە و جێنشینەیە بهێنێتە بوون.

٨. فرەیی: واتە جیاوازیی بیرو بۆچوون و رێبازی مامەڵەکردن لە سوننەتەکانی ژیانن و پێویستە بە یاسا رێکبخرێن.

بە وردبوونەوە لەم پرەنسیپ و رێسا گشتییانەی کە ئیسلام وەک بنچینەی بنەرەتی بۆ هزری سیاسی ئیسلامی دیارییکردوون، پێویستە چەند تێبینییەکی گرنگ بخەینەروو:

یەکەم: ئیسلام هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی رێکخستووە و رێسای گشتیی بۆ داناوە، لە نێویشیاندا حوکمرانی و دەسەڵات و سیاسەت.

دووەم: قورئان و سوننەت وردەکاریی شێوازی سستمی سیاسییان بۆ دەوڵەت دیارینەکرووە، بەڵکو چەند پرنسیپێکی گشتییان دیاریکردووە کە بە گۆڕانی کات و شوێن و کەسەکان

ناگۆڕێن و بەردەوامییان دەبێت، بە مانایەکی تر، ئیسلام وردەکاریی هەڵبژاردنی جۆری سستمی سیاسی و پراکتیزەکردنی شێوازی حوکمڕانیی و دامەزراوەکان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و جۆری پەیوەندییانی بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ خۆی بەجێهێشتووە، کە بەپێی پێشکەوتنی مێژوویی و ئەزمونی مرۆڤەکان و گۆڕانی بیرکردنەوەیان و شێوازی کلتووریان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و خۆشیان داوایان لێکراوە کامیان بۆ بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگە باشترینە ئەوەیان هەڵبژێرێت.

سێیەم: لێتوێژینەوە لە هزری سیاسیی ئیسلامی و شێوازی سستمی حوکمڕانی تێیدا کارێکی ئاسان نییە و چەندین گرفت و کۆسپی لە ڕێدایە، کە هەندێکیان پەیوەندیی بە نەبوونی ڕوانگە و دیدێکی ڕوون و وردەوە هەیە بۆ پرسەکانی ئەو بابەتە، هەندێکیشان پەیوەستن بە فرەچەشنیی ئەو سەرچاوە هزری و فیقهییانەوەی کە بە شێوەیەکی گشتەکی یان بەشەکی باس لە بابەتە سیاسییەکان دەکەن، دەبینین جارێک لە چوارچێوەی باسەکانی بیروباوەڕدا باس دەکرێت، جارێکی دی لە میانەی لقەکانی بنەماکان (أصول)ی ئایندا باس دەکرێت، جاری واش هەیە لە ڕیزی مێژووی ئیسلامی و جەنگەکاندا باسی لێوەدەکرێت. سەرباری هەموو ئەمانە دابەشبوونە فیقهی و مەزهەبییەکان ڕەنگدانەوەی نەرێنییان لەسەر ڕەوتە جیاوازەکانی هزری سیاسیی جێهێشتووە (بۆ نمونە: شیعە و سوننە)، ئەمە وێڕای شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی هەندێک لە نوسینەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان سەبارەت بە ئیسلام و هزرە سیاسییەکەی.

چوارەم: قسەکردن لەسەر جۆرێک یان شێوازێکی دیاریکراوی سستمی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا واتای ئەوە نییە کە سیفەتێکی ئاینی یان ڕۆحی بەو جۆر و شێوازە سستمە حوکمڕانییە

ببەخشرێت، یان پیرۆزی بە دەسەڵاتدارەکانی ببەخشرێت و دووربن لە هەڵە و لێپێچینەوە، چونکە لە ئیسلامدا وەرگرتنی دەسەڵات بەرپرسیارێتییە نەک دەستخستنی جیاوک و پارێزبەندیی کەسیی، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدار بەردەوام لە خەمی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت و هەوڵی قۆرخکردنی دەسەڵات و دین نەدات، یاخود خۆی بە سێبەر و نوێنەری خوایی بناسێنێت. لە ئیسلامدا هەموو مسوڵمانێک پیاوی ئاینییە، ئەوانەشی کە فەقیە و شارەزاو پسپۆڕن لە زانستەکانی ئایندا بە زانای ئاینی ناوزەند دەکرێن نەک پیاوانی ئاین.

## هزر زادەی ئەقڵ و ئەندێشەی مرۆڤە و دەکرێت بپێکێت و دەشگونجێت نەپێکێت.

### باسی دووەم
### گرفتی میتۆد لە هزری سیاسی ئیسلامییدا

دکتۆر سیف الدین عبدالفتاح ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بۆ بنیاتنانی زانستێکی سیاسی ئیسلامیی، لە نێویشیدا هزری سیاسی ئیسلامیی، پێویستمان بە سێ ڕەگەزی سەرەکی دەبێت کە لە وەڵامی ئەو پرسیارانەوە دەستمان دەکەون: ئێمە کێین؟ چیمان هەیە؟ چی لەوی تر وەردەگرین؟ ئێمە بۆ ڕەگەزی یەکەم و دووەمیش پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ کەلەپور هەیە.

بەڵام پێویستە لە خۆمان بپرسین بزانین

## لە ئیسلامدا وەرگرتنی دەسەڵات بەرپرسیارێتییە نەك دەستخستنی جیاوك و پارێزبەندیی كەسیی.

کەلەپوری هزری سیاسی ئیسلامی بە چ شێوازێک ئیلهامبەخش دەبێت و بە چ شێوازێکیش دەبێتە بار بەسەرمانەوە. لێرەدا گرفتێکی سەرەکی سەرهەڵدەدات، کە پەیوەستە بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوری هزری سیاسی ئیسلامیی، ئایا ئەو بنەمایانە کامانەن کە پێویستە میتۆدی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەو کەلەپورەدا بەکاریان بهێنین؟

دیارترین ئەو بنەمایانەی کە پێویستە لە میتۆدی مامەڵەکردنمان لەگەڵ کەلەپوری هزری سیاسیدا بەکاری بهێنین لە دیدی دکتۆر «نەسر محەمەد عارف»دا خۆیان لەم چەند خاڵەدا دەبیننەوە(٥):

یەکەم: پێویستە باسکردن و لێکدانەوەمان بۆ هزر لە چوارچێوە و سیاقە مێژووییەکەیدا بێت، واتە هەر هزرێک بۆ سەردەم و شوێنێک گونجا، مەرج نییە بۆ تەواوی سەردەم و شوێنەکانی تر گونجاو بێت، بەڵکو پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و چاکسازیی تێدا بکرێت.

دووەم: پێویستە هزری سیاسی لە فیقهی سیاسی جیابکەینەوە: فیقە وەک فەلسەفە وایە یاخود پێگەی فەلسەفەی هەیە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، چونکە زانستەکانی تر تۆو و یەکەمین بەرهەمی خۆیان لە فیقهدا دەستکەوتووە، دواتر سەربەخۆییان وەرگرتووە.

لەڕاستیدا هزری سیاسی ئیسلامیی گرنگی پێویستی پێنەدراوە لەلایەن زانایانەوە، وەک ئەو گرنگییەی کە بە دەروازەکانی فیقهی مامەڵە و پەرستشەکان دراوە، تەنانەت زۆر جاریش فیکری سیاسی لەنێو فیقهی سیاسیدا جێی کراوەتەوە و تێکەڵییەک ڕوویداوە. واتە کەلەپوری سیاسیی ئیسلامیی لکێندراوە بە تێڕوانینە فیقهییەکانەوە و وەک بەشێک لە فیقە مامەڵەی لەگەڵ کراوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی چەندین کەڵە زانای گەورەی وەکو (ماوەردی و ئەبو حامیدی غەزالی و ئیبنو قوتەیبەی دینەوەری و جاحز و ..هتد) کاریان لەسەر فکری سیاسی ئیسلامی کردووە و شاکاری جوانیان هەبووە.

لێرەدا پێویستە لە سێ تەوەری جیاوازدا جیاکاریی لە نێوان فەقیھ و فیکردا بکەین:

١. چاوگەی مەعریفی و زانستی: فەقیە لە واقیع و سروشەوە سوودوەردەگرێت، واتە لە واقیعەوە بۆ سروش دەڕوات تا بڕیار بدات، بەڵام بیرمەند پشت بە کاروباری جیاواز دەبەستێت، سروشت دەکات بە میحوەر و واقیع دەخاتە ژێر توێژینەوە و سوود لە سروش و سوننەتی مێژوویی و ژیریی و ئەزموونی مرۆیی (بە مسوڵمان و غەیری ئەوانیشەوە) وەردەگرێت، کە ئەمە لە کاری فەقیهدا نییە، چونکە فەقیە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی تایبەت بڕیار دەدات ناتوانێت بیروباوەڕەکانی خۆی لە چالاکییەکانیدا بە ڕوونی دەربخات، ئەمە لەکاتێکدا کە باوەڕ تەنها ئامانجەکان و ئەگەرەکان و بنەماکانی مەنهەجییەت دیاریی دەکات.

٢. مەنهەجییەت: مامەڵەی فەقیە لەگەڵ دەقدا زیاترە لە مامەڵەی لەگەڵ واقیعدا، واتە کاری ئەو لێکۆڵینەوەیە لە دەق، بە پەیبردن بە واقیع و دووبارە سەیرکردنەوەی و وەرگرتنی بنەماکانی ئەو دەقە

بڕیاری گونجاو دەدات. بەڵام بیریار هەرچەندە بەدوای تێگەیشتنی دەق و واتا و تێگەیشتنیدا دەڕوات، بەڵام ڕەوشی گشتیی ئەو بە تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی واقیع کۆتایی دێت.

٣. یەکە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە: فەقیە بەگشتی دیاردە تاکە کەسییەکان دەخاتە ژێر باس، واتە تاک یەکەی لێکۆڵینەوەی سەرەکییەتی، بە واتایەکی تر، لای ئەو کەسی واتایی بوونی نییە یان لاوازە. بەڵام بیرمەند بەگشتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەخوێنێتەوە، واتە کۆمەڵگە یەکەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانیەتی.

سێیەم: میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکە کەلەپورییەکاندا: لە کەلەپوری هزری سیاسی ئیسلامیدا بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و ئەزمونی حوکمڕانی و خوێندنەوەی بیرمەندان بۆیان، چەندین چەمک و زاراوە لەدایکبوون و گەشەیان کردووە، کە ڕەنگە بۆ واقیعی خۆیان ساز و گونجاو بووبن، بەڵام مەرج نییە بۆ ئێستا هەمان مەدلولیان هەبێت، هەروەها ڕەنگە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ گونجاو نەبن، یان پێویستیان بەوەیە خوێندنەوەی نوێیان بۆ بکرێت و ڕونکردنەوەیان لەسەر بدرێت، چونکە هەندێک لەو چەمکانە لە کلتووری شوێنانی تر یان لە وەرگێڕاندا بەشێوازێکی تر وێناکراوە کە لەگەڵ واتا بنەڕەتییەکەی و کلتووری ئیسلامیدا نایەتەوە. نمونەی ئەو چەمکانە زۆرن، دیارترینیان بریتین لە:

١. ڕەعییەت: کە لە واتا ئیسلامییەکەیدا بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و تاک و بەرپرسیارێتی دەسەڵات بەکارهێنراوە، نەک بە مانای Subjects کە بریتییە لە سەپاندنی حوکمی فەرمانڕەوا بەسەر چینێکدا کە مافیان نییە.

٢. ئیستیبداد: واتە سەپاندنی قەڵەمڕەوی دەسەڵات، نەک تۆتالیتاریزم و حوکمی شمولی و ڕێگەنەدان بە ڕای جیاواز و ئەوانی دی.

٣. سیاسەت: لای مسوڵمانان واتە بەرژەوەندی و چاکسازی نەک زانستی هێز یان دەسەڵات، وەک ئەوەی کە ئێستا هەیە.

٤. دەوڵەت: دەوڵەت بە واتای دەستاودەستی دەسەڵات و گۆڕانکاری و مانەوەی دەسەڵات لای کەسێک یان دەستەیەک هاتووە، نەک وەک ئەو پێناسە نوێیانەی کە ئێستا لەسەر بنەمای ڕەگەزەکانی دەوڵەت دەکرێن کە بریتین لە (هەرێم، دانیشتوان، دەسەڵات و سستمی فەرمانڕەوایی).

چوارەم: باسی وەرگێڕان و ماهیەتی سستمی مەعریفە لە ئیسلامدا: کە سێ قۆناغی بەخۆوە بینیوە، ئەوانیش بریتی بوون لە: یەکەم: وەرگێڕان بە گۆڕانکارییەوە، دووەم: وەرگێڕان بە نوێگەریکردنەوە لە چەمک و زاراوەکاندا، سێیەم: وەرگێڕان بەناوی نوسەرەکان خۆیانەوە.

بە بڕوای د.نەسر محەمەد عارف قۆناغی کۆتایی کەلەپوری هزری سیاسی ئیسلامیی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە وەستاوە و قۆناغێکی تر دەستپێنەکردووە. لێرەدا پێویستیی پێداچوونەوە بەو کەلەپورەدا بە زەقی دەردەکەوێت. هەربۆیە د.عەبدولوەهاب مەسیری سەبارەت بە تیۆری سیاسیی ئیسلامیی دەڵێت هێشتا لە سەرەتاکانیدایە، واتە لە قۆناغی (جنین)دایە و هێشتا لەدایک نەبووە.

هەرچی مێژووی سیاسیی مسوڵمانانیشە مەرج نییە هاوشێوەی نمونەی تەواوی سیاسیی مسوڵمانان بووبێت، هەروەک چۆن کەلەپوری هزری سیاسیشمان مەرج نییە بۆ ئێمە پابەندکەر بێت، چونکە لە زۆرێک لە قۆناغەکانی مێژووی سیاسیی ئیسلامیدا، هزری سیاسیی ئیسلامی بۆ خۆگونجاندن بووە لەگەڵ واقیعدا نەک بۆ گۆڕینی واقیعەکە بووبێت، ئەو خۆگونجاندنەش لە ئێستادا

سوودمان پێناگەیەنێت.

جگە لەوەی باسمان کرد، لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ پرسەکانی هزری سیاسیی ئیسلامییدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چەند گرفتێک بوونیان هەیە کە پەیوەستن بە میتۆدی بەکارهاتوو لەو هزرەدا، بۆ نموونە: لە پەیوەندیی نێوان هەریەک لە هزر و پیرۆزی و هزر و واقیع و هزر و بزاوت، یا کەمێک جۆری ئەم پەیوەندییە شیبکەینەوە لە میتۆدی بەکارهاتووی هزری سیاسیی ئیسلامی، کە دواجار ئەو جۆرە لە میتۆد دەبێتەوە لەمپەر لە بەردەم نوێگەری و چاکسازیی تێیدا (٦):

یەکەم: پەیوەندیی نێوان هزر و پیرۆزی: هزر زادەی عەقڵ و ئەندێشەی مرۆڤە، ناکرێت بە پیرۆز و بێ هەڵە و کەموکوریی لەقەڵەم بدرێت و کەس نەوێرێت قسەی تێدا بکات و نوێگەریی تێدا بکات، خۆ ئەگەر بڕیاردرا هزر بە پیرۆز لە قەڵەم بدرێت، ئەوا سێ دەرەنجامی سەرەکیی دەبێت:

أ. پەیوەستبوون بە ڕەهاوە لە ڕێگەی پەیوەستکردنی هزر بە بیروباوەڕەوە، ئەمەش گرفتێکی گەورە دروست دەکات و دەمانخاتە ناو بازنە دووانەییەکانی ئیمان و کوفر و ڕاست و هەڵە و سپی و ڕەش و بوارێک بۆ دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان ناهێڵێتەوە.

ب. ئەو پەیوەندییە ئامۆژگاری ئامێزە دەخوڵقێنێت کە هزر دەیەوێت بەسەر واقیعدا بیسەپێنێت، ئەویش بە بەستنەوەی بە پیرۆزییەوە و دواتر سەرپێچینەکردنی، خۆ ئەگەر هەرکەسێکیش سەرپێچیی بکات ئەوا دەخرێتە بازنەی کوفرەوە، بەمەش دەرگای ئیجتیهاد و ڕادەربڕین دادەخرێت، کە سەرەتایەکی مەترسیداری داخستنی عەقڵ و بیرکردنەوەیە.

ت. یەکێکی تر لە دەرەنجامی پیرۆزدانانی هزر بریتییە لە دوورخستنەوەی ڕەخنەلەخۆگرتن، و ملکەچنەبوونی هزر بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن.

دووەم: پەیوەندیی نێوان هزر و واقیع: وابەستەکردنی هزر بە واقیعەوە هزر لاواز دەکات، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ:

أ. سەیرکردنی بەشەکییانەی پرسە سەرەکییەکان بەوەی کە ئەوە بریتییە لە چوارچێوەی گشتەکی. بۆ نموونە: سەرقاڵبوون بە شتە لاوەکی و بەشەکییەکانەوە، ئەمەش وێنەکە دەشێوێنێت و ڕێگری لە ئیجتیهاد و نوێگەری دەکات لە پرس و ڕەهەندە گشتەکییەکاندا، چونکە بابەتەکان لە گۆشەیەکی تەسکدا قەتیس دەکات و فۆکەس و جەختکردنەوە لە تەنها بەشێکی وێنە گەورەکەی هزر و واقیع دەبێت و وەک وێنە گشتییەکە تەماشا دەکرێت، ئەمەش دنیابینی و دەرەنجامەکانیش دەشێوێنێت و ڕەنگە هزر لە مەبەستە سەرەکییەکە دووربخاتەوە.

ب. جەختکردنەوە لە دیاردە و نیشانەکان زیاتر لە گرنگیدان بە بنەما و ڕێسا گشتییەکان. بۆ نموونە: جەختکردنەوە لەسەر دیموکراسی لە هزری ئیسلامیدا بازنەی هزری بچووک کردۆتەوەو داهێنانی لەو هزردا مراندووە.

سێیەم: پەیوەندیی نێوان هزر و بزاوت: بزاوت و جموجوڵی کردەیی تیۆرەکان پراکتیزە دەکات و دەیگوێزێتەوە بۆ واقیع، ئەمەش چەند دەرهاویشتەیەکی دەبێت:

أ. گرنگیدانێکی زۆری جموجوڵ و بزوتنەوە ئیسلامییەکان بە دەسەڵات، کە هەندێکجار وا دەکات جێگیرکردنی دەسەڵات لە پێویستی و ئامرازەوە ببێت بە ئامانج.

ب. هەندێکجار وابەستەبوون بە لۆژیکی دەوڵەتەوە وا دەکات کە زیاتر گرنگی بە دەوڵەت بدرێت لەبری گرنگیدان بە کۆمەڵگە، بەشێوەیەک

کە چاکسازیی کۆمەڵایەتیش هەر بە دەوڵەتەوە دەبەسترێتەوە. واتە تاکە دەروازەیەک دەبێت بۆ لێتوێژینەوەی چەمکەکە کە بریتییە لە چەمکی باڵایی (واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە)، نەک چەمکی بنکەیی (لە خوارەوە بۆ سەرەوە). کەواتە ئەو بزوتنەوانە هزر بەگەڕ دەخەن لە واقیعدا بە هەموو شوێنەوار و ڕەنگدانەوەکانییەوە، بەڵام ڕەنگە لە ڕێگەی لێکەوتەکانییەوە هزر کۆتوبەند بکەن.

## باسی سێیەم
## چاکسازی و نوێگەریی لە هزری سیاسیی ئیسلامییدا: لەمپەر و دەروازەکان

پەرەدان بە هزری سیاسیی ئیسلامیی پێویستی بە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی کەلەپورەکەی هەیە لە سۆنگەی بەها باڵاکانی سروشەوە. پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکەی سروش و ئەو سستمە سیاسییە ئیلهامبەخشەی کە پێغەمبەر و جێنشینەکانی بنیاتیاننا. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو شیکارییانەی سروش کە لەلایەن زانایانی پێشینمانەوە کراون، ڕەنگە بەشێکی بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ دەست نەدەن و پابەندبوون بە شیکارو خوێندنەوەی ئەوکاتە بۆ دەقەکان ڕەنگە دوورمان بخەنەوە لە مەبەستیی سەرەکیی دەقەکانی سروش و بەمەش دوور بکەوینەوە لەو واقیعەی کە ئێستا لەگەڵیدا بەرکەوتنمان هەیە.

نوێگەری لە هزری سیاسیی ئیسلامیدا کارێکی ئاسان نییە و چەندین لەمپەر و ڕێگری لە بەردەمدایە، کە دیارترینیان ئەمانەن(٧):

١. ململانێیەکی گەورە هەیە لە نێوان نوێگەری و چەقبەستوویی، واتە لێرەو لەوێ کەسانێکی زۆر بەرەنگاری نوێبوونەوەی هزریی دەبنەوە، کە بەشێکیان لەو کەس و گرووپانەن کە زۆر پارێزگارن و پەیوەستن بە دەقی زانایانی پێشینەوە و خۆیان لە بەردەمیدا بە بچووک دەبینن و توانای نوێبوونەوە و ئیجتیهادیان نییە، بەشەکەی تریشی ئەو هێز و دەسەڵاتدارانە و داروودەستەکانیانن کە لە پێگەی خۆیان دەترسن، چونکە ڕەنگە ئەو گۆڕانکارییانەی کە نوێگەریی لە هزردا دەیهێنێتە کایەوە، بەرژەوەندییەکانی ئەوان بخاتە مەترسییەوە.

٢. تێکەڵکردنێک هەیە لە نێوان ئاینی ئیسلام و کەلەپورەکەی لە هەموو بوارەکانی ڕاڤە و تەفسیری قورئان و فیقھ و مێژوو و هزر و فەلسەفە و زانستی کەلام و سۆفیگەری. ئەم تێکەڵییە وایکردووە خەڵک نەتوانێت لە یەکتریان جیا بکاتەوە. پابەند بە ئاینەکەوە ئەرکە، بەڵام مەرج نییە ئێمە خۆمان وابەستەی دەقی زانایەک یان ڕەوت و ڕێبازێک یان قۆناغێکی مێژوویی یان جۆرێک لە ڕاڤە و تێگەیشتن بۆ دەقەکان بکەین کە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆدا نایەتەوە. سوننەتی ژیانیش پێشکەوتن و پەرەسەندنە بۆیە ئیسلام داوای بیرکردنەوە و ئیجتیهاد دەکات بەپێی قۆناغە جیاوازەکان.

٣. ڕووکەشبینی و ساویلکەیی و پشتنەبەستن بە مەبەستەکانی شەریعەت ڕێگرێکی ترن لە بەردەم نوێبوونەوەدا. هەندێک بابەت هەیە کە لە شەرعدا بڕیاری لێدراوە پەیوەندیی بە هۆکارەکەیەوە هەیە و بە نەمانی هۆکارەکەشی ڕەنگە حوکمەکەشی بگۆڕدرێت، واتە بابەتێکی پەرستشیانە نییە، بۆیە دەتوانرێت بەپێی هۆکارەکە و ئامانجی حوکمەکە خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێت. بە مانایەکی تر، خوێندنەوە بۆ دەقەکان بەپێی ڕووکەشی دەقەکان و فەرامۆشکردنی مەبەستە سەرەکییەکانی شەریعەت کە لە پشت دەقەکانەوە بوونی هەیە، یەکێکی ترە لە ڕێگرەکانی چاکسازی و نوێگەری لە هزری سیاسیی ئیسلامیدا.

٤. بەکارنەهێنانی میکانیزم یان بنەمای والاکردنی ئامراز و بەهانەکان (فتح الذرائع) لە پرسە نوێیە گرنگەکانی ژیانی ئەمڕۆدا. هەروەک چۆن لە زۆر حاڵەتدا پێویستە ڕێگە لە بەهانە و ئامراز بگیرێت (سد□ الذرائع)، پێویستە لە هەندێک حاڵەتیشدا دەرگای بۆ والا بکرێت (فتح الذرائع)، چونکە بەهانەکان نەهێلێکراوی هۆکاری (وسیلی)ن نەک مەبەستی (مقصد)، واتە هەر کاتێک پێویستمان بە ئەنجامدانی ئەو نەهێلێکراوە بوو ئەنجامی دەدەین. بۆ نمونە: سەیرکردنی عەورەتی پیاو یان ئافرەت وەک هۆکارێک(وسیلة) کارێکی نەهێلێکراوە نەک وەک مەبەست (مقصد)، بۆیە هەرکاتێک پێویستییەکی ڕاستەقینە هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەوا پێویستە بنەمای (فتح الذریعة) بەکاربهێنریت و کارەکە ئەنجام بدرێت بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەتری وەک تیمارکردنی نەخۆشێک یان لەکاتی منداڵبووندا. هەمان حاڵەت بەسەر جۆرە جیاوازەکانی هونەردا دەچەسپێت، واتە لەکاتی پێویستدا و لە سنووری دیاریکراودا دەرگایان بۆ والا دەکرێت، لەبەر ئەو سوودە زۆر و کاریگەرییە پۆزەتیڤەی لە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەدا دروستی دەکات، ئەگەر بەباشی بەکاربهێنرێت. خۆ بۆ بابەتە سیاسییەکان کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی سیاسیی خەڵک و دەوڵەتانەوە هەیە و ئاڵۆز و فرەڕەهەندن، ئەوە پێویستە ئەو بنەمایە سوودی گەورەی لێببینرێت و زۆر دەروازەی پێبکرێتەوە.

٥. پاشکۆیەتی و وابەستەیی بیرمەند یەکێکی ترە لەو ڕێگرییانەی کە دەستی بیرمەند دەگرێت و ناهێڵێت وەک ئەوەی پێویستە بیر بکاتەوە یان بڕیار بدات، چونکە هەر بیرمەندێک پاشکۆ بێت یان وابەستە بێت بە پارتێک یان ڕێکخراوێک یان دەوڵەتێک یان وەزارەتێک یان ئاڕاستەیەکی سنورداركەرەوە، ڕەنگە نەتوانێت وەک پێویست ئەوەی دەیزانێت یان ئەوەی پەی پێدەبات یان ئەوەی پێویستە بیڵێت، باسی بکات، چونکە ڕەنگە ئەو لایەنەی ئەم وابەستەی دەبێت ئازادیی تەواوی پێنەدات بۆئەوەی بەپێی پێویست ڕای خۆی لەسەر بابەت و ڕووداوەکان بڵێت، یان نوێگەریی پێویست بکات، لەو حاڵەتەشدا هزری ئەو بیرمەندە دەبێتە ئامرازێکی پۆزش و بەهانەهێنانەوە و بانگەشەکردن یان شەرعییەتدان بە ڕەوت یان لایەن یان دەزگا یان ئاینزا یان وڵاتێکی دیاریکراو. بۆیە پێویستە بیر ئازاد بێت، پێویستە بیرمەندیش ئازادانە بیربکاتەوە و بڕیار بدات و نوێگەریی بکات.

٦. نەبوونی هوشیاریی بە زەمەن و کات، ڕابردوو و ئێستا و ئایندە. پێویستە خوێندنەوەمان بۆ ڕووداوەکان و واقیع بەپێی خوێندنەوەی دووربینانە بێت بۆ هەرسێ دەمەکەی زەمان، ئینجا حوکم لەسەر دیاردە و حاڵەت و ڕووداوەکان بدەین، واتە پێویستە گەورەتر لە سیاقی ڕووداو و دیاردەکان و واقیع بیربکەینەوە بۆئەوەی بتوانین خوێندنەوەیەکی وردمان بۆیان هەبێت و لەنێو ڕوداوەکان و واقیعدا ون نەبین و خۆمان و بیرمان زایە نەکەین. هەندێک بیر و تیز لەکاتی خۆیاندا گرنگ بوون و کاریگەریی خۆیان هەبووە، بەڵام بۆ ئێستا ناگونجێن و دەبنە ڕێگر و لەمپەر و قورساییەکی گەورە لەسەر شانمان، چونکە بۆ واقیعی ئێستامان دەست نادەن.

٧. کەمیی فەقیهی بیرمەندی نوێگەر یەکێکی ترە لەو گرفتانەی وایکردووە کە نوێگەریی تەواو و تێروتەسەل ڕوونەدات، بە واتایەکی تر، کەمن ئەو کەسانەی هەرسێ سیفەتی «فەقیە» و «بیرمەند» و «نوێگەر»یان تێدا کۆببێتەوە، واتە زۆرێک لەوانەی شارەزایی تەواویان لە شەرعدا هەیە ناتوانن

واقیعبین بن و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بڕۆن و میکانیزمەکانی نوێگەریی فیکری سیاسی ئیسلامی بدۆزنەوە، ئەوانەشی ئەو میکانیزمانەیان لایە نەیانتوانیوە بەتەواوی لە دەقە شەرعییەکان تێبگەن، بۆیە کاتێک دەستیان داوەتە ئەو ئەرکە گرانە (نوێگەری) کارەکەیان ناتەواو دەرچووە و کەوتونەتە هەڵەی میتۆدی و ئسوڵییەوە، واتە هەڵگرتنی ئەو ئەرکە و تەواوکردنی وێنەکە پێویستی بە هەردوکیان هەیە، کە باشتر وایە لە کەسانی نوێگەردا کۆببنەوە بۆئەوەی ڕێگاکە ڕوونتر بێت و ئامرازەکانی گەیشتن بە مەنزڵ نزیکترمان بکاتەوە لە ئامانج و مەبەستە باڵاکەش بەباشی بپێکین کە نوێگەرییەکی تێرو تەواوە.

بۆیە جارێکی تر جەخت دەکەنەوە لەوەی کە بیرمەندەکانی پێشینی هزری سیاسی ئیسلامیی مامەڵەیان لەگەڵ واقیعی خۆیان کردووە، بۆیە ئەوان چارەسەری دەردەکانی ئەمڕۆیان لا نییە، بۆیە پێویستە بۆ نوێگەری لە هزری ئیسلامیدا بۆ هەموو شتێک نەگەڕێینەوە لای ئەوان و بۆ وەڵامی هەموو پرسیارێک ڕوو لەوان نەکەین، چونکە جۆر و شێوازی پرس و کێشەکانی واقیعی ئەوان لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆدا زۆر جیاوازن.

هەوڵەکانی نوێگەری و چاکسازیی سیاسیی لە هزری ئیسلامیدا زۆر و جۆراو جۆرن، هەر هەوڵێک و جۆرێک لە میتۆد یان جۆرە دەروازەیەکی تایبەتی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، زۆرن ئەو پۆلێنانەی کە بۆ هەوڵەکانی نوێگەری و چاکسازی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا ئەنجامدراون، دیارترین ئەو دەروازانە بریتین لە: دەروازەی کلتووری، دەروازەی دەستوری و دامەزراوەیی، دەروازەی سیاسی، دەروازەی بزاڤیی ئیسلامیی. کە هەر یەکێکیان بە جۆرێک هەوڵی چاکسازی و گۆڕینی واقیعی سیاسیی ئیسلامیی داوە.

پشتبەستن بە میتۆدۆلۆجیی مەبەستەکانی شەریعەت گرنگترین دەروازە و میکانیزمە بۆ نوێگەری و چاکسازی لە هزری سیاسی ئیسلامیدا.

پشتبەستن بە مەبەستەکانی شەریعەت لە پرسیاری (چۆن؟)ەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ پرسیاری (بۆ؟) لە بابەتە گشتەکی و بەشەکییەکانیشدا، ئەمەش دەروازەیەکی گرنگە بۆ گەیشتن بە چارەسەرەی زۆرێک لە کێشە هەنووکەییەکانی هزری سیاسیی ئیسلامیی کە تائێستا پێیانەوە دەناڵێنین، چونکە تائێستا بەدوای وەڵامی (چۆن؟)دا گەڕاوین و بیرمان نەکردۆتەوە (بۆ؟)ی سەرەتا و دەرەنجامەکان و پابەندبوون پێیانەوە بەوشێوەیەی زانایانی پێشینمان بڕیاریان لێداوە وەڵام بدەینەوە.

بەدید نوێ و خوێندنەوەی واقیعی ئێستای مسوڵمانان و مرۆڤایەتی، لە ڕێگەی دەروازەی مەبەستەکانی شەریعەتەوە، دەتوانین هەنگاوی مەزن هەڵگرین و بناغەی زانستێکی سیاسیی ئیسلامی و تیۆری سیاسیی ئیسلامیی تۆکمە دابڕێژین.

پێویستە بەم دەروازەیە پرسیاری ئەوە بکەین بۆ کە مەبەستە باڵاکانی مرۆڤ کە پەیوەستن بە مافی مرۆڤ و خۆشگوزەرانیی مرۆڤەوە چۆن تیۆری بۆ دابڕێژین و واقیعی سیاسیی کۆمەڵگەکان باش بکەین. زۆرێک لە مەبەستەکانی شەریعەت پەیوەندییان بە سیاسەت و پرسەکانییەوە هەیە.

خاڵێکی تری گرنگی پشتبەستن بە مانا و ناوەڕۆکی سەرەکی دەقەکانی قورئان و سوننەتەوە بریتییە لە بەمێژوویی کردنی هەندێک ڕای فیقهیی زانایانی پێشین، کە بۆ ڕۆژگاری خۆی گرنگ بووە و بۆ واقیعی ئەمڕۆ سوودی نەماوە، بۆیە پێویستە تێپەڕێنرێت و وابەستەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی بکرێت، و بیری نوێی لەسەر بنیات بنرێت.

## کۆتایی و دەرەنجام

ماوەتەوە بڵێین: هزری سیاسیی ئیسلامیی هەنوکە لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە چاکسازیی و نوێگەری هەیە، چاکسازی و نوێگەریش پێویستی بە دەزگا و کەسانێکی عەقڵکراوەو بەرچاوڕوون و دیدڕۆشن هەیە کە خاوەنی زانستی شەرعی و میتۆدی ڕوون و گشتگیری کاری هزریی بن.

دەروازە و میتۆدەکانیش بۆ چاکسازیی و نوێگەریی لە هزری ئیسلامیدا زۆر و جۆراو جۆرن، پێویستە سوود لە هەموویان وەربگیرێت.

پێویستە بە میتۆدێکی ڕوون مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ کەلەپووری هزری سیاسیی ئیسلامیی بکرێت، بەشێوەیەک بکرێتە پاشخانێک بۆ سوودلێوەرگرتن، نەک بکرێتە کۆتوبەند و ڕێگر لە بەردەم هەر دیدێکی نوێ و ئیجتیهادێکی سەردەمییانە کە لە ڕۆحی سروشەوە وەرگیرا بێت، ئەویش بەوە دەبێت کە پیرۆزیی لەو کەلەپوورە دابڕنین کە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە و بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکانی شەریعەت کە بۆ هەموو کات و شوێن و کۆمەڵگەیەک گونجاون، بۆ ئەم کارە گرانەش پێویستمان بە کەسانێکی (هزرمەندی شەرعناسی نوێگەر) هەیە کە پاکی سەرچاوە و ڕەسەنایەتیی بپارێزن و خوێندنەوەی ورد و واقیعبینانەیان بۆ پرس و بابەتە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگە و تاکی ئەمڕۆ هەبێت.

ماوەتەوە بڵێین: پشتبەستن بە میتۆدۆلۆجیی مەبەستەکانی شەریعەت لە دوبارە داڕشتنەوەی هزر و خوێندنەوەی دەقەکان و پەیوەستکردنەوەی بە واقیع گەورەترین میکانیزمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نوێگەریی و چاکسازی لە هزری سیاسیی ئیسلامییدا.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

(١)بۆ پێناسەکانی سیاسەت بڕوانە: د. عامر مصباح، معجم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، دار الكتاب الحديث، القاهرة، ٢٠٠٩، ص ص٣٤٦-٣٤٩. و د. محمد نصر مهنا، علم السياسة، ص ص٢٣-٢٩. د. عبد المعطي محمد عساف، مقدمة إلى علم السياسة، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان-الأردن، ١٩٨٧، ط٢، ص ص٢٣-٦٧. و د.محمد طه بدوي و د.ليلى أمين مرسي، المبادىء الأساسية في العلوم السياسية، منشأة المعارف، الأسكندرية، ٢٠٠٠، ص٣٥-٤٨. هەروەها: مسعود عبدالخالق، مەوسەعەی جودی بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٨، لا٣٧٧-٤٩.

(٢) بڕوانە: د.محمد طه بدوي و د.ليلى أمين مرسي، المبادىء الأساسية في العلوم السياسية، منشأة المعارف، الأسكندرية، ٢٠٠٠، ص٢٥٣.

(٣)بە راورد بکە لەگەڵ: د. سەباح بەرزنجی، چەند نیگایەک بۆ هزری ئیسلامی، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، سلێمانی، ٢٠١٦، لا ١٥-٢٠. هەروەها بۆ زانیاریی وردتر لەسەر سەرچاوە راستەوخۆ و ناراستەوخۆکانی هزری سیاسیی ئیسلامیی بڕوانە: د. نصر محمد عارف، في مصادر التراث السياسي الإسلامي: دراسة في إشكالية التعميم قبل الاستقراء والتأصيل، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، فيرجينيا-الولايات المتحدة الأمريكية، ١٩٩٤، ص ص٩٩-١١٣.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. محمد نصر مهنا، علم السياسة، ص ص٢٣-٢٩. د. عبد المعطي محمد عساف، مقدمة إلى علم السياسة، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان-الأردن، ١٩٨٧، ط٢، ص ص١٨٢-١٨٥. و د. عبدالرحمن الحاج، الخطاب السياسي في القرآن: السلطة والجماعة ومنظومة القيم، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، ٢٠١٢، ص ص٣٠٠-٣٣٣.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. نصر محمد عارف، في مصادر التراث السياسي الإسلامي: دراسة في إشكالية التعميم قبل الاستقراء والتأصيل، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، فيرجينيا-الولايات المتحدة الأمريكية، ١٩٩٤، ص ص٨٠-٩٣.

(٦)بڕوانە: د. علي محمد علوان، إشكالية المنهج في الفكر الإسلامي المعاصر، مجلة العلوم السياسية، جامعة بغداد، بغداد، العددان ٣٨-٣٩، ص ص٣٧١-٣٧٣.

(٧) بە راورد بکە لەگەڵ: د. أمل هندي الخزعلي، الفكر السياسي الإسلامي المعاصر: تحديات ومعوقات، مجلة العلوم السياسية، جامعة بغداد، بغداد، العددان ٣٨-٣٩، ص ص٣٠١-٣٠٢.

# وزەی گیانی و شارستانیەت



**ن. د. مستەفا زەڵمی و. ڕێدار ئەحمەد**

ڕێدار ئەحمەد ساڵی ١٩٧٤ لە دایکبووە.
خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە یاسادا،
نۆ کتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی



وزەی گیانی چییە؟ بۆچی گرنگە؟ قۆناغەکانی بەدەستهێنان و هۆکارەکانی ئەو بەدەستهێنانە لەهەر قۆناغێکدا چیە؟ ئەی بەرهەمە کاریگەرەکەی لەسەر شارستانیەت چیە؟ پەیوەندی چیە لە نێوان وزەی گیانی و وزەی مادی لە پێکهێنانی شارستانیەتدا؟ هەوڵ دەدەم بە پوختی وەلامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە.

## وزەی گیانی

ئەگەر بەراوردی مرۆڤ بکەین لەگەڵ ئەم گەردوونە مەزنە کە مرۆڤ بەشێکی زۆر بچوکە لێی، دەبینین لە ڕووی قەبارەوە بچوکە، بەلام بە بیرکردنەوەی و نەخشەدانان و پلانەکانی بۆ بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی گەورەیە، لە ڕووی جەستەییەوە دەبینین لاوازە، لەگەڵ ئەوەدا بە بەرهەمەکانی کە بەرگریان پێدەکات لە مانەوەی و بەردەوامی ژیانی گەورەیە.

ئەگەر لە ڕووی خود و پێکهاتەی کەسییەوە سەیری مرۆڤ بکرێت ئەوا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری تەواو دەردەکەوێت سەرۆکێکی هەیە کە ئەویش بریتییە لە عەقڵ، دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی هەیە کە ئەوانیش پێنج هەستەوەرەکەیە، خاوەن سوپا و هێزێکی بەرگرییە کە ئەوانیش دەست و قاچ و زمانیەتی، گەنجینەیەکی زانیاری بەڕاست زانراوەکان و وێناکراوەییەکان (التصورية والتصديقية)ی هەیە بۆ بەدەستهێنانی نەزانراوە پێشبینیکراو و ئەزمونکراوەکان لە ڕێگەی وردبوونەوە و بیرکردنەوەی دروستەوە.

ئەم سەرۆکە (عەقڵ) دوو ڕاوێژکاری هەیە، یەکێکیان ویستی خراپەکارییە کە ئەویش خۆی لە دەروونی پڕ خراپە (النفس الأمارة بالسوء)دا دەبینێتەوە، دووەمیشیان ویستی چاکەمەندییە، ئەرکی ویستی خراپەکاری هاندانی عەقڵە کە دەوڵەتەکەی بەڕوو ئاڕاستەی خراپ و ئەنجامدانی تاوانکاری ئاڕاستە بکات، لەکاتێکدا کاری ویستی چاکەمەندی هاندانی عەقڵە کە دەوڵەتەکەی بەرەو بەدیهێنانی سوودی گشتی و تایبەتی و دەستەبەرکردنی بەختەوەری مرۆڤایەتی بۆ تاک و کۆمەڵ ئاڕاستە بکات.

بەمشێوەیە ململانێ لە نێوان ئەو دوو ویستەدا بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ دەبێت، زاڵبوونی ویستی چاکەمەندی بەسەر ویستی خراپەدا بریتییە لە وزەی گیانی، قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەم ڕاستییە کردووە و خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿**وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا**﴾(١) وشەی(فجور) ئاماژەیە بۆ ویستی خراپەکاری، وشەی (تقوى) ئاماژەیە بۆ ویستی چاکە.

فەیلەسوف و بیرمەندان لەوەدا جیاڕا بوون کە ئایا مرۆڤ بە سروشتی خۆی باشە یان خراپە:

هەندێکیان هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، وەک فەیلەسوفی فەرەنسی لیفی بریل کە دەڵێت:» ئەو ویستە چاکەمەند و خراپەمەندانەمان کە لەگەڵیاندا دێینە ئەم دونیایە لەکاتی لەدایکبوونماندا، ئەوەیە سروشتمان».

هەندێکیشیان بۆچوونی وایە سروشتی مرۆڤ لەسەر چاکەمەندییە و هەڵسوکەوتی خراپەویستی لەژێر کاریگەری هۆکارە لەناکاوەکاندا هەڵدەبژێرێت، وەک هۆکارە ماددییەکان(سروشتیەکان) یاخود ئەنسرۆپۆلۆجیەکان (تاکی) یان کۆمەڵایەتی یا

بۆماوەیی یاخود هۆکاری جیا لەوانە کە دەیخاتە ژێر دەستەڵاتی ئارەزوو دەیکاتە ژێر دەستەی حەزەکانی و یەکەمین کەسیش کە ئەمەی وتووە سوقراتی فەیلەسوفی یۆنانی بووە(2)، هەندێکیشیان پێچەوانەی ئەو ئاراستەیەیە وەک یەسوعییەکان کە باوەڕیان وایە سروشتی مرۆڤ لەسەر خراپەکاری دانراوە و بە سروشتی خۆی مرۆڤ خراپەکارە و ئەگەر بە ئاراستەی چاکەدا ڕۆیشت ئەوا بەهۆی ئەو کاریگەریانەوەیە کە بەدەرن لە ویستی خۆی.

ئەبو عەلی مەعەری لە (لزومیات)ەکەیدا هاورای ئەم ئاراستەیەیە و وتوویەتی: سروشتی مرۆڤ خراپەویستە و چاکەمەندی بەشێوەی جیا دێت لەبەرئەوە مرۆڤ لە ململانێی نێوان عەقڵ و سروشتی (تەبعی)دا هەموو ژیانی تەواو دەکات، دەستدرێژی (عدوان) بنەڕەتی مرۆڤە و مرۆڤەکان بە ڕەوشتیان باڵا نابن، چونکە ڕێزدارترینیان هەموو تەمەنی بە کۆیلەیەتی ورگ و ئەندامی زاوزێ(تناسل)ی بەسەر دەبات.

هەیانە هەبوونی هەریەک لەو دوو سروشتە لای مرۆڤ ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە ئەوانە پاش هەراشبوون بەدەست دەهێنرێن، لەلایەنگرانی ئەو بۆچوونەش کانتی فەیلەسوفی ئەڵمانییە کە دەڵێت: منداڵی هەراش نەبوو(غیر ممیز) بۆچوونەکانی بە چاکەویست و خراپەویست ناناسێنرێت، چونکە ئەو نازانێت چی دەکات و لەو هەڵسوکەوتانەی ئەنجامیان دەدات تێناگات.

ئەو ڕەخنەیە لەو بۆچوونەی دەگیرێت کە تێکەڵی دروستکردووە لە نێوان هۆی بەرپرسیاربوون (المسؤلیة)و سروشت (الفطرة)و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە مرۆڤ دروستبووە و لەگەڵیدا هەردوو ویستی چاکە و خراپەش دروستبوون، چونکە تاکە بوونەوەرە لەنێو بوونەوەرە زیندووەکاندا کە لە ڕووی تاوانکاری و مەدەنی و ئاینییەوە لەسەر هەڵسوکەوتەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

## گرنگی وزەی گیانی لەژیانی کرداریدا

گومانی تێدا نیە کە هەموو مرۆڤێک کاتێک بۆ خۆی و بەرژەوەندی کەسیی کار دەکات بە زۆری ئەوەی کە لە تواناییدایە لە توانای فیکریی و جەستەیی و ماڵی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەوەی ئامانجیەتی بەتەواوترین شێوە و باشترین و زۆرترین قازانج دەیخاتەگەڕ، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر داوای ئەنجامدانی کارێکی خزمەتگوزاری گشتی لێ بکرێت و داوای ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی لێبکرێت کە بۆ بەرژەوەندی گشتی تەرخانکراوە بەهەمان شێوە ئەنجامی نادات، ئەمە سروشتی مرۆڤە و سوننەتی خوایە لە دروستکراوەکانیدا و سوننەتی خوداش گۆڕانی بۆ نیە، کەواتە ئەم حاڵەتە پێویستی بە چاودێری هەیە کە لەکاتی ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە چاودێری بکات و گەر کەمتەرخەمی کرد لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، دەستەبەرکردنی ئەم چاودێرییەش لەسەر هەموو تاکێک سەختە ئەگەر موستەحیل نەبێت.

ئالێرەوە گرنگی وزەی گیانی دەردەکەوێت کە دەبێتە جێگرەوەی ئەو چاودێرییە و بە نهێنی و ئاشکرا چاودێری خاوەنەکەی دەکات کاتێک ئەنجامدانی کارێکی گشتی پێدەسپێردرێت و وایلێدەکات لێپرسینەوە لەگەڵ خۆی بکات

بەرلەوەی کەسی تر لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات کاتێک کەمتەرخەمییەک دەکات یان دەکەوێتە هەڵەیەکەوە.

لەبەرئەوە وزەی گیانی چاودێری کرێکار دەکات لە کارگەکەیدا، جوتیار لە کێڵگەکەیدا، مامۆستا لە قوتابخانەکەیدا، فەرمانبەر لە فەرمانگەکەیدا، سەرباز لە گۆڕەپانی جەنگدا، هەموو خاوەن پیشەیەک لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا، دایک لەماڵەکەیدا، دەسەڵات لەکاتی بەجێهێنانی بەرپرسیارێتیەکانیدا.

مرۆڤایەتی ئەمڕۆ لەوپەڕی ئاتاجیدایە بۆ ئەم وزە گیانییە و دوودڵ و سەرلێشێواوە لە لەناوبەرێتی ماددی و دۆزەخی جەنگ و وشکی رۆح و دڵەکاندا.

### قۆناغەکانی بەدەستهێنانی وزەی گیانی و هۆکارەکانی بەدەستهێنانی لەهەر قۆناغێکدا:

ئاشکرایە مرۆڤ لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا کۆتایی ژیانی بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت: قۆناغی پێکهێنان(تکوین)، قۆناغی شیرپێدان(رضاعة)، قۆناغی دایەنگە(حضانة)، قۆناغی پاش باڵغبوون و پێگەیشتن(البلوغ والرشد).

### قۆناغی پێکهێنان (مرحلة التكوين)

ڕوانگەی یەکەمی پێکهێنانی مرۆڤ بریتییە لە هاوسەرگیری، هاوسەرگیریش پەیماننامەیە نەک گرێبەست وەک ئەوەی زۆرکەس دەیڵێن، بەڵکو پەیماننامەیەکی قورسە هەروەک خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا﴾(٣).

بەپێی ئەو پەیماننامەیە ژن و مێرد هەڵدەستن بەپێکهێنانی هاوبەشایەتییەکی گیانی کە سەرمایەکەی خۆشەویستی هەریەکەیانە بەرانبەر ئەویتر و ڕێز لە یەکگرتن و ئارامی و سۆز و پەرۆش بوون، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾(٤)، قازانجی ئەم هاوبەشێتیە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نوێی خاوەن وزەی گیانییە تا بەشدار بێت لە پێکهێنانی شارستانیەتێک کە خزمەتی تاک و کۆمەڵگا بکات.

ئاشکرایە بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک پێوەرێک هەیە، پێوەری هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی پیاو و ڕازیبوونی ژن بەو هاوبەش بوونە بە زۆری یان ماددەیە، چونکە مادده هۆکاری دەستەبەرکردنی پێداویستییەکان و تێرکردنی ئارەزووەکانە، یاخود لەبەر ڕەچەڵەک و ناسراوی(حسب) کە بە شانازی باوباپیران دادەنرێت، یان لەبەر جوانییە، چونکە جوانی بەتایبەت لە هاوسەرگیریدا داواکراوە، یا لەبەر ڕەوشتە، چونکە بوونی نەتەوەکان بەهۆی ڕەوشتەوەیە و ئەگەر ڕەوشت نەما ئەوا نەتەوەکەش نامێنێت، جا دەبێت چ پێوەرێکیان کاری پێ بکرێت لەکاتی بە باش زانیندا؟ کام لەو چوار پێوەرە لەگەڵ بەدەستهێنانی وزەی گیانیدا زیاتر دەگونجێت؟ پێغەمبەر(د.خ) وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و دەفەرموویێت: ((تنكح المرأة لأربع، لمالها ولحسبها ولجمالها ولدينها فاظفر بذات الدين تربت يداك))(5)، واتە: ئافرەت لەبەر چوار شت دەخوازرێت، لەبەر سامانەکەی یا ڕەچەڵەکی یا جوانیەکەی یاخود ئاینداریيەکەی، ئاینداره‌کە هەڵبژێرە کارت ڕاست دەبێت، فەرمانی کردووە بەپێوەری ڕەوشت کە لە ئایین و بیروباوەڕی ڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە، فەرموویەتی لەسەرت پێویستە بە ڕەوشت و

خاوەن ئاینەکە هەڵبژێریت تا کار ڕاست بیت، واتە دەست بەخۆڵ بیت، ئەمەش هێمایە بۆ سەرشۆڕی ئەگەر هاتوو قوربانی درا بە ڕەوشت لەپێناوی ماڵ یان ڕەچەڵەک یا جوانیدا.

پێغەمبەر(د.خ) تەنها بەوەندە واز ناهێنێت، بەڵکو لە چەندین فەرموودەی دیکەدا داوا دەکات کار بە پێوەری ڕەوشت بکرێت، لەوانە فەرموودەی: ((إياكم وخضراء الدمن)) قالوا: يا رسول الله وما خضراء الدمن؟ قال: ((المرأة الحسناء في منبت السوء)). واتە خۆ دووربگرن لە.. وقال: ((تخيروا فان العرق نزاع)) واتە: خەسڵەتە بۆماوەییەکان دەگوێزرێنەوە، ئەگەر چاک بوو ئەوا چاک دەبێت خۆ ئەگەر خراپیش بوو ئەوا خراپە دەهێنێت. وقال: ((تزوجوا في الحجر الصالح فان العرق دساس))واتە: لە ماڵی چاک هاوسەرگیری بکەن، چونکە دەمار دزە دەکات، واتە: مناڵ دەچێتەوە سەر باوانی.

بەم فەرمودانە سەروەرمان محەمەد (د.خ) بە یەکەمین پیاو دادەنرێت لە جیهاندا کە دەرکی بە کاریگەری هۆکاری بۆماوەیی لەسەر ئاکاری تاک کردووە.

**قۆناغی شیرپێدان (مرحلة الرضاعة)**

خوای گەورە ڕوو لە دایکان دەکات و دەفەرمووێت: **﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ﴾**(٦)، فەلسەفەی ئەم داواکاریەش کە دایک خۆی هەستێت بە شیرپێدانی منداڵەکەی ئەگەرهاتوو بیانوویەکی ڕەوای نەبوو ئەمە تەنها بۆ ڕەچاوکردنی لایەنی تەندروستی نیە هەروەک پزیشکەکان دەیڵێن، بەڵکو لایەنی گیانیشە، شیرپێدانی منداڵ لەلایەن دایکییەوە بەشداربوونی دایکە لە دانانی بەردی بناغەی بنیاتنانی وزەی گیانی، ڕووی بەشداربوونەکە ئەوەیە کاتێک دایک منداڵەکەی لە کۆش دەگرێت مەمکی دەخاتە دەمی منداڵەکە ڕووبەڕووبوونەوەی گیانی لە نێوانیاندا دروست دەبێت و پرشنگی سۆز و بەزەیی و ئەوینی ئەو منداڵە دەگرێتەوە، هەروەک چۆن شیر دەکاتە خۆراکی جەستەی منداڵەکەی بۆ پێکهێنانی خانە مادییەکانی بە هەمان شێوە پێکهاتەکانی وزەی گیانی بە گیانی منداڵەکەی دەدات، ئالێرەوە پێکهێنەرەکانی ئەو وزە گیانییە دروست دەبن، کاتێک ئەو منداڵە گەورە دەبێت و دەچێتە جەنگی ژیانەوە و ڕووبەڕووی هاوشێوەکانی دەبێتەوە بەرهەمی ئەو وزەیە لە سۆز و ئەوین و بەزەیی دەگوێزێتەوە بۆیان و هاریکاریی و هاوکاری و دەستبارگرتن بۆ یەک لەپێناوی چاکەدا دروست دەبێت و هەمووان بە ڕاستگۆیی و دەستپاکی و دڵسۆزییەوە لە گەشەپێدانی ژیانیان و بنیاتنانی شارستانیەتیاندا بەشدار دەبن.

**مرۆڤ لە ململانێی نێوان عەقڵ و سروشتی (تەبعی)دا هەموو ژیانی تەواو دەکات.**

بەپێچەوانەی ئەو منداڵەوە کە شیری دایکی خۆراکی نیە و دوور لە سۆزی دایک لە گۆشەیەکدا وازی لێدەهێنرێت هەست بەبێبەشبوون دەکات و وای دێتە بەرچاو نەویستراوە، ئالێرەوە ئەو پێکهێنەرانە دروست دەبن کە بە گرێی دەروونی

**شارستانیەتی تەکنەلۆژی رۆژئاوا تەنها لەسەر بنەمای وزەی ماددی بونیاتنراوە و بۆتە خێو(کابوس) بەسەر مرۆڤایەتییەوە.**

ناودەبرێت و دەرئەنجامە خراپەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا رەنگدانەوەی خراپی دەبێت کاتێک رووبەرووی کەسانی تر دەبێتەوە، ئا ئەمەیە بنەرەت و هەموو بنەرەت و رێسایەکیش هەڵاوێرد(استثناء)ی تێدایە.

### قۆناغی دایەنگە (مرحلة الحضانة)

مەترسیدارترین قۆناغە کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت، چونکە لەم قۆناغەدا وەک هەوێر وایە، هەموو شێوەیەک لە شێوەکانی رەفتار لە چوارچێوەی زیانبەخش و سودبەخش وەردەگرێت، لەم قۆناغەدا تۆوی چاکە و خراپە و خۆشەویستی و رق و خۆشی و ناخۆشی و ئاسایش و ترس و ئارەزوو....هتد لە دڵی منداڵدا چەکەرە دەکات، لەم قۆناغەی تەمەنی منالدا ئیدی شیاویتی نەبێت(عدیم الاهلیة)یاخود شیاویتی ناتەواو(ناقص الاهلیة) بێت توانای کۆشش و شیکردنەوە و هۆهێنانەوە و بە ئەنجامگەیشتن و بەباشزانینی نیە و رۆڵی تەنها لاسایکردنەوە و دووبارەکردنەوەی هەیە لەنێو خێزان وگەرەک و قوتابخانەدا و بەرپرسیارێتی چارەنووسی ئەم منداڵە لە چاکبوون و خراپبووندا بەوەی ببێتە تاکێکی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگاکەی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی دایک و باوکی و مامۆستا بە پلەی دووەم کە لەسەریان پێویستە ببنە پێشەنگێکی باش بۆی، خێزان بناغەی کۆمەڵگایە یاخود خانەیەکە لە خانەکانی پێکهێنانی، ئەگەر باشبوو ئەوا کۆمەڵگا باش دەبێت و چاکە و باشی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و ئەگەر خراپ بوو ئەوا کۆمەڵگاش خراپ دەبێت و خراپەکاری و پیسی لە کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوەیە خوای گەورە دەفەرموێت: **﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا﴾**(٧)، ئاگری خراپبوونی وزەی گیانی تەنها تاک و خێزانەکەی ناسوتێنێت، بەڵکو هەموو کۆمەڵگا بگرە بەهەمان شێوە ئومەتیش دەگرێتەوە.

پێویستە مامۆستا لە قوتابخانەدا پێش ئەوەی مامۆستا بێت پێشەنگێکی چاک بێت بۆ قوتابییەکانی و وزەی گیانی وەرگرتبێت پێش ئەوەی توانای وانەفێرکردن فێربووبێت.

### قۆناغی پاش باڵغبوون و پێگەیشتن (مرحلة ما بعد البلوغ والرشد)

لەم قۆناغەدا مرۆڤ دەگاتە حاڵەتی پێویست نەبوونی سەرپەرشت و بەخێوکار و، پشت بە خۆی دەبەستێت و بەرپرسیارێتییەکان لەئەستۆ دەگرێت و دەرئەنجامی کارە رەوا و نارەواکانی دەکەوێتە ئەستۆی، لەبەرئەوە بەلەئەستۆگر(مکلف) ناودەبرێت، رۆڵی لە ئەستۆگرتنیشی بە بەجێهێنانی ئەو پەیامەی کە لەپێناویدا دروستکراوە دەستپێدەکات، ئەو پەیامەش سپاردەیەکە کە ئاسمانەکان و زەمین و چیاکان سەرەڕای بەهێزی و بەتینیان بەهۆی سەنگینی ئەو سپاردەیە و مەترسی بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆیان نەگرت و مرۆڤ هەستا بە لەئەستۆگرتنی، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: **﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا**

الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾(٨).

مەبەست ڕەتکردنەوە نیە، چونکە ئەو بوونەوەرانە بێ گیانن و خاوەن شیاوێتی لەئەستۆگرتن نین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەگەر قەدەر وابووایە عەقڵ و تێگەیشتن و ئیرادەیان هەبوایە ئەوا ڕازی نەدەبوون هەڵیگرن و لەبەر مەترسیداری بەرپرسیارێتییەکەی نەک ڕەتکردنەوە و هەڵگەڕانەوە، مرۆڤ هەڵیگرت لە بەرانبەر ئەوەی خوای گەورە ڕێزی لێنا بە باشەی عەقڵ کە لەنێو بوونەوەرەکاندا تەنها بەوی بەخشیووە و، باڵادەستی کردووە بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا هەروەک دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾(٩).

## مەبەست لەسپاردە چییە (ما المراد بالأمانة)؟

سپاردە لەو ئایەتە پیرۆزەدا مانایەکی گشتی گشتگیری هەیە، هەموو پیشەیەک سپاردەیە، وەک پیشەی فێرکردن و پزیشکی و ئەندازیاری و پیشەی دیکە، هەموو دەسترەنگینیەکیش سپاردەیە، وەک دەسترەنگینی بەرگروویی و دارتاشی و ئاسنگەری و بەڵێندەرایەتی و هاوشێوەکانی، هەموو دەستەڵاتێکیش سپاردەیە، وەک دەسەڵاتی سەرۆکی وڵات و سەرۆکی فەرمانگە و دامەزراوە گشتی و خزمەتگوزارییە گشتیەکان و دەسەڵاتی دادوەریی و و هاوشێوەکانی، ڕاستگۆیی لە قسەدا سپاردەیە و دڵسۆزی لە کاردا و هاریکاریی و یارمەتیدان و دەستبارگرتنی کەسانی تر سپاردەیە، هەموو ئەوەی دەچێتە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و ڕۆشنبیریی سپاردەیە، هەرشتێک لە پێکهێنانی شارستانێتی مرۆڤایەتی و گەشەسەندنیدا بەشداربێت سپاردەیە، خۆدوورگرتن و ڕێگری لە هەر ناڕەحەتیەک تووشی تاک ببێت یان هەر هەڵسوکەوتێکی تاوانکاری کە زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت سپاردەیە، لەسەر هەرکەس کە سپاردەیەکی لەئەستۆدایە بەجێهێنانی سپاردەیە و فەرز و پێویستییەکی ئاینیی و مرۆیی و ویژدانییە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾(١٠)، ئەگەر هەرکەس بەشێک لەو سپاردەیەی لەئەستۆیدایە بەجێی بگەیاندایە ئەوا مرۆڤایەتی لە خۆشی شارستانییەت و لوتکەی بەختەوەریدا دەژیا و تاکە بزوێنەری پاڵنانی مرۆڤ بۆ بەجێهێنانی سپاردەکەی وزەی گیانییە.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾. لەئەستۆگرتنی بەهۆی هەبوونی شیاوێتی و تاکبوونی لە هەبوونی عەقڵ و تێگەیشتن و ویست لەگەڵ ئەوەشدا ستەمی لەخۆی کرد، چونکە کەمتەرخەمی کرد لەو پابەندییەکانی لە بەجێهێنانی ئەو سپاردەیەدا و بێئاگا و نەزانە لەو ناڕەحەتی و ژان و نەهامەتی و مەینەتیانەی کە لە ئەنجامی ئەو کەمتەرخەمیەی لە بەجێگەیاندنی سپاردەکەی سەرشانیدا لە ئایندەدا تووشی دەبێت.

## سپاردە گشتیەکان و سپاردە تایبەتییەکان (الأمانات العامة والأمانات الخاصة)

ئەو نمونانەی سپاردە کە باسکران سپاردەی تایبەت بوون کە لە ئەستۆی هەموو مرۆڤێکدایە، هەرکەس لە چوارچێوەی پسپۆڕێتییەکەی و لە سنووری بەرپرسیارێتییەکەیدا، سەرەڕای ئەوانە سپاردەی گشتیش هەیە بەجێگەیاندنیان فەرزە لەسەر هەموو مرۆڤێکی باڵغی عاقڵی بەتوانا بەبێ جیاوازی لە نێوان هیچ مرۆڤێک و بەبێ تایبەتکردنی بۆ هیچ کات و شوێنێک ئەمەش بەهۆی ئەو

گرنگییە زۆرەی هەیەتی لە پێکهێنانی وزەی گیانی و ئامادەکردنی تاک بۆ بەشداربوون لە بنیاتنانی شارستانیەت.

ئەم سپاردە گشتیانە هەیانە تەواو جەستەییە وەک نوێژ و ڕۆژوو، هەشیانە ماڵییە وەک زەکات، هەشیانە جەستەیی و ماڵییە وەک حەج.

هەریەکێک لەو سپاردانەش ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە پێکهێنانی وزەی گیانی، بەمەش ڕۆڵی دەبێت لە بنیاتنانی شارستانیەت ئەگەر ئەو سپاردانە بە ناوەڕۆک و مەبەست و ڕاستەقینە وەک پێویست بەجێگەیەنرا نەک تەنها وەک شێوە و توێکڵێکی بەدەر لە کاکڵە.

## پەیوەندی نوێژ بە وزەی گیانی و شارستانیەتەوە (صلة الصلاة بالطاقة الروحية والحضارة):

### نوێژ قوتابخانەیە بۆ ڕێکخستنی کات (الصلاة مدرسة لتنظيم الوقت):

بەنرخترین شت کە مرۆڤ هەیەتی پاش ژیانی بریتییە لە کات، ڕێکخستنی کات و بەهازانینی و بەفیڕۆنەدانی لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی تاک و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و هۆی پێشکەوتنی شارستانیەت لای هەندێک وڵاتی پێشکەوتوو بریتییە لە ڕێکخستنی کات، نوێژیش قوتابخانەیە مرۆڤ لەسەر ڕێکخستنی کات و تەرخانکردنی هەر بەشێکی ئەو کاتە بۆ کارێکی تایبەت، چونکە نوێژ بۆ خۆی بەسەر پێنج کاتدا دابەشکراوە و هەرکاتێکیان سەرەتا و کۆتایی هەیە.

سەرەتای کاتەکانی نوێژ لەگەڵ هەڵهاتنی بەرەبەیاندایە تا ئەو بەشە چالاکە بە نرخەی کات کە پێشوازیکردنی ڕۆژی نوێیە بە خەوتن و تەمەڵی بەفیڕۆ نەچێت.

### نوێژ کارگەی بەرهەمهێنانی وزەی گیانییە (الصلاة مصنع الطاقة الروحية):

بەهێزترین هۆکاری بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان بەندە و پەروەردگاریەتی و، گرنگترین هۆکاری پێکهێنەری بەهێزکردنی وزەی گیانییە، تێیدا مرۆڤ پێنج جار بەڵێنەکەی نوێ دەکاتەوە کە پابەندبێت بە ملکەچی بۆ دەستوری پەروەردگار و فەرمانەکانی کە بۆ بەدیهێنانی چاکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتووە دوور لە هەموو قەدەغەکراو و سەرپێچییەکان کە زیانی بۆ تاک و کۆمەڵ هەبێت جێبەجێ بکات.

### نوێژ هۆی پاراستنە و مرۆڤ لە ڕەفتاری تاوانکاری دەپارێزێت (الصلاة وقاية تقي الإنسان من السلوك الجرمي):

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾(١١) نوێژ بە یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی خۆپاراستن لە ڕەفتاری تاوانکارانە دادەنرێت ئەگەر هاتوو بە گیان و کرۆک و ملکەچبوونەوە لەکاتی چونە قوڵایی ئەوەی بەرانبەر پەروەردگاری لەهەر ڕکاتێکدا کە دەیڵێت ئەنجامدرا: ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ﴾.

لەڕاستیدا زۆرێک لە نوێژکاران وەک لاسایکردنەوەی باو و باپیریان لەسەر ئەنجامدانی ئەم سپاردەیە ڕاهاتوون هەروەک چۆن لەسەر جگەرەکێشان ڕاهاتون و تەنها لە ڕووی شێوە و توێکڵەوە بەدەر لە کاکڵە و کرۆک ئەنجامی دەدەن و تەنها جوڵەی خاڵی لە ناوەڕۆکە، لەبەرئەوە دەبینین نابێتە ڕێگر لە نوێژخوێنان لە ئەنجامدانی گزی و ناپاکی و فرتوفێڵ و بەدەستهێنانی قازانجی ناڕەوا لەسەر حسابی کەسانی تر.

**پەیوەندی ڕۆژوو بە وزەی گیانییەوە و ئامادەکردنی ڕۆژووەوان بۆ بەشداربوون لە بنیاتنانی شارستانیەتدا(صلة الصيام بالطاقة الروحية وتأهيل الصائم للمساهمة في بناء الحضارة)):**

ڕۆژوو خولێکی ساڵانەیە ماوەکەی یەک مانگە لەسەر هەموو مرۆڤێکی باڵغی عاقڵی لە توانادا بوو پێویستە هەموو ساڵێک پەیوەندی بکات بەو خولەوە بەمەبەستی پڕکردنەوەی وزەی گیانیی و، ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی و ڕادەی ئەوەی پێویستە لەسەری لە بەجێگەیاندنی سپاردەکەی بۆ خۆی و خێزانەکەی و ئومەتەکەی و تەواوی مرۆڤایەتی.

ڕۆژوو تەنها دەستهەڵگرتن نیە لە خواردن و خواردنەوە و پێکەوەبوونی هاوسەرێتی هەروەک باوە لای زۆرێک لە ڕۆژووەوانان، بەڵکو هەر ئەندامێکی جەستە ڕۆژووی خۆی هەیە و، هەموو ئارەزوو (غەریزە)یەکی هەناوی ڕۆژووی خۆی هەیە:

ڕۆژووی زمان دورکەوتنەوەیە لە هەموو قسەیەک کەز یان بە بەرانبەر بگەیەنێت، ڕۆژووی قاچ نەڕۆشتنە بۆ ئەنجامدانی تاوان، ڕۆژووی چاو داخستنیەتی لە ئاست ناموس و شەرمگەی خەڵکیدا.

بە ڕۆژووبونی ئارەزووە هەناوییەکانیش بە دورگرتنیانە لە پیسی خۆویستی و ئیرەیی و سەرکەشی و ڕق و کینە و ناکۆکی دروستکردن.

ئەم خۆگرتنەوە و ڕێگریانەیە کە لەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا داوا کراوە: ﴿**كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ**﴾(١٢). واتە: ڕۆژوو فەرزکراوە لەسەرتان هەروەک چۆن فەرزکرابوو لەسەر نەتەوەکانی پێش ئێوە تا وزەی گیانی بەدەستبهێنن چونکە تەقوا بریتییە لە وزەی گیانی ڕۆژووەوان ئەگەر ڕۆژووەکەی بە ڕاستەقینەی بەجێهێنا ئەوا وزەی گیانی دەستدەکەوێت و بەوەش دەبێتە ئامادە بۆ بەشداربوون بە ڕاستگۆیی و دەستپاکی و دڵسۆزییەوە لە بنیاتنانی شارستانیەتدا.

**زەکات و پەیوەندی بە وزەی گیانیی و شارستانیەتەوە (الزكاة وصلتها بالطاقة الروحية والحضارة):**

زەکات ڕێژەیەکی ساڵانەیە لەسەر دەوڵەمەندان فەرزکراوە لەپێناو پڕکردنەوەی پێویستییەکانی هەژار و نەداران، لەسەر دەوڵەت پێویستە ناچاریان بکات بۆ دانی زەکات ئەگەر بە ویستی خۆیان بەو کارە هەڵنەستان، وەک ئەوەی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر هێزی بەکارهێنا لە دژی ئەوانەی ڕازی نەبوون بە زەکاتدان و بە هەڵگەڕاوەی دانان و جەنگی لە دژ بڕیاردان، دەسەڵات بەرپرسە لە کۆکردنەوەی زەکات و دابەشکردنی بەشێوەیەک ئامانجەکانی بهێنێتەدی، پێویست دەکات هەموو وڵاتێکی ئیسلامی وەزارەتی زەکاتی هەبێت، چونکە لە چەندین ڕووەوە گرنگترە لە وەزارەتی ئەوقاف:

یەکەم – هەژاریی و کەمتوانایی ئابوری ناهێڵێت یاخود کەمی دەکاتەوە لە ڕێگەی تایبەتکردنی بڕێکی باش بۆ هەر هەژارێک کە دەکرێت وەبەربهێنرێت وەک سەرمایە بۆ پێویستییەکانی ژیانی و بژێوی خێزانەکەی بەمەرجێک ئەو وەبەرهێنانە لەژێر چاودێری دەوڵەتدا بێت، ئەگەر دەوڵەمەندەکان سەرپشک کران لە چۆنیەتی دابەشکردنی زەکاتەکەیاندا ئەوا ئامانجەکانی زەکات ناهێنێتە دی، چونکە دابەشکردن بەڕادەیەک دەبێتە کە بەشی هیچ ناکات و دەوڵەمەندیش دەستپاک نابێت لە دابەشکردن و زەکاتداندا.

دووەم – زەکات ئەگەر بەشێوەیەکی دروست

دابەشکرا ئەوا بە پلەبەندی سستەمی چینایەتی بێزراو لە کۆمەڵگادا ناهێڵێت و چوارچێوەی جیاوازی خراپی نێوان ژیانی دەوڵەمەندان و هەژاران لەناودەبات.

سێیەم – کاتێک هەژار هەست دەکات کە بەشێکی هەیە لە سەرمایەی دەوڵەمەنددا کە پێویستە پێی بدات نەک وەک صەدەقە و خێر ئەوا خۆی بە هاوبەشی دەزانێت و ئاواتەخوازە سامانەکەی زیاتر ببێت نەک ئاواتەخوازی لەناوچوونی ببێت، خۆشەویستی و سۆزی بۆی هەیە لەبری ئیرەیی و کینە بەرانبەری، هاریکاری دەکات لەبری ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر ماڵ و سامان و ژیانی.

بڵاوبوونەوەی هەژاریی و تەشەنەکردنی تاوانکاری لەهەر کۆمەڵگایەکدا نیشانەیەکە لە نیشانەکانی دواکەوتنی شارستانیەتی.

**حەج و پەیوەندی بەوزەی گیانیو شارستانیەتەوە(الحج وصلته بالطاقة الروحية والحضارة):**

حەج چەکی لێخۆشبون یاخود بلیتی چوونە بەهەشت نیە وەک زۆرکەس بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو کۆنگرەیەکی جیهانی ساڵانەیە و نوێنەری گەلانی مسوڵمان لە هەموو لایەکانی جیهانەوە دێن و تێیدا بەشدار دەبن و کێشە ناوخۆیی و هاوبەشەکانیان لە بواری بەرگریی و ئابوریی و سیاسیی و کارگێریی و رۆشنبیریی و تەندروستی و بوارەکانی تر دەخەنەڕوو بەیەک دڵ تاوتوێی ئەو گرفتانە دەکەن و وزەی گیانییان دەجوڵێنێت و پاش ئەوە چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانە دەخرێتە روو و بڕیاری بە کۆمەڵی پێویست لەبارەی بەشداری هەموویان لە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان دەدرێت هەرلایەک بەپێی توانا و وزە و ئەوەی پێی دەکرێت.

شایانی باسە ئیسلام لەپێناوی دەستبار و هاریکاریدا سێ کۆبوونەوەی بڕیار لەسەر داوە:

کۆبوونەوەیەکی ڕۆژانەی دانیشتوانی گەڕەکێک یان گوندێک لە نوێژی بە کۆمەڵدا: لەپێناوی ئاگاداربوونی ڕۆژانەیان لە کێشەکانی یەکتر تا هەمووان بەشداربن لە چارەسەرکردنیاندا.

کۆبوونەوەیەکی هەفتانەی دانیشتوان شار لە مزگەوتێک بۆ نوێژی هەینی: تا هەموویان ئاگاداری گرفتەکانی شارەکەیان و خەڵکەکەی بن، وتاربێژ لە وتارەکەیدا باس لە بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ بکات و ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە کاروباری وڵاتەوە باسی بکات تا هەریەکەیان لە بواری پسپۆریی و ئەزموون و توانای ماددیی و مەعنەوی خۆیدا یاخود چارەسەری کێشەکان و نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانەی هەیە، ئەم دەستبارگرتن و هاریکارییە فەلسەفەی نوێژی هەینییە.

کۆبوونەوەیەکی ساڵانە لە شاری مەکەی پیرۆز: ئەم کۆبوونەوەیە هەموو گەلانی موسڵمان تێیدا بەشدار دەبن، لەبەر گرنگی ئەم کۆبوونەوەیە یاخود ئەم کۆنگرە جیهانییە مەڵبەندی دابەزینی وەحی و شوێنی هێمای یەکبوونیان(بيت الله الحرام) هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجامدانی بەجۆرێک هەموو کەس بەیەک پۆشاکەوە بێت کە لە پۆشاکی مردوو دەچێت هەتا هیچ جیاوازییەکی چینایەتی یا شێوەی گەورەیی و بچوکی و سەرۆک و فرمانپێکراو لە نێوانیاندا نەمێنێت، لەم کەشە پڕ وزە گیانییەدا هەموو جیاوازییە ڕەچەڵەکی و چینایەتی و ڕەگەزیی و ڕەنگی ومەزهەبی و تائیفی لە نێوانیاندا نامێنێت، تا بڕیارە باشە یەکبووە سەرکەوتووە پابەندەکانی بەشداربووان بۆ وڵاتەکانیان دەردەچێت و

هەموویان دەبنە یەک دەست لە دژی دوژمنەکانیان، دوژمنی خوای گەورە، ئائەمەیە فەلسەفەی حەج و حیکمەتی پێویستبوونی بەو جۆرە، پێغەمبەری خوداش فەرزی حەجی بەوشێوەیە ئەنجامداوە.

**بەرهەم و رووکاری وزەی گیانی لە رووی شارستانییەوە (ثمار ومظاهر الطاقة الروحية من الناحية الحضارية):**

شارستانیەت تەنها لایەنی ماددی نیە وەک پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و بنیاتنانی رێگا و پرد و باڵاخانە و کۆشک و بەرهەمهێنانی هۆکار و ئامرازەکانی پەیوەندی بێتەل و بەتەل و چوونە ئاسمان و هاوشێوەکانیان لە رووکارەکانی شارستانیەتی هاوچەرخ، چونکە شارستانیەت بە مانا راستەقینەکەی بریتیە لە دابینکاری سەقامگیری دەروونی بۆ تاک و ئاسایش و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵ و پارێزگاریکردنی شکۆی مرۆڤ و بەردەوامیتی هەستکردن بە بەختەوەریی و دڵئارامیی و متمانە بەخۆبوون و هەستکردنی هەر تاکێک بە بەهای خۆی و هەستکردن بەوەی کە ژیان و ناموس و سامان و رێزی لە هەر دەستدرێژییەکی دەستدرێژیکاران پارێزراوە.

لە رووی شاستانیشەوە وزەی گیانی چەندین بەرهەمی هەیە کە هەندێکیان لە خاڵەکانی پێشتردا باسکران، لێرەشدا چەند نمونەیەکی دیکەی رووکارەکانی دەرئەنجامە باشە شارستانیەکانی وزەی گیانی دەخەینەروو:

١. خۆرازاندنەوە بە کردەوەی باش کە مرۆڤ ئەنجامی بدات و دوورکەوتنەوە لە هەموو کردەوەیەکی خراپ، بەمەش کۆمەڵگایەکی باش دروست دەبێت کە تێیدا هاریکاریی و پشتیوانی و خۆشەویستی و پێکەوەبوون و لێکپرسینەوە بوونی هەیە.

٢. ملکەچبوون بۆ یاسا و پابەندبوون پێوەی، وەک رێزێک لە سستەم نەک ترس لە سزا، بەمەش هەموو رووکارەکانی یاسا شکێنی و دەستدرێژی بۆ سەر گیان و سامان و ناموسی بێتاوانان نامێنێت کە ئەم دەستدرێژیانە لە دیارترین رووکارەکانی دواکەوتنی شارستانیەتن.

٣. پتەوکردنی پەیوەندی نێوان گوفتار و کردار، بۆیە هەر قسەیەک لە خاوەن وزەیەکی گیانییەوە دەربچێت بە کردار دەیسەلمێنێت و ئەنجامی دەدات.

٤. یەکخستنی کەسێتی مرۆڤ و بەستنەوەی رووکارەکەی بە ناواخنیەوە و پاککردنەوەی شاراوەکانی و دەربازبوون لە خراپەکاریی و دووڕوویی، چونکە دووڕوویی تاک لە کۆمەڵگادا مەترسیدارترە لە دوژمنی ئەو کۆمەڵگایە و هۆی شکستی جەنگی ئوحود لە سەردەمی پێغەومبەردا بوونی هەندێک دووڕوو بوو لەنێو هاوەڵانی پێغەمبەردا.

٥. چەسپاندن و سەقامگیری و لەسەر بنەماکان کە خزمەتی کۆمەڵگای شارستانی دەکات و یارمەتیدەر دەبێت لە بنیاتنانی شارستانیەت و گرنگترین خەسڵەتی مەردایەتی سەقامگیرییە، چونکە کەسی دواکەوتوو لە رووی شارستانیەتەوە وەک پوشی دەم با وایە، بەپێی بەرژەوەندییە خودییەکانی دێت و دەچێت بەبێ ئەوەی هیچ رێزێک دابنێت بۆ بەهاو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاکەی.

٦. سەروەری یاسا و رەچاوکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە کۆمەڵگای شارستانیدا لەگەڵ یەکسانی دابینکردنی هەلی کار بۆ هەر

کەسێک لە بواری پسپۆرییەکەیدا، هەبوونی وزەی گیانی دەبێتە هۆی کارکردن بە یاسا و بڵاوبوونەوەی دادپەروەری کە بریتییە لە پێدانی مافی هەر خاوەن مافێک و بەدیهاتنی یەکسانی کە ئەویش بریتییە لە هاوسەنگی لە نێوان مافەکان و ئەرکەکانی تاکەکاندا.

٧. یەکبوونی ئامانج و گەشەکردنی گیانی هاریکاریی و دەستبار و یەکگرتوویی و دەربازبوون لە نیشانەکانی جیاوازیی و ناکۆکی، و ریشەکێشکردنی رەگەزپەرستی رەگەزیی و مەزهەبی و رەنگی و تائیفی لەناو وزەی گیانیدا.

٨. هاریکاری نێوان وزەی گیانی و وزەی ماددی لەپێناوی بنیاتنانی ئەو شارستانیەتەی کە خزمەتی مرۆڤ دەکات و بڕوای بە بەختەوەری تاک و بەدیهێنانی یەکگرتووی کۆمەڵگا هەیە.

٩. وزەی گیانی خاوەنەکەی دەگۆڕێت بۆ مۆمێک کە لەپێناوی رووناککردنەوەی رێگای شارستانی کەسانی تردا دەتوێتەوە.

**پەیوەندی نێوان وزەی گیانی و وزەی ماددی(الصلة بين الطاقة الروحية والطاقة المادية):**

وزەی گیانی و وزەی ماددی دوو پێکهێنەرن شارستانیەتی مرۆڤایەتیان لەسەر دادەمەزرێت و دوولان یەکتر تەواو دەکەن، شارستانیەتیش بەمانا راستەقینەکەی نایەتەدی بەبێ بوونی ئەو دوو پێکهێنەرە بنەرەتییە.

هەر شارستانیەتێک لەسەر یەکێکیان بنیاتبنرێت بەبێ ئەوی تریان ئەوا سەرەنجامی شکست و خوێنرێژیی و وێرانبوونە، قورئانی پیرۆزیش جەختی لەم راستییە کردۆتەوە و پەیوەندی نێوان وزەی گیانیو وزەی ماددی لە سورەتی ئەنبیا ئایەتی(١٠٥) روونکردۆتەوە و دەفەرموویت: ﴿**وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ**﴾ واتە: بڕیارمانداوە و قەدەرمان وایە کە میراتگریی و بەرهەمهێنان و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و گەشەپێکردنی و بەکارهێنانی بەروبوومەکانی زەوی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بەندە چاکەکاندا دەبێت، ئەوانەی لە پێڕی چاکان و چاکسازیی و وەبەرهێنانن لە خاوەن وزە گیانییەکان.

مسوڵمانەکان بێئاگابوون لە دەستورەکەیان و گیانی شەریعەتەکەیان کە ئەو وزەی گیانییە لە وزەی ماددی جیاکردەوە پاش ئەوەی هەستان بەجیاکردنەوە لە نێوان ئایین و دەوڵەتدا، ئیسلام ئاینی سروت و کاهینەکان نیە، ئاینی کارە پێش ئەوەی ئاینی گوفتار بێت، لە قورئانی پیرۆزیشدا جگە لە وشەی (الله) هیچ وشەیەکی تر هێندەی وشەی (عمل) واتە کار و هاوواتاکانی دووبارەنەبۆتەوە، لە قورئانی پیرۆزدا (٣٥٤) جار دووبارەبۆتەوە.

ئالێرەوە ئەو پرسیارە دێتە ئارا: وزەی گیانیی ئەگەر ئەم گرنگییەی هەیە لە بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا، بۆچی جیهانی ئیسلامی لەم شارستانیەتە دواکەوتووە، لەکاتێکدا جیهانی نا ئیسلامی بەتایبەت رۆژئاوا و جیهانی رۆژهەڵات پێشکەوتووە؟

وەڵامی بەشی یەکەم ئەوەی بۆچی جیهانی ئیسلامی لە رووی شارستانیەتەوە دواکەوتووە؟ کاتێک کە هاریکاری لە نێوان وزەی گیانی و وزەی ماددیدا هەبوو لای پێشینانی چاک (السلف الصالح) ی ئەم ئومەتە ئەوا ئاڵای شارستانیەتی ئیسلامی لە چواریەکی سەر زەویدا دەشەکایەوە و حوکمی ئیسلامی لە ماوەیەکی کەمدا جێگای حوکمڕانی دوو مەزنترین ئیمپراتۆریەتی ئەو سەردەمەی گرتەوە کە ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و

ئیمپراتۆریەتی فارسی بوو بەجۆرێک تائێستاش عەقڵی مێژووناسان سەرسامە چۆن ئەو موعجیزەیە لەو ماوە کەمەدا روویدا، کاتێک پێشینەکان نەمان و پاشینەکان جێگایان گرتنەوە و ئاینیان لە دەوڵەت جیاکردەوە، پاشان نەزانی هات و وزەی گیانیشیان لە وزەی ماددی جیاکردەوە و موسڵمانەکان لە دەستورەکەیان تەنها نوێژ و رۆژوو زەکات و حەجیان هێشتەوە تا وای لێهات خەڵکی گومان ببەن کە ئیسلام تەنها بریتییە لەو چوار دروشمە لەکاتێکدا کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز زیاترە لە شەش هەزار ئایەت و ئەو ئایەتانەشی لەبارەی ئەو چوار دروشمەوە هاتووە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەرێت، بەوجۆرە ئەم دەستورە مەزنە نەمرە وایلێهات لە گۆڕستانەکان دەخوێندرێتەوە بەسەر مردووەکاندا لەبری ئەوەی بەسەر زیندووەکاندا جێبەجێ بکرێت.

پاشان وزەی گیانی لای مسوڵمانان نەماوە کە تەنها لە ناسنامەکەیدا نوسراوە مسوڵمانە، کرۆکی ئیسلام ئێستا لە جیهانی رۆژئاوا زیاتر جێبەجێ دەکرێت نەک لە جیهانی ئیسلامی. محەمەد عەبدە (خوا لێی خۆش ببێت) کە لە گەورە زانایانی سەدەی هاوچەرخە دەڵێت: (ئیسلامم لە ئەوروپا بینی و موسڵمانم نەبینی، لەم جیهانەماندام و موسڵمانیش نابینم).

وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەش کە بریتییە لە پێشکەوتنی رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە رووی شارستانیەتەوە سەرەڕای نەبوونی وزەی گیانی بەمانا ئیسلامییەکەی، هەر شارستانیەتێک لەسەر بنەڕەتی پێکهاتەی تەنها ماددی دروست ببێت بەدەر لە پێکهاتەی مەعنەوی(وزەی گیانی) ئەوا سەرئەنجامەکەی شکست و خوێنرێژیی و وێرانییە سەرەڕای بەکارهێنانی لە دژی مرۆڤایەتی، تەنانەت سەبارەت بە گەلەکانیشیان، ئەم ڕاستییەشمان لە نمونەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا بۆ دەردەکەوێت کە شارستانیەتەکەی تەنها لەسەر بنەمای ماددی(وزەی ماددی) دروستکردبوو، بە هەموو هێزێکیش بۆ ماوەی حافتا ساڵێک بەرگری لێکرد و هەموو چەکێکی پێشکەوتووی بۆ پاراستنی بەکارهێنا، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا بەهۆی نەبوونی وزەی گیانییەوە ڕوخا.

بەڵام شارستانیەتی تەکنەلۆژی رۆژئاوا تەنها لەسەر بنەمای وزەی ماددی بونیاتنراوە و بۆتە خێو (کابوس) بەسەر مرۆڤایەتییەوە، باشترین گەواهیدەریش بەکارهێنانی شارستانیەتی تەکنەلۆژی ئەمریکایە بۆ وێرانکردنی شارستانیەتی عێراق بەناوی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی مافی نەتەوەییەوە لە عێراق، کە عێراق لە ڕووی جیاوازی کاتەوە حەوت کاتژمێر لە ئەمریکا دوورە ئیدی ئەبێت بەرژووەندی نەتەوەیی ئەمریکا لە عێراق چی بێت، دێر بێت یان زوو رۆژێک دێت ئەم شارستانیەتە هەر خۆی دەبێتە لەناوبەری خۆی و نەهامەتی و مەینەت بۆ گەلانی بەجێ دەهێڵێت، بۆ گەواهی ئەم قسەیەش وتەی هەندێک لە کەسانی ئەو شارستانیەتە دەهێنینەوە، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿**وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِنْ أَهْلِهَا إِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الْكَاذِبِينَ**﴾(١٣).

براشفیستری فەیلەسوفی ئەڵمانی لە کتێبەکەیدا (فەلسەفەی شارستانیەت) (١٤) دەڵێت: ئێمە ئەمرۆ لە سایەی دارمانی شارستانیەتدا دەژین، ئەم قسەیە لە چەندین بابەتدا دووبارە دەکاتەوە.

پاشان کاتێک لەبارەی هەژاری گیانەوە قسە دەکات کە رۆژئاوا پێی گەیشتووە و لەبارەی

ئەو وڵاتانەی کە بە وڵاتە پێشکەوتووە درندەکان پێناسەیان دەکات، دەڵێت: ئێمە لە تێکەڵەیەکی مەترسیداری شارستانیەتی بەربەریدا دەژین، لە باسێکی تردا دەڵێت: پەرۆشیمان بۆ پێشکەوتن لە ڕووی زانیاریی و هۆکاری هێزەوە کە پێی گەیشتووین وایلێکردووین کە وێناکردنێکی ناتەواوی خەوشدارمان بۆ شارستانیەت هەبێت، ئێمە زۆر شانازی بە دەستکەوتە ماددییەکانمانەوە دەکەین و هیچ گرنگیەک بۆ پێکهاتەی گیانی لە ژیاندا دانانێین، پاشان دەڵێت: ئەو دەستکەوتە ماددیانە خودی شارستانیەت نیە، ناشبێتە شارستانیەت بەو ڕادەیە نەبێت کە عەقڵیەتی ئەو گەلە پێشکەوتووانە بتوانن ڕووبەڕووی ڕوگەی تەواویتی تاک و کۆمەڵ ببنەوە(١٥).

دەڵێت(١٦): شارستانیەت لە کرۆکیدا ڕەوشتییە، ئەگەر بنەڕەتی ڕەوشتی لاواز کرا ئەوا شارستانیەتەکە دەرمێت با هۆکارە عەقڵیی و داهێنەرەکان لە ئاڕاستەی ترەوە کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

درێژەی پێدەدات و دەڵێت: پێکهێنەری گرنگ بگرە کرۆک لە پێکهێنەرەکانی شارستانیەت بریتییە لە پێکهێنەری گیانیی یاخود مەعنەوی واتە ڕەوشتی، ئەویش لە بوارێکدایە کە هێڵە گشتییەکان لە بیروباوەڕ و ڕەوشت و یاساداناندایە ئەم بوارەش پێکهێنەری خودێتی ئومەتە.

لە کۆتاییدا شاهیدی گارۆدی کە لە فەیلەسوفانی ڕۆژئاوایە دەخەمە ڕوو کە لەبارەی شارستانیەتی ئیسلامی و کەلەپووری ئیسلامییەوە دەڵێت: ئێمە لە بەرانبەر کەلەپوورێکی بەرزی مەزنداین لە بەهای ئیسلامی کە لە توانایدایە بەشدارییەکی گەورەی هەبێت لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا (١٧).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١ـ سورة الشمس: ٧ــ ١٠.

٢ــ ٤٦٩ ٣٩٩ ق.م.

٣ـ سورة النساء: ٢١.

٤ـ سورة الروم: ٢١.

٥ـ متفق علَه بَن الشَخَن مسلم والبخارَ.

سبل السلام شرح بلوغ المرام من جمع ادلة الاحكام: ٣::١٤٥.

٦ـ سورة البقرة: ٢٣٣.

٧ـ سورة التحرَم: ٦.

٨ـ سورة الاحزاب: ٧٢.

٩ـ سورة الاسراء: ٧٠.

١٠ـ سورة النساء: ٥٨.

١١ـ سورة العنكبوت: ٤٥.

١٢ـ سورة البقرة: ١٨٣.

١٣ـ سورة َوسف: ٢٦.

١٤ـ ترجمة د. عبدالرحمن بدوَ حسن: ١٢ــ ١٣.

١٥ـ فلسفة الحضارة: سەرچاوەی پێشوو ٣٢ــ ٣٣ــ ٣٤.

١٦ـ سەرچاوەی پێشوو: ٣٥.

١٧ـ الشرَعة الاسلامَة كمصدر اساس للدستور د. عبدالحمَد متوڵ: ٢٨٤.

# قورئان و ئەدەب: کەرەستە شانۆییەکانی نێو قورئانی پیرۆز




**بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ**

لەدایکبووی ١٩٩٠ شاری هەولێر

بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی ئینگلیزی.

خاوەنی دوو پەرتوکی وەرگێڕدراوە.

بەشی هەرەزۆری ڕاڤە و لێکدانەوە و خوێندنەوەکانی شارەزایانی قورئانی پیرۆز پڕاوپڕن لە هەڵێنجانی (ئەحکام) و (ئەمرونەهی) بەشێوەی ڕاستەوخۆ. وەلێ زۆر بەکەمیی وابووە کە شارەزایانی قورئانی پیرۆز دوور لە گۆشەی ئوسولّی و ئەحکام، لە گۆشەنیگای جوانیناسیی و ئەدەبییانەوە سەرنج بدەن لە پەیامە جوانەکانی قورئانی پیرۆز و، بە هەست و ئامراز و خولیا و کەرەستەی تەکنیکی و ئەدەبییانەوە سەیری تێکستی قورئانیی بکرێت. خۆ ڕاستە کە قورئان سروشێکی خواییە و دەقێکی ئەدەبیی نییە، بەڵام خودا بۆ ڕێنوێنیکردنی مرۆڤ و نیشاندانی ڕێگەی ڕاست، قورئانی پڕکردووە لە جوانیی و هونەر. ئەوەتا ئامرازەکانی وەک گێڕانەوە narration و بەڵگەکاری argumentation و چیرۆک story و بەسەرهات tale و بیرۆکە theme ، کە ئەمانە هەموی پانتایی ئەدەب بەگشتی پێکدەهێنن، لە قورئانی پیرۆزدا بونێکی بەرچاویان هەیە. بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵ دەدەین بەو مەعریفە خاکییەی کە لە هەردوو بواردا لەبەردەستماندایە، قورئان و ئەدەب پێکەوە گرێ بدەین و چڵێکی بچوک لە جوانیناسیی ئەدەبییانەی قورئان هەڵبهێنجین.

## شانۆ Drama

ئەدەب بەگشتی و، شانۆ وەک نمونە، ئاوێنەیەکی ڕوون و بەرچاون بۆ نمایندەکردن و نیشاندانی کرۆکی ژیان. لەنێو دەقێکی ئەدەبیدا بەسەرهات و ڕووداو و بیرۆکە و ئاریشە و کێشە و ململانێییەکانی ژیان نەخشێن دەکرێن و دەردەخرێن. شانۆ وا پێناسە کراوە کە «بەرهەمێکی دراماتیکییە (کردار ئامێزە)، لە چیرۆکێکی دارێژراو پێکهاتوە، نەخشەسازکراوە تا لەسەر تەختی شانۆدا یان لەنێو ستۆدیۆی تەلەفیزیۆنی دا لەلایەن ئەکتەرەکانەوە نمایش بکرێت»(Cuddon 675). شانۆ هونەرێکی چێژبەخشانە و سودمەند و فێرکارانەیە، لە خودی خۆیدا ستایلێکی بەهرەوەرکارانە کە بەگوتەی ئەرستۆ «لاساییکردنەوەی سروشتە بەشێوەیەکی هونەریی بەرز»، چونکە لای ئەرستۆ هەموو هونەرێک لاساییکردنەوەی سروشت و ژیانە (Tilak 45).

لەڕاستیدا، شانۆ بۆ شارستانییەتی یۆنانی کۆن و ڕۆمان و تەنانەت زووتریش دەگەڕێتەوە، ئەوان شانۆی تراژیدیایان دەنوسی و مەرگەساتی پەنهانی ژیانی مرۆڤیان بۆ خەڵک نیشان دەدا (ستۆریێ و ئالان ل4–15). بەڵام ئەرستۆی فەیلەسوفی یۆنان، یەکەم کەس بووە لە مێژوودا کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو ڕەخنەی نوسیوە لەبارەی شانۆ، ئەو هەڵسەنگاندنی خۆی هەبووە بۆ هەموو ڕێکار و دیاردەو بابەتە شانۆییەکان. لە کتێبەکەی خۆیدا (هونەری شیعر poetics) گوتویەتی کە ئامانجی شانۆ ئەوەیە کە هەڵەیەکی مرۆڤ ڕاستبکاتەوە، یان مرۆڤ لە کەموکورتییەکی خۆی ئاگاداربکاتەوە، یان بەچێژەوە شتێکی فێربکات.

ئیدی لەوساوە شانۆ لەگەڵ گەشەی شارستانییەتی مرۆڤ گەشەی کردوە.. تا لە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەورووپادا گەیشتە لوتکە و چڵەپۆپە. بۆ نمونە، نوسەرانێکی وەک (شێکسپیر) و (کریستۆڤەر مارلۆ) و (درایدن)...هتد، بە کۆڵەکە ناسراوەکانی شانۆی ڕێنیسانسی ئینگلیزی دادەنرێن و شانۆیە بەناوبانگەکانیشیان وەک (هاملێت) و (ماکبێس) و (دکتۆر فاوستەس) ...هتد، بۆ هەمیشە بە نەمریی و بەناوبانگیی دەمێننەوە

(Galens 78, 79 ). ئەمڕۆش شانۆ قاڵبێکی تری وەرگرتوە و، ئاریشە و ستایلی نوسینیشی تەواو گۆڕاوە و وەک جاران کلاسیکی نەماوە.

شانۆ چەند جۆرێکی هەیە: تراژیدی، کۆمیدی، تراژی-کۆمیدی، میلۆدراما، سەتایەر، فارس، شانۆی بێهودە، شانۆی ڕەش، شانۆی پوچگەرایی، شانۆی ڕیالیزم (واقیعی) ...هتد. هەریەکێک لەمانە داخوازییەکی ئەدەبیی پێکئەهێنن و، بۆ مەبەست و بوار و کێڵگەیەکی دیاریکراوی هزریی ئەنوسرێن. بۆ وێنە، شانۆی تراژیدیا هەمیشە جیاوازییە سەرەکیەکەی لەگەڵ کۆمیدیی دا لەوەدایە کە قسە لەسەر کێشە گەورەکانی ژیان دەکات، باسی مەرگ و قەدەر و لاوازیی و بێتوانایی مرۆڤ دەکات، تا ئێمە وەک بینەری شانۆ لە رووخانی مرۆڤێکدا بگرین و پەندوەربگرین، بەڵام کۆمیدیا هەڵە بچوکەکانی مرۆڤ لە خۆشەویستی و هاوسەرگیری و شێوەی ژیانی...هتد، بە گاڵتەئامێزەوە نمایش دەکات، تا لە یەک کاتیشدا پێبکەنین و چێژوەربگرین، فێریشببین کە باشتر بژین و هەڵەکانمان چاک بکەین.

شانۆ لەچەند روکنێکی سەرەکی پێکهاتووە، ڕەخنەگرانی شانۆیی ناویان لێناوە شەش توخمەکانی دراما Six Elements of Drama کە ئەمانەی خوارەوەن:

١ چیرۆک plot
٢ کاراکتەر (مرۆڤەکان) character
٣ بیرۆکەی سەرەکیی Theme
٤ گوتوبێژ dialogue
٥ مۆسیقا و کێش Music and Rhythm
٦ دیمەن Spectacle

ئەوەی کە بە نمرەی یەکەم بەلای ئەرستۆوە گرنگ بووە لە شانۆدا بریتییە لە چیرۆک، کە بڕبڕەی پشتی شانۆ پێکدەهێنێت، پاشان کاراکتەر و بیرۆکەی سەرەکیی. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەم شەش توخمە سەرەکییە لە قورئانی پیرۆزدا بدۆزینەوە.

## قورئانی پیرۆز و هونەری شانۆیی

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە نابێ لەبیری بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ناکرێت و ناگونجێت قورئانی پیرۆز بە دەقێکی شانۆیی وێنا بکەین. ئەمەش لەبەرئەوەی کە قورئان پەیامێکی خواییە و بۆ مەبەستێکی باڵا نێردراوە، کە بریتییە لە ڕێنوێنی مرۆڤەکان و پیشاندانی ڕێگەی ڕاست: (هدى للمتقين) البقره(2)، بەڵام بەوپێیەی کە قورئانی پیرۆز قسە لەسەر کۆباسی کێشە و بابەتەکانی ژیان دەکات و لە سروشتی خۆیدا کتێبێکی فرەمەودایە، قسە لەسەر هەموو بوارێک ئەکات: **(وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلًا) (الاسرا ١٢)**، بۆیە لە هەر بوارێکدا کە قورئان قسەی لەسەر دەکات شێوە میتۆدێکی ئەو بوارە وەرئەگرێت.

بۆ نمونە کاتێک کە ئایەتێکی قورئان باسی دیاردەیەکی گەردوونی دەکات، ئەو ئایەتە ڕەهەندێکی زانستی scientific وەردەگرێت، گەرچی قورئان وەحیی خودایە و کتێبێکی زانستیی نییە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەو ئایەتانەی کە باسی سروشت و باران و ژیانی ئاژەڵان و زەویناسی و فسیۆلۆجیای مرۆڤ دەکەن، دەبێ میتۆدێکی زانستییانە بگرینەبەر، بەجۆرێکی تر بڵێم دەبێ بە زمان و کەرەستە و ئامرازی زانستییەوە بێین ئایەتە گەردوونی و بایۆلۆژییەکانی قورئان ڕاڤە بکەین، دەنا بە میتۆدی ئایەتی دەستنوێژ ناتوانین ئایەتێکی گەردوونی ڕاڤە بکەین!

هەمان قسە بۆ ئەدەبیش ڕاستە، ئەگەرچی

قورئان پەرتوکێکی ئەدەبیی نییە، بەڵام ئەگەر ئەدەب بریتی بێت لە (ئاوێنەی ژیان) دەبینین کە قورئان پڕیەتی لە نیشاندانی ژیان وەک خۆی، ئەگەر ئەدەب تێڕئاوبێت بە جوانی و هونەری گێڕانەوە و دیمەناندن visualization، دەبینین کە قورئانی پیرۆز لێوانلێوە لە دیمەناندن و نمایندەکردنی چیرۆکە پێشینەکان بە جوانیی، خۆ ئەگەر ئەدەب بریتی بێت لە تەکنیکی وێنەیی و دەنگیی، ئەوا قورئانی پیرۆز پڕیەتی لە بەکارهێنانی هونەرەکانی گێڕانەوە و دیمەناندن و پێشاندان و شۆککردن و وەبیرهێنانەوە و سەرسامکردن. ئەم کەرەستە قورئانییانە لە ئەدەبیشدا هەن، بۆیە دەکرێت بڵێین کە قورئان لوتکەی جوانیناسیی ئەدەبییانەی تێدایە، خوا بۆ ئەوە قورئانی ناردووە هەتا هەموو خەڵک شوێنی بکەون، جا بۆئەوەی گوتاری قورئانی هەموو خەڵک بهێنێتە سەر ڕێگەی ڕاست و خواناسیی و کردەوەی باشەیان نیشان بدات، قورئان سەرنجییان ڕادەکێشێت، بۆیە تەکنیکی جوانیناسانەی گێڕانەوەی بەکارهێناوە کە هەم جوانیی و هەمیش وانە و پەند دەبەخشێت.

گێڕانەوەی چیرۆک یەکێکە لەو ئامرازانەی کە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت، ئەوەتا خوا لە قورئان خۆی دەفەرموێت کە قورئان پەرتوکێکە گێڕانەوەی چەندەها چیرۆکی تێدایە: (**نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ**) (**يوسف٣**)، یان دەفەرموێت کە چیرۆکی هەندێک لە پەیامبەرانی گێڕاوەتەوە و هەندێکیشیانی باس نەکردووە: (**وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ ..**) ( **غافر ٧٨**).

## چیرۆك

چیرۆک بەشێکی دانەبڕاوە لە پانتایی قورئانی پیرۆز، م. تۆفیق کەریم لە پەرتوکی (کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد: ئەفسانە) دەڵێت: «چیرۆک و سەرگوزەشتە قورئانییەکان کە باسی تاک و کۆمەڵانی پێش ئیسلاممان بۆ دەگێڕنەوە و، ئەوانەش کە هەندێک ڕووداوی سەردەمی دابەزینی نیگامان بۆ دەگوازنەوە، ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لە سوورەتەکانی قورئان داپۆشیوە، بەڵام بەوداڕشتنە پوخت و ڕەوانبێژی و ئامانجدارییە باڵایەی کە قورئان هەیەتی» (ل 32).

بە سەرنجدان و ڕامان لەو ئایەتانەی کە باس لە چیرۆکێک دەکەن، دەبینین کە قورئان زۆر بە تەکنیککاری و هونەرکارانەوە پرۆسەی (گێڕانەوە) جێبەجێ دەکات. ڕەخنەگرانی شانۆ دەڵێن کە هەموو دەقێکی شانۆیی دەبێ سێ قۆناغی گێڕانەوەی هەبێت: قۆناغی یەکەم بریتییە لە ناساندنی کێشە exposition کە سەرەتای چیرۆکەکەیە و نوسەر لێرەدا کاراکتەرەکان و شوێن و ژینگە و پیشەکانیان وەسف ئەکات و، بە وردی دەیانناسێنێت. بەشی دووەمی گێڕانەوە بریتییە لە لوتکەی چڕبوونەوەی کێشە و ململانێکان لە نێوان کاراکتەرەکاندا کە پێی ئەڵێن Climax واتە لوتکە، لێرەدا گێڕانەوە لەوپەڕی گەرمیدایە، ئیدی لەوێوە دوای ئەوەی ئەوپەڕی ململانێ لە نێوان ئەکتەرەکاندا پەیدا دەبێت. لەکۆتاییدا، خاڵی وەرچەرخان ڕوودەدات و کێشەکان هێدی هێدی بەرەو چارەسەری دەڕۆن، ئەم قۆناغە قۆناغی کۆتاییە و ناویان لێناوە Resolution واتە خامۆشبوون و چارەسەری.

ئەگەر تەماشای قورئان بکەین، ئەم پێکهاتەیە بوونێکی ئاشکرای هەیە، گێڕانەوەی چیرۆکی

یوسف باشترین نمونەیە، سەیر بکە خودا چۆن پەیامبەر یوسف(سەلامی خوای لێبێ) دەناسێنێت بەوەی کە کوڕی پەیامبەرێکە و خەوێکی بینیوە، لەنێو خەوەکەشدا شوێنی ئەو هەرە بەرز و بالآیە و هەسارە و مانگ و ڕۆژ سوژدەی بۆ دەبەن: **(إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ)** (یوسف4). قورئان زۆر بەجوانی و وردە وردە خەوەکەی پەیامبەر یوسف دەکاتە دەستپێک بۆ ناساندنی ژینگەکەی، یوسف لەنێو براکانیدا ئیرەیی پێ دەبردرێت بەوپێیەی کە ئەوان دڵڕەق و بێویژدان و ئیرەبەرن. خودا دوای سێ ئایەت، چیرۆکەکە بەرەو ئاڵۆزبوون دەبات، چونکە براکانی پیلان دادەنێن: **(اقْتُلُوا يُوسُفَ...)** **(یوسف٩)**. پیلانی براکانی یوسف بۆ کوشتنی یوسف بریتییە لە گرێ بڵێسەی ململانێ، کە لە شانۆدا پێی دەوترێ Conflict، چونکە هیچ شانۆیەک بەبێ بوونی ململانێ بوونی نییە، ئیدی ئەو ململانێیە گەشە بە چەرخ و فەلەکی شانۆ دەدات و، پرۆسەی گێڕانەوە خێرا دەڕوات... لێرەدا ململانێی براکانی یوسف لە دژی پەیامبەر یوسف وای لێ دێت کە بەخێرایی ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەڕۆن، ئەو فڕێدەدەنە ناو بیرێکەوە، یوسف پەیامبەر ناخۆشی و نەهامەتی زۆر دەبینێت، تا دەچێتە میسر...هتد.

قۆناغی دووەمی گێڕانەوە، لوتکەی ململانێ و کێشە و چەرمەسەریی Climax، لەوێوە دێت کە پەیامبەر یوسف بەهۆی فێڵ و تەڵەکەی زولەیخاوە دەچێتە زیندان. لەوێوە ناخۆشترین سات و کاتەکانی پەیامبەر یوسف نمایشکراوە، چونکە بەهۆی بێدادی و زوڵمەوە لە کونجی زینداندا گیرکراوە: **(وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ)** **(یوسف٣٦)**، بەڵام خاڵی وەرچەرخان و چارەسەریی ئەوکاتە دەستپێدەکات کە پادشای میسر خەون دەبینێت: **(وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ)** (یوسف43). ڕەخنەگرانی شانۆ وای بۆ دەچن کە خاڵی وەرچەرخان هێندە گرنگە کە وەک لوتکەی چیایەک وایە، لەگەڵ گەیشتن بەو لوتکەیە و برینی هەوراز ئیدی نشێو دەست پێدەکات و ڕووداوەکان لێژدەبنەوە. لێرە، خەونی پادشا دەروازەی ڕزگاریی پەیامبەر یوسفە، ئەمەش قۆناغی هاتنە خوارەوەی ڕووداوەکانە لە لوتکەی ململانێوە بەرەو چارەسەریی و دەرووی خێر و ئاشتی. دەروازەی هاتنەدەر لە زیندان و دەرفەتی بەرپاکردنی دادوەری بۆ هەژاران و کۆیلەکان بۆ پەیامبەر یوسف دەکرێتەوە، لێرەوە گێڕانەوەی قورئانی لەم سورەتەدا بەرەو کۆتایی ململانێکان دەچێت کە ئەمەش پێی دەڵێن Resolution. یوسف دەبێتە وەزیر، پاشان دەبێتە گەورەی میسر و خەوەکەی دێتەدی، زولەیخا و براکانیشی لە بەردەمیدا بەچۆکدا دێن و لەو کارەیان پەشیمان دەبنەوە. هەق دەچەسپێت، ئەمەش لە ئەدەبدا پێی دەوترێت دادگەریی ئەدەبیی (Poetic Justice).

پێکهاتەی ئەم چیرۆکە قورئانییە زۆر مەحکەم و پتەوەو، پڕیەتی لە نەخشە و جوانیناسی، چیرۆکی یوسف هەم حەزی پەیدۆزی و فزوڵیەتی بیسەر و بینەر ڕادەکێشێت، هەم شەیدایی زانینی ڕووداوەکان دەوروژێنێت، هەمیش گرێکوێرەکان دەکاتەوە و چارەسەر لە کۆتاییەکەیدا دەخاتە بەردەست. بۆیە لە ڕووی هونەرکارییەوە، بەهێزترین شانۆی مرۆڤیش ناتوانێت هێندەی جوانیی ئەو چیرۆکە قورئانییە کار لە دڵان بکات.

## کاراکتەری سەرەکیی:

کاراکتەری سەرەکیی protagonist لەنێو شانۆی تراژیدیادا کەسێکی ناودارە و ڕۆڵی سەرەکیی هەیە، بەڵام زۆربەی جار بە هەڵەی خۆی، خۆی بەرەو هەلاکەت دەبات. کێشەی سەرەکی ئەو کاراکتەرە سەرەکییانە ئەوەیە کە خۆیان ناناسن چەندە لاوازن! هەڵەیەکی کوشندەیان هەیە کە ناوی لێنراوە Tragic Flaw واتە (هەڵەی مەرگئامێز)، بەهۆی ئەمەوە بەرەو مردن یان کوێری یان نەهامەتی دەچێت و چیرۆک بە تراژیدی و مەرگ کۆتایی دێت. لەنێو قورئانی پیرۆزدا تراژیدیای چەندین کەس هەن، بۆ وێنە: ئەبرەهە، هامان، نەمروود، قاروون، ئەصحابولئوخدود، گەلە تاوانبارەکان بەرامبەر بە پێغەمبەرەکانیان... هتد.

ڕەخنەگرانی شانۆیی (بۆ وێنە ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا) دەڵێن کە لەناوچوونی کاراکتەری سەرەکیی شانۆ دەبێتە هۆی وروژاندنی دوو هەست لەنێو ناخی بینەری شانۆی تراژیدیدا، ئەوانیش هەستی (ترس) و (بەزەیی)ن، ئەمەش دەبێتە هۆی گریانی بینەر، گریانی بینەر لە دوای کۆتاییهاتنی شانۆ تراژیدیا زۆر گرنگە بۆ بەهێزی ئەو چیرۆکە و کاریگەریی لەسەر هەست و ئەقڵی بینەر، بەوپێیە ئێمە دەگریێین، چونکە ترسمان هەیە هەمان کارەسات بەهۆی هەڵەی خۆمانەوە یەخەمان بگرێت. هەستی ترس و پەندوەرگرتن زۆر بە ڕوونی لە دوای کۆتایهاتنی چیرۆکە قورئانییەکان بەدی دەکرێت، بۆ وێنە دەبینین کە خوای پەروەردگار خۆی لەبارەی کۆتایی چیرۆکی فیرعەون فەرموویەتی: **(فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ) (يونس٩٢).**

## بیرۆکەی سەرەکیی:

هەموو دەقێکی شانۆیی بیرۆکەیەکی سەرەکی هەیە، لەنێو ئەو بیرۆکە سەرەکییەشدا چەندین وردە بیرۆکە و ئایدیای تر لق و پۆیان بەملاو ئەولادا دەچێت، شانۆ لە هەر ئەتوار و بزاوتن و ڕووداوێکدا بیرۆکەیەک بۆ بینەر و خوێنەرەکەی نیشان دەدات، وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە هەموو بیرۆکە جیاوازەکان بەیەکدا ئەچن.

شانۆی باو ئێستا لە جیهاندا بیرۆکەکانی بریتین لە: ڕەگەزپەرستی، فێمینیزم، پارەپەرستی، ترس، تەنیایی، نادادی، خەیاڵ، گۆشەگیری، خەم،...هتد. لە شانۆکانی کلاسیکدا جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان (مرۆڤ و گیان) و (مرۆڤ و خودا) و (مرۆڤ و سروشت) و (مرۆڤ و ڕۆحە خراپەکان) و (مرۆڤ و چارەنووس)...هتد، کراوەتەوە. تێکڕای ڕووداوەکانی شانۆ خزمەت بە بیرۆکەی سەرەکیی دەکەن و، ڕووداوەکان پەیامی ئەو بیرۆکەیەی نوسەر بە بینەر و خوێنەر دەگەیەنن، ئەمەش پێی دەڵێن theme و دڵی شانۆ پێکدەهێنێت.

چیرۆکە قورئانییەکان هیچکات بەبێ پەند و بیرۆکە و پەیام نین، هەمیشە لە پشت هەر چیرۆکێکی قورئانیدا پەیامێکی خوایی هەیە بۆ مرۆڤ، هەروەک هەمیشە بیرکردنەوەیەکی بنیاتنەرانە لە دیوی دووەمی چیرۆکە قورئانییەکاندا بۆ مرۆڤ نمایشکراوە تا جڵەوی مێشکی مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوە و ڕامان و سەرنجدان بەرەڵا ببێت، تاوەکو مرۆڤ خودی خۆی باشتر بناسێت. بیرۆکەی سەرەکیی چیرۆکە قورئانیەکان بریتییە لە زاڵبونی هێزی خودا بەسەر بەندەکانی، و زاڵبونی هەق بەسەر ناهەق، دادگەریی...هتد. ئێمە وتەگەلێکی وەک

(لعلکم تتقون) و (لعلکم تعقلون) و (افلا تتفکرون) لە قورئاندا دەدۆزینەوە... زۆربەی جاریش ئەو ئایەتانە لە دوای چیرۆکەکان دێن. هەر بۆ نمونە، لە چیرۆکی پەیامبەر یوسفدا (درودی خوای لەسەربێ) پەیامی ئارامگرتن و پشودرێژی دەدۆزینەوە، ئیرەیی و دڵرەشیی و هەوراز و نشێو دەبینین، ئەمە جگە لەوەی کە تاوانکار و خیانەتکار هەمیشە بەرەو سزای خۆی دەگات.

## گوتوبێژ

شانۆ بریتییە لە دایەلۆگ و حیوار، بە جۆرێکی تر بڵێم، شانۆ خۆی لە دوواندنی دووکەس لەگەڵ یەکتر پێکهاتووە، یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی جیاوازی نێوان شانۆ و ڕۆمان ئەوەیە کە ڕۆمان پشت بە وەسفکاری دەبەستێت لە گێڕانەوەی بەسەرهات، بەڵام شانۆ پشت بە گوتوبێژ دەبەستێت لە دەرخستنی ڕووداو و کردارەکاندا. بۆ وێنە، ئەگەر ڕۆماننوسێک بنوسێت: «کوڕەکە.. چاکەتێکی قاوەیی پینەداری لەبەردابوو، بە ئەسپایی و بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە، سەیرێکی ڕیشی سپی باوکی و تەسبیحەکەی دەستی دایکی کرد، وەک بڵێی شتێک بڵێ...، بەڵام ساتێکی تاقەتپروکێن بوو، بواری وتنی وشەیەکی نەبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە گوتنی (دەبێ بڕۆم) ماڵەکەی جێهێشت..».

شانۆ نوسێک هەموو ئەم وەسفە دیمەنکارییەی سەرەوە، کە پڕیەتی لە ڕەنگ و هەست و سۆز، کورت دەکاتەوە بۆ (قسە). بۆیە شانۆ بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

کوڕەکە (هەناسەیەکی خەماوی هەڵدەکێشێت): ....، دەبێ بڕۆم!

قورئانی پیرۆز هەردوو ستایلی وتوێژ و گێڕانەوەی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام چیرۆکی قورئانی زێتر جەخت لەسەر دایەلۆگ و وشەی کەسەکان دەکاتەوە، بۆ وێنە لە چیرۆکی پەیامبەر موسا و کچەکانی شوعەیبدا، لە ڕێگەی دایەلۆگی نێوان پەیامبەر موسا و کچەکانەوە هەم بنەماڵەی کچەکان و هەمیش کەسایەتی پەیامبەر موسا و هەمیش چارەنوسی ئەو لەو لادێیەدا دەردەخات. بەسەرهاتی یارانی ئەشکەوت بە گوتوبێژەوە نەقڵکراوە، بەسەرهاتی هابیل و قابیل لە ڕێگەی حیوارەوە لە قورئاندا خراوەتەڕوو، چیرۆکی پەیامبەر ئیبراهیم و نەمروود بەهەمان شێوە، کاتێک پەیامبەر ئیبراهیم (درودی خوای لێبێ) بە بەڵگەی عەقڵەوە دەیسەلمێنێت کە خودا بەدیهێنەری گەردوونە و نەمرود تەنها بەندەیەکە و هیچی ترا! خودی ئەو ئایەتەی کە چیرۆکەکەی تێدایە بەمشێوەیە: (ألم تر إلى الذي حاج إبراهيم في ربه أن آتاه الله الملك إذ قال إبراهيم ربي الذي يحيي ويميت قال أنا أحيي وأميت قال إبراهيم فإن الله يأتي بالشمس من المشرق فأت بها من المغرب فبهت الذي كفر والله لا يهدي القوم الظالمين) (البقرة 258). دەگونجێت ناواخنی گوتوبێژەکەی نێوانیان بکەین بە شانۆیەک بەمشێوەیەی خوارەوە:

ئیبراهیم: ئەی نەمرود... پەروەرێنی من کەسێکە ژینی دەدا و، دەشمرێنێ!

نەمروود(بە لەخۆباییەوە) : جا ئەوە چیە..! منیش زیندوو دێڵمەوە و دەمرێنم.

ئیبراهیم: پەروەرندەم خۆر لە خۆرهەڵاتدا دێنێ، دادەی ئەگەر دەتوانی ئەتۆ لە خۆرنشینەوە بێنە!

نەمروود (حەپەسا): ئێ..ئێ ..!

## پوختە و دەرئەنجام:

شانۆ هونەرێکی بەرزە کە لاسایی ژیان و سروشت دەکاتەوە لە ڕێگەی (کردار) ەوە، شانۆ پەیامدارە و بیرۆکەیەک دەگەیەنێت بە بینەر، قورئانی پیرۆز سروشێکی خوایی موتڵەقە کە بۆ ڕاستەڕێکردنی مرۆڤەکان هاتووە و، دواندن لەگەڵ عەقڵ و ئیرادە و هەستی مرۆڤ دەکات تا بەوشێوەیە بژیت کە خودا دەیەوێت، قورئانی پیرۆز بۆ گەیاندنی پەیامی خوایی چەندین هونەر و جوانیی (گوتاریی) و (قەناعەتپێهێنان)ی تێدا بەرجەستەیە، بە ئامراز و ستایلی بیرجوڵێن و فێرکارانە وەک دایەلۆگ و کاراکتەر و گێڕانەوە و شۆککردن...هتد، وانە فێری مرۆڤ دەکات.

بۆیە جێگەی خۆیەتی ئیدی لە گۆشەیەکی جوانیناسانەی شانۆییەوە ڕاڤەی چیرۆکە قورئانیەکان بکەین، یان بەجۆرێکی تر بڵێم، پێویستە چیرۆکە قورئانیەکان بکەین بە شانۆی فێرکارانە، تا خەڵک باشتر لە قورئان حاڵی ببن، بەتایبەت کە شانۆ ئەمڕۆ لە دنیادا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە بۆ گەیاندنی (پەیام)، ئەوەتا ئەحمەد شوقەییری دەڵێت: «فیلم و هونەر و شانۆ، بە تەکنیکی مۆدێرن، لە باشترین ئامرازەکانی ئێستان بۆ گەیاندنی پەیامی ئەخلاقی و ئایینی». م. عەلی باپیریش لەوبارەیەوە گوتویەتی: «هیچ گومان لە کاریگەریی نواندن و شانۆگەرییدا نیە... بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە بۆتە کەرەسە و ماددەیەکی بەپێزی ڕاگەیاندن، بۆیە مسوڵمانان پێویستە وەک هۆکار و ئامرازێکی کاریگەری گەشەپێدانی کۆمەڵگە تەماشای بکەن» (ل٢٦٤).

## سەرچاوەکان


1- Aristotle, Poetics.

2- Cuddon, J. A. «Drama» Dictionary of Literary Terms & Literary Theory. 5th ed. UK: Penguin, 1999. Print.

3- Galens, David. Literary Movements for Students. Vo. 1&2. Thomson-Gale, 2002.

4- Tilak, Raghukul. History and Principles of Literary Criticism. 9th ed. India: Rama Brothers Publication, 1999.

5- Storey, Ian C. and Arlene Allan. A Guide to Ancient Greek Drama. Oxford: Blackwell, 2005. Amazon.com. Web. 29 July 2016.

٦ احمد الشقيری: كتاب خواطر شباب.

٧ توفیق کەریم : کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد (ئەفسانە).

٨ عەلی باپیر: چەند بابەتێکی هونەریی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا.

٩ قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی هەژار.



# سروشتی ستەمكاریی و چەمكە پەیوەندیدارەكانی لە كتێبی (طبائع الاستبداد)ی كەواكیبی ـدا



**د. ئومێد عوسمان**

ماستەر لە فیقهی جینائی. دكتۆرا لە ئوسوڵی فیقهو مەبەستەكانی شەریعەت. بەرهەمێكی چاپكراو و چەند توێژینەوەی بڵاوكراوەی هەیە.

عەبدولڕەحمان کەواکیبی بەلای هەندێک لە بیریارو نوسەرانەوە کەسایەتییەکی گەورەی نوێخوازو ڕیفۆرمخوازی ئیسلامییە لەسەر هەمان هێڵی جەمالەدینی ئەفغانیو محەمەد عەبدە، هاوکات بەلای هەندێکی ترەوە کەواکیبی یەکێکە لە پێشڕەوانی بیری نەتەوەخوازیی عەرەبی و، هەندێکی تریش بە ماسۆنی و بەکرێگیراوی ڕۆژئاوای لەقەڵەم دەدەن.

کەواکیبی لە ساڵی ١٨٥٤(١)، لە شاری حەلەبی سوریا لەدایکبووەو هەرلەوێش پێگەیشتووەو خوێندوویەتی، لەسەروو شارەزایی و قوڵبوونەوەی لە زانستە شەرعیەکاندا، ئاشنا بووە بە زانستی سیاسی و ماف و کۆمەڵناسی و فەلسەفەو مێژوو، زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی بەباشی زانیوە، لە ساڵی ١٨٧٧دا لەگەڵ هاورێیەکی ڕۆژنامەی (الشهباء) دەردەکات، لە پاش دەرچوونی نزیکەی پازدە ژمارە، بەهۆی ڕەخنەی توندو بانگەشەی ڕیفۆرمی سیاسی و ئاینییەوە ڕۆژنامەکەی دادەخرێت، دواتر لە ساڵی ١٨٧٩دا ڕۆژنامەی(الاعتدال) دەردەکات بەهەمان نەفەسی پێشوو، زۆر ناخایەنێت ئەمیش دادەخرێت(٢).

کەواکیبی بەهۆی ڕەخنەگرتنی توندی لە دەسەڵاتی عوسمانی لە ڕێگەی وتارە ئاگرینەکانی و دەرخستنی ستەمو گەندەڵی لێپرسراوانی ناوچەکانی شام، چەندین جار دووچاری گرتن و لێپرسینەوەو سوکایەتی پێکردن بووە، هەربۆیە بریار دەدات بچێتە میسر، کە ئەوکات لەژێر سایەی عوسمانیەکاندا نەمابوو(٣).

لە پاش مانەوەی نزیکەی دوو ساڵ لە میسر، بەمەبەستی ئاشنابوون بە دابونەریت و کەلتوورە جیاوازەکان گەشتە بەناوبانگەکەی دەستپێدەکات، کە شەش مانگ دەخایەنێت و لەمیانەیدا سەردانی یەمەن و حەبەشەو سودان و سۆماڵ و هیندو چین و ئەندەنوسیاو چەند شوێنێکی تر دەکات، لەکۆتاییدا دەگەڕێتەوە میسرو هەرلەوێش لە ساڵی ١٩٠٢کۆچی دوایی دەکات(٤).

لەگەڵ ئەوەی کەواکیبی چەندین نووسراوی لە پاش بەجێماوە، بەڵام کتێبی (طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد) بە شاکاری نوسینەکانی دادەنرێت، کە لە بنچینەدا چەند وتارێک بووە لە ڕۆژنامەی (المؤید)و(العمران)ی میسریدا بڵاوکردوونەتەوەو دواتر کۆیکردوونەتەوەو بە هەندێک دەستکارییەوە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپکراوە(٥).

کەواکیبی لە سەردەمێکدا کتێبی ناوبراوی داناوە کە دواکەوتوویی‌و نەخوێندەواریی‌و هەژاریی‌و گەندەڵی ئیداریی‌و سیاسی باڵی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا کێشابوو، وەک خۆی دەڵێت لە پاش سی ساڵ وردبوونەوەو لێکدانەوەو گەڕان بۆی دەرکەوت سەرچاوەی هەموو ئەو نەخۆشیانە ستەمکاریی سیاسییە(٦).

کتێبی(طبائع الاستبداد) یەکەمین نوسراوێکی عەرەبی چاپکراوە بەشێوازێکی وردو بابەتی و واقیعیانە باس لە سروشت و ماهیەتی ستەمکاریی و هۆکارو ئامرازو دەرهاویشتەکانی دەکات. بەداخەوە لە پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە سەدەیەک بەسەر دەرچوونی کتێبی ناوبراودا، گەورەترین هیواو ئاواتی خاوەنەکەی نەهاتەدی، کە بریتی بوو لەوەی زۆر بە زوویی لە بیر خەڵک بچێتەوەو کتێبەکەی بچێتە زبڵدانی مێژووەوە بەهۆی باوەڕبوونی تەواوی بە کاریگەریی خێرای پێشکەوتنو گەشەسەندنە مرۆییەکان لەسەر تێپەڕاندنی دۆخی ناڵەباری سیاسی و گەیشتن بە شێوازو سستمێکی پێشکەوتووی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن لە ناوچەکەدا.

ئەوەی قەت بەبیری کەواکیبیدا نەهاتبوو ئەوەبوو لە پاش دەیان ساڵ شانبەشانی پێشکەوتن و هەڵکشانەکان ستەمکارییش بتوانێت خۆی ئەبەدیت بکاتەوەو، بە کەرەستەو ئامرازی نوێوە بێتەوە مەیدان، زۆر لە جاران بەهێزتر ڕەگ دابکوتێت.

کتێبی ناوبراو بەپێی چاپی (مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة)ی ساڵی ٢٠٠٢ (١١٦)لاپەڕەیە، کە لە دەروازەیەک و پێشەکیەک و نۆ وتار پێکهاتووە:

کەواکیبی لە سەرەتای دەروازەکەدا وەک ئاماژەدانێک بە سروشتی سەرکوتکارانەو دوژمنکارانەی دەسەڵات لە ناوچەکانی شام و دەوروبەری، داوا لە خوێنەرانی دەکات گوێنەدەن بەوەی خاوەنی نووسینەکە کێیە، بەڵکو تەنها گرنگی بدەن بە نوسینەکە، هەروەها باس لەوە دەکات لەکاتی مانەوەی لە میسر بەهۆی هەبوونی جۆرێک لە ئازادی ڕادەربڕین، توانیویەتی ئەو هەلە بقۆزێتەوەو ئەوەی لە دڵو ناخیدا ساڵانێکە پەنگی خواردووەتەوە دەریببڕێت(٧).

هەر لە دەروازەدا لەسەر هۆکاری پوکانەوەو دواکەوتوویی جیهانی ئیسلامی، ڕاشکاوانە دەڵێت: ستەمکاریی سیاسی تاکە هۆکاری سەرەکی دەردو نەخۆشیەکەیەو چارەسەریشی تەنها شورای دەستوورییە(٨).

لە کۆتایی دەروازەکەدا ئاماژە بەوەدەدات کە مەبەستی لەو باسانەی دەینوسێت ستەمکارێک یان حکومەتێک یان میللەتێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو مەبەستیەتی ڕاڤەی سروشت و ماهیەتی ستەمکاریی و مەرگی بە کۆیلەکردن بکات و سەرچاوەی سەرەکیی دەردەکە دیاری بکات(٩).

کە دێتە سەر پێشەکی کتێبەکە بەکورتی ئاماژە دەدات بە هەندێک لە سەرچاوەکانی زانستی سیاسی و مەنهەجیەتی نوسین تیایاندا لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و لای شارستانیەتە جیاوازەکان، تا سەردەمی نوێ، کاتێکیش پێناسەی زانستی سیاسی دەکات، بابەتی ستەمکاریی بە لە پێشترین بابەتێک لەقەڵەم دەدات کە دەبێت زانستی ناوبراو گرنگی پێبدات(١٠).

لەکۆتایی پێشەکیەکەداکەواکیبی پرسیارگەلێک دەوروژێنێت، کە دواتر وەڵامەکانیان جەوهەری نووسینەکەی پێکدێنێت، لەوانە: ستەمکاریی چیە؟سروشتی ستەمکاریی چۆنە؟ هۆکارەکانی ستەمکاریی چین؟ نیشانەو خەسڵەتەکانی چین؟ بۆچی ستەمکار زۆر دەترسێت؟ کاریگەریی ستەمکاریی چیە لەسەر: ئایین، زانست، ئاکار، پەروەردە، سامان، هەڵکشان، ئاوەدانکردنەوەو شکۆمەندی؟ دەستوپێوەندی ستەمکار کێن؟ ئایا دەتوانرێت تەحەمولی ستەمکاریی بکرێت؟ ئەی چۆن لە ستەمکاریی قوتارمان دەبێت؟(١١).

پاشان دێتە سەر وتاری یەکەم بەناونیشانی (ستەمکاریی چیە) سەرەتا لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسەی ستەمکاریی دەکات، بەدوایدا قسە لەسەر حکومەتی ستەمکار دەکات و دەڵێت: ((حکومەتی ستەمکار شێوەی زۆرە....سیفەتی ستەمکاریی چۆن لە دەسەڵاتێکی تاکڕەودا خۆی دەبینێتەوە کە لە ڕێگەی هێزو زاڵبوون یان بۆماوەییەوە دێتە سەر حوکم، بەهەمان شێوەش لە دەسەڵاتێکی تاکڕەوی هەڵبژێردراو یان دەسەڵاتێکی دەستەجەمعی هەڵبژێردراویشدا خۆی دەبینێتەوە... کە لەوانەیە زیانی ستەمکاریی لە حاڵەتی هاوبەشیو ڕێکەوتندا زۆر زیاتر بێت لە حاڵەتی تاکڕەوی، هەتا لە حکومەتی دەستوورییشدا ستەمکاریی بەدیدەکرێت، ئەگەر لێپرسینەوەو پەیوەندی لە نێوان دەسەڵاتەکانی

ياسادانان و جێبەجێکردن و چاودێریدا نەبێت... حکومەت هەرجۆرێک بێت ناتوانێت لە وەسفکردنی بە ستەمکار بچێتە دەرەوە، ئەگەر لەژێر چاودێریی توندو لێپرسینەوەی دوور لە لێبووردندا نەبێت))(١٢).

لەکۆتاییدا پەنا دەباتە بەر وتەی هەندێک لە فەیلەسوف و دانایان لەسەر مەترسیداری ستەمکاریی بێ ئەوەی ناوی خاوەنەکانیان بڵێت، لەوانە:» ستەمکار دوژمن و بکوژی ڕاستی و ئازادییە، ڕاستی باوکی مرۆڤەکانەو ئازادی دایکیانە، زۆرینەی خەڵکیش هەتیوی بێ دایکو باوکن‌و لە خەودان، زانایان برای عاقڵ و پێگەیشتوویانن، ئەگەر بەئاگایان بهێننەوە، وەک ڕەشەبا هەڵدەکەن، ئەگەر وازیشیان لێبهێنن، لە شوێنی خۆیان دەمێننەوەو لەخەودا دەبن تا مردن»(١٣).

نوسەر لە وتاری دووەمەوە دەست دەکات بە تیشکخستنە سەر پەیوەندییەکانی ستەمکاریی، کە لە (پەیوەندی ستەمکاریی بە ئاینەوە) دەستپێدەکات.

سەرەتا بەوە دەستپێدەکات کە ڕاوبۆچوونی زۆرێک لە نوسەرو توێژەرانی مێژووی ئاینەکان لەسەر ئەوە ساغ بۆتەوە کە ستەمکاریی سیاسیی هەڵقوڵاوی ستەمکاریی ئاینییە، هەروەک چۆن پیاوانی ئاینی خۆیان بە پیرۆزو ڕزگارکەر لەقەڵەم دەدەن، بەناوی خوداوە خەڵک دەچەوسێننەوە، دەیان ترسێنن بە دۆزەخ، بەهەشتیان پێدەفرۆشن، بەهەمان شێوەش سیاسییەکان دێن چاو لە ئەوان دەکەن، خەڵکی دەچەوسێننەوە، بە کۆیلەیان دەکەن، ماڵ و سامانیان داگیر دەکەن، سووکایەتیان پێدەکەن، وەک مێگەل شیرەکەیان دەخۆنەوە، گۆشتیان دەخۆن، سوار پشتیان دەبن(١٤).

کەواکیبی بە وردی شیکاری ئەم بۆچوونە دەکات و کوێرانە مامەڵەی لەتەکدا ناکات، داندەنێت بەو ڕاستییەدا، کە ئەگەر لە ڕوانگەی ئەفسانەکان و بەشی مێژوویی تەورات و هەندێک لە پەیامەکانی ئینجیل و گوتارو ڕەفتاری زۆرێک لە سۆفی و فەقیهەکانی ئیسلام لە ئایین بڕوانرێت بۆچوونی ئاماژەپێدراو بۆچوونێکی ڕاستە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی بەشە فێرکارییە ئاکارییەکانی تەورات و ئینجیل و دەقەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(د.خ)دا هەڵبسەنگێندرێت بۆچوونێکی هەڵەیە(١٥).

هەر لەهەمان وتاردا ئاماژە بەوە دەدات کە ئاین لە بنچینەدا بۆ ئەوە هاتووە مرۆڤەکان لە ستەمکاریی و چەوسانەوەو بەکۆیلەکردن ڕزگار بکات، بۆ نموونە تەورات کاتێک دابەزیوە کەلتووری فرەخوایی لەئارادا بووە، پادشایان وەک خودای سەر زەوی تەماشا کراوە، هەربۆیە مەبەستی سەرەکی تەورات بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی باوەڕی یەکتاپەرستی و، ڕاستکردنەوەی بۆچوونە هەڵەکان سەبارەت بە خوداو مرۆڤ و، نەهێشتنی کەلتووری چەوساندنەوە، بەهەمان شێوە کاتێکیش ئینجیل دادەبەزێت، زۆرێک لە دەقەکانی تەورات شێوێندراوە، کۆمەڵگەی یەهودی دەناڵێنێت بە دەست ستەمی کاهینەکانەوە، لە پاش بڕینی چەندین قۆناغ و وەرگرتنی ئاینی مەسیحی لەلایەن میللەتە خاوەن کەلتوورە جیاوازەکانەوە، ئەمیش تووشی شێواندن دەبێت، چەندین دابونەریت و ئەفسانەو ڕاڤەی پیاوانی ئاینی تێکەڵ بە دەقەکانی ئینجیل دەبێت(١٦).

کاتێکیش دێتە سەر باسی ئیسلام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاینی ئیسلام لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی، مرۆڤدۆستی،

دادپەروەرییو داماڵینی نیۆەندگیرییو بە پیرۆزدانەنانی کەسەکان بنیاتنراوە، ئاینێکە بۆ هەموو کات و شوێن و سەردەمەکان دەگونجێت، یاسا گشتییە تەشریعییەکانی دەشێت ببنە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سەرجەم سستەمە حوکمڕانییە دادپەروەرەکان، هەرچی حوکمێکی پەیوەست بە کاروباری سیاسیو بەرژەوەندی دنیاییە، دەبێت لە سەر بنەمای ڕاگۆڕینەوەو ڕاوێژکردن یەکلایی ببێتەوە، ئیسلام زۆر بە توندی دژی تاکڕەوی و سەپاندنی حوکمی تاکە لە هەر پلەیەکدا بێت، قورئان پڕیەتی لە ڕێنماییو نمونەی بەرزی لەباربردنی ستەمکاریی و تاکڕەویو، زیندووڕاگرتنی دادپەروەریی و یەکسانی، هەتا چیرۆکە قورئانییەکانیش پڕن لەم واتایانە(١٧).

لێرەدا نوسەر نمونەی چیرۆکی بەلقیس شاژنی سەبەء دەهێنێتەوە، هەروەک لە قورئاندا هاتووە: **قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّى تَشْهَدُونِ، قَالُوا نَحْنُ أُوْلُوا قُوَّةٍ وَأُوْلُوا بَأْسٍ شَدِيدٍ وَالأَمْرُ إِلَيْكِ فَانظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ، قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ النمل: ٣٢ ـ ٣٤.**

ئەم چیرۆکە ئەوە دەدات بەدەستەوە کە دەبێت پاشایان و دەسەڵاتداران لە کاروبارەکانیاندا ڕاوێژ بە شارەزایان و پسپۆڕانی ڕەعیەت بکەن، نابێت تاکلایەنانە بەبێ پرس و ڕاوێژ حوکم دەربکەن، واتە هێزو دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان لای جەماوەرە، پاشا یان دەسەڵاتدار تەنها دەرکردنی فەرمانی جێبەجێکردنی لەسەرە(١٨).

لە پاش هێنانەوەی چەندین نمونەی تری قورئانی لەسەر بانگەشەی دادپەروەریی و یەکسانی و، دژایەتی ستەمکاریی و تاکڕەوی، کەواکیبی زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر

## ستەمکار دوژمن و بکوژی ڕاستی و ئازادییە، ڕاستی باوکی مرۆڤەکانەو ئازادی دایکیانە

ئەو فەقیهـ و سۆفیانەی لە مێژووی ئیسلامیدا هۆکاری هێنانەکایەو برەوپێدەری ستەمکاریی سیاسی بوون، لە ئەنجامی تێگەیشتن و ڕاڤەی نادروستیان بۆ زۆرێک لە دەقەکان(١٩).

هەر لە میانەی وتاری دووەمدا هۆشداری دەدات، کە لەگەڵ ئەوەی ئاینی ئیسلام لە بنەچەدا لەسەر بنەماکانی: ئازادی، دانایی، ئاسانکاری، لێبووردەیی، لابردنی کۆتوزنجیر، لەناوبردنی جیاکاریی و ستەمکاریی، بنیاتنراوە، بەڵام فەقیهەکانی ستەمکاریی کردوویانە بە هۆکاری پەرتەوازەکردنی میللەت و ئامرازی تێرکردنی مەرامە سیاسی و ئابوورییەکانیان، جوانی و تایبەتمەندییەکانیان لەباربردووە، ئەوەندە شتی زۆرو زیادەو نامۆو خورافییان هێناوە، ئاینداریيان قورسکردووە، سەریان لە ئایندارن شێواندووە، بەجۆرێک ئەگەر بتەوێت ئاینداری کامڵ بێت، دەبێت واز لە هەموو کارو کەسابەتو بژێوییەکی ژیان بهێنیتو پشت لە دنیا بکەیت، تەنها خەریکی بەجێهێنانی فەرمانی کتێب بیت، سەیر لەوەدایە ئەگەر تەمەنێکی زۆر درێژیش بەسەر ببەیت هەر ناگەیتە ئەنجامی ئەوەی کامە ڕاستە کامە چەوتە، بەهۆی هەبوونی جیاوازی زۆر توندوتیژ لە نێوان مەزهەب و ڕێچکەو نوێنەرانی ئایندا، هەر ئەم وێناکردن و ڕاڤە

## ئیسلام زۆر بە توندی دژی تاکڕەوی و سەپاندنی حوکمی تاکە لە هەر پلەیەکدا بێت

قێزەونە بۆ ئاین وایکردووە ئایندارن هەمیشە سەرقاڵی پڕکردنەوەی ناتەواوی کەسیی و خۆکامڵکردن بن و نەیانپەرژێتە سەر باسی سستم و حوکمڕانی و لێپرسینەوەی حاکمو دەسەڵاتداران(٢٠).

کەواکیبی لە وتاری سێیەمی کتێبەکەیدا باس لە پەیوەندی نێوان (ستەمکاریی و زانست) دەکات، پێیوایە بەهێزی و لاوازیی هەر حکومەت و دەسەڵاتێک بەندە بە ئەندازەی زیادو کەمیی زانست و هۆشیاری ڕەعیەتەکەیەوە، هەتا ڕەعیەت هوشیارو زانا بێت، دەسەڵات بەهێز دەبێت و لە ستەمکاریی دوور دەکەوێتەوە، بەپێچەوانەشەوە هەتا ڕەعیەت گێل و نەزان و بێئاگا بێت، دەسەڵات ستەمکارو لاواز دەبێت(٢١).

هەر لەم وتارەدا ئاماژە بەوە دەدات، کە ستەمکار زۆر دەترسێت لەو زانست و کایە مەعریفیانەی بزوێنەری عەقڵ و هۆشیاریی و هزری جەماوەرن، وەک: حیکمەتی تیۆری، فەلسەفەی عەقڵی، مافی میللەتان، کۆمەڵناسی، سیاسەتی مەدەنی و هاوشێوەی ئەمانە کە ئاسۆی عەقڵ فراوان دەکەن و مرۆڤ ئاشنا دەکەن بە ماف و ئەرک و داواکارییەکانی و چۆنیەتی دەستخستن و پاراستنیان(٢٢).

ئەو دواتر دێتە سەر باسی ئەوەی کە لە نێوان زانست و ستەمکاریدا ململانێی توند هەیە لەسەر زۆرینەی خەڵک، زانست هەمیشە لە هەوڵی ڕۆشنکردنەوەو بەئاگاهێنانەوەی عەقڵیاندایە، ستەمکاریش لە هەوڵی کوژاندنەوەی ڕووناکی عەقڵیان و گەوجاندنیاندایە، مەبەستیش لە زۆرینەی خەڵک ئەوانەن کە ئەگەر نەزان بوون، دەترسن، کە تووشی ترسیش بوون، ملکەچ دەبن، هاوکات ئەگەر زاناو بەئاگاشبوون، قسە دەکەن، کە قسەشیان کرد، بە کردار بەرجەستەی دەکەن(٢٣).

لەلایەکی ترەوە هەر لە وتاری سێیەمدا نوسەر باس لەوە دەکات کە ستەمکارانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی هەمیشە لە ترسی ئەوەدان جەماوەر بەتەواوی لە چەمکی (لا إله إلا الله) تێبگات، ئەو دەپرسێت: بۆچی (لا إله إلا الله) چاکترین زیکرە، بۆچی ئیسلامو سەرجەم ئاینە ئاسمانییەکانی لەسەر بنیانتراوە، هەرخۆی لە وەڵامدا دەڵێت: (لا إله إلا الله) واتە هیچ ناپەرستڕێت بە حەق بێجگە لە دروستکەری گەورەی بوونەوەر، پەرستنیش بە واتای ملکەچبوون، کەواتە : هیچ کەس شایانی ئەوە نیە ملی بۆ کەچبکرێت بێجگە لە خودا، چەندە گەورەو جوانە شەوو ڕۆژ ئەم زیکرە دووبارەو چەندبارە بکرێتەوەو، واتاکەی لە مێشکدا بچەسپێت و، بزانرێت تەنها ملکەچکردن بۆ خودایەو بەس، هەربۆیە ستەمکاران باش دەزانن ئەمە لەگەڵ ئامانجو مەبەستی ئەواندا یەکناگرێتەوە، بەڵکو (لا إله إلا الله) سوکایەتییە بە ئەوان(٢٤).

لە وتاری چوارەمدا کەواکیبی باس لە پەیوەندی نێوان (ستەمکاریی و شکۆمەندی) دەکات، دەڵێت: «شکۆمەندی بریتییە لە: دەستخستنی ڕێزو گەورەیی‌و خۆشەویستی، ئەمەش خواستێکی سروشتی هەموو کەسێکەو،

چێژێکی ڕۆحیی و دەروونی تایبەتی هەیە، بەڵام تەنها ئەوانە بەدەستی دەهێنن کە لەپێناوی خودا، ئاین، کۆمەڵ، مرۆڤایەتیدا بە دڵسۆزی کۆشش دەکەن، ماندو دەبن و قوربانی دەدەن»(٢٥).

هاوکات پێیوایە لە سەردەمی ئارامی و دادگەریدا زەمینە لەبارە، شکۆمەندی لە چەندین رووەوە بەدەست بهێنرێت، بەڵام لە سەردەمی ستەمکاریدا تەنها لە یەک ڕووەوە بەدەست دێت، ئەویش: بەرەنگاربوونەوەی ستەمو ستەمکارییە(26). لە بەرامبەر شکۆمەندیدا کە سیفەتو حاڵەتێکی سروشتییە، شکۆپێدان هەیە کە ئەمەیان حاڵەتێکی دەستکردو ناسروشتییە، لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتە ستەمکارەکانە.

بەبڕوای کەواکیبی لە هەموو کات و سەردەمێکدا کەسانی بەرژەوەندیخواز بوونیان هەیە، نمونەی ئەمانە زۆر بە خێرایی خۆیان لە ستەمکاری گەورە نزیک دەکەنەوە لە رێگەی پیاهەڵدان، چەورەیی، دووڕوویی، سیخوڕیکردن، گوێڕایەڵیکردنی کوێرانەو قبوڵکردنی هەر سوکایەتییەک لەلایەن گەورەیانەوە پێیان بکرێت، بەمەرجێک پلەوپایەو نازناوێک بەدەستبهێنن، ئەمانە لە زۆربەی چینە جیاوازەکاندا هەن، پارێزەری دەسەڵاتی ستەمکارن، شارەزان لە شکۆپێدان و ڕازاندنەوەو جوانکردنی وێنەی ناشیرین و قێزەونی دەسەڵات لە بەرچاوی جەماوەردا، عەقڵەکان مەست دەکەن، ڕاستییەکان دەشێوێنن، کەسایەتی قێزەونی ستەمکار دەگۆڕن بە خاوەن شکۆ، پارێزەری خاک و وڵات، ڕاگری ئاین، باوکی میللەت(٢٧).

ستەمکاریش باش دەزانێت هەبوونی ئەو جۆرە کەسانە هۆکاری مانەوەی ئەون، هەربۆیە زۆر لێزانانە هەڵیاندەبژێرێت و دەیانکاتە: وەزیر، بەڕێوەبەر، موفتی، دەمڕاست، لێپرسراو، چەندین نازناوی گەورەیان دەداتێ، هەندێک جار دەگەڕێت بە شوێن کەسی عاقڵ، دانا، خاوەن نەسەب، خاوەن کەسایەتی لای جەماوەر، کاریگەرو چاونەترس، ڕایاندەکێشێت بۆلای خۆیو تەماعی پارەو سامان و پلەوپایەی دەوڵەتییان دەخاتە بەر، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە ڕازیکردنیان، یان گوێڕایەڵیکردنی کوێرانەیان، یان دووریان دەخاتەوە، یاخود لەناویان دەبات، یا سوک و ریسوایان دەکات(٢٨).

لە وتاری پێنجەمدا کەواکیبی باس لە پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان (ستەمکاریی و سامان) دەکات، لێرەدا بە ئاشکرا کاریگەری بیری سۆشیالیستی پێوەدیارە، هەرچەندە ئەو پێیوایە ڕەگ و ریشەی بیری ناوبراوو جوانییەکانی زۆرتر لە ئیسلامدا بەدیدەکرێت(٢٩).

لە دیدی ئەودا پارەو سامان چەکێکی مەترسیداری دەستی ستەمکارە، لە ڕێگەی داگیرکاریی و قۆرخکارییەوە سیاسەتی برسیکردن پەیڕەو دەکات، ئەو باوەڕی وایە میللەت هەمووی هاوبەشە لە خێروبێری وڵاتدا، نابێت تاقە کەسێک، یان چەند کەسانێک، یان بنەماڵەیەک، قۆرخی خێروبێرو پارەو سامانی میللەت بکەن و ئەوانی تریش برسی بن و چاوەڕێی ڕەحمی ئەو کەمینەیە بن.

ئەو دەڵێت:»دەوڵەمەندی یان پارەداری بە سێ مەرج دروستەو ڕەوایە: یەکەم: لە ڕێگەی مەشروع و حەڵاڵەوە پەیداکرابێت، نابێت لە ڕێگەی داگیرکاریی و گەندەڵی و ساختەکارییەوەبێت. دووەم: نابێت دەوڵەمەندی و پارەدارییەکەی لەسەر حسابی میللەت بێت. بەجۆرێک لە ڕێگەی داگیرکردنی موڵکی گشتی یان قۆرخکردنی بازاڕەوە، کۆتا مەرجیش: دەبێت دەوڵەمەندی سنووری هەبێت و نابێت لە پێویستی کەسەکە

زۆر زیاتر بێت، لەبەرئەوەی قۆرخکاریی و مۆڵکردنی پارەی زۆرو داگیرکردنی زەوی و مولکی گشتی هۆکاری تێکچوونی ئاکاری میللەت و دروستبوونی ستەمکاریی ئابوورییە، کە ڕێخۆشکەرە بۆ ستەمکاریی سیاسی»(٣٠).

هەر لە هەمان وتاردا کەواکیبی ئاماژە بەوە دەدات کە زۆرێک لە بنەما ئابوورییەکانی سستەمی سۆشیالسیستی، لە ئیسلامدا جوانتر و تەواوتر دەبیندرێت، بە بڕوای ئەو دەبێت حکومەتی دادپەروەر یاسای وردو بەهێزی هەبێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئابووری وڵات، نابێت خاوەندارێتی بنچینەیی پڕۆژە زەبەلاحە ئابوورییەکان، کارگەو ئامێرە گرانبەهاکان، زەوییە بەپیت و جێگیرە کشتوکاڵییەکان، تاکە کەسیی بن، بەڵکو دەبێت خێروبێری ئەوانە بۆ هەمووان بێت و حکومەت بە یاسا بەڕێوەی ببات. دەبێت حکومەت هەوڵبدات هەلی کار بۆ هەمووان برەخسێنێت، دیاردەی چینایەتی نەهێڵێت، جۆرێک لە نزیکی و یەکسانی لە بژێوی و داهاتی تاکەکاندا فەراهەم بێنێت، کاربکات بۆ بەرەوپێشبردن و کاراکردنی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی، هاوکات سنوور دابنێت بۆ قازانجی بازرگانان، تا ڕێگربێت لە بەردەم کەڵەکەبوونی پارەو سامان لە دەستی چەند کەسێکدا(٣١).

بە بڕوای ئەو لەژێر سایەی حکومەتی ستەمکاردا دیاردەی چینایەتی زەق دەبێتەوە، کەمینەیەک لەوپەڕی خێروخۆشیو ڕابواردندا دەبن، زۆرینەش نانی ڕۆژانەیان بەئەستەم چنگ دەکەوێت، قۆرخکاریی و بەرتیل و فێڵ و ساختەکاریی و دزی و بازرگانی بە ئاین و مرۆڤەوە باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت.

وتاری شەشەم تایبەتە بە پەیوەندی نێوان (ستەمکاریی و ئاکار)، نووسەر لە میانەیدا دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ستەمکاریی تێکدەرو شێوێنەری ئاکارو بەها بەرزەکانە، لەژێر سایەیدا خۆشەویستی و ئینتیما بۆ خاک و نیشتمان دەسڕدرێتەوە، متمانە لەنێو هاوڕێ و خێزاندا ناهێڵێت یان لاوازی دەکات، هیچ جۆرە ماناو تامێک بۆ چەشتنە هزریی و عەقڵییەکان نامێنێت، زۆرینەی خەڵکی سادە وەک مێگەلیان لێدێت، تەنها لە هەوڵدا دەبن بۆ تێرکردنی زەرورەتی ژیانی ئاژەڵیانە، هەمیشە مێشک و هزر و کۆڕیان گەرمە بە باسوخواس و دەربڕینی سەرسامییان سەبارەت بە گەورەیی، بەهێزیی، جوانپۆشی و خۆش ڕابواردنی ستەمکارو دارودەستەکەی(32).

ئەو دەڵێت: سەیر لەوەدانیە خەڵکی سادە ببنە مێگەل و کۆیلە، بەڵکو سەیر لەوەدایە عاقڵەکان کۆیلەو مێگەل بن، هەر لەم سۆنگەوە دەبینین زۆربەی مێژوونووسان هاتوون حەقیقەتەکانیان شێواندووە، زۆر بە گەورەیی و ڕێزەوە لە ستەمکارانیان ڕوانیوە، چەندەها نازناوی وەک: ئازادکەر، ڕزگارکەر، گەورە پیاو، تاقانەی زەمان...یان داوەتە پاڵیان تەنها لەبەرئەوەی ئەمانە زۆرترین خوێنیان بە ناهەق ڕشتووە، خەڵکیان کوشتووە، شارو دێهاتیان وێران و خاپوورکردووە(٣٣).

هەر لە هەمان وتاردا کەواکیبی باس لەوە دەکات کە یاریدەدەرانی ستەمکاری لە نەزان و ڕیابازو بەرژەوەندخوازان ئاینیان بچوک کردۆتەوە بۆ کۆمەڵێک پاڕانەوەو ئاواتخواستن و هەندێک کاری پەرستشی، کە ئەمەش سەری کێشاوە بۆ بالادەستی تەمەڵی و خەمساردی و بێ هیممەتی لە زۆربەی کۆمەڵگە ئاینییە ڕۆژهەلاتییەکاندا، لەبەرئەوە پێویستە داناو زانا دڵسۆزو حەقبێژەکان بە جددی کاربکەن بۆ ڕیفۆرمی ئاینیو ڕاستکردنەوەی تێروانینە

هەڵەکان بۆ ئایین، کەموکورتییەکان پربکەنەوەو زیادەو هێنراوەکان فڕێ بدەن(٣٤).

نوسەر لە وتاری حەوتەمدا دێتە سەر باسی (ستەمکاریی و پەروەردە)، سەرەتا بەوە دەستپێدەکات کە خودای پەروەردگار لە مرۆڤدا دوو ئامادەگی خوڵقاندووە، ئامادەگی چاکەو چاکخوازی، ئامادەگی خراپەو خراپەویستی، ئیتر پەروەردەیە دێت لەلایەنی جەستەیی و دەروونی و عەقڵییەوە ئاڕاستەکە دیاری دەکات و پاڵ بە مرۆڤەکەوە دەنێت(٣٥). لەگەڵ ئەمەشدا ستەمکاری دەبێتە گەورەترین بەربەست لە بەردەم پەروەردەداو ئاڕاستە ڕاستودروستەکەی دەشێوێنێت، چونکە ژینگەو واقعێک دەرەخسێنێت، خەسڵەتەکانی درۆ، دووڕوویی، فێڵ، چاوبەستی و ڕقلێبوونەوە... تیایدا باڵادەست دەبێت(٣٦).

بە تێڕوانینی کەواکیبی لەژێر سایەی حکومەتی ئازادو دادپەروەردا پەروەردە گەشە دەکات، چونکە ئامرازەکانی تۆکمەن و بە یاسا ڕێکدەخرێن، مرۆڤەکان ئازادن، گەشبینن، خاوەن ئامانجن، چالاکن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا، بەڵام لەژێر سایەی ستەمکاریدا پەروەردە کپ دەکرێتەوە، ئامرازەکانی لاوازدەبن، مرۆڤەکان ئامانجی ڕوونیان نیە، کۆیلەن، بەدبەختن، تەممەڵن، ڕەشبینن(٣٧).

دواتر دێتە سەر باسی ڕۆڵی ئاین لە پەروەردەدا، ئەو دەنوسێت: لەگەڵ ئەوەی ئاین ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە پەروەردەدا، بەڵام لە سایەی ستەمکارییدا ئەو ڕۆڵە زۆر لاواز بێت، چونکە لایەنە ئاکارییەکەی تێکدەداو دەیشێوێنێت، دەمێنێتەوە لایەنە پەرستشییەکەی، کە گومانی تێدا نیە، ئەم لایەنەی ئایین بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنەکەی تر کاریگەری ئەوتۆی نابێت،

## پەروەردە لای کەواکیبی پرۆسەیەکە لەسەر بنەمای گفتوگۆو قەناعەت پێکردن بنیات دەنرێت

هەربۆیە دەبینین لە زۆربەی کۆمەڵگە ئاینییە بە کۆیلەکراوەکاندا، کارە پەرستشییەکان دەبنە ئادابی نەریتی و کۆمەڵێک کردارو هەڵسوکەوتی چاولێکراوی مردوو(٣٨).

پەروەردە لای کەواکیبی پرۆسەیەکە لەسەر بنەمای گفتوگۆو قەناعەت پێکردن بنیات دەنرێت، هاوکات کاریگەرە بە ژینگەی دەوروبەرو خەسڵەتە بۆماوەییەکانەوە، هەربۆیە لە سایەی حکومەتی ستەمکاردا هەرگیز ناتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت و بە ئاقاری دروستی خۆیدا بڕوات.

وتاری هەشتەم کە تایبەتە بە (ستەمکاریی و هەڵکشان)، نوسەر لە میانەیدا باس لە زەرورەتی گەشەکردن و جوڵە و پێشکەوتن دەکات لەنێو میللەتانداو کاریگەری نەرێنی ستەمکاری لەسەری، ئەو لە پێشەکی وتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات کە هەڵکشان بریتییە لە: جووڵەی زیندوو بەرزەفڕی جەستەو دەروون و عەقڵ، کە بەرامبەرەکەی بریتییە لە جووڵەی داکشان و کپبوونەوە، ئەمەش وەک ئامێری گەرمی پێو وایە لەیەک پلەو ئاستدا ناوەستێت، دەتوانرێت بکرێتە پێوەری زیندوویی و مردوویی هەر میللەت و کۆمەڵگەیەک، واتە: هەر میللەتێک شوێنەوارو نیشانەی هەڵکشانەکەی زۆرتربوو

## هەر میللەتێك هەست بە ئازارو مەینەتییەكانی ستەمكاریی نەكات شایانی ئازادی نیە

لە داکشانەکەی ئەوە میللەتێکی زیندووە، بەپێچەوانەشەوە ئەوە میللەتێکی مردووە(٣٩).

هەر لە وتاری ناوبراودا هاتووە: کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی مەیلی بەرەو هەڵکشان و بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنە، بەمەرجێک دووچاری هیچ جۆرە ڕێگرو بەربەستێک نەبێتەوە، کە مەترسیدارترین بەربەست لە بەردەم هەڵکشاندا بریتییە لە ستەمکاریی، چونکە ئاڕاستەی جوولەکە پێچەوانە دەکاتەوە، لە هەڵکشانەوە بۆ داکشان، لە بەرزبوونەوە بۆ نزمبوونەوە، لە گەشەکردن بۆ کپبوونەوە، لە بەرەوپێشچوون بۆ گەڕانەوە(٤٠).

ئەم کاریگەرییەی ستەمکاریی ئەوەندە ترسناکە، مەیلە سروشتییەکەی مرۆڤیش بەرەو هەڵکشان دەگۆڕێت، بە جۆرێک کە ئەگەر بە زۆریش پاڵی پێوەبنێیت بەرەو بەرزی و هەڵکشان، ئەو هەر حەزی لە داکشان و ژێردەستەیی و گەڕانەوەیە بۆ پاشەوە، بە واتایەکی تر وەک ئاژەڵی ماڵی لێدێت کە ئەگەر بەرەڵای بکەیت سەری لێدەشێوێت و دەفەوتێت(٤١).

هەر لە میانەی وتاری هەشتەمدا کەواکیبی مەسەلەیەکی گرنگ دەوروژێنێت و قسەی لەسەر دەکات، ئەویش کاریگەری ئاینە لەسەر هەڵکشان،

لەپێشدا تیۆرانینی هەندێک لە کۆمەڵناسانی ڕۆژئاوا دەخاتە بەردەست، کە لایانوایە ئایین کاریگەریی زۆر نەرێنی هەیە لەسەر هەڵکشانی تاکی و دواتر هەڵکشانی کۆمەڵایەتی، بە جۆرێک یەکەمین خاڵی هەڵکشان لە کۆتا خاڵی ئاینەوە دەستپێدەکان، مێژووی میللەتانی پێشینیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە هەتا دوورتر بوون لە پەیوەستبوون بە ئاینەوە زیاتر بەرەو هەڵکشان چوون، بەپێچەوانەشەوە هەتا زۆرتر پەیوەست بووبن بەئاینەوە، بەرەو داکشان چوون و لە هەڵکشان دوورکەوتوونەتەوە(٤٢).

ئەو پێیوایە ئەم تیۆرانینە تەواو ڕاست ودروستەو نکۆڵی لێناکرێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاینانەی بنەمایەکی خورافی و ناعەقڵانی و نا واقعییان هەیە، بەڵام ئەو تیۆرانینە هەڵەیە ئەگەر جێبەجێبکرێت بە سەر ئاینێکی خاوەن بنەمای عەقڵی و واقیعی و فیتریی وەک ئاینی ئیسلام، کە هۆکارو هاندەری بەهێزی هەڵکشان و بەرەو پێشچوون بووە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە ئاینی ئیسلام ئەو ئاینە نیە کە زۆرینەی مسوڵمان ئایندارن پێی بە چاولێکەریی، بەڵکو ئەو ئاینە مەبەستە کە هەموو مرۆڤێک دەتوانێت ڕاستەوخۆ لە قورئانەوە وەریبگرێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای عەمرو زەید(٤٣).

کۆتا وتاری کتێبەکە تایبەتە بە (چۆنیەتی قوتاربوون لە ستەمکاریی)، نوسەر سەرەتای وتارەکەی بە باسکردنی قۆناغەکانی هەڵکشانی مرۆڤایەتی سەبارەت بە بەڕێوەبردن و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات، پاشان ئاماژە بەوە دەدات کە هەتا سەردەمی نووسینی کتێبەکەی کە کۆتایی سەدەی نۆزدەیە، زۆربەی میللەتان و کۆمەڵگە جیاوازەکان نەگەیشتوون بە شێوازو ڕێگەیەکی نموونەیی لە سیاسەتکردن و

بەڕێوەبردنی وڵاتدا، چەندین جۆری حکومەت و شێوازی بەڕێوەبردن هەیە، بەڵام هیچیان مایەی ڕەزامەندی زۆرینە یاخود گشت نین، هەربۆیە میللەتانی دنیا لە ئاڵوگۆڕی سیاسی بەردەوامدان(٤٤).

دواتر کەواکیبی بە مەبەستی قوتاربوون لە ستەمکاریی و گەیشتن بە حکومەتێکی دادپەروەر، کە لە سایەیدا سەرجەمی مافە تاکیی و گشتییەکان پارێزراوبێت، هۆشداری توند دەدات، کە بە هیچ شێوەیەک متمانە نەکرێت بە پەیمان و سوێندو بەڵێن و ئاینداریی و ڕاستگۆیی ئەو کەسانەی دەیانەوێت دەسەڵات و حوکمداری بگرنەدەست، هاوکات بیست و پێنج سەرباس لە شێوەی پرسیاری دژیەکدا دەخاتە بەردەم، کە لە میانەیاندا بنەماو چوارچێوەی سستمێکی حوکمڕانی بەهێزو دادپەروەر دیاری دەکات، کە دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە ناوەڕۆکەکانیان بدەین(٤٥):

١. ئوممەت یان میللەت بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک، پەیوەندی ئاین، یان ڕەگەز، یان زمان، لە نیشتمانێکدا کۆیان دەکاتەوەو مافی هاوبەشیان هەیە، هەرتاکێک بۆی هەیە گوزارشت لە ڕای خۆی بکات.

٢. حکومەت وەک پرۆسەیەکی بریکاریی وایە، لەسەر ویست و ئیرادەی میللەت بنیات دەنرێت بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتی و هاوبەشەکان.

٣. سەرجەم میللەت هاوبەشن لە زەوی، ئاو، ڕووبار، کەناراو، کانزاکان، پەرستگاکان، بازرگانیکردن، لە پاراستنی ئاسایشی گشتی، دادپەروەری، ئاین، ئادابی گشتی، یاساو پەیماننامەکان، هیچ کەسێک یان بنەماڵەیەک مافی ئەوەی نیە ئەوانەو هاوشێوەیان قۆرخ بکات بۆ خۆی. هاوکات سەرپەرشتیاریی دەسەڵاتداران و لێپرسراوان بۆ ئەو شتانە، سەرپەرشتیاریی ڕێکخستنیانە نەک خاوەندارێتیان.

٤. حکومەت بۆی نیە بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی هەڵسوکەوت بکات لە پێدان و بێبەشکردنی مافە گشتییە ماددی و ئەدەبییەکان لە کەس و ناوچەو تاقم و ئاین و چینە جیاوازەکان، هەموویان یەکسانن لە پێدان و بێبەشکردندا بە شێوازی دادپەروەرانە.

٥. مافە کەسییەکانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت پارێزراوبێت، مرۆڤەکان ئازادن چۆن بیردەکەنەوەو چی دەکەن، حکومەت بۆی نیە خۆهەڵقورتێنێت لە کاروبارە کەسییەکاندا، بەمەرجێک پێچەوانەی یاسای کۆمەڵایەتی نەبێت.

٦. شیاوترین جۆری حکومەت دەبێت حکومەتی هەڵبژێردراوی کاتیی بێت.

٧. ئیشی حکومەت بەڕێوەبردنی کاروباری میللەتە، بەپێی یاسایەک کە بە بڕیارو ڕەزامەندی میللەت داڕێژرابێت، هەرکاتێکیش حکومەت نەیتوانی بەو یاسایە کاربکات دەبێت هەڵبوەشێتەوە.

٨. دەبێت حکومەت هەرچی پلەپێدان یان مووچەو خەرجی و پارەپێدانە بە یاسایەک ڕێکبخات کە هەڵقوڵاوی ڕەزامەندی میللەت بێت.

٩. دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت هەڵقوڵاوی ڕای میللەت بێت، حکومەت تەنها جێبەجێکردنی لەسەرە، ئەوکات میللەتیش بە دڵسۆزییەوە گوێڕایەڵی حکومەت دەبن.

١٠. دەبێت بە ڕەزامەندی و ئاگاداری میللەت سەرچاوەکانی داهاتی حکومەت و کۆکردنەوەیان و ڕێکخستنی تێچوونەکان دیاری بکرێت.

١١. دەبێت هێزی چەکدار هێزی نیشتمانیی میللەت بێت، بەجۆرێک کە حکومەت نەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ سەرکوتکردنی میللەت.

١٢. دەبێت میللەت مافی چاودێری و

لێپرسینەوەی حکومەتی هەبێت، هاوکات کاری سەرەکی نوێنەرەکان پاراستنی ئەو مافە بێت.

١٣. لەسەر حکومەتە ژیان و ماڵ و سامانی تاکەکان و ئاسایشی گشتی بپارێزێت.

١٤. دەبێت دەسەڵاتی حکومەت بە یاسا دیاری بکرێت.

١٥. دەبێت دەسەڵاتی دادوەری لە دەستی کەسانیی پاک و ئەمیندا بێت، تەنها ملکەچی شەرع و ڕاستی بن، نەکەونە ژێر کاریگەری هیچ زۆرلێکردنێک لە هەرکەسێکەوە بێت.

١٦. لەسەر حکومەتە بە دانایی پارێزگاری لە ئایین و ئادابی گشتی و زمان و کەلتوور بکات، مافی ئەوەی نیە لەسەر ئایندارىی و بیروباوەڕ لێپێچینەوە لە کەس بکات، لەکاتێکدا نەبێت کە بە ئاشکرا پیرۆزییە ئاینییەکان بشێویندرێن و پێشێل بکرێن.

١٧. هەرچی تایبەتە بە دامەزراندن و لێپرسراویەتییەکانەوە لە سەرۆکەوە تا پۆلیس و کارگوزارێک دەبێت زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوانە بە دەقی یاسایی ڕێکبخرێت، بەجۆرێک کەس نەتوانێت پێچەوانە مامەڵە بکات.

١٨. پرۆسەی یاسادانان دەبێت لە ڕێگەی کۆمەڵە کەسانێکی شارەزاو پسپۆڕەوە بێت کە لەلایەن میللەتەوە دەستنیشان کرابن، نەک بە ویستی سەرۆک وڵات بێت بە تەنها.

١٩. دەبێت دەقە یاساییەکان زۆر ڕۆشنبن و ڕاشکاوانە واتاکانیان بدەن بە دەستەوە، سەرجەم چین‌وتوێژەکان بگرێتەوە، هێزی جێبەجێکردنیان هەبێت، پارێزراوبن لە هەر مەبەست و ئامانج و بەرژەوەندی و کاریگەرییەکی تاکی، لەلایەن سەرجەمی میللەتەوە ڕێزیان لێبگیرێت.

٢٠. دەبێت دابەشکردنی کارو وەزیفەکان بۆ گشت بێت، بەلەبەرچاوگرتنی شیاویی و ژمارەی پێویست، نابێت لە ڕێگەی نێوەندگیریی و خزمایەتی و ناسراویی و عەشیرەتگەرییەوە بێت.

٢١. نابێت دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی و فێرکاریی و ئەوانی دی لە دەستی تاکەکەس و کۆمەڵێکدا بن، بەڵکو دەبێت بەپێی پسپۆڕی وردو شارەزایی دابەشبکرێن.

٢٢. دەبێت حکومەت ئەوپەڕی کارئاسانی بکات بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەو فێرکردن، هەموو کەس مافی خوێندنی هەبێت.

٢٣. دەبێت حکومەت بە کردار هاندەری کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی بێت، ئەوپەڕی کارئاسانی بکات بۆ گەشەپێدانیان.

٢٤. دەبێت حکومەت بە جدی کاربکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و نیشتەجێکردنی بێ لانەکان.

25. دەبێت هەمیشە کاربکرێت بۆ مراندن و نەگەڕانەوەی ستەمکاریی.

کەواکیبی زیاتر لەسەر ئەم خاڵەی کۆتایی دەڕوات و دەنوسێت:»هەر میللەتێک هەست بە ئازارو مەینەتییەکانی ستەمکاریی نەکات شایانی ئازادی نیە... دواتر ئاگادارییەک دەخاتەڕوو، کە دەبێت بەرهەڵستی ستەمکاریی بە نەرمی و پلەبەندی بێت، هاوکات دەبێت لە سەرەتادا ئامادەکاری کرابێت بۆ قۆناغی دوای ستەمکاریی»(٤٦).

هەر بۆیە بەلای کەواکیبیەوە بەهێزترین چەک بۆ ڕووبەڕونەوەو بەرهەڵستی ستەمکاریی بریتی نیە لە کاری توندوتیژی، بەڵکو بریتییە لە هەستکردنی میللەت بە ئازارو مەینەتییەکانی ستەمکاریی، کە ئەمەش لە ڕێگەی فێرکردن و وشیارکردنەوەوە دەبێت، کە دواتر وروژاندنی ڕای جەماوەری لێدەبێتەوە(٤٧).

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١ لە تۆمارە حکومییەکاندا ساڵی (١٨٤٨یان ١٨٤٩) بە ساڵی لەدایکبوونی کەواکیبی دانراوە، بەڵام لە تۆماری بنەماڵەکەیدا ساڵی ١٨٥٤ بە ساڵی لەدایکبوونی دانراوە. بڕوانە: العقاد، عباس محمود: عبد الرحمن الكواكبي، مؤسسة هنداوي، القاهرة، ٢٠١٢. ل٣٩. الزركلي: الأعلام، دار العلم للملايين، بيروت، ط٢٠٠٢،١٥، ٣/٢٩٨.

٢ بڕوانە: العقاد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١. الزركلي: س.پ، /٢٩٨.

-٣ بڕوانە: الطحان، محمد جمال: أعمال الكواكبي غير الكاملة، نسخة ألكترونية، ل٢٢.

٤ بڕوانە: الزركلي: س.پ، /٢٩٨. الطحان: س.پ، ل ٢٢.

٥ بڕوانە: الطحان: س.پ، ل ٢٦، ٢٨.

-٦ الكواكبي: طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد، مؤسسة هنداوي، القاهرة، ٢٠١٢، ل7.

٧ ه.س، ل٧.

٨ ه.س، ل٧.

٩ ه.س، ل٨.

١٠ ه.س، ل١١.

١١ ه.س، ل١٢.

١٢ ه.س، ل١٥.

١٣ ه.س، ل١٨.

١٤ ه.س، ل٢١ .

١٥ ه.س، ل٢١.

١٦ ه.س، ل٢٤.

١٧ ه.س، ل٢٥.

١٨ ه.س، ل٢٥.

١٩ ه.س، ل٢٧.

٢٠ ه.س، ل٢٨ــ ٢٩.

٢١ ه.س، ل٣٣.

٢٢ ه.س، ل٣٤.

٢٣ ه.س، ل٣٤.

٢٤ ه.س، ل٣٧.

٢٥ ه.س، ل٣٩.

٢٦ ه.س، ل٤٠.

٢٧ ه.س، ل٤٢.

٢٨ ه.س، ل٤٢.

٢٩ ه.س، ل٥١.

٣٠ ه.س، ل٥٦.

٣١ ه.س، ل٥٥، ٥٧.

٣٢ ه.س، ل٦٣.

٣٣ ه.س، ل٦٤.

٣٤ ه.س، ل٧٢، ٧٣.

٣٥ ه.س، ل٧٥.

٣٦ ه.س، ل٧٩.

٣٧ ه.س، ل٧٧.

٣٨ ه.س، ل٧٦.



# گفتوگۆیەك لەگەڵ

## نوسەر و ڕۆشنبیر (ئەبوبەکر عەلی)

# «ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنێکە، بەڵام هەموو ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنێك نییە»

گفتوگۆی: مەریوان عەلی

## ئیسلام چییه؟

_دوایین پەیامی خودایە بۆ سەر زەوی، لە ڕووی جەوهەری ئاینییەوە جیاوازی نییە لەگەڵ ئاینەکانی تر لە ڕووی شەریعەتەوە جیاوازە، موعجیزەی ئەسڵی ئاینی ئیسلامیش عەقڵ خۆیەتی لەبەرئەوەی دوایەمین پەیامە، ئەوەی درێژە بەو ڕێبازە دەدات و بەردەوام ئاین نوێ دەکاتەوە خودی عەقڵە، عەقڵ ڕۆڵی پێغەمبەرایەتی دەگێڕێ لە نوێکردنەوەی ئیسلام و گونجاندنی تایپەکانی دینداری لەگەڵ ژیانی خەڵکەکاندا لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

**_ ئەگەر ئاین وەک یاسا پەیڕەوی لێ بکرێت، ئەم عەقڵە لە کوێ ڕۆڵ دەگێڕێت؟**

_ دەبێت ئاماژە بکەین بە قسەیەکی (د.مستەفا زەڵمی) زانای گەورەی کورد، کە دەڵێت ئەحکامە شەرعییەکان لە قورئاندا لە 5%ی قورئان پێکدەهێنن، بەڵام خەڵکی وازیان لە 95% قورئان هێناوە بۆ 5% ، 95%ی قورئان باسی حوکمی شەرعی نییە باسی ئەحکامی فیقهی نییە، بەڵکو باسی دروستکردنی جیهانبینییە، ئەخلاقە، هەستە، ناساندنی خوایە، جیهانی ئەودیوە، دروستکردنی مرۆڤێکی ئەخلاقی و ڕواندنی هەستی چاکەکارییە لە مرۆڤدا، لە 95%ی قورئان ئەمەیە، هەرچی پەیوەندی بە ڕووە فیقهییەکەیەوە هەیە ئێمە لە ئسوڵی فیقە شتێکمان هەیە پێی دەڵێن (مناط الاحکام)، واتە دەبێت واقعێک هەبێت پێویستی بەو حوکمە هەبێت کە دایبەزێنێتە ناوی، هەروەها وەڵامگۆ بێت، کاتێک ئەو حوکمە شەرعییە دابەزێتە سەر ئەو واقیعە نابێت دابەزاندنەکەی دەرهاویشتەیەکی لێ بکەوێتەوە، کە پێچەوانەی مەبەستە باڵاکانی ئیسلام بێت لەسەرو هەموشیانەوە دادپەروەری، کەواتە ئەوە ئێمەین بڕیار دەدەین لە کوێ پێویستە دایبەزێنین یان داینەبەزێنین، بە مانایەکی تر ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنێکە، بەڵام هەموو ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنێک نییە.

**_ سەلەفییەکان پێیان وایە دەبێت قورئان خودی یاسا بێت، ڕات چییە لەسەر ئەمە؟**

سەلەفییەت دیدێکی مێژوگەرایانەی فیقهگەرایانەی چەقبەستووە، بەڵایەکە بەسەر دنیای ئیسلامدا هاتووە، لەبەرئەوەی سەلەفییەت داعشی بێ چەکە، هەموویان تێگەیشتنێکی داعشانەیان هەیە بۆ ئیسلام، تێگەیشتنێکی مێژوییانەیە بۆ ئیسلام و پێیوایە سەدەی یەکەم و دووەم و سێیەم تێگەشتنی مسوڵمانەکان لەوێ چۆن بووە ئەبێت دنیا بوەستێت تەفسیر بوەستێت عەقڵ بوەستێت تێگەیشتنی ئێمەش ببەینەوە ئەو چوارچێوە مێژووییە بەشێوەیکی حەرفیانە و ڕوکەشیانە بەبێ گوێدانە گۆڕانی دنیا و واقیع و مرۆڤ ئەم شتانە بە زۆر بەسەر خەڵکیدا بچەسپێنن، بەشێوەیەکی زۆرسەیرو سەمەرە باسی کولتووری (اولی الامر) دەکەن، لەبەرئەوە تێگەشتنێکی نارەسەنی بەڕای من نامەقاصیدیانەیە لە شەریعەت و لە دین و پێویستە سنوری بۆ دابنرێت، لەبەرئەوەی دەبێتە بار بەسەر ژیانی مسوڵمانەکانەوە بەسەر دەروون و ویژدانی مسوڵمانانەوە.

**_ گەڕانەوەی ئەوان بۆ ڕابردوو بە وتەی خۆیان بۆ کردەوە و باوەڕە نەک بۆ خودی سەردەمەکە؟**

بەداخەوە دەگەڕێنەوە بۆ جۆری تێگەشتنەکە، پێیانوایە ئەو تێگەیشتنەی کە ئەو کاتە لە بازنەی تێگەیشتنی مسوڵمانانی سەلەفی ساڵحدا نەبوو نابێت ئێستا لە بازنەی تێگەیشتنی ئێمەشدا هەبێت، ئەمەش حوکمدانە بەسەر مردنی عەقڵدا بەسەر کۆتایی هاتنی ئیجتیهادداو پێچەوانەی ئەو دەقانەشە، کە ئێمە هەموو سەد ساڵێک پێویستمان بە نوێکردنەوە دەبێت لە فکری ئاینیداو لە فەرمانی ئاینیدا، کە پێغەمبەر لە هەندێک دەقدا فەرموویەتی.

**_ ئیسلام لەگەڵ فرە کولتووری هەڵدەکات؟**

بە دڵنیاییەوە، ئیسلام لەبەرئەوەی لە ئاستێکی بەرزدا بڕوای بە فرە ئاینی هەبووە، نەک هەر ئاینە تەوحیدییەکان کە خودا بە کافر ناوی نەبردوون، بەڵکو بە(اهل الکتاب) بە خاوەن پەیامی خودا ناوی بردوون لە بەرامبەردا دەڵێت (ولا تجدل اهل الکتاب الا بالتی هي احسن) کاتێک مجادەلەیان لەگەڵ دەکەی دەبێت لە لوتکەی ئەتەکێتدا مامەڵەیان لەگەڵ بکەی کەواتە ئەوپەڕی ڕێزگرتنە لە فرە ئاینی، جگەلەوە کاتێک ئیسلام هات عێراق ئاینی زەردەشتی لێبوو پێغەمبەر فەرمووی وەک ئاینی تەوحیدی مامەڵەیان لەگەڵ بکەن لەکاتێکدا لە ڕووی شەریعەتەوە زۆر جیاوازبوون لە ئیسلام، مسوڵمانان لەگەڵ ئاینە سەرزەمینیەکانیش ئەوانەی ئاینی تەوحیدی نەبوون وەک بوزی و براهماتی هەموو مامەڵەی (اهل الکتاب)یان لەگەڵ کردوون.

مێژووی ئیسلامیش لە سایەی ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەتی ئیسلامی دا مەڵبەندێکی فرە کولتووری بووە جۆرەها کولتووری ئایینی و نائایینی لە پاڵ یەکدا ژیاون هەتا لە سەدەی 4ک فەلسەفەی یۆنانی تەرجەمە کرا، کولتووری فارسی بوژایەوە، کولتووری بیزەنتی هاتە ناوەوە، یەکێ لە عەلمانییە توندڕەوەکانی میسر دەڵێت ئەو کاتە بێباوەڕ گەورەکان لە مزگەوتدا مناقەشەی ئاینییان دەکرد کەس شمشێری لێ هەڵنەگرتن، بەڵام ئێستا ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئێمە کلاشینکۆف لە ئێمە هەڵدەگرن، لە چوارچێوەی سیاقە مێژووییەکەی خۆیان کە ئەوکات باس لە فرەیی سیاسی نەبووە، کێشەی گەورەی دنیایی ئیسلام فرەیی سیاسی بووە، هەتا ئێستا کێشەی ئەو دنیایە ئەو فرەییە سیاسییەتی، بەڵام لە ڕووی شارستانییەوە مێژووی ئیسلام مێژووی فرەکولتووری بووە لە ئاستێکی بەرزدا لە چوارچێوەی سیاقە مێژووییەکەی خۆیدا.

**_ هەتا چەند هاوڵاتیبوون لە ئیسلامدا جێی دەبێتەوە؟**

چەمکی هاوڵاتیبوون چەمکێکی تازەیە لە خۆرئاواوە هاتووە، باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگای سیاسی لەسەر بناغەیەکی نوێ و گرێبەستێکی سیاسی نوێ دابمەزرێت، ئەویش بە سیفەتی ئەوەی پەیوەستە بە سەرهەڵدانی چەمکی نیشتمان و نەتەوە و ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نوێ....هتد، بە حوکمی ئەوەی ئێمە هەموومان ئینتیمامان هەیە بۆ یەک نیشتمان و لە سایەی یەک دەسەڵاتی سیاسی هاوبەشدا دەژین، کەواتە ئێمە دەبێت لە بەردەم یاسادا

یەکسان بین و هەموومان خاوەنی یەک ماف و ئەرکی یەکسان بین، ئەمە لە ئەزمونی تەقلیدی مێژووی مسوڵمانانادا نەبووە، ئەم چەمکە پێش سەرهەڵدانی لە دنیای ئیسلامدا نەبووە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکەی دەتوانین لە صەحیفەی مەدینەدا بدۆزینەوە، بۆ نمونە لەو صەحیفەدا کە لە نێوان مسوڵمانەکان و جولەکەکان و پێکهاتەکانی تری مەدینەدا نوسراوەتەوە پێغەمبەر (د.خ) دەڵێت: مسوڵمانان و جولەکەکان هەردووکیان یەک ئومەت پێکدەهێنن، کەواتە ڕەگ و ڕیشەکەی تووی ئومەتی سیاسی تیایە ئەمە ئومەتی دینی نییە، بەڵام بەداخەوە لە مێژووی ئێمەدا ئەم چەمکە گەشەی پێنەدرا و گەشەی نەکرد مسوڵمانی و نا مسوڵمانی پێوەر بوو، سروشتی ئەو قۆناغەی مرڤایەتیش وابوو، ئێستا لە دنیای ئیسلامدا ئێمە دوو قوتابخانەمان هەیە، بەڵام قوتابخانەیەکیان زیاتر سەلەفییەکان و تەقلیدییەکان نوێنەرایەتی دەکەن کەم بروایان بە هاوڵاتێتی یەکسان هەیە بەداخەوە بڕوایان بەیەکسانی خودی مسوڵمانەکانیش نییە لە بەردەم یاسادا.

ئێستا کێشەی گەورەی دنیای ئیسلام ئەوە نییە کە مسوڵمان و نامسوڵمان یەکسان نیین ئەمە کێشەیەکی دروستکراوی عەلمانییەکانە بە بڕوای من، کێشەی گەورەی دنیای ئیسلام ئەوەیە مسوڵمانەکان لە بەردەم یاسادا لە ماف و ئەرکدا نایەکسانن، واتە شەڕەکە شەڕی خودی ناو ماڵی مسوڵمانانە، لەبەرئەوەی لوتکەی ئیسلام دادپەروەرییە، بەهای باڵای ئیسلام چەسپاندنی دادپەروەرییە بەبێ داننان بە هاوڵاتێتی یەکساندا، ئەمڕۆ ناتوانین باس لە دادپەروەری سیاسی و یاسایی بکەین لە کۆمەڵگەی خۆماندا، بۆیە ڕوحی ئیسلام لەگەڵ هاوڵاتێتی یەکساندایە لەم سەردەمەی ئێمەدا دەبێت هاوڵاتیان بەدەر لە ئایین و مەزهەب و نەتەوە لە بەردەم یاسادا یەکسان بن و خاوەنی ئەرک و مافی وەک یەک بن.

## لە ڕووی شارستانییەوە مێژووی ئیسلام مێژووی فرەکولتووری بووە لە ئاستێکی بەرزدا

**_ کەواتە هاوڵاتیبوون لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا دەگونجێ؟**

من پێموایە پێویستی مسوڵمانەکان خۆیانە پێش ئەوەی پێویستی مسوڵمانەکان و خەڵکی تربێت.

**_ باوەڕت بەو چەمکانە هەیە کە لە خۆرئاوا سەریانهەڵداوە وەک و ئازادی و دیموکراسی... هتد؟**

_ بە دڵنیاییەوە باوەڕم پێیەتی، بەڵام چەمک و شارستانییەت ئیستراد ناکرێ، تۆ دەبێت خۆت هەبی و کارلێک بکەی لەگەڵ شارستانیەتی بەرامبەردا و ڕووە زیندووەکەشی لێوەرگری زۆرزۆر ئاساییە واتە جەوهەری شارستانییەتەکە وەرگری،

## فقهـ بەرهەمی تێگەیشتنی مسوڵمانانە لە ئایین، پەیوەندی بە عەقڵی مرۆڤ و عورفی سەردەمەوە هەیە

خۆت بینای شارستانییەتەکە بکەی، لەبەرئەوە دیموکراسییەت پێداویستییەکی ڕاستەقینەی ئێمەیە و لە ڕووی مێژووییەوە ئێمەش بەشداریمان لە دروستکردنیدا کردووە، ئەگەرچی خۆرئاوا گەشەی پێداوە لە قۆناغی نوێدا، بەڵام من چەندین سەرچاوەم لایە کە جیهانی ئیسلامیش و بەشێک لە سەرچاوەکانی جیهانی ئیسلامیش بەشداربووە لە گەشەپێدانی سەرەتاکانی ئەو بیرۆکەیە، بەڵام دوای ئەوە خۆرئاوا گەشەی پێداوە، دیموکراسی میکانیزم و بەهایە، شێواز و تەکنیکی ئیدارەکردنی حوکم و جیاوازییەکانە بۆئەوەی ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی خوێناوی نەتەقنەوە، بەشێوەیەکی عەقڵانی کۆمەڵگە ئیدارە بکرێ، کێبرکێکانی مەدەنی و شارستانی و ئاشتیخوازانە بن، پێداویستییەکی لەم جۆرە پێداویستی مانەوەی برایەتی ئیسلامییە، واتە مانەوەی ئایینە تا وەک سەرچاوەی ئیلهام لێوەرگرتنی ئەخلاقی بمێنێتەوە، بەڵێ زۆر پێویستم پێیەتی، مرۆڤ ئازاد نەبێت ناتوانێت دینداریش بێت، بڕوام بە هیچ ئیمانێک نییە لە ئازادییەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، لەبەرئەوەی خودی ئیمان ئەگەر لە ئازادییەوە سەرچاوەی نەگرتبێت مانای نیفاق دەگەیەنێت یان هەر شوێنکەوتنێکی کوێرانەی داب و نەریتەکان.

**ـ کەواتە تۆ باوەڕت بە دیموکراسی هەیە لە ئیسلامدا؟**

وەک ئەوەی دیموکراسی لە ئیسلامدا هەبێت نەخێر نییە، بەڵام ئایا ڕۆح و بنەما باڵاکانی ئیسلام پێچەوانەی ئەوەیە شتێک هەبێ بە ناوی دیموکراسییەوە، کە لە ڕێی ئەم دیموکراسییەوە ئێمە سنووردانێن بۆ دەسەڵاتی حاکمەکان و نەهێڵین زۆرداری بکەن و دادپەروەری سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا بچەسپێ، دیموکراسی بەمجۆرە نەک هەر لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامیدا دەگونجێ، بەڵکو ئیسلام فەرمانی پێکردووە، لەبەرئەوەی ئیسلام فەرمان بە دادپەروەری دەکات و دژایەتی زوڵم دەکات، بەبێ ئەم میکانیزم و بەهاو دەستەبەرییانەی دیموکراسیش لە سەردەمی ئێستاداو لە چاچێوەی دەوڵەتی نوێدا ئەم شتانە بەدی نایە، کەواتە دیموکراسی بەمە دەبێتە ئەرکێکی ئیسلامی نە دیموکراسی خۆی دەبێت، دادپەروەری ئەرکێکی ئیسلامییە لەبەرئەوەی بەبێ دیموکراسیش ئەم دادپەروەرییە نایەتەدی، کەواتە(مالا یتم الواجب الا بة فهو واجب) بەگوێرەی ئەو قانونە ئوسوڵییە فقییە هەرشتێک ئەگەر بەبێ ئەو شتە تۆ نەتوانی بەدی بهێنی ئەو شتەش دەبێت بە واجب لەبەرئەوەی دادپەروەری واجبە بەبێ دیموکراسیش دادپەروەری بەدی نایەت کەواتە دیموکراسیش دەبێت بە ئەرکێکی ئیسلامی.

**_ تیرۆر لە ڕۆحی ئیسلامدایە؟ یان بەڕاستی ئیسلام دینی ئاشتی و پێکەوە ژیانە؟**

ئیسلام دینی جەنگە وەک چۆن دینی ئاشتییە، (400) ئایەت لە قورئاندا باسی جەنگ و هێز دەکات ئیسلام ئاینێکی واقعییەو پێت دەڵێت: (والذين اذا اصبهم والبغى هم ينتصرون) واتە هەر گرووپێک توشی زوڵم و دەستدرێژی بوون ئەوا مافی بەرگری کردنیان لە خۆیان هەیە **(فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ )** هەرکەسێ دەستدرێژی کردە سەرتان دەستدرێژی بکەنە سەریان و وەڵامیان بدەنەوە، جەنگ لە ئیسلامدا هەیە لەبەرئەوەی واقیعی ژیان وا پێویست دەکات لە هەندێ کاتدا بەرگری لە خۆت بکەیت و هێز بەکاربێنی پارێزگاری لە حەق بکەیت، لە ئیسلامدا جەنگ هەیە، بەڵام جەنگێکی (ئەخلاقی) هەیە، ئەو پێوەرە ئەخلاقیانەی کە ئیسلام دایناوە بەشەرییەت بەشێکی لە سەدەی نۆزدە پێیگەیشتووە، هەروەها لە ئیسلامدا مسوڵمان و موسڵماندا برای یەکن بۆ غەیرە موسلمانیش خودا دەفەرموێ هەرکەسێ دڵی کەسێکی نامسوڵمان برەنجێنێ دڵی منی ڕەنجاندووە، لەبەرئەوە ئەسڵ لە ئیسلامدا ئاشتی و پێکەوە ژیانە. سەبارەت بە تیرۆریش چەمکێکی تازەیە و لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە سەری هەڵداوە، تیرۆر لە ئیسلامدا نییە، ئەم تیرۆرەی کە داعش و قاعیدە دەیکات لەڕاستیدا دەرهاویشتەی ڕووە تاریکەکەی مۆدێرنەیە لەم سەردەمەدا.

**_ ئایا کڕینی کەنیزەک و ڕاگرتنیان پەیوەستە بە ناوەڕۆکی ئیسلامەوە؟**

**کەنیزەك بەشێکە لە کۆیلایەتی، وەك ئەمری واقیع لەو سەردەمەدا هەبووە و بەشێك بووە لە عورفی ئەو سەردەمە**

خۆی کەنیزەک بەشێکە لە کۆیلایەتی، وەک ئەمری واقیع لەو سەردەمەدا هەبووە و بەشێک بووە لە عورفی ئەو سەردەمە، لە قورئانیشدا باسی کەنیزەک هەیە، بەڵام باسی ئەوەی تێدا نییە کە مسوڵمانان شەڕیان کرد ژن و ماڵی خەڵک بکەن بە کەنیزەک، لەو بەشەیە لە ئایین کە تاریخییە، بە بڕوای من عورفێکی کاتی بووە و هیچ پەیوەندی بە جەوهەری دینەوە نییە، هەرکەسێکیش لەم ڕۆژەدا باوەڕی وابێت بەشێکە لە ئیسلام ئەوە ئیهانە بە ئیسلام دەکات، ئەوەشی کە داعش دەیکات وەحشیگەرییە مومارەسە دەکرێت، لەبەرئەوەی ئیسلام 1400 ساڵ پێش ئێستا سەرچاوەکانی کۆیلایەتی وشک کردووە.

**_ تێڕوانینت چییە لەسەر نوسینەوەی فیقهێکی نوێ لەم سەردەمەدا؟**

هەرچی لە فیقهدا کە پەیوەندی بە پرسیارەکان و کێشەکانی قۆناغی ڕابردووەوە هەیە دەبێت ببێت بە بەشێک لە مێژووی فقە و بخرێتە مەتحەفی فیقهیەوە، ئێمە دەبێت فیقهێکی تازەمان هەبێت ئەو بەشە لە فقە کە ئەتوانێت

**لە ئیسلامدا جەنگ هەیە، بەڵام جەنگێکی (ئەخلاقی) هەیە، ئەو پێوەرە ئەخلاقیانەی کە ئیسلام دایناوە بەشەرییەت بەشێکی لە سەدەی نۆزدە پێیگەیشتووە**

ئێستاش خزمەت بە ئێمە بکات دەتوانین سودی لێوەرگرین، بەڵام خۆمان دەبێت فەرق و تێگەیشتنێکی تازەمان هەبێت بۆ ئیسلام، کە وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی سەردەمەکەمان بێت فقه و ئایین لەیەک جیان، فقه بەرهەمی تێگەیشتنی مسوڵمانانە لە ئایین، پەیوەندی بە عەقڵی مرۆڤ و عورفی سەردەمەوە هەیە، یەکێک لە سەرچاوەنی فقه عورفە، یەکێکتر بەرژەوەندییە، عورفی سەردەمی عەبباسی شتێکەو عورفی سەردەمی من شتێکی ترە، بەرژەوەندی لە سەردەمی عوسمانی شتێکەو لە سەردەمی من شتێکی ترە، خودا داوای لێکردوین پابەندبین بە ئاینەوە نەک بە فقەوە، ئایین شتێکەو فقهیش شتێکی ترە، فقه بەشێکە لە فکری ئیسلامی، فکری ئیسلامیش بەردەوام دەبێت نوێ بکرێتەوە و کارلێک بکات لەگەڵ ئەو واقیعە سەردەمییەی خۆی، بە هەناسەی ئیسلامی قسە بکات لەسەر کێشەکانی ئەمرۆ، ناکرێت ئێمە فقهێکی مێژوویمان هەبێت و لە ڕووی دەوڵەتەوە بیسپێنین بەسەر خەڵکی ئەم سەردەمەدا کە لە زۆر ڕووەوە کێشەکان و گیروگرفتەکانیان لە مێژوو جییان.

**ـ بۆچی لەم ناوچەی ئێمەدا هەر گرووپێکی تیرۆرستی سەرهەڵبدات بەپیلانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دادەنرێت؟**

لەبەر دوو شت یەکەم، بەداخەوە سەردەمانێک ئەوان ئێمەیان داگیرکرد و خراپەیەکی زۆریان بەرامبەر وڵاتەکانی ئێمە کرد، یەکێک لەوانە بەرامبەر میللەتی کورد کرا، هۆکارێکی گەورە بوون کە ئێمە نەتوانین دەوڵەت دروست بکەین لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە، دووەم، پەیوەندی بە لاوازی عەقڵی ڕەخنەگرتن و تەحلیلی میللەتانی ناوچەکە و بە ڕاکردن لە لێپرسراوێتییەوە هەیە پیلان و ستراتیژ هەیە بۆ ناوچەکە چۆن بەکارت بێنێ چۆن بە شەڕت دا، بەڵام کاتێک ئەو شتانە هەیە ئەی تۆ بۆ ئامادەگیت هەیە تۆ بۆ هوشیارنیت بە پیلانەکەی ئەو، لەبەرئەوە ئەمە بەشێکە لە ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی و بەشێکە لە پەنجەنان بۆ سەر ڕوداوە ڕاستەقینەکان، بەشێکی جەوهەری کێشەکانی ئێمە پەیوەندی بە دواکەوتوویی فکری خۆمان و تێگەشتنی سەقەتی دینیمان و بە نەبوونی عەقڵی ڕەخنەگری ئێمەوە هەیە لە مێژوومان لە واقیعمان لە سیاسەتمان لە ئابوریمان نەک خەڵکانی تر، ئەگەر خەڵکانێکیش هەبێت پیلان بگێڕن ئەگەر ئێمە خۆمان هوشیاربین یان ئامادەی جێبەجێکردنی پیلانەکانیانمان نەبێت ئەوا پیلانەکانیان سەرناگرێت.

# تێگەیشتن

## لە چەمکی فیکری ئیسلامی




**ئیمداد تەها**

لەدایکبووی ١٩٩٠

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.

چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە




یەکێک لە زاراوەکانی ئەم سەردەمە کە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە و برەوی زۆری سەندووە، زاراوەی فیکری ئیسلامییە. زۆرجار بیرمەندێکی ئیسلامی دەبینین خزمەتێکی بەرچاو دەکات و وەڵامی گومانە دروستکراوەکانی سەر ئیسلام و بیروباوەڕی ئیسلامی دەداتەوە و چینی ڕۆشنبیران و خوێندەوار هێندەی هۆگری نوسینەکانی بیرمەندێکن بە ئاستێکی زۆر لەوە کەمتر بە دووی نوسینەکانی زانایەک یان بانگخوازێکی ئیسلامین کە پەیوەستە بە قوتابخانە دینییە تەقلیدییەکان و لەسەرهەمان ستایلی کۆن دین پیشانی خەڵک دەدات. لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێناسەی فیکر بەشێوەیەکی گشتی دەکەین و بنەماکانی باس دەکەین، دواتر باس لە فیکری ئیسلامی و بنەماکانی و، هۆکارەکانی پەرەسەندنی دەکەین و، جیاوازییەکانی لەگەڵ عەقیدە و عەقڵدا دەخەینەڕوو.

فیکر لە ڕووی زمانەوانییەوە، بریتییە لە کاری دەماخ لە مێشکدا (١)، یان بریتییە لە سەرتێکردنی عەقڵ و چەندبارەکردنەوەی بیرکردنەوەیە لە شتێکدا(٢).

لە ڕووی زاراوەسازیشەوە، محمد رەشید رەزا دەڵێت: مەبەست لە فیکر ئەنجامدانی کردەیەکی عەقڵییە، بە زانستە وەدەستخراوەکان، بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەویش زانینی نەزانراوەکانە.

## بنەماکانی فیکر

١ – ڕووداوێکی بەرجەستە، بۆ وێنە بینینی دارێک.

٢ – هەستەوەرەکا.

٣ – پاشخانی زانستی.

٤ – دەماخێکی باش هەتا پەیوەندی لە نێوان ئەو زانیارییە پێشینانە و ئێستادا دروست بکات(٣).

فیکری ئیسلامی: لەبەرئەوەی زاراوەیەکی نوێیە و پاشخانێکی مێژوویی نییە، مسوڵمانانی ئەم سەردەمە هەریەکە و لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە پێناسەی فیکری ئیسلامییان کردووە و بە خەڵکیان ناساندووە. هەندێک لە پێناسەکان بەرگێکی نوێ بەبەر وشەی فیکردا ناکەن و تەنها وەک بەشێک لە کەلەپوور و بەرهەمی پێشووی مسوڵمانانی دەبینن و هەندێکی دیکەش پێناسەی فیکر و کارکردن پێی بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی ڕابردوو لێکدەدەنەوە و دەیناسێنن.

پێناسەکان دەخەینەڕوو:

ـ بە هەموو ئەو بابەتانە دەوترێت کە فیکری مسوڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ)ەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەرهەمیانهێناوە(٤).

–فیکری ئیسلامی بریتییە لەو بەرهەمەی مسوڵمانان کە لە فەلسەفە و بیروبۆچونی بێگانە دەکۆڵێتەوە و هەوڵی پڕکردنەوەی شوێنەکانیان بە بیری ئیسلامی دەدات. یان (هەر بەرهەمێکی عەقڵی مرۆڤایەتییە لەگەڵ ئیسلام دەگونجێت)یان (حوکمدانە لەسەر سەردەم لە ڕوانگەی ئیسلامەوە) یان (ئەو ڕێبازەیە مسوڵمانان پێویستە پێیدا بڕۆن لە بیرکردنەوەدا یان بیری لێبکەنەوە) یان (بریتییە لە کۆی بەرهەم و نوسراوەکانی زانا مسوڵمانەکان لە بوارە جیاوازەکانی ئیسلامدا) (٥).

بۆیە پێی دەوترێت ئیسلامی، چونکە لە ئەنجامی وردبوونەوە لە سەرچاوەکانی ئیسلامەوە بەرهەم هاتووە، لەلایەن مسوڵمانانەوە لە سەردەمە جیاوازەندا. فیکر لێکەوتەی کردەی مسوڵمانانە لەگەڵ ئیسلام، وەک فیقهـ، زانستی بنەکانی فیقهـ، زانستی فەرمودەناسی، زانستی بیروباوەڕ، زانستی پەروەردە، زانستی شرۆڤەی قورئان...هتد. لە چەند بارێکدا (فیکر) بە ئیسلامی دەناسرێت:

أ– کەسی بیرمەند مسوڵمان بێت.

ب– مسوڵمان بیری خۆی لە سەرچاوە

ئیسلامییەکاندا بەکاربێنێت.

ج- مسوڵمان بیری خۆی لە سەرچاوەکانی جگە لە ئیسلامیەکاندا بەکاربێنێت، و هەستێت بە بەراوردکردن و لێکدانەوەی لەگەڵ ئیسلامدا(٦).

سەرچاوەکانی فیکری ئیسلامی: خۆی لە قورئان، فەرمودە، کۆدەنگی زانایان، بەرهەمی تێکۆشانەکان بۆ دەرهێنانی حوکمە شەرعییەکان، داهێنراوەکانی کەلەپووری مرۆڤایەتیدا دەبینێتەوە.

دیارترین بەرهەمە فیکرییە ئیسلامییەکان: مجموع الفتاوی لابن تیمیە، کتێبەکانی ئیبن قەیم، مجموع الفتاوی لابن تیمیة، کتێبەکاني ئیبن قەیم، موسوعة أصول الفكر السياسي والاجتماعي والاقتصادي من نبع السنة الشريفة وهدي الخلفاء الراشدين، موسوعة التراث الفكري العربي الإسلامي، الفكر المعاصر في ضوء العقيدة الإسلامية (٧).

## پەیوەندی نێوان فیکر و عەقیدە

دوو پەیوەندی هەیە لە نێوان عەقیدە و فیکردا، یەکەم: فیکر هۆکاری درووستبونی عەقیدەیە، عەقیدەش ئامرازی جێبەجێکردنی فیکر و ڕۆیشتنە ناو قوڵایی و کرۆکی فیکرە، هەرکەسێک یەکێکیان لەدەستبدات کێشەی بۆ دروست بووە، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لە بنەما و واتا و مەبەستەکانی عەقیدە، یان لە چۆنیەتی تێگەشتن و جێ بەجێکردنیدا.

عەقیدە دروست دەبێت لە دڵی مرۆڤدا لە ئەنجامی چەند کارێکی فیکری لە ڕێگەی ئاوەز و مێشکەوە، ئەمەش کاتێک دەبێت، پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤ زانیاری کۆدەکەنەوە و دەینێرن بۆ مێشک و لە پاش تێرامان لێی و دووپاتبونەوەی ئەم کارە، عەقیدەیەکی پتەو دروست دەبێت.

لە قۆناغی دووەمدا مرۆڤ لە پاش وەرگرتنی عەقیدە دەست بە بیرکردنەوە و تێرامان دەکات و فیکر بەکاردەهێنێت، وەرگرتنی دەقەکانی قورئان و فەرموودە لە عەقیدەدا، بەبێ تێرامان و بیرلێکردنەوەی چەق بەستووییە و، کەڵکمان لە دەقەکان وەرنەگرتووە لەمبارەدا و لە مانا و مەبەستە شاراوەکانی نەگەشتوین، زۆر دەق هەن چەندین مانا لەخۆ دەگرن و لەبەرئەوەی بیرمان لێنەکردۆتەوە و فیکرمان تێدا بەکارنەهێناوە، پەیمان بەو مانا و مەبەستە شاراوانە نەبردووە. پێویستە لە پاش باوەڕهێنانی گشتگیر بە بابەتە عەقیدەییەکان فیکرمان بەکاربهێنین و تەنها بە هەبوونی زانستێکی ڕوکەشانە دەربارەی دەقەکان ڕانەوەستین.

> **فیکر هۆکاری درووستبونی عەقیدەیە، عەقیدەش ئامرازی جێبەجێکردنی فیکر و ڕۆیشتنە ناو قوڵایی و کرۆکی فیکرە**

جیاوازی نێوان عەقیدە و فیکر

عەقیدە: ئەو زانستەیە گرنگی بە توێژینەوە لەسەر بنەماکانی باوەڕ دەدات، لەگەڵ یەکخواپەرستی و تاوتوێکردنی بنەما و هەڵوەشێنەرەوەکانی، لەگەڵ پاککردنەوە و پاڵفتەکردنی بیروباوەڕی مرۆی مسوڵمان لە زێدەڕەویی و لادانی گرۆ لاکەوتوەکان.

فیکر: زاراوەیەکی نوێیەو مەبەست پێی چەند بۆچونێکی تیۆرییە، لەگەڵ ئەو نوسراوانەی لە بوارەکانی سیاسەت و پەروەردەکردن و ئابوریی و کۆمەڵایەتیدا نوسراون. ئەم کارە هەندێک خەڵک پێی هەڵدەستن کە بە بیرمەند دەناسرێن. هەندێک لە بیرمەندان لەگەڵ توێژینەوە لە هەر یەکێک لەم

**مرۆڤ تاکە بونەوەرە دەتوانێت ئاوەزی بگۆڕێت و گەشەی پێ بدات و لە شتی نوێ تێ بگات**

بوارانەدا، هەڵدەستن بەدەرخستنی پەیوەندی و جیاوازییەکانی ئەم بوارانە لەگەڵ ئایندا، دواتر بۆچونەکانیان بە فیکری ئیسلامی دەناسرێت.

بەڵام ئەگەر وشەی فیکر لە رووە زوانەوانیەکەیەوە وەربگرین، ئەوا هەموو کەسێک لەم ژیانەدا بیر دەکاتەوە و فیکر بەکاردێنێت، جا هەر ئاستێکی زانستی هەبێت لە زانستە ئاینیی یان دونیاییەکان. زانایەکی عەقیدە لە هەمانکاتدا بیرمەندیشە، چونکە بیر دەکاتەوە و شەنوکەوی بابەتە عەقیدەییەکان دەکات و بەڵگە بۆ هەر برگەیەکی عەقیدەیی دەهێنێتەوە و وەڵامی گومانە دروستکراوەکانی سەری دەداتەوە.

هەروەها فەقیهێکی ئیسلامی لە هەمانکاتدا بیرمەندە، چونکە بیردەکاتەوە لە هەڵهێنجانی حوکمە شەرعییەکان لە قورئان و فەرمودە. بەهەمان شێوە زانایانی هەموو بوارەکانی دیکە، بیردەکەنەوە و بەهۆیەوە برەو بە زانستەکەیان دەدەن.

هەر لەبەرئەمەشە زۆرێک لە زانایان بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە یان( فیکری ئیسلامی)، بەکارێکی نارەوا بینیوە و هەروەها ناگونجێت لە داب و نەریتی زانایاندا خودی بیرکردنەوە ببێتە پسپۆریی و، مرۆڤ پسپۆڕ بێت تێیدا و تەنها کاری بیرکردنەوە بێت. بەڵکو توانایی و لێهاتوویی لە بیرکردنەوەدا ئەو کاتە دەردەکەوێت کە سەرقاڵی زانستێکی دیکە بێت و بیرکردنەوەت تێیدا رەنگبداتەوە.

شێخ بەکر ئەبو زەید دەڵێت: لەکاتێکدا ئیسلام سەرچاوەکەی سروش و نیگاهە، ناکرێت ئێمە وشەی فیکر بەکاربهێنین، چونکە فیکر بەرهەمی عەقڵە و ئیسلام سەرچاوەی بەرهەمهێنانی فیکری مرۆ نییە، ئیسلام و سەرچاوەکەی بێ هەڵەن، بەڵام فیکر بێ هەڵە نییە.

شێخ ئیبن عوسەیمین کە زانایەکی سەلەفی ئەم سەردەمەبوو، دەڵێت: پێویستە لە بەرکارهێنانی زاراوەی ( فیکری ئیسلامی) دووربکەوینەوە، چونکە فیکری ئیسلامی بەمانای ئەوەدێت ئیسلاممان بە چەند فیکرێک سەیرکردووە و فیکریش شایانی وەرگرتن و رەتکردنەوەیە، ئیسلام لە حوکم پێکدێت نەک لە فیکر، بۆیە ئەگەر بوترێت فیکری پیاوێکی ئیسلامی لەکاتی باسکردنی بۆچونەکانیدا باشترە لەوەی بوترێت فیکری ئیسلامی.

ئەم بۆچونەش جێگەی مشتومڕ و قسە و باس لێوەکردنە، چونکە لە هەندێک ئایەتی قورئاندا مرۆ هاندراوە بۆ بەکارهێنانی عەقڵ و بیرکردنەوە و بەکارهێنانی فیکر، لەوانە (كذلك يبين الله لكم آياته لعلكم تتفكرون )البقرة٢٦٦، (قل هل يستوي الاعمي والبصير أفلا تتفكرون ) الأنعام ٥٠.

ئەگەر نمونەی بیرکردنەوە و کاری فیکری لەلای زانایانی پێشین و ئەم سەردەمەش وەربگرین، عەقڵیان بەکارهێناوە و فکریان لەو شتانەی چواردەورمان کردۆتەوە، تاوەکو لە مانا و مەبەستەکانیان بگەن. بۆ وێنە رامان لە حیکمەتی رۆژو و نوێژ و بەندایەتییەکان و لێوردبونەوەیان، کارێکی فیکرییە(٨) و لەو پێناسانەش بکۆڵینەوە بۆ فیکری ئیسلامی کراون، ئەم گرییەمان بەئاسانی بۆ دەکرێتەوە و لەوە دەگەین بەکارهێنانی ئەم

زاراوەیە بەمانای ئەوە نایەت، ئیسلام دابڕنیین لە سروش و نیگاهـ و حوکم نییە، بەڵکو وەک کەلەپوور و بەرهەمی هەڵهێنجراوی دەستی مسوڵمان لە ئیسلام دەیناسێنین، یان ئەگەر بەمانایەکی دیکەی سەردەمیانە لێکی بدەینەوە، مەبەست پێی بەرگریکردنە لە ئیسلام لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندن و رانانی بیروباوەڕ و رێبازەکان لە روانگەی ئیسلامەوە و بژاردەکردنی باشی و خراپییەکانی و ئاستی گونجانی لەگەڵیدا.

جیاوازی نێوان فیکر و عەقڵ و شوێنی کارکردنیان

عەقڵ(ئاوەز)، خوویەکی خودییە، خودی پێ ناوزەند دەکرێت، کاتێک ڕاستییەک دەزانێت و کاری پێدەکات و بڵاوی دەکاتەوە، دەبێتە پۆشاکێک و لەبەر کەسەکە دەکرێت، ئەو ڕاستییە هەستپێکراوە دەبێتە ئاوەز بۆ کەسەکە. هەستپێکراوە خودییەکان ئەوانەن مرۆ ئاوەزی پێ دەکات و خۆی لێ دەبوێرێت و پێی دەناسرێت، خود وەک ئاوێنەیەک وایە هەرگا ڕووی لە شتێک بکرێت هەمووی لەسەر دەنوێت.

ئاوەز شتێکی خودییە، بەڵام بیرکردنەوە کاری دەماخە، هەرکارێک خود داوای بکات و گرنگی پێ بدات، ڕەوانەی دەماخی دەکات، تاوەکو کاری لەسەر بکات و دەری بخات، ئەم دەرخستنەش بە ئاوەز ناودەبرێت.

عەقڵ خودای گەورە بە مرۆ و ئاژەڵیشی بەخشیوە، ئەمەش ئەو نەخشەیە کە خودا لەسەر خودی گیانلەبەرانی کێشاوە پێش هاتنە نێو ژیان تاوەکو لەگەڵ هاتنیان توانای بەڕێوەبردنی کارەکانیان هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت **(قَالَ فَمَنْ رَبُّكُمَا يَامُوسَى، قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى) طه: ٥٠.**

ئاژەڵەکان لە ژیاندا بەپێی ئەو ئاوەزەی نەخشەی کێشراوە بۆیان ژیانیان دەگوزەرێنن و، ناتوانن کارەکەیان بگۆڕن، بەڵام مرۆڤ تاکە بونەوەرە دەتوانێت ئاوەزی بگۆڕێت و گەشەی پێ بدات و لە شتی نوێ تێ بگات.

وشەی بیر( الفكر)، لە (فک) و (رأی)وە وەرگیراوە، کە بە مانای هەڵوەشاندنەوە و بینین دێت، واتە کاتێک مرۆ هەستپێکراوەکان دەگەنە دەماخی، لە ڕێگەی بینین و بیستن و هەستپێکردنەوە، هەستێت بە هەڵوەشاندنەوە و بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوە لەسەری، ئەمەش کاتێک دەبێت مرۆ بەڕاستی داخوازیی گەیاندنی هەستپێکراوەکان بێت بە مێشکی. ئەم بیرکردنەوەیە خوای گەورە مرۆی پێ جیاکردۆتەوە لە هەموو دروستکراوەکانی خۆی، و شوێنی بیرکردنەوەش دەماخە.

هۆکارەکانی دەرکەوتنی زاراوەی فیکری ئیسلامی

لە گرنگترین هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە بەرگریکردنە لە ئیسلام، و وەڵامدانەوەی ئەو گومانانەیە ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر ئیسلامیان دروستکردووە. بەدوای ئەمەشدا چەندین کێشەی جۆراوجۆر ڕوویان لە مسوڵمانان کرد، لە کێشە ڕۆشنبیرییەکان و ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە باوەڕبوون بە دین و پەیوەستبوون پێیەوە هەبوو. هەروەها چەندین گومان و دوودڵی دەربارەی دەقەکان و چۆنیەتی کارپێکردنیان دروستکران. ئەم بیرمەندانەش دروستبوون بۆ پارێزگاریکردن و بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەو ئایینەی مسوڵمانان لەسەری بوون، چەندین کتێب و نوسراو لەمبارەیەوە بڵاوکرانەوە کە تێکەڵەیەکیان لە نێوان ڕاستی و ناڕاستیدا تێدا بوو.

پاشان چەندین قوتابخانەی فیکری دروستبوو، بۆچونی جیاواز و جۆراوجۆریان هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، جۆرێک لە حیزبایەتی

دروستبوو لە نێوان بیرمەندان لەسەر وەڵامدانەوەی گومانە دروستکراوەکان، هەروەها گەشەسەندنی فیکری ئیسلامی بەو ڕێژە بەرچاوە لەسەر زانست نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای سۆز و بەرگری بوو لە ئیسلام. بەشێوەیەکی گشتی گەشەکردنەکە بۆ بەرگریکردن لە مێژووی مسوڵمانان و ئیسلام بوو، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەرنامە بۆ دارێژراو نەبوو(9).

بەتایبەت لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، دیاردەی ململانێ و دووبەرەکی ئەو بزاوت و ڕەوتانەی هەڵگری بانگەشە و بیروباوەڕی ڕۆژاوا و جگەلە مسوڵمانان بوون لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامییەکان، تەشەنەکردنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و مسوڵمانان ویستیان هەموو ئەو بیروباوەڕ و ڕێبازانە تاوتوێ بکەن و بە پێوەنوساندنی پاشگری ئیسلامیی نەهێڵن ئیسلام بێ بەش و مسوڵمانان لە کاروان دوابکەون و ئیسلام بە کەموکورت نەناسرێت بەوەی کە خاڵییە لەو ڕێبازە(١٠).

ئەنجام

لەکۆتایدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی فیکر پلەیەکی بەرزی تێگەشتنە و لە پاش بەدەستهێنانی زانیاری ڕوودەدات، و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە و ئەگەر پەیوەست بکرێت بەزانستێکەوە باشتر دەردەکەوێت و کاریگەر دەبێت، برەوسەندنی زاراوەی فیکری ئیسلامی لەم سەردەمەشدا چەند هۆکارێکی تایبەتی هەیە لە گرنگترینیان بۆ پارێزگاریکردن بووە لە ئیسلام. هەروەها بەکارهێنانی زاراوەی فیکری ئیسلامی جێگەی مشتومڕی زانایانە و هەندێک لە زانایان بەکارێکی باشیان نەبینیوە، بەڵام ئەگەر لەو پێناسانە وردببینەوە کە ئەو زانایانە کردویانە بۆ فیکر کە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەیان بە ڕەوا بینیوە دەبینین ئەو مەبەستە خراپەیان پێی نەبووە کە زانایانی بەرهەڵستکار لێی ترسان و قەدەغەیان کردووە. ڕۆشنبیران و بیرمەندان لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەدا مەبەستیان یەکسانکردنی ئیسلام نەبووە بە چەند بیروبۆچونێک تاوەکو شایستەی ڕەتکردنەوە بێت، بەڵکو مەبەستیان پێی ئەو بەرهەم و زانستانە بووە کە بەدرێژایی مێژوو لە سەرچاوەکانی ئیسلامەوە هەڵیان هێنجاوە بۆ خزمەتکردن بە ئیسلام. هەوەها بە ئاشکراش کاریگەری نوسینەکانی بیرمەندان دەبینین.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


ـ ١ لسان العرب، ابن منظور، دار صادر – بيروت، ط3، 1414هـ

ـ ٢ ابن فارس: معجم مقاييس اللغه، تحقيق: عبدالسلام هارون، دار الفكر، ١٩٧٩، (٤٤٦/٤).

٣- الفكر تعريفه وأوهامه.... محمد خطاب http://www.shatharat.net/.

٤- بروانە: تجديد الفكر الإسلامى، د.محسن عبدالحميد، ط1، 1946، 41

٥- مفهوم الفكر الإسلامي وصلته بالعقل والوحي... http://www.al-islam.com/.

6- مصادر الفكر الإسلامي... http://bshashh.blogspot.com/.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨- نقاش حول مصطلح الفكر الإسلامي، محمد بن صالح العثيمين، http://ar.islamway.net/.

9- مصطلح [الفكر الإسلامي' ليس من الشرع..!!] للشيخ صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ، http://www.ahlalhdeeth.com/.

١٠- الفكر الإسلامى الحديث وصلته بالاستعمار الغربى، د.محمد البهى، مكتبه وهبه، مصر – القاهره، ط٢، ٢٠٠٧م.



# گوڵعەنبەر

## مەڵبەندی یەکەمی میرایەتی بابان



**د. ئاراس محەمەد ساڵح**

ئاراس محەمەد ساڵح. لەدایکبووی ١٩٧٠
دکتۆرا لە شەریعە. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
چەند کتێب و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

یەکێک لە لاپەڕە گرنگەکانی مێژووی میرایەتی بابان کە کەمتر باسکراوە لەلایەن مێژوونوسەکانەوە قۆناغی یەکەمی ئەو میرایەتییە لە گوڵعەنبەری ناوەندی هەرێمی شارەزور، شاری گوڵعەنبەر یەکێکە لە شارە کۆنەکانی کوردستان، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن ئەم شارە لە سەردەمی ساسانیەکانەوە بوونی هەبووە و ئاوەدان بووە، لە ڕۆژگاری فتوحاتی ئیسلامیدا گوڵعەنبەر یەکێک بووە لە شارەکانی کوردستان، لە سەرەتای هاتنی مسولمانان بۆ کوردستان سێ مزگەوتی گەورە دروستکراوە لە شارەکانی گوڵعەنبەر و نگڵ و دەینەوەر، ئەم سێ شارە لە گرنگترین شارەکانی کوردستان بوون بۆیە مزگەوتی گەورەیان تێدا دروستکراوە.

زۆرێک لە مێژوونووسە کۆنەکان باسی (شارەزور، نیم ئەزاری، گوڵعەنبەر) یان کردووە(١)، گەڕیدەی عەرەب (ابن مهلهل الخزرجي) لە ساڵی 341 کۆچیدا لە گەشتەکەیدا بۆ هەرێمی چیا باس لە شارەزوور و شاری (نیم ئەزرای) دەکات، هەروەها باس لەوە دەکات کە مزگەوتی جومعە و جەماعەتی تێدا بووە و شوراو قەڵای هەبووە، ئاماژە بە گەورەیی شوراکەی دەکات کە بۆ ئەو سەردەمە یەکێک بووە لە شورا و قەڵا و نایابەکانی جیهان(٢).

هەرێمی شارەزوور لەبەرئەوەی خاکێکی بەپیت و ئاوێکی زۆری هەبووە، شوێنێکی گونجاو لەبار بووە بۆ ژیان، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا ژیان لەسەر کشتوکاڵ بووە، هەروەها دەوڵەمەندی ناوچەکە فاکتەرێکی بەهێز بووە بۆ پشتگیری لە خوێندن و ڕۆشنبیری و دابینکردنی بژێوی مامۆستا و قوتابی، هەرئەوەش نهێنی گەشەکردنی خوێندن و خوێندەواری بووە لە هەرێمی شارەزووردا بەدرێژایی مێژووی ناوچەکە(٣).

لە دوای هێرشی مەغۆل بۆ کوردستان و وێرانکردنی هەموو شار و دێهات و قەڵاکانی، جارێکی تر میرنشینی ئەردەڵان لە شارەزووردا دروستکرا، بابە ئەردەڵان قەڵای سەختی زەڵمی دروستکرد، چونکە قەڵاو شارەکانی (شیز، نیم ئەزرای، تیرانشا، سامغان، دزدان) نەمابوون، قەڵای زەڵم، نەوسود، شەمێران، هاوار، شێخان، دووئاوان، گوڵعەنبەر) بنیات دەنێتەوە و ناوچەکە جارێکی تر گەشەدەکاتەوە.

لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچیدا تەیموری لەنگ هەموو شاری شارەزووری بە تورەکە بێژا، ئیتر ئاوەدان نەکرایەوە، دوای ئەوە سەرداریێتی ئەردەڵان بوو بە دوو بەشەوە، بەشی شارەزوور کەوتە دەست بابانەکان، میرەکانی بابان گوڵعەنبەریان کردە ناوەندی حوکمڕانی خۆیان، بەشی کوردستانی ئێران کەوتە دەست ئەردەڵان، دواتر عوسمانییەکان شارەزووریان داگیرکرد، ناوی شارەزوور کرا بە ویلایەتی شارەزوور واتە: ئوستانەکانی ئەمڕۆی کەرکوک سلێمانی دیالە و هەولێر(٤).

هەروەها لە دوای شەرەفخانی بەدلیسی (سەید عبدالصمد تووداری) لە کتێبی (نور الانوار) کە بە زمانی فارسی نوسیویەتی باسی میرانی بابان دەکات، ناوبراو لە ساڵی (١٠ محرم ١٠٩٩ک) بەرامبەر (١٦٨٧/١١/١٦ز) ئەو کتێبەی نووسیوە.

نوسەر ئاماژە بەوە دەکات کە میر حەمزەی بابانی (مزگەوتی سوری) لە نزیک مەریوان دروستکردووە، هەروەک دەڵێت: (میرحەمزەی

بابانی ڕاپەڕی بۆ جەنگ و دیاربەکر و حەلەبی گرت، تورک عەرەب لەگەڵی کەوتنە جەنگ، حەمدون بەگ سەرلەشکری میر حەمزە بوو، پارەیەکی وەرگرت و شەڕی وەستاند و لەشکرەکەی دابەدەستەوە، میرحەمزەیش لەگەڵ دوازدە کەسدا هەڵات بۆ مەریوان، لەسەر کێوی سەرقوڵە کە ئێستا پێی ئەڵێن (ئیمام) جێگای بۆ خۆی دروستکرد، کەوتە لەشکر کۆکردنەوە، لە نێوان قەڵا و شوراکاندا ئەو مزگەوتەی کردەوە(مزگەوتی سور) سەنگەری بۆ خۆی و لەشکرەکەی هەڵکەند (شێخ احمد ابن الانباری النعیمی الحسنی)یش کرد بە پێش نوێژ، پاش دوو ساڵ بە لەشکرە تازەکەیەوە کەوتە شەڕ تا بەعقوبە ڕۆیشت، بەڵام لەوێ بە دەرمان خوارد شەهیدیان کرد، پاش شێخ ئەحمەد، ئیمامیش (کابل) ماوەیەک لەوێ دەرسی وتوەتەوە.

پاش کابل بە (١١٤ساڵ) مەلا ئەبوبەکری موصەنیف (١٨ساڵ)(5) لەوێ مامۆستا بووە و پەند و ئامۆژگاری خەڵکی کردووە، زۆربەی کتێبەکانی لەوێ داناوە، لە سەردەمی مەلا ئەبوبەکری موصەنیفدا (بابا خانی ئەردەلان)ی کە یەکێک بووە لە موریدەکانی مەلا ئەبوبەکری موصونیف، مزگەوتی سوری ئاوەدانکردۆتەوە، پاش (١٨) ساڵەکە مەلا ئەبوبەکر دێی (مووشڵە)ی دەستگیر بووە و چووەتە ئەوێ، پاش ئەوەیش بە ساڵێک (چۆڕ)یان داوەتێ و، ماڵی بردووەتە ئەوێ و لەوێ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە(٦).

ئەم ئاماژەکردنانەی (تووداری) بە ناوی میری بابان و بوونی لەشکر و جەنگ کردن لەگەڵ تورک و عەرەب و شکانی لەشکرەکەی بەهۆی ناپاکی سەرلەشکرەکەی خۆیەوە و گەڕانەوەی بۆ ناوچەی مەریوان و دروستکردنی قەڵا و شوراو مزگەوت و جارێکی تر کۆکردنەوەی سوپا و هێرشکردنی نوێ و شەهیدبوونی میر حەمزە بەهۆی دەرمانخواردکردنەوە، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری بوونی میرایەتی بابانە لە ناوچەی شارەزوور و مەریواندا لە پێش چوونی میرەکانی بابان بۆ ناوچەی دارشمانەو ماوەت و قەڵاچۆڵان.

هەروەها مامۆستا (حسێن حوزنی موکریانی) بەدرێژی باسی میرایەتی بابان دەکات لە شارەزووردا، لە سەردەمی سوڵتان موارادی عوسمانی (٩٨٨ک) سوپاکەی پەلاماری حوکمداری ئەمیر تەیمورخان کوڕی عەلی لە شارەزووردا دەدات، دوای شکستهێنانی سوپای عوسمانی هەواڵەکە دەگاتەوە سوڵتان موراد، سوڵتان موراد لە بەرامبەر شکانی سوپاکەی و دەرکەوتنی هێزی سوپای ئەمیر تەیمورخان، بۆئەوەی بەرەی شەڕی ئێرانی فراوان نەبێت و ترسی ئەوەی هەبوو ئەمیر تەیمورو بچێتە پاڵ بەرەی ئێرانەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا نامەیەکی بۆ ئەمیر تەیمورخان نووسی و خەڵاتی میری میرانی شارەزووری بۆ نارد.

لە دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی عوسمانی و ئەمیر تەیمورخان، تەیمورخان بووە حاکمی ناوچەکە، تەیمورخان قەڵەمڕەوەکەی لە نێوان کوڕەکانیدا بەمشێوەیە دابەشکرد:

**یەکەم/ سنە و حەسەن ئاوا و قزڵجە بۆ سوڵتان عەلی.**

**دووەم/ میهرەوان و مەریوان بۆ میرموراد و میر بوداغ.**

سێیەم/ شارباژێڕ و دینەوەر بۆ میر بەدرخان.

جێگەی ئەمیر تەیمورخان شار و قەڵای زەڵم بوو، لەپێناو ڕێکخستن و ئاوەدانکردنەوەیدا هەوڵی دەدا، لەو کاتەوە خاکی شارەزوور بوو بە دوو

بەش، دوو ناوی لەسەر دانرا، یەکێک بوو بە بابان و یەکێک بوو بە ئەردەڵان(٧).

بەپێی بۆچوونەکانی حوزنی موکریانی مێژووی میرایەتی بابان لە ناوچەی شارەزووردا سەریهەڵداوە، سەرەتای دەسەڵاتداریتی بنەماڵەی بابان لە گۆڵعەنبەر و قەڵای زەڵم و دەشتی شارەزوورەوە دەستپێدەکات.

بابانەکان لە گوڵعەنبەردا قەڵا و هەموو پێویستییەکانی حوکمڕانیان دروستکرد، لەبەرئەوەی گوڵعەنبەر و ناوچەی شارەزوور دەکەوتە سەر هێڵی سنوری نێوان دەوڵەتی سەفەوی شیعە مەزهەب و عوسمانی سوننە مەزهەب، ئەم دوو دەوڵەتەش لە دوای هاتنە سەرکاری سەفەوییەکانەوە بەردەوام لە جەنگ و پەلاماری یەکتردا بوون، بەهۆی ململانێ لەسەر دەسەڵات و فراوانکردنی سنووری جوگرافی دەوڵەتەکەیان لەلایەک و، لەلایەکی تریشەوە ململانێی مەزهەب و پاڵنەری ئاینی ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە قوڵترکردنەوەی کێشە و هێرش و پەلامارەکانیاندا بۆ سەر یەکتر.

دەوڵەتی عوسمانی زۆر گرنگی بە ناوچەی شارەزوور و هەموو ناوچە سنورییەکانی تری کوردستان دەدا، چونکە ئەو ناوچانە و گەلی کوردی سوننی شافیعی مەزهەب باشترین و بەهێزترین سەنگەر و بەربەستی بەردەم فراوانبوونی دەوڵەتی سەفەوی شیعە مەزهەب بوون.

میرانی بابان لە ناوچەی شارەزووردا زۆربەی کات لایەنگری بابی عالی و والییەکانی بەغداد بوون، لەکاتی پەلامارەکانی سەفەوی و هەندێک جار میرانی ئەردەڵانیشدا بابانەکانی شارەزوور پەنایان بۆ بەغدا و دەوڵەتی عوسمانی بردووە، ئەو شەڕو پەلامارانە زۆرجار وێرانکاریی و قاتوقڕیی و نائارامی بۆ خەڵکی کوردستان و ناوچەی شارەزوور دروستکردووە.

هەندێک جار میرانی بابان ویستویانە لە نێوان ململانێی عوسمانی سەفەوی یاری بکەن و ئەو ناکۆکیانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن، چونکە هەردولایان پێویستیان بە لایەنگیری ئەو میرنشینە هەبووەو هەندێک جار وەک دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، بەڵام مەخابن بەهۆی کێشەی ناوخۆیی و ڕێکنەکەوتنی میرانی بابان و ئەردەڵان نەیانتوانیوە ئەو ناکۆکیەی نێوان عوسمانی و سەفەوی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن و زۆرجار شەڕکەری بێبەرامبەر بوون بۆ عوسمانی و سەفەوی(8).

دەوڵەتی عوسمانی زۆر گرنگی بە ناوچەی شارەزور و میرەکانی گوڵعەنبەر دەدا و زۆر پشتگیری خوێندن و گەشەپێدانی مەزهەبی سوننی دەکرد، چونکە دەیزانی پاڵنەری ئاینی بەهێزترین پاڵنەرە لە بەرامبەر شاڵاوی شیعە مەزهەبی دەوڵەتی سەفەوی، لەگەڵ ئەوەشدا کە کورد هێزێکی شەڕکەری باش بووە، گەشەپێدانی بیری ئاینی مەزهەبی سونیش فاکتەرێکی تر بووە کاریان لەسەرکردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەفەوییەکان.

عوسمانییەکان لە ساڵی (٩٧٦ک/١٥٦٨ز) گوڵعەنبەریان کرد بە ناوەندی ویلایەتی شارەزوور، بیناکانیان نۆژەنکردەوە، مزگەوت و قەڵا و شورایان تێدا دروستکرد، هەروەها بەپێی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی عوسمانی کە لە (١٢محرم ٩٨٢کۆچی بەرامبەر ١٥٧٤ز) نوسراوە، میری بابان

داوای لە سوڵتانی عوسمانی کردووە کە هاوکاری دارایی بکات بۆ نۆژەنکردنەوەی شارەکە و دروستکردنی قەڵایەک، لە بەڵگەنامەیەکی تردا کە لە (١١رجب ٩٨٢ک بەرامبەر ١٥٧٤ز) دەرچووە، سوڵتانی عوسمانی داوا لە میری میرانی بەغداد کردووە کە هاوکاری دارایی میری بابان بکات بۆ دروستکردنی قەڵای شارەزوور، هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی تری دەوڵەتی عوسمانیدا کە لە رۆژی (زی الحجە ٩٨٤ک/ ١٥٧٦ز) دەرچووە داوا لە میری بابان دەکات قەڵای شارەزوور نۆژەن بکاتەوە.

هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی تردا هاتووە کە لە (٨جمادی الاولی ٩٨٥ک/١٥٧٧ز) ئاماژە بەوە دەکات کە پارەی خەملێنراو بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵای بابان (٢٠ هەزار فلۆری)یە، (دراوێکی ئاڵتونی دەوڵەتی عوسمانی بووە)، چونکە قەڵاکە زۆر گەورەیە و دیوارەکانی پان و بەهێزن، سوڵتانی عوسمانی داوای کردووە ئەو برە پارە لە خەزێنەی بەغداد بۆ میری بابان خەرج بکرێت بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵای شارەزوور.

لە بەڵگەنامەیەکی تردا کە لە (١٩شەعبان٩٩٧ک ـ ١٥٨٢ز) نوسراوە، مەحمود پاشای میری شارەزوور داوا لە والی بەغداد و خەزنەدارەکەی دەکات هاوکاری بکەن بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵاکانی (میهرەبان، بابان، قزڵجە) چونکە هەموویان پێویستی زۆریان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، هەروەها داوای پێویستی تەقەمەنی و خواردەمەنی کردووە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێرشی دەوڵەتی ئێران(٩).

هەموو ئەم بەڵگەنامانەی دەوڵەتی عوسمانی بە ڕاشکاوی ناوی میری بابان، هەرێمی شارەزور، شاری گوڵعەنبەری تێدایە، هەموویان بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لەسەر میرایەتی بابان لە هەرێمی شارەزووردا، کە ناوەندی حوکمڕانیان شاری گوڵعەنبەر بووە، هەتا ئێستاش شوێنەواری ئەو شارە و قەڵاو شوراکان و ڕێڕەوی ئاوەکە و مزگەوتەکە ماون.

> **لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچیدا تەیموری لەنگ هەموو شاری شارەزووری بە تورەکە بێژا.**

ئەم شارە بەوشێوەیە مایەوە هەتا ناوەندی حوکمڕانی هەرێمەکە لەوێوە گواسترایەوە بۆ شاری کەرکوک لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەی کۆچی و حەڤدەی زاینی، لەبەرئەوەی گوڵعەنبەر کەوتبووە سەرسنوری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویەوەو زۆر شەڕ و پێکدادان لەو ناوچەدا رووی دەدا، والی بەغد ناچاربوو ناوەندی ویلایەتی شارەزوور بگوێزێتەوە بۆ کەرکوک.

دوای ئەوەی جارێکی تر میرانی بابان توانیان دەسەڵات بگرنەوە دەست و لە ناوچەی پشدەر و دارشمانەو دواتر هاتنە ماوەت و قەڵاچۆلان، هەروەها توانیان جارێکی تر سنوری قەڵەمڕەوەکەیان فراوان بکەن، ناوچەی شارەزوور و گوڵعەنبەر یەکێک بووە لە مەڵبەندە گرنگەکانی ئەو میرایەتییە و بەردەوام جێگەی بایەخپێدانیان بووە، لە ساڵی (١١٦٠ک/١٧٤٨ز) میری بابان سەلیم پاشا کوڕی بەکر بەگی بابانی (١١٥٦-١١٦٠ک/ ١٧٤٣-١٧٤٨)، مزگەوتێکی لەو شارەدا دروستکرد، ئەو مزگەوتە بووە ناوەندێکی نوێی بزاڤی

**بەپێی بۆچوونەکانی حوزنی موکریانی مێژووی میرایەتی بابان لە ناوچەی شارەزووردا سەریهەڵداوە.**

زانستی، بوونی ژمارەیەک دەستنووس کە لەو شارۆچکەدا نوسراون بەڵگەی بزاڤێکی زانستی و رۆشنبیری چالاکە لەو شارۆچکەدا تا سەردەمی نوێ، لە دەستنووسێکی شەرحی (عصام الدين الاسفرائينى) لەسەر (رسالة الوضع) ی (عضدالدين الايجي) لە نوسینێکی (الياس بن خضر بن محمد) ئاماژە بەوە دەکات کە لە شارۆچکەی گوڵعەنبەر نوسیویەتیەوە لە سەردەمی حکومەتی سلێمان بەگ لە مانگی جومادی دووەمی ١٠١٨ک/١٦٠٩ز، هەروەها لە دەستنووسێکی کتێبی (محمديه)ی محەمەدی کوڕی یازجی زادە، وەرگێڕانی مەلا نور کاکۆ زەکریایی لە تورکیەوە بۆ فارسی، ئەوە تێدەگەین کە بە فەرمانی موسی بەگی میری گوڵعەنبەر کردوویەتی، یەکێکی تر لەو دەستنووسانە حاشیەیەکە محەمەدی کوڕی صادق لە ساڵی (١١٦٣ک/١٧٤٨ز) نووسیویەتی لەو شارۆچکەدا، هەروەها بەرگێک لە کتێبی (روضة الأحباب) لە نووسینی عەبدولکەریمی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەد عازەبانی لە ساڵی (١٢٤٠ک/١٨٢٥ز) نوسراوەتەوە.

میرەکانی بابان زۆر پشتگیری ئەو بزاڤە رۆشنبیرییەیان دەکرد کە لە گوڵعەنبەردا هەبوو، بە دابینکردنی دەرماڵەی دارایی بۆ زاناکانی بەشێوەیەک کە بەشی گوزەرانیان بکات، هەروەها موچەیان بۆ مەلا جەلالەدینی خورماڵی (١٢٣١ک/١٨١٥ز کۆچی دوایی کردووە) بڕیوەتەوە، لە هەمانکاتدا لە بێستان و باخەکانی خورماڵ و بیناکانی پێویستی خوێندنیان بۆ خوێندگەکەی و قوتابییەکانی دابینکردووە، لە کەناری ڕوباری زەڵم و دۆڵی بیارە باخ و زەویان بۆ پێویستی خێزان و خوێندنگەکە و میوانەکانی مەلا جەلالەدین وەقف کردووە، ئەمەش یارمەتی داوە خۆی بۆ دەرس و کتێب دانان یەکلایی بکاتەوە. لە دوای خۆی مستەفای کوڕی جێگەی گرتەوە کە زانایەکی بەڕێز و ناسراو بووە، فەقێ و قوتابی لە شوێنی دوورەوە ڕوویان تێکردووە، لە وانەی لە موسڵەوە ڕوویان لەو خوێندنگە کردووە (محمد بن بابکر ئاغا العبد الجليل زادە)، ئەم زانایە دەستنووسێکی نووسیوەتەوە لە شارۆچکەی خورماڵ، بەناوی (رسالة في اسم الله الأعظم) لە ساڵی١٢١٠ک. هەتا ئەم دواییانە خوێندن و دەرسخوێندن لەو شارۆچکەدا بەردەوام بووە، لە کۆتایی دەستنووسی کتێبی (الحصن الحصين من كلام سيد المرسلين) لە نووسینی عەبدولکەریم بەرزنجی، نوسراوە، لە ساڵی (١٢٩٣ک/١٨٧٦ز) لە گوڵعەنبەر نوسراوە بۆ مەلا ئەحمەدی قازی(١٠).

هەروەها لە وەسێتنامە گرنگەکەی سلێمان پاشای باباندا کە داوا دەکات موڵک و ماڵەکەی تەرخان بکرێت بۆ کارو پرۆژەی گرنگ، یەکێک لەو ناوچانەی زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە ناوچەی شارەزوور و خوێندنگەی گوڵعەنبەرە(11)، ئەم بەڵگەنامەیەش بەڵگەی گرنگیدانی میرەکانی بابانە بە ناوچەی شارەزوور و گوڵعەنبەر، چونکە بەشێکی گرنگ بووە لە سنوری میرایەتی بابان لە ڕۆژی دروسبوونیانەوە هەتا کۆتایی هاتنیان لە ساڵی ١٨٥١.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ ينظر: د.حسام الدين علي غالب النقشبندي، أبو دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي ورحلته الى كردستان خلال السنتين ٣٤٠-٣٤١هـ٩٥١-٩٥٢م، ط1، مطبعة شفان، السليمانية،٢٠١٢، ص ٢٧ وما بعدها.

٢ـ بڕوانە: مسعر بن مهلهل الخزرجي الينبوعي أبو دلف، الرسالة الثانية، نشر و تحقيق: بطرس بولغاكوف و أنس خالدوف، ترجمة وتعليق: دكتور محمد منير مرسى، الطبعة الأولى ١٩٧٠م، عالم الكتب- القاهرة، ص ٥٧ـ ٥٨.

٣ـ ينظر: نازدار جليل مصطفى، دور العلماء الكورد في الدولة العثمانية، الطبعة الأولى ٢٠١٢م، الاكاديمية الكوردية، ص ١٤ـ ١٥.

٤ـ بڕوانە: میر شەرەف خانی بەدلیسی، شەرفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، وەرگێڕانی هەژار، چاپی ئێران، ل ٣٥٧ بەدواە. د.عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، ط١، دار الزمان –دمشق، ٢٠١٢، ص ١٠٥ وما بعدها. مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، ولاتەکەت باشتر بناسە، چ١، دەزگای ئاراس- هەولێر،٢٠٠٥، ل٤٦٢-٤٦٣.

٥ـ مەلا ئەبوبەکری موصەنیف زانایەکی گەورەو هەڵکەوتووی ڕۆژگاری خۆی بووە، لە ساڵی 909 کۆچی بەرامبەر ١٥٠٣زاینی لە دایک بووە لە گوندی کەلاتی ناوچەی گەلاتەرزانی سەر بە شاری سنە، بۆ خوێندن زۆر جێگە گەڕاوە، چووەتە (قەلاچوالان) و زۆر ناوچەی تری کوردستان، یەکێک لە مامۆستاکانی (معين الدين کاکۆزەکەریایی) بووە، هەروەها لە زانستی (المفتی أبی السعود الامدی (ت٩٨٢ه) خاوەنی تەفسیری (ارشاد العقل السليم الى مزايا الكتاب الكريم)) بەهرەمەند بووە، چووەتە بەغداد و شام و میسر و حیجاز بۆ خوێندن، لەبەر ئەوەی دانراوی زۆر بووە بە (مصنف) ناوی دەرکردووە، لە ساڵی ١٠١٤کۆچی بەرامبەر ١٦٠٥زاینی لە (چۆڕ) وەفاتی کردووەو بەهەر لەوێ بەخاسپێراوە.

٦ـ سەید عبدالصمدی توداری، چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان، چەند لاپەڕەیەکە لە کتێبی (نور الانوار)ی سید عبدالصمدی توداری، و.محەمەدی مەلاکەریم، چ١، چاپخانەی سلمان الاعظمی – بەغداد،١٩٧٠، ل ٤٣.

٧ـ بڕوانە: حوسێن حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، چ١، ب١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٧٩ بە دواوە.

٨ـ بڕوانە: د.کاوس قەفتان، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی میرنشینی بابان سۆران بۆتان، چ2، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١١ بەدواوە.

٩ـ بڕوانە: الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، ص ١٠٦وما بعدها.

١٠ـ د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ط1، ٢٠٠٨م، أربيل، ص ١٣٧-١٣٨.

١١ـ بڕوانە: الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ط1، ١٩٦١، بغداد، ص -١٧ ١٨.



# چینایەتی مەعریفیی له قورئاندا



**سەلام ناوخۆش**

سالّی ١٩٦٦ لە هەولێر لەدایکبووە. ماستەر لە زمانی ئینگلیزی. پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی سەلاحەددین. نزیکە (٦٠) بەرهەمی چاپکراوی هەیە. راوێژکاری گۆڤاری (خالّ)ە.

## دەروازە

چینایەتی لە کۆمەڵگەی دەرەبەگی چینایەتی کۆمەڵایەتی بوو، بەواتای چینایەتی لەسەر بنیاتی کۆمەڵایەتی بوو وەک ( ئاغا + وردە بۆرژوا + کرمانج)، بەڵام ئەوەی لە قورئان هەیە چینایەتی مەعریفییە، چونکە ئولولئەلباب و ئەهلی زیکر لە رەعیەت – رەشە خەڵک بوو.

لە چینایەتی کۆمەڵایەتیدا ئاغا و خاوەن پایەکان جیاوازن لە کرمانج و رەش و رووتی کۆمەڵ، بەڵام لە چینایەتی مەعریفیدا مەرج نییە ئاغا و وردە بۆرژوا لە کرمانج باشتر بن، چونکە جیاوازیەکە لەسەر مەعریفەیە نەک چینی کۆمەڵایەتی، بۆیە گوتاری قورئان گوتارێکی یەکلاکەرەوەی دەربازبوونە لە دنیا و قیامەت نەک بەرزکردنی مرۆڤێک بەسەر مرۆڤێکی تر.

### ١. چینایەتی کۆمەڵایەتی لە پەندی کوردیدا:

بۆچی پەند؟ پەندی زۆربەی ئەزموونی مرۆڤەکان لە ژیاندا دەخاتەڕوو، بەتایبەتی لە ژیانی دەرەبەگی کورددیدا. پەند لای شاعیران و لێکۆڵەرانی کورد وەک پیرەمێردی شاعیر و ساجد ئاوارە و دکتۆر عزەدین مستەفا و جەلیلی جەلیل... بە چەندین ناو هاتوون وەک: (پەندی پێشینان) ، (قسەی پێشینان) ، (مەسەلەی پێشینان) و ( بیژوپەند)ی پێ دەڵێن، کەچی کوردەکانی تورکیا و هەروەها ئەو کوردانەی لە ئەرمینیا و گورجستان(جیۆرجیا )ی یەکێتی سۆڤیەت دەژین پیدەڵێن (قسەی باڤان ) یان (مەسەلە و مەتەڵۆک) لەناو کوردەکانی ئازربایجانی سۆڤیەت و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستیشدا (گەپیدی باڤان)ی پێ دەڵێن – گەرمیانی و سروە وەلی، ل٣٧٠)

دکتۆر عزەدین مستەفا و ساجد ئاوارە چەندان وشەی ناو ژیانی کشتوکاڵی و فیوداڵی دەکەنە پێوەر کە خودی پەند لەنێو ئەو کۆمەڵانهدا پەیدابووە. ناوی وەک «مەڕ، بزن، گا، کرمانج، شێخ، ئاغا، تاژی (تانجی)، کەر، ئەسپ، ئاش، ئاشەوان، زۆرداری... بەڵگەن لەسەر ئامادەگی فۆرمەکانی فیوداڵیزم لەنێو کورددا.

پارتە کوردییەکانیش بەتایبەتی حیزبی چەپی کوردی باسی فیوداڵی – دەرەبەگی هێنایە نێو بەرنامەی حیزب. مارکسیەتی حیزبی شیوعی عێراقی هێندەی قسەکردن بوو لەسەر زۆرداری و چەوساندنەوەی ئاغا و دەرەبەگ و زەویداری کوردی بەرانبەر سەپان و جووتیاری کوردی هێندە قوڵکردنەوەی لایەنی ئیلحادی مارکسی نەبوو، بەڵام کۆمەڵەی مارکسی لینینی هێندەی قوڵکردنەوەی لایەنی ئیلحادی مارکسی بوو، خەریکی ململانێی ئاغا و جووتیار نەبوو. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش چەندان شیوعی لەنێو کورد هەیە کە سەری بچێت نوێژ و ڕۆژووی ناچێت، بەڵام نەوەی مارکسیەکانی ناو کۆمەڵەی مارکسی لینینی لەنێو دابڕان و ناوەندی سێکیولار و ناوەندی چاودێر خەریکی بڵاوکردنەوەی گومان و تابووی ئیلحادن. لەبەرئەوە چینایەتی مەعریفی قورئان تەواو جودایە لە چینایەتی کۆمەڵایەتی کوردی و ململانێی مارکسی.

## ٢،١ چینایەتی مەعریفیی لەنێو پێغەمبەرەکاندا

ئیمەی مسولّمان لەوەدا یەکلاییی بووینەتەوە کە هیچ پێغەمبەرێک بێ پرسی خودا نەیتوانیوە تەنها ئایەتێک بهێنێت، بەڵام ئەوەش دەزانین هەندێک لە پێغەمبەران « فەزل»یان بەسەر هەندێک لە پێغەمبەرانی تردا هەیە، وەک لە ئایەتی (٥٥)ی سورەتی الاسراء هاتووە:» و لقد فضلنا بعض النبین علی بعض...»، ئەو جیاوازییە مەعریفییەی لە نێوان پێغەمبەراندا هەیە هیچ پەیوەندی بە چینایەتی کۆمەلایەتی مارکسیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕەوشی جوگرافی و سیاقی جڤاکییەوە هەیە. لە زۆر شوێنی قورئاندا ئاماژە بە حاڵەتی «چینایەتی مەعریفی» کراوە، لەوانە :

### ١. جیاوازی مەعریفی لەنێوان ئادەم و فریشتەکان

پێغەمبەرێکی وەک (ئادەم)، زاتی خوا وا دروستیکردووە کردووە کە (ناوی) هەموو شتەکانی گەردوون بزانێت، بەڵام فریشتەکان نەیزانن!

گەر فریشتەکان ناوی شتەکانی گەردوون نەزانن، پێغەمبەرەکانی دادێن ناوی شتەکانیان نەزانیوە، چونکە جگەلە محەمەد(د.خ) هەموویان پێغەمبەری دەڤەر و قەوم و ماڵباتی تایبەت بوون. ئەو زانینەی ئادەم باشترین نموونەی چینایەتی مەعریفییە، هەربۆیە شایەنی ئەوەیە (باوکی مرۆڤایەتی) بێت.

### ٢. داود پێغەمبەر و نەرمککردنی ئاسن و قەڵغان

ئادەم توانی بە مەعریفەکەیەوە بەرانبەر فریشتەکان ڕابوەستێ و تەحەدای فریشتەکان بکات، ئەمەش هەرگیز دووبارە نەبۆوە، بەڵام لە چیرۆکی داود پێغەمبەردا، ئەو موعجیزانەی بۆ داود پێغەمبەر کرا سەردەمی بوون، واتە تەنها بۆ سەردەمی داود بوون، نەک وەک ئەوەی ئادەم هەتاهەتایی بێت.

وەک گوتمان لە چیرۆکی داود پێغەمبەردا، وێنەی پێغەمبەرێکی دی جیاواز لە پێغەمبەرەکانی دی دەبینین، بەڵام وەک ئەوەی ئادەم نەبووە. خودا گەورە لە سورەتی (سبأ) و (الانبیاء) دوو شتی ناوازە باس دەکات:

**١. نەرم کردنی ئاسن.**

2.فێرکردنی دروستکردنی قەڵغان (پۆشاکی ئاسنین و شیرنەبڕ).

لە سورەتی (سبأ) خودا « ئاسن بۆ داود نەرم دەکا « وەک لە ئایەتی 10ی سبأ دەفەرموێت :» و ألنا له الحدید»...، بەڵام لە ئایەتی 80ی (الانبیاء) داود فێری پیشەسازی قەڵغان دروستکردن دەکات تا خۆیان لە دوژمن پێ بپارێزن، وەک دەفەرموێت:»وعلمناه صنعة لبوس لکم لتحصنکم من بأسکم». ئەو نەرمکردنەی ئاسن لای خوا و فێرکردنی پیشەسازیی قەڵغان و چەک دروستکردن لای پێغەمبەرانی پێش خۆی نەبووە، نەورەسی باوەڕی وایە: کە دەکرێ ئەو دوو مەعریفە سەردەمییە لە سەردەمی تر دووبارە ببنەوە بەتایبەتی سەردەمی ئێستا، چونکە موعجیزەکان ماددی بوون.

### ٣. سلێمان پێغەمبەر و زمانی مێرووله:

لە چیرۆکی سلێمان پێغەمبەردا، خودا (سلێمان) ی بە جۆرێکی تر جیاکردۆتەوە ئەویش (بیستن و قسەکردنی) مێروولەکانە، هەروەها (با و جن) لە خزمەت ڕاییکردنی کارەکانی سلێمان دا بوون (تەماشای سورەتەکانی النمل و ص و سبأ بکە).

هەتا ئێستاش(٢٠١٦) هیچ مرۆڤێک نەیتوانیوە وەک سلێمان پێغەمبەر قسە لەگەڵ مێروولە بکات

و له زمانی میرووله بگات. دەیڤد کریستال له کتێبی (زمانەوانی ) و ئیچسن له کتێبی (زمانەوانی به خۆت بلێ) و یۆل له ( توێژینەوەی زمان – ئەم کتێبانه هەموو به زمانی ئینگلیزی نووسراون )... باس لەوە دەکەن که تەنیا چەند کردەیەکی میرووڵەکان دەلالەت له گەیاندنی پەیامی میروولە بۆ مرۆڤ دەگەیەنن، بەڵام مرۆڤەکان هەرگیز ناتوانن وەک سلێمان له ئاخاوتنی میروولەکان بگەن، بەڵام شارستانی گیانەوەر و میروووەکان بێ زمان مەیسەر نابێت.

### ٤. موسا و مەعریفەی گەردونیی:

موسا پێغەمبەر ئەو پێغەمبەرەیە خودا قسەی لەگەڵ کردووە (کلم الله موسى تكليما). لەم پرۆسەی ئاخاوتن و کردە قسەیەدا خودا بکەر و موسا بەرکارە یا خودا قسەکەر و موسا وەرگرە. ئەو سیفەتە پاڵی به موساوە ناوە خۆی به زاناترین کەس بزانێت، کەچی خوای گەورە وەڵامی موسا دەداتەوە که کەسێک هەیە مەعریفەی زیاتری له تۆ هەیە، وەک له سورەتی کەهف دا پێمان دەڵێت: جیاوازی مەعریفی ئەو کەسە لەگەڵ موسا ئەوەیە، ئەو هەڵگری ئەدگاری (من لدنا علما)یە، ئەویش ئەوەیە زانستی ئەو تەنیا له سەر واتای رواڵەتی شت و رووداوەکان دانەمەزراوە، بەڵکو هەندێک شتی پەنهانی رووداوەکان دەبینی ئەمەش له وشەی (فاردت) و (اردنا) دەردەکەوێت. سورەتی کەهف (بەشی موسا و خدری زیندە) ئەوەمان پێدەڵێت: خودا کەسانێکی وای دروستکردووە، که هەڵگری مەعریفەی رواڵەتی و بەشێک له مەعریفەی پەنهانین، ئەو کەسانە له زاناترین پێغەمبەر زاناترن!

له پرسی ئاخاوتن و کردەی قسەی موسا پێغەمبەر و خدر دەردەکەوێت چ چینایەتییەکی مەعریفی لەنێو دروستکراوەکانی خودا هەیە.

پێغەمبەرێک خودا قسەی لەگەڵ کردبێت، پایە و مەنزڵێکی پێغەمبەرایەتی مەزنە، بۆیە به یەکێک له پێغەمبەرانی (ئولولعەزم) دادەنرێت، کەچی مەعریفەی له ئاست کەسێکی (علمی من لدنی) وەرگرتبێت، بەچۆکادێت و دەگاتە ئەو راستییەی که ئەو گەورەترین عاریفی سەر زەوی نییە.

### 5. عیسا پێغەمبەر و قسەکردن لەگەڵ رۆح:

له سەردەمی عیسادا شەپۆلی ماتریالیستی تەواو زاڵبوو بەسەر رۆحناسی لای جولەکان، عیسا بۆئەوەی ئیسپاتی بکات که ئەو هەڵگری مەعریفەیەکی رۆحیە و لای زاتی خواوە ئاراستە دەکرێ، بۆیە نموونەکانی ئەو نموونانە بوون که ئەزموونگەری ماتریالیستی هەڵدەوەشاندەوە. عەفیف تەبارە له (ل٤٧٠-٤٧١) باسی ئامادەبوونی رۆح له جەستە(بەدەن)دا دەکات، بۆیە دەبینین عیسا باڵندەیەکی له قوڕ دروست دەکرد و به ئیزنی خودا (رۆح)ی پیادا دەکرد، باڵندەکە دەفڕی، یا جەستەیەکی مردووی بەهۆی پێدانی (رۆح)ەوە زیندوو دەکردەوە.» عیسا ئەو هەموو شتەی به ئیزنی خودا دەکرد.

له سەدەی نۆزدەوە تا نەوەدەکانی سەدەی بیست، لایەنگرانی ماتریالیزم جارێکی تر له مێژوو دەرکەتنەوە، بەڵام ساخبوونەوەی هەبوونی رۆح له جەستەدا نەک هەر حوکمرانی کۆمۆنیستی سەراوگێرکرد، بەڵکو هەر تیۆرەکەشی لێکهەڵوەشاندەوە. لەلایەکی ترەوە تۆماس نێیگل له کتێبی (عەقڵ و بوونەوەر) قسە له هەبوونی کەسانێک دەکات له کۆمەڵگای رۆژئاوا بەناوی داروینیەتی نوێ خەریکی بڵاوکردنەوەی کاری نازانستین دەربارەی سروشت و بوونەوەر، لەم پرسەشدا عەقڵ بەدەردەنێن، بۆیە چارەنووسی زانستیان تەواو لێڵە.




## خوێندنەوەی کتێب:

# کتێبی کاریگەری ئیسلام لە سەر ئەدەبی گاڵتەو گەپ

ڕانان: حەسەن مەحمود حەمەکەریم

**کتێبی (ئەدەبی گاڵتەو گەپ) بەشی سێهەمە لە پرۆژەی (کاریگەری ئیسلام لەسەر کلتوری کوردی) کە لە لایەن (تۆفیق کەریم) نووسراوە، ژمارە ١٦٢٦ی ساڵی ٢٠١٦ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانی وەرگرتوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ساڵی ٢٠١٦ چاپکراوە، لە دوو تویی ٢٠٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەدایە.**

پرۆژەکەی برای بەڕێزم کاک تۆفیق کەریم وردە وردە لە ئامانجەکەی نێزیک دەبێتەوە، بەشی یەکەمی بە ناوی (پەند و حیکایەت) و بەشی دووەمی بەناوی (ئەفسانە) بڵاوکراوەتەوە، پێشتر لە کۆڕێکدا خوێندنەوەم بۆ بەشی یەکەم کرد، پاشان لە گۆڤاری ڕامان وردەکارییەکی تولانیم لەسەر بڵاوکردەوە، بەڵام (ئەدەبی گاڵتەوگەپ) جیاوازتر لەوان لە ڕووی ناوەڕۆک و بەرگ و دیزاینەوە گۆڕان و ئارایشێکی نوێتری بەخۆیەوە نیشانداوە، پرۆژەکەی کاک تۆفیق کات و پشوو درێژی دەوێت، ئومێدەوارم بیگەیەنێتە کۆتایی و بە هەموو بەشەکانی کولتووری کوردیدا شۆڕبێتەوە و مانا و ڕەنگ و بۆی نوێ و جیاوازتریان پێببەخشێت.

ئەم کتێبە سێ بەشە، بەشی یەکەم: باس لە پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی گاڵتەوگەپ دەکات، پاشان باس لە تێڕوانینی ئیسلام و ڕای قورئان و فەرمودە و هاوەڵان و مێژووی مسوڵمانان دەکات کە چۆن لەم ئەدەبەیان ڕوانیوە و شەرعیەتیان پێداوە، بەشی دووەم: باس لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی لە کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆڵی مەلا و فەقێ و مزگەوت و حوجرە لەو ئەدەبە دەکات، بەشی سێهەم: باس لە بەشێک لە بەسەرهات و نوکتە و ڕووداوی واقیعی خۆش دەکات کە لە ماوەی دە ساڵدا نوسەر لەنێو هاوڕێ و دۆستانی بیستویەتی و بە درێژەپێدەری بەسەرهاتەکانی کۆنی ناو مزگەوت و حوجرەی دەبینێت، بەڵام بەتام و بۆو کەرەستەی ئەم سەردەمە، لەوەدا ١٠٠ نوکتەی خۆشی تۆمارکردووە کە زۆریان سەربەقوڕ دێننە پێکەنین و خۆشی بەخشن و هەموو بنەما و ئامانجەکانی نوکتەیان تێدایە، چوار نوکتەش لەوانە بەناوی منەوە تۆمارکراوە و گێردراوەتەوە.

ئەم هەوڵەی کاک تۆفیق گەورە و بەرز و بەنرخە، دەچێتە خانەی کتێبە شایستەکانەوە، جێی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا دەکاتەوە، ڕستێکی باش دەخاتە سەر ئەدەبی گاڵتەوگەپ، بەشێکی پێویست لە مێژووی ڕوداوە خۆشەکانی پەنجا ساڵ تەمەنی قۆناغەکانی شار و شاخ و نهێنی و ئاشکرای بێداری ئیسلامی کوردستان دەگێڕێتەوە، ئەگەر ڕشتەی مرواری و چێشتی مجێور باسی پێکەنۆکەکانی مەلای مێزەربەسەر و فەقێ و مزگەوت و خانەقای پێشوتریان کردبێت، ئەم کتێبە باس لە گەنجانی سەرڕووت و دڵ نورینی ڕیش قەڵەمی خوێن گەرمی سەردەمێکی نوێتری ئیسلامی دەکات، چیرۆکە نوکتە ئامێزەکانی نێو حیزب و مەڵبەند و لق

و مقەڕ و ژیانی ئیسلامییەکان دەگێڕێتەوە، بە ئایەت و فەرمودە و ڕووداوی یاران شەرعیەتیان بۆ دەدۆزێتەوە، ئەوەش دەردەخات کە ئەوانیش کەسانی مەشرەب خۆش و گاڵتە ئامێزیان بوون، دەتوانن مەجلیسەکان خۆش و ڕازاوە و شاد بکەن، ڕووی خۆیان بگەشێننەوە و تەپوتۆزی دڵ و دەرونیان بۆ ساتێکیش بووە بتەکێنن، دەریخستووە کە ئەوانیش بەشێکن لە ترش و شیرینی و مەشرەب خۆشی و بەشاشەتی کۆمەڵگا و شتی خۆشیان لێ ڕویداوە، جگە لەوەی ئەم کتێبە بۆ سبەی دەبێتە بەشێک لە مێژوو، ڕشتەی مرواری زۆر لایەن و مێژوو ژیان و ئاست و ناوی ئەو سەردەمەی بۆ ئەمڕۆ خستوەتەڕوو، ئەم کتێبەش هەروادەبێت، چونکە پڕە لە ناوی بانگخواز و پێشمەرگەی ئیسلامی سەردەمی شار و شاخ و ڕووداو و شەڕ و کێشەی خۆش و ناخۆش و حەڵاڵ و حەرام، ئەمیش وەک ڕشتەی مرواری و چێشتی مجێور شتێکی باشی لە ئاستی ئەدەبی و مامەڵەی ڕۆژانە و بیر و فکر و هۆشیاری ئەوان و ئاستی حزب و پەیوەندی دیپلۆماسی ئەو چینە وەدەردەخات، لایەنە سادە پاکەکەیان و شێوازە ڕق و تورەیی و توندڕەوی و میانڕەوییان نیشان دەدات، کە ئەوەی بیەوێت خوێندنەوە بۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان بکات، دەتوانێت لەم کتێبەوە هەندێک لە ئاستی بەرز و نزمی و زانین و نەزانی ئەو چینە لە کۆمەڵگا لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوو بزانێت و مێژووی پێ دەوڵەمەند بکات، دەست خۆشی لە برای بەڕێزم دەکەم، هیوادارم بەزویی بەشەکانی تری پرۆژەکەی بخاتە بەر ڕووناکی و بەرگەکانی تریش ببینین. ئەگەر من تێبینیەکم هەبێت، تەنها لە دوو دەلاقەوەیە، یەکەم: لە ڕووە ئەکادیمیەکەی، لە بەکارهێنان و دانان و گواستنەوەی سەرچاوە، دووەم: ئەمیش وەک ئەوانی پێشوو ئاستی دارشتن و زمانی نووسینی سادە و کەمە، لە زۆر جێدا نەیتوانیوە قسەکان بکاتە ڕستە و نووسین و لە حەشوەی زمان و شێوازی ناوچەیەک ڕزگاری بکات، چونکە زمانی نووسین، هێندەی تر نرخ دەداتە بەرهەم و ئاستەکەی بەرز دەکاتەوە.

بە پێویستی دەزانم منیش لەم دەرفەتەدا هەندێک لەسەر وردەکاریی و شێوازی نووسین و لێکۆڵینەوە لەم ئەدەبە بڵێم و ڕستێک بخەمە سەر خەروار، سا بەڵکو سودێک بگەیەنم و شتێک بیر برای بەڕێزم بخەمەوە، (ڕیچ) لە کتێبی موقیمێک لە کوردستاندا لە وەسفی کورددا دەڵێت: (کورد قسە خۆش و کۆمەڵایەتی و بێ فیزن)، گەڕیدەی فەرەنسی (بندر) لە کتێبی کوردستاندا دەڵێت: (کورد جوان و بەهێز و زیرەک و قسەخۆشن)، (هاریس) لە کتێبی لە باتومەوە بۆ بەغداد دەڵێت: (چاودێری کوردە لادێییەکانم دەکرد کە دەهاتن و دەچوون و لەگەڵ هەموو کەس قسەیان دەکرد و پێدەکەنین و بە کەمترین شت دڵخۆش دەبوون)، (مێجەرسۆن)یش دەڵێ‌ت: (خەڵکی سلێمانی ئەوەندە نوکتەباز و قسە خۆشن تەنانەت نوکتە لەسەر خۆشیان دەهێننەوە). جیا لەمانەش چەندین ماستەرو دکتۆراو کتێب و بڵاوکراوە لەسەر نوکتەو ئەدەبی گاڵتەوگەپ لای کورد نووسراوە و زۆری بۆ کراوە، ڕۆژانە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکاندا نوکتە و قسەی خۆش بڵاودەکرێتەوە، ئەدەبی گاڵتەوگەپ و شۆخی و قسەی خۆش و مەزاح بەشێکە لە خولقەت و

ڕەفتاری مرۆڤ و ناتوانێت لێی جیابێتەوە، ئەمە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە و کاری گەورەیان لەسەر کراوە، لە کوردیشدا دەمێکە کاری بۆ کراوە و کتێبی گەورەی وەک ڕشتەی مراوی لە ناوەڕاستی سەدەی پێشودا لەسەر نوسراوە، دەیان لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەدەب و مێژووی گاڵتەوگەپ هەیە، بەڵام زۆربەی کۆپی یەکترن و نەیانتوانیوە تێپەڕێنن و شتی جیاوازتر بڵێن، لە فەرهەنگە کوردییەکاندا زاراوەی پێکەنۆک بۆ وشەی (نوکتە) دانراوە، زاراوەکانی نوکتە زۆرن وەک شۆخی و فوکاهە و نەقڵ و لەتیفە و نەزیلە و گاڵتەوگەپ و پێکەنۆک و تیتاڵ و جەفەنگ و حەنەک و جۆک و پێخەن و زۆری تر، بەڵام فۆڕمی نوکتە لە هەموویان زیاتر بەکاردێت، نوکتە وشەیەکی عەرەبیە لە (النکتە) وەرگیراوە، کە ڕەنگە لە (النقطة)ی عەرەبی واتە (خاڵ)ەوە هاتبێت، وەک خاڵێکی سپی لە نێو ڕەشیدا یان بە پێچەوانەوە، یان باسێکی ورد کە پێویست بەسەرنجدان بکات.

بۆ پێناسەی نوکتەش هەریەکە لە زمانەوان و ئەدیب و دەروونناسەکان بە جۆرێک پێناسەیان کردووە، بەڵام ئەم ئەدەبە چالاکییەکی زمانەوانییە، وروژاندن و کاریگەرییە لەسەر بەرامبەر، ڕەنگە ئامرازێک بێت بۆ بەرگری شعوری بەرامبەر بەربەستی دەرەکی، ئەوەی نکۆڵیە لەوەی بینیومە و خوێندومەتەوە ئەوەیە کە نوسەران هەر باسی نوکتە و ئەدەبەکەی دەکەن، باسی هێز و توانا و بیر و زیرەکی نوکتەباز و نوکتە دروستکەر و گێڕەر نەکراوە، باسی گرنگی بەرهەمەکە کراوە، باسی توانا و سەلیقە و هونەری بەرهەمهێنەر نەکراوە، بۆ نمونە هەژار موکریانی وەرگێڕ و نوسەر و زمانزان و شاعیر، لە چێشتی مجێوردا کە بەشێکی ژیانی زۆری پڕ دەرد و کڵۆڵی و نەهامەتی خۆی دەنوسێتەوە، لە زۆر شوێندا کۆمیدیایانە وەڵامی بەرامبەرەکانی داوەتەوە، تەنانەت لە ڕوداوی ناخۆشیشدا دەستبەرداری قسەی خۆشی خۆی نەبووە، چەندینجار بارزانی بە پێکەنین هێناوە، وەک خۆشی دەڵێت ئەو قسە خۆشانەی کردووەتە پەردەپۆشی خەم و مەینەتی ژیانی تاڵی، لێکۆڵەران زۆر جار باسی کارامەیی ئەویان لە زمان و شیعر و وەرگێڕان و نوسیندا کردووە، بەڵام نەمدیوە ئاوڕ لە دونیا کۆمیدیەکەی ئەو بدرێتەوە، کە بەمەرجێک ئەو لایەنە مەیدانێکی فراوانی لە ژیانی ئەوی لە چێشتی مجێوردا داگیرکردووە، چێشتی مجێوهر جگە لەوەی کە خۆی بابەتێکی ئەدەبی مێژوویی گرنگە، پەردەی لەسەر بەشێکی زۆری نهێنی کەسەکان و سەرکردەکان و ڕوداوە گرنگەکانی ڕۆشنبیری و سەربازی ئەو سەردەمەی کورد هەڵداوەتەوە و پێشکەش بە مێژووی کوردی کردووە، کە ئەگەر ئەوە نەبوایە، ئەو باس و خواسە گرنگانە لە ئێمە و مێژوو ون دەبوو ..

نوکتە هونەرێکە هەموو کەس نایزانێت، ڕەنگە بڵێم کارێکی دەروونی و فەلسەفی قوڵە، بیرۆکە و هەڵوێستە، بە ورد و ناسک و کورت و ئاشکرا دەردەبڕێت، یان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی زمانەوانی و بەهرەی عەقڵیە، بۆ نوکتەباز زیرەکی و خەیاڵ و بیرتیژی و لێوەشاوەیی پێویستە، بتوانێت کار لە هەست و نەست و بارودۆخەکە بکات، مەیلی بەرامبەر ڕابکێشێ، کاردانەوە دروست بکات، نوکتە پێویستی بە زمانی پاراو و تەکنیکی گونجاو و ڕەوانبێژی هەیە، بابەتێکی ناسک و جوان و وردە، لە دوای تێڕامان و وردبونەوەیەک دروست دەبێت، کار دەکات و خۆشی بەخشە.

دەبێ نوکتەباز ڕوخۆش و دەربڕینەکەی بە زمانێکی سادە و خێرا بێت، بە کەمترین کات و وشە مەبەست بپێکێ، زمان و جوڵەی لەگەڵ بێت، هونەری نواندنی هەبێت، وردبین و دووربین بێت، شارەزای لە زمان و کولتوور هەبێت، ئامۆژگارییەکی تێدا بێت، ڕاستکردنەوە و گلەیی و ناڕازی بێت بەرامبەر بە دیاردەی خراپ و ناپەسەند، تەعلیق و گاڵتەکردن و شکاندن توانج و بێزارکەر و بۆ تۆڵەسەندن نەبێت و هەست بریندار نەکات، بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بێت. نوکتە دەبێت سەرنجڕاکێش و بیری ورد و سەرقاڵکردنی هزری تیا بێت، چیرۆکێکی ڕاستەقینە و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە بێت، ڕەچاوی داب و نەریت و بەها باڵاکان بکات، دووبارە نەبێت، بە پێی سیاق و سەردەم و شوێن بێت، مەبەست و ئامانجی هەبێت، هەمیشە نوکتە لە قەدەغە و نەبونی ئازادیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەندێک جار خۆخاڵیکردنەوەیە، سەرچاوەی نوکتە ڕەفتاری نەزان و ساویلکە و گێل و گێژەکانە، یان کاری زۆرزان و تەڵەکەباز و ڕووداوی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و حیکایەت و مەتەڵ و سەربردەی خەڵکانە، یان داواکارییەکی خەفەکراو و کپکراو و هەناسەیەکی پەنگخوارد و حەرامکراوە، دەنگی بێدەنگەکان و هاواری ستەملێکراوانە، یان دەرهاویشتەی قەیرانەکان و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە، بە زۆری لە شێوەی کورتیلە چیرۆک و تیشکە چیرۆکێکی چڕی سەربەخۆی درامایی پێکەنین ئامێز دەوترێت و زۆر شت بە بەرامبەر دەبەخشێت، کە ڕەنگە سەرەتا پێبکەنێت، دواتر لە مانا و مەغزاکەی بگات.

نوکتە ڕەگەزێکی ئەدەبی و بەرهەمێکی فۆلکلۆری میللییە، مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت، زیاتر لە شێوە ئەدەبێکی زارەکیدایە، دەمێکە لەنێو ئێمەی کورددا هەیە، زۆر بە کەمی کاری لەسەر کراوە و بایەخی پێدراوە، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت بە چاوێکی سوک سەیر کراوە، وا زانراوە هەر دەبێ لەسەر زاران بمێنێتەوە و بۆ ناو کتێب دەستنادات، یان ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە سنوری بەزاندنی کۆمەڵایەتی و یاخیبونی تیایە، نوکتە مادەیەکی خاوە، بەگوێرەی سەردەم شتی لێ دروست دەکرێت، لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، شەقڵی کات و شوێن بە نوکتەوە دیارە، ئاوێنەی سەردەم و کات و شوێن و ڕووداوەکانە، دەتوانرێت لە ڕێگەی زانینی نوکتەوە، مێژوو و ڕوداوەکانی میللەت ببینین، بەپێی سەردەمیش تاموچێژ و گرنگی خۆی لە دەست دەدات، نوکتەکانی سەردەمی شێخ مەحمود و حەمەی حاجی مەحمود و، ئەوانەی سەردەمی نوری سەعید و نوری مالیکی جیاوازن، ڕەنگە بۆ یەک نەشێن، ڕەنگە لەیەکچون هەبێت لە نوکتەی نێوان نەتەوەکان، ڕەنگە نوکتەی ئێمە بۆ چینییەک نەشێت، بەڵام دەکرێت نوکتەی هیندییەک فۆرمی کوردی لەبەر بکەیت، دەڵێن بەریتانی و ئێرلەندییەکان حەزیان لە نوکتەیەکە گەمەی زمان و وشەی تیا بێت، ئەمریکی و کەنەدییەکان حەزیان لە نوکتەیە لەسەر گێل و گەمژە، ڕەنگە بە کاری ئاژەڵێک پێبکەنی، جاری وا هەیە وشە و غەمزە و جوڵە و دەنگێک دەبێتە نوکتە و بەرامبەر دەهەژێنێت، مەرج نیە قسە بێت، هەروەک جوڵە بێدەنگییەکانی چارلی چاپلن و مستەربین، یان وتە و وتارە خۆشە بێمانا هەڵەقومەڵەقەکانی مەلا معازی ناوباخان.










لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری
خاڵ

# چەند ڕێنماییەك بۆ نوسەرانی (خاڵ)

نوسەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەمان ئاگادار دەکەینەوە کە لە ناردنی بابەتەکانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەن:

١. نوسینەکانتان بە یونیکورد(Unikurd) و بە سایزی(١٤) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان، یاخود فۆنتی کوردی (Ali k sahifa bold)ی سایزی(١٤) و عەرەبییەکەشی (Ali A sahifa bold) سایزی(١٢) بێت.

٢. تکایە زۆر بە جوانی هەڵەچنی زمانەوانی و خاڵبەندی بکەن، بۆئەوەی هیچ گرێ و گۆڵ و ناڕوونییەک لە بابەتەکانتاندا نەمێنێت کاتێک دەینێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

٣. لەگەڵ ناردنی بابەتەکانتاندا وێنەیەکی ڕوون و پڕۆفایلی خۆتانی لەگەڵدا بنێرن.

٤. نوسینەکانتان بەر لە تەواوبوونی وادەی دیاریکراوی خۆی بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن.

٥. بابەتەکان با زانستی و چڕوپڕ بن، هەروەها پابەندیش بن بەو ژمارە وشەیەی کە گۆڤارەکە بۆ هەر بابەتێک دیاری کردووە.

٦. ناونیشانەکان گوزارشت بن لە ناوەڕۆک و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

٧. پێش فاریزە(،) سپەیس نیە، بەڵکو سپەیس دوای فاریزە(،) دادەنرێت.

٨. پێش خاڵ(.) سپەیس دانانرێت.

٩. پێش وشەکانی (بەڵکو، بەڵام، هەروەها، چونکە، لەبەرئەوەی) فاریزە(،) دادەنرێت.

١٠. لە بنەڕەتدا فاریزە(،) لەبری (و)ی ئامرازی پەیوەندی دادەنرێت، ئەو فاریزەیە بۆ وچانی کورتە کە فاریزە دانرا ئیتر پێویست بە (و)ی ئامرازی پەیوەندی ناکات دابنرێت لە پێش یان پاشی فاریزەکە.

١١. (و)ی ئامرازی پەیوەندی با (و)ە ئەسڵییەکەی سەر کیبۆردەکە بێت و لە پێش و لە پاشیشییەوە سپەیس هەبێت.



تۆفیق کەریم

# تەکفیر چەکی دوودەم

بەکافردانانی بەرامبەر، فەتوایە بۆ بێبەشبونی بەرامبەر لە ڕەحمی پەروەردگار و چونە دۆزەخ بە هەتا هەتایی لە قیامەتدا، هەروەک سەپاندنی چەندین حوکمی شەرعییە بەسەریدا لە ژیانی دنیایی، بۆیە هەمیشە تەکفیر لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا چەکێکی مەترسیداری دوو دەم بووە.

نەیاران و ناحەزانی ئیسلام لێی ترساون کە دژیان بەکاربهێنرێت و بکرێتە ماددەی هاندانی موسڵمانان بۆ پاکتاوکردنیان، زانا و دادوەرانی مسوڵمانانیش بەرزیان کردووەتەوە بۆ ترساندنی ناحەز و نەیارانی ئایین، ئەمە خاڵێکی کاریگەر و گرنگ بووە بۆ پەرتەوازەنەبوونی کۆمەڵگە و مانەوەی ئایین بە شکۆ و پیرۆزییەکەیەوە و ڕێگر بووە لەوەی هەرکەس بۆ خۆی سوکایەتی بە دروشم و چەمکە ئاینییەکان بکات.

دیوەکەی تری ئەوە بووە زۆرجار دەسەڵاتدار و سوڵتانەکان بۆ مەرامی سیاسی قۆستویانەتەوە و خوێنی نەیارە سیاسییەکانیان پێ حەڵاڵکردووە و عەرشی خۆیانیان پێ چەسپاندووە، جگە لە ئەوان کەسان و گرووپ گەلێکی کاڵفام و توندڕە و کردویانەتە دەستپێکی بیری توندڕەویی خۆیان کۆمەڵگەیان پێ پۆلێنکردووە و پشێوی بەرفراوانیان ناوەتەوە، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە لە سەرەتاکانی مێژووی مسوڵمانانەوە کە خەواریجەکان داهێنەری بوون سەریهەڵداوە و هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

لەناو ڕابوونی ئیسلامی نوێشدا لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کاتێک ناسرییەکانی میسر بە دەیان هەزار مسوڵمانیان پێی زیندان کرد و ئازار و ئەشکەنجەی لە وزەبەدەریاندان، لەو زیندانانەوە ئەم بیرە توندە دووبارە سەریهەڵدایەوە، کە خۆی لە (التكفير والهيجرة)و گرووپەکان دیکەدا دەبینیەوە، بەڵام هەرزوو بانگخواز و زانا و ئیسلامییەکانی دیکە بەرهەڵستیان کرد و شەخسی حەسەن هوزەیبی ڕابەری گشتی برایانی موسڵمان سەرکردایەتی ئەم بەرهەڵستکارییەی کرد و کتێبی (دعاة لاقضاة)ی نوسی و کردییە بەرنامەی برایان. ئەمڕۆش وەک ئەو سەردەمانە بۆ جارێکیتر زەمینە سازێندراوە بۆ تەشەنەکردنی بیری تەکفیر.

گرنگە پسپۆڕان هاوسەنگانە سەرلەنوێ شەنو کەو ئەو بابەتە بکەنەوە، چونکە تەکفیر بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی چەکێکی دوو دەم بووە، ئەگەر بە دەستی زانا و دەسەڵاتداری دادگەرەوە بوویێت خزمەتی گەورەی بە ئایین و کۆمەڵگە کردووە، هەرکاتێکیش کەوتوتە دەستی کەسانی پێنەگەشتوو تێنەگەشتوو هەمیشە بووەتە چەکێک و ڕووی کراوەتە خودی مسوڵمانان و کۆمەڵگەی پێ تێکدراوە.